# کولتوور و ناسیۆنالیزم

د. ڕەفیق سابیر

مەڵبەندی کوردۆلۆجی

هەرێمی کوردستان
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
مەڵبەندی کوردۆلۆجی

❖ ناوی کتێب: کولتوور و ناسیۆنالیزم
❖ نووسەر: د. ڕەفیق سابیر
❖ پیتچنین و وردبینی: سروە عوسمان ئەحمەد
❖ هەڵەبڕی: مژدە احمد حسن
❖ دیزاین و سەرپەرشتیی چاپ: بریار فەرەج کاکی
❖ بەرگ: ڕەنج شوکری
❖ ژمارەی سپاردن: 2287/ ساڵی 2008
❖ چاپخانە: تیشك/ چاپی سێیەم، سلێمانی
❖ تیراژ: 1000 دانە
❖ نرخ: 3000 دینار
❖ زنجیرە: 24

مەڵبەندی کوردۆلۆجی
ناونیشان: سلێمانی، گردی ئەندازیاران- گەڕەك/ 105، کۆڵان/ 25، ژ.خانوو/ 4، ژ. پۆست/ 95
تەلەفون: 3193093 – 3193175
kurdology2006@yahoo.com

# ناوەرۆك


| بابەت | ژ. لاپەڕە |
|---|---|
| **پێشەکی** | 7 |
| **بەشی یەکەم/ ناسیۆنالیزم و کولتووری کورد** | **13** |
| ناسیۆنالیزمی کورد | 36 |
| یەکەم: لێکدابڕانی کولتووریی کورد | 37 |
| دووەم: میرنشینی- دەسەڵاتێکی ناوچەیی بێ ناسنامەی کولتووری | 48 |
| سێیەم: ناسیۆنالیزمی ناوچەگەری | 54 |
| **بەشی دووەم/ جیهانگیری و داهاتووی دەوڵەتی نەتەوەیی و پرسی کورد** | **69** |
| **بەشی سێیەم/ زمان و نەتەوە: گرفتەکانی زمانی کوردی** | **107** |
| **بەشی چوارەم/ ئیسلامی سیاسی‌و پێناسی نەتەوەیی کورد** | **129** |
| **بەشی پێنجەم/ سەرەتایەکی مێژوویی لەبارەی سەرهەڵدانی هۆشیاریی نەتەوەیی لە کوردستاندا** | **149** |
| **سەرچاوەکان** | **185** |

# پێشەکی

دوو سەدە دوای دەرکەوتنی ناسیۆنالیزم لە ئەوروپا و بڵاوبوونەوەی بە وڵاتانی ئاسیا و ئەمریکای لاتین و ئەفریقادا، جارێکی دی(تارمایی ناسیۆنالیزم) گەڕاوەتەوە بۆ ئەوروپا و لەگەڵ خۆیدا کۆمەڵێك کێشەی سیاسی و شەڕی ناوخۆی هێناوەتەوە. ئەم دیاردەیە بە لای کەمەوە دوو راستی دەسەلمێنێت:

**یەکەم:** ناسیۆنالیزم دیاردەیەکی کۆتاییهاتوو و بەشێك لە مێژوو نییە، وەك زۆر باسکار و ئایدیۆلۆجیستانی لیبراڵ و کۆمۆنیست دووپاتیان دەکردەوە. بەڵکو مێژووی ئەم دوو سەدەیەی دوایی خۆی بەشێکی گرنگە لە ناسیۆنالیزم. چونکە رەوشی مێژوویی ناسیۆنالیزم و شێوەی دروستکردنی نەتەوە و دەوڵەتی نەتەوەیی لە ئەوروپا و وڵاتانی دیکەدا تا ئێستا شوێنەوارەکانیان بە زەقی دیارن. گەلێك لەو رووداوانەی ئەمڕۆ لە دنیادا روودەدەن، ریشەکەیان بۆ شێوە مۆدێلی دروستبوونی ئەو دەوڵەت و نەتەوانە، بۆ مەسەلەی لەبەرچاونەگرتنی سروشتی کولتووری و ئێتنیکیی ئەو وڵاتانە دەگەڕێنەوە.

**دووەم:** پرۆسەی مۆدێرنیزم و پۆست مۆدێرنیزم و لیبرالیزم لە ئەوروپادا، بە پێچەوانەی ئەوەی چاوەڕوان دەکرا، هێشتا نەیانتوانیوە کۆتایی بە ناسیۆنالیزم بێنن، نەیانتوانیوە مافی یەکسانیی نەتەوەیی و کولتووریی بۆ کەمە نەتەوەییەکانی نێو ئەو وڵاتانە دابین بکەن، یان بە باری دیکەدا ئەوان لەناو کولتووری زۆرایەتی و هاووڵاتیبووندا..... تاد بتوێننەوە. ئەگەر مرۆڤ کێشە و شەڕە نەتەوەییە ناوخۆییەکانی هەندێك وڵاتی ئەوروپای رۆژهەڵاتیش باس نەکات، کە وێنەیەکی بەربەستانەی لەناوبردنی فیزیکی و کولتووریی بوون، ئەوا لە ئەوروپای رۆژئاوایشدا، کە هاووڵاتیانی

سەر بە رەگەز و گرووپە ئێتنیکی و ئاینییە جۆربەجۆرەکان لە ماف و ئەرکەکانیاندا یەکسانن، هێشتا کێشەی نەتەوەیی گرفتێکی جیدییە. لە ئیسپانیا و ئێرلاند شەڕێکی راستەقینەی ناوخۆیی هەیە، بەشێکی گەورەی خەڵکی نەتەوەکانی سکۆتلاندی و وێڵز لە بریتانیا، کاتەلۆنی و باسك لە ئیسپانیا، فرەنسی زمانانی کۆبیکی کەنەدا بە دەسەڵاتی زۆرایەتیی نەتەوەیی رازی نین و دەیانەوێت دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان دابمەزرێنن، چونکە پێیان وایە کە زۆرایەتیی حکومڕان، لەناو چوارچێوەی ئەو وڵاتانەدا، دەرفەتێکی یەکسانانەی بۆ پێشکەوتنی ئابووری و کولتووریی ئەوان دابین نەکردووە و هەرێم و ناوچەکانیان وەك کۆلۆنییەکی ناوخۆی ئەو دەوڵەتانە هێڵراونەتەوە.

ئەگەر مەسەلەی نەتەوەیی لەو وڵاتانەدا، کە دەمێکە سیستمی دیموکراتییان تێدا چەسپێندراوە، بەم جۆرە بێت و هێشتا بە تەواوی چارەسەر نەکرابێت، ئاخۆ دەبێت چارەسەرکردنی پرسی نەتەوەیی لە وڵاتانێکی نادیموکراتدا، لەوانە وڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستان، کە نوێنەرانی سیاسیی نەتەوەی سەردەست بەپێی قانوونی جەنگەڵ لەگەڵ کەمایەتیی ژێردەستدا رەفتار دەکەن، دەبێت چەند دژوار بێت ؟

لەبەر ئەم هۆکارانە و هی دی، ناسیۆنالیزم یەکێکە لەو بابەتە گرنگە فیکری، سۆسیۆلۆجی و مێژووییانەی کە، هەم لە ئاستی تیۆری و هەم لە ئاستی لێکۆڵینەوەی ئێمپیرکی و مێژوویی، باس و لێکۆڵینەوەی زۆر هەڵدەگرێت.

ناسیۆنالیزم وەك ئایدۆلۆجیا و چەمکی سیاسی دووپاتی دەکاتەوە کە هەر نەتەوەیەك بۆ ئەوەی بتوانێت خۆی وەك یەکەیەکی سیاسی و کولتووری دەربڕێت و شوێنێك لە پەیوەندییە جیهانییەکاندا بگرێت پێویستە پێناس(ئایدێنتیتی)ی خۆی و مافی خۆبڕیاردانی چارەنووسی هەبێت، بە شێوەی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی سەربەخۆ بێت، یان بەڕێوەبردن و خۆحکومڕانیکردن لە چوارچێوەی وڵاتێکی فرەنەتەوەدا.

ناسیۆنالیزم ڕەوایی و پێناسی خۆی لــە زمــان و کولتووریکــەوە وەردەگرێـت کـە کۆمەڵە خەڵکێکی دیاریکراو  لە مێژووی خۆیاندا، هێناویانەتە بەرهەم و بە هۆیــەوە توانیویانــە زەمینــەی پێکــەوەژیانی هاوبــەش دروســت بکــەن. دەخوازێـت مانــا و ناوەرۆکێکی سیاسی بەو کولتووره بدات. پێیوایە کــە پێناســی کولتــووری تــەنیا لــە ڕێگای دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی، یان خۆحوکمڕانیکردنەوە بەرجەستە دەبێت.

ناسیۆنالیزم لە ڕەوشی مێژوویی خۆیدا بە دوو شێوەی سەرەکی خۆی دەرخستووە، ناسیۆنالیزم لەسەر بنچینەی هاووڵاتیبوون، ناسیۆنالیزم لەســەر بنچــینەی ئێتنیکــی-کولتووری. حاڵەتی یەکەمیان ئەو مۆدێلە بوو کە ڕۆشنگەرانی فڕەنسا داوایان دەکرد، ئەوان پێیان وابوو کە دەوڵــەت نەتــەوە دروســت دەکــات، بــە واتایــەکی دی نەتــەوە کۆمەڵگایەکە لە تەواوی ئەو هاووڵاتیانە پێك دێت کە لــە ســنووری وڵاتێکـدا و لــە سایەی سیستمێکی هاوبەشی سیاسییدا یەکیان گرتووە، هەموو هاووڵاتییەکان، بــەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕەگەز، کولتوور، ئاین، ڕەنگی پێســت، ئینتیمــای ئێتنیکییــان...... تاد، دەبێت یەکسان بن و هەمان مافیان هەبێت. دەوڵەتی نەتەوەیی فڕەنسا و کۆمەڵە دەوڵەتێکی دیکەی نەتــەوەیی لــە ئــەوروپای ڕۆژئــاوادا بــە پێــی ئــەم مۆدێلــە، کــە بنەمایەکی دیموکراتانە دەستەبەر دەکات، دامەزرێندران. بەشێکی گرنگی هاووڵاتیانی ئەم وڵاتانە، لەوانە پێستڕەشــەکان، کەمایــەتیی ئێتنیکــی، دوای خــەباتێکی درێــژ و پێشکەوتنی ڕەوشی ئابووری، کۆمەڵایەتی و دیموکراتی لەو وڵاتانەدا، مافی دەنگدان و یەکسانبوونیان بۆ دەستەبەر کرا.

بەڵام لە حاڵەتی دووەمیاندا ناسیۆنالیزم ئــەو مۆدێلــە بــوو کــە ڕۆمانتیکــەکانی ئەڵمان داوایان دەکرد، بە بۆچوونی ئەوان دەوڵەت نەتەوە دروست ناکــات، بــەڵکو بــە پێچەوانەوە نەتەوە دەوڵەت دروست دەکات، بە واتایەکی دی ئەوە مافە قانوونییــەکان نین کە خەڵك یەك دەخەن و هەســتی ئینتیمــای نەتــەوەیی هاوبەشــیان لــەلا دروســت

دەکەن، بەڵکو ئەوە بنەمای هاوبەشی ئێتنیکی، زمان و کولتووری هاوبەشن کە هەستی ئینتیمای هاوبەش و هاوچارەنووسی لای گەل دروست دەکەن. دەوڵەتی نەتەوەیی ئەڵمانیا لەسەر ئەم بنچینەیە دامەزرێندرا. لێرەدا لە جیاتی ئینتیما بۆ دەوڵەت، زمان یان رەچەڵکی ئێتنیکی کرا بە بنچینەی هاووڵاتیبوون.

ئیمڕۆ زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا هۆمۆگێن(هاوزمان و هاوکولتوور) نین، بۆیە لە بەشێکیاندا یەکسانیی نەتەوەیی نێوان زۆرایەتی و کەمایەتی بە تەواوی دەستەبەر نەکراوە، بەڵام دابینکردنی یەکسانیبوونی هاووڵاتیان و بە کۆمەڵکردنی ئەو وڵاتانە دەوڵەتیان گۆڕیوە بەو دەزگا سیاسی و قانوونی و حقووقییەی کە گەرەنتی پارێزگاریی ماف و ئارامی و ئاسایشی هاووڵاتیان بکات، دەربڕی ئیرادەی گشتیی ئەوان بێت، سەرئەنجام هەستی ئینتیمای هاوبەش و چارەنووسی هاوبەش ببنە بنچینەی پێکەوەگرێدانی هاووڵاتیان، ئەمەیش بە دڵنیاییەوە هۆکارێکی گرنگی ئارامی سیاسی و هاریکاریی کۆمەڵایەتی و پێشکەوتنی دیموکراسییە لەو وڵاتانەدا.

بە پێچەوانەیشەوە لە هەموو ئەو وڵاتانەی کە دەوڵەت دەوڵەتی زۆرایەتییە و کولتوور و زمانی زۆرایەتی تاکە سەردار و حکومڕانە ئەوا مافی هاووڵاتییان بەپێی رەگەز یان ئینتیمای نەتەوەیی و مەزهەبی یان رەنگی پێست دیاری دەکرێت. لەم جۆرە وڵاتانەدا دەوڵەت تەنیا دەربڕی ئیرادەی زۆرایەتییە. شتێك بەناوی پێکەوەهەڵکردن و تەبایی نەتەوەیی نین، لە جیاتیان زەبر و زەنگ و ستەم و تیرۆر ناوەرۆکی دەوڵەت پێك دێنن.

لە دوای دەرکەوتنی رۆشنگەری و ناسیۆنالیزم لە رۆژئاوادا هزر و کولتوور رەوتێکی جیهانییان بە خۆیان گرت، یان بە واتایەکی دی بە جیهانیبوون، زایەڵەی رۆشنگەری و شۆڕشە ناسیۆنالیستەکان، بە شێوەی جۆراجۆر، بە هەر گۆشەیەکی دنیادا بڵاوبوونەوە. بەڵام لەهیچ شوێنیکی دی رۆشنگەری و ناسیۆنالیزم، بەو شێوەیەی لە

ڕۆژئاوادا دەرکەوتن، دووبارە نەبوونەوە. هەروا هیچ کام لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوین بزاڤێکی ڕۆشنگەرانەی ئەوتۆی بە خۆیەوە نەدیت کە بتوانێت مەسەلەی مافی مرۆڤ و یەکسانیی هاووڵاتییان و ئازادی بکاتە بەشێك لە هۆشیاریی خەڵك و کولتووری ئەو وڵاتانە.

ناسیۆنالیزم لەم وڵاتانەدا وەك پڕۆژەیەکی ڕۆشنگەری و لەسەر بنچینەی بە هاووڵاتیبوون دەرنەکەوت، بەڵکو پێش هەر شتێك کاردانەوەیەك بوو لە بەرامبەر هەڕەشەی ناسیۆنالیزمی دراوسێ، لە هەمان کاتدا هەوڵدانێکی توندڕەوانە و شۆڤێنیستانە بوو بۆ زاڵکردنی زمان و کولتووری زۆرایەتی، نکوڵیکردن لە مافی گەلانی دی و هەوڵدان بۆ لەناوبردنی کولتوور و زمانیان. بۆیە دەوڵەت لە جیاتی ئەوەی دەربڕی ئیرادەی هاووڵاتییان بێت ئەوا دەوڵەتی زۆرایەتیی حکومڕان بووە. یان ڕاستییەکەی زۆربەی کات دەوڵەتی خێڵ و بنەماڵەیەك بووە. لە ماوەی مێژووی هەشتا ساڵەی ئەو دەوڵەتانەشدا هیچ گۆڕانێکی گرنگ بەسەر ناوەڕۆك و شێوەی حکومڕانییاندا نەهاتووە. بۆیە ئیمڕۆ، بە پەیوەندیی لەگەڵ پرۆسێسی جیهانگیری و ئاڵوگۆڕەکانی دیکەی دنیادا، ڕەوایی و توانای بەردەوامبوونی ئەو جۆرە دەوڵەتانە کەوتوونەتە ژێر پرسیارەوە.

ناسیۆنالیزم لە کوردستاندا، بە تایبەتمەندیی خۆیەوە، وەك کاردانەوەیەك لە بەرامبەر هەڕەشە و پەلاماری ناسیۆنالیزمی دراوسێدا(ناسیۆنالیزمی تورك، فارس و عەرەب) دەرکەوتووە. ئەگەرچی وەك ناسیۆنالیزمی نەتەوەیەکی ژێر دەست و وڵاتداگیرکراو ناوەڕۆکێکی ڕزگاریخوازانەی هەیە، بەڵام تا ئێستا، لە هیچ بەشێکی کوردستاندا، نەیتوانیوە هیچ مافێکی نەتەوەیی چەسپاو بۆ کورد بەدەست بهێنێت.

من پێشتر لە چەند کتێب و نووسینی دیکەدا باسم لە ناسیۆنالیزمی کورد کردووە. ئەم کتێبە، کە کۆمەڵێك باسی بە خۆی گرتووە، هەوڵدانێکی دیکەیە لەم بوارەدا.

دەخوازێت رووناکی بخاتە سەر هەندێك لایەنی دیکەی ناسیۆنالیزمی کورد، بە تایبەتی بە پەیوەندیی لەگەڵ کولتووری کوردیدا.

رەفیق سابیر
ئۆکتۆبەری 2002

# بەشی یەکەم

# ناسیۆنالیزم و کولتووری کورد

# ناسیۆنالیزم و کولتووری کورد

ناسیۆنالیزم چییە؟ ئایا راستە ناسیۆنالیزم بە گشتیی قبوولْ بکرێت، یان رەت بکرێتەوە؟

ناسیۆنالیزم بە مانا گشتییەکەی، دیاردەیەکی سروشتی و ئاساییە چونکە مرۆڤ، هەر لە کۆنەوە ویستوویەتی و دەیەوێت لەگەڵ ئەو کەسانەدا تێکەڵاوی و پەیوەندیی هاوبەشی هەبێت کە لە زمانیان تێ دەگات، هەست دەکات کە کولتوورێکی هاوبەش، یان مێژوویەکی هاوبەش و کۆمەڵە ئامانجێکی هاوبەشی لەگەڵیاندا هەیە، لە هەمان کاتدا لەوی تر، واتا لە کەسان و خەڵکی بیانی، کە سەر بە کولتوورێکی جیاواز بوون سڵەمیوەتەوە، چونکە لە زمان و کولتووریان نەگەیشتووە. لێیان ترساوە یان بە سووك بۆی روانیون و ویستوویەتی خۆی لێیان بە دوور بگرێت، یان ئەگەر توانیبێتی پەلاماریان بدات و کۆنترۆڵیان بکات. بۆ نموونە گریکەکان خەڵکی دیکەیان بە(بەربەر) ناودەبرد.

ناسیۆنالیزم، خۆی لە خۆیدا، چەمکێکی بێ لایەنە، یان ناسیۆنالیزم، وەك ئۆیڤیند ئۆستێرود دەڵێ رەنگێکی سیاسیی دیاریکراوی نییە، ئەو رەنگی خۆی لە دەوروبەرەکەی وەردەگرێت. مەرج و حاڵەتە مێژوویی، جیۆگرافی-سیاسی، دەوڵەتی و کولتوورییەکان فۆرمی تایبەتی بە ناسیۆنالیزم دەدەن[1] بزاڤێکی ناسیۆنالیستی دەشێت لە قۆناغی مێژوویی جیاوازدا سروشتی خۆی بگۆڕێت. بۆ لێکۆڵینەوە لە ناسیۆنالیزم لە هەر ولاتێکدا، پێویستە رەوش و رێباز و ئەنجامەکانی ناسیۆنالیزم لەبەرچاو بگیرێن، نەك ناسیۆنالیزم وەك چەمکێکی فیکریی رووت. چونکە لێرەدا ناسیۆنالیزم وەك بەشێك، یان لایەنێك لە مێژووی فیکر باس ناکرێت، بەڵکو وەك ئەزموونێکی دیاریکراو باس دەکرێت کە لە هەلومەرجێکی دیاریکراو و لە شوێن و زەمانێکی

دیاریکراودا و بەو شێوە تایبەتییەی کە هەیە دەرکەوتووە، بە هەمان شێوە لە شوێنێکی دیکەدا دووبارە نابێتەوە.

ناسیۆنالیزم، وەك دیاردەیەکی سیاسی- مێژوویی دەکرێت دوو مانا، یان دوو ناوەرۆکی لێك جیاواز و پێك ناکۆکی هەبێت کە بە پەیوەندی لەگەڵ بارودۆخی بابەتیی دەرکەوتنیدا و بە پەیوەندی لەگەڵ ئامانجەکانیدا دیاری دەکرێن:

- دەشێت ناسیۆنالیزم هاوتای ئازادی و یەکسانی و هەقخوازی بێت. ئەمەش لەو کاتانەدا دەبێت کە نەتەوەیەکی ژێر دەست لە دژی ستەم و داگیرکردن و لە پێناو ئازادیدا خەبات دەکات.
- دەشێت ناسیۆنالیزم مانای شۆڤێنیزم و ستەم و رەگەزپەرستی بێت، کاتێك نەتەوەیەکی سەردەست یان داگیرکەر بۆ درێژەدان بە داگیرکردن، یان چەوساندنەوەی کەمایەتیی نەتەوەیی، یان پەلاماری نەتەوەی دراوسێ ئایدۆلۆجیای ناسیۆنالیزم بەکار دێنێت.

بە کورتی لە دیدی زانستییەوە ناسیۆنالیزم وشەیەکی بێ لایەنە و دەبێت هەر دیاردەیەکی ناسیۆنالیستی لە چوارچێوەی بارودۆخی بابەتیی سەرهەڵدانیدا و لە رێگەی ناوەرۆك و ئامانجە سیاسییەکانییەوە سەرنج بدرێت، کە دەشێت ناسیۆنالیزمێکی رزگارکەر یان ناسیۆنالیزمێکی مەزنخواز و پەلاماردەر بێت. پێشکەوتنخواز یان کۆنەخواز بێت. لیبرال، یان سۆسیالیست یاخود فاشیست بێت. بۆیە مەحکومکردنی گشتیی ناسیۆنالیزم، وەك کۆمۆنیست و لیبرال و ئیسلامییەکان دەیکەن، حوکمێکی چەوتی ئایدۆلۆجییە. ئەگەر ئەم حوکمە لە دیدی ئایدۆلۆجیی ئەوانەوە بەهانەو ئامانجی سیاسیی خۆی هەبێت ئەوا لە رووی زانستییەوە هیچ نرخێکی نییە، چونکە پێچەوانەی سروشت و ئەزموونی بزاڤی ناسیۆنالیستییە.

ناسیۆنالیزم سیستمێکی فیکرییە لەسەر بنچینەی بارودۆخێکی بابەتی(ئۆبجێکتیڤی)ی بوونی گرووپێکی ئێتنیکی(نەتەوە) کە زمان و کولتوور و مێژوو و هەستی هاوبەشیان هەیە، سەرهەڵدەدات تا نرخ و بەرژەوەندیی نەتەوەکە، لە بەرامبەر نرخ و بەرژەوەندیی نەتەوەیەکی دیکەدا هاوتا، یان بەرزتر و گرنگتر بگرێت.

بەرژەوەندیی بەرزی نەتەوەیی، لە ڕێگەی سیاسەتێکی نەتەوەیی سەربەخۆوە، دابین بکات. دابینکردنی ئەم سیاسەتەیش دەخوازێت کە ئەو چوارچێوە جیۆگرافییەی نەتەوەکەی تێدا دەژیت کۆنترۆڵ بکرێت، واتا دەوڵەتی نەتەوەیی دابمەزرێندرێت، بۆیە دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی خەون و ئامانجی سەرەکی ناسیۆنالیزم و هەر بزاڤێکی ناسیۆنالیستییە.

ناسیۆنالیزم دووپاتی دەکاتەوە کە یەکبوونی نەتەوەیی پێویستە لە رووی سیاسییەوە سەربەخۆ بێت، دەبێت سنووری نەتەوە و دەوڵەت هاوجووت بن[2] یان دەخوازێت کولتوور و شێوەی دەوڵەت هاوئاهەنگ و تەبا بن، بۆ ئەوەی کولتوور ماڵێکی سیاسیی خۆی، لەوەش زیاتر تەنیا تاکە ماڵێکی سیاسیی خۆی پێبدرێت.... بەم مانایە ناسیۆنالیزم وەك سیستمێکی فیکری و بزاڤێکی سیاسی نەتەوە دروست دەکات[3]. یەکبوونی کولتووری دەبێتە بناغەی یەکبوونی سیاسی. ئەو کەسانەی سەر بە هەمان کولتوورن هەست بە نزیکی و هاوکولتووری دەکەن. نەتەوە، وەك ویست و کولتوور، بە جۆرێك خۆی دەردەخات کە لەگەڵ سیاسەتدا یەك بێت و نەتەوە، وەك بوونێکی سیاسی، دەشێت سنوورەکەی تا ئەو جێیە بڕوات کە سنووری کولتوورەکەیە. لەناو ئەم سنوورە سیاسییەشدا کولتوورەکە دەپارێزرێت. لێرەدا کولتوور سەرجەمی ئەو بەرهەمە مادی و رۆحییانە دەگرێتەوە کە خەڵکانێك لە مێژووی خۆیاندا پێکەوە هێناویانەتە بەرهەم. ئەم کولتوورە، وەك پێناسی کۆمەڵ، بنەمایەکی هاوبەش بۆ پێکەوەهەڵکردن و خۆناسینی نەتەوەیی دادەهێنێت، سەرئەنجام سایەیەکی سیاسی و چوارچێوەیەکی دەستووری، واتا پرۆسەی دروستبوونی نەتەوە دەخوازێت. تا لەم ڕێگەیەوە کولتوورەکە مانایەکی نوێی سیاسی و ئازادییەکی دەستووریی ئەوتۆ دابین بکات کە دەستەبەری مانەوە و پێشخستنی خۆی(کولتوورەکە) بن.

بەڵام کولتوور لە کۆمەڵە رەگەزێکی جۆر بەجۆر پێك دێت کە هەر کامیان، لە سەردەمێکی دیاریکراودا، دەشێت لایەنی گرنگ و بگرە گرنگترین رەگەزی پێناسەی نەتەوە بێت و تەواوی پرسی نەتەوە و رەوشی بە نەتەوە بوون، بە پلەی یەکەم، لەودا خۆیان دەربخەن. ئەمەش تا رادەیەکی زۆر بە پەیوەندی لەگەڵ ئەو بارودۆخە مێژووییەدا

دەبێت کە نەتەوەکەی تێدا دەژی و ئـەو هەرەشـانەی پرۆسـەی دروسـتبوونی نەتـەوە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە. دیارە زمان گرنگترین لایەنی کولتوورە. بەڵام لە هەندێ کاتـدا زمان ئەو لایەنە بنچینەییە نییە کە پێناس و ناوەرۆکی کولتوورەکـە دەربـڕێـت، یـان نەتەوەکە بە هۆیەوە خۆی پێ لەویدی جیا بکاتەوە، بەڵکو لە جیاتییان دەشێت ئـاین، یان تەنانەت مەزهەبێکی ئاینی، ئەم ڕۆڵە گرنگە بگێڕێت، بە جۆرێك کە سـەرجەمی تایبەتمەندییە کولتوورییەکانی نەتەوە، یان قورسایی پێناس(ئایـدێنتێتی) نەتـەوەیی و ڕەگەزی خۆجیاکردنەوەی نەتەوەیەك لە نەتەوەیـەکی دیکـە لـە جیـاوازی ئـاین، یـان مەزهەبدا کۆببنەوە.

نەتەوەکان پێش ئەوەی ببنە نەتەوە، واتا شێوەی خۆیان بـۆ دەوڵـەت بگـۆڕن یـان دەوڵەتی تایبەتیی خۆیان دابمەزرێنن، مێژوویەکی درێژی خۆیان هەبووە، ئەم مێژووەش لەسەر بنچینەی پرینسیپێکی گشتیی ئەو کۆمەڵە خەڵکە بـووە کـە بۆتـە زەمینـەی پێکەوە ژیانی هاوبـەش : زمـانی هاوبـەش، کولتـووری هاوبـەش، مێـژوو و خـاکی هاوبەش. هەر کۆمەڵە خەڵکێك سیستمێکی کولتووری بۆ خۆی دامەزراندووە کـە لـە ڕێگەی ئەو سیستمە کولتوورییەوە دەرکی بە دیاردەکان کردووە، تەسەورێکی گشتیی و هاوبەشی لەبارەی خۆی پێکهێناوە و توانیویـەتی خـۆی وەك یەکەیـەکی ئێتنیکـی — کولتووری لەویدی جیابکاتەوە. هێگل ئەم قۆناغەی ژیانی نەتەوە، یـان ئـەو کۆمەڵـە خەڵکە، واتا قۆناغی پێش دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی، بە قۆناغی پێش مێژوو ناو دەبات، بەم مانایە مێژووی ڕاستەقینەی نەتەوەیەك لەو کاتەوە دەست پێ دەکات کـە نەتەوەکە دەوڵەتی تایبەتیی خۆی دادەمەزرێنێت. بە پێی ئەم بۆچوونەی هێگل نەتەوە وەك یەکەیەك، کـە لـە سـەرووی تاکەکـەس(ئیندیڤیـد)ەوەیـە، پێکەوەهـەڵکردنێکی ئۆرگانییە بۆ ئەوەی پێش بکەوێت و شوێنێك لە مێـژوودا بگرێـت پێویسـتە شـێوەی دەوڵەت بە خۆی بگرێت، یان ڕۆحی نەتەوە لە ڕێگەی دەوڵەتەوە خۆی دەربخـات، وەك دواتر باسی دەکەم.

لە ساڵی 1882 دا مێژوونووسێکی فڕەنسایی ئێرنێست ڕێنان بەم جـۆرە نەتـەوە پێناسە دەکات : نەتەوە یادەوەرییەکی بە کۆمەڵە، هـەروا هۆشـیارییەکی هاوبـەش و

ئیرادەی پێکەوە هەڵکردنە، مەسەلەیەکە لەبارەی هاوکاری و بڕوایەکی هاوبەش، زیاتر لەوەی تایبەتمەندییەکی پێدراو بێت. نەتەوە راگیرییەکی رۆژانەی گەلە[4]. ماکس وێبەر لە تێزێکی خۆیدا لەبارەی دەوڵەت و نەتەوە ئەم چەمکە سەبجێکتیڤییەی نەتەوە دووپات دەکاتەوە، ئەو دەوڵەت وەك فۆڕمی رێکخستن، دەزگا Institution ی سیاسی و مۆنۆپۆلکردنی دەسەلات پێناسە دەکات، نەتەوەش وەك بیر، ویستی ئینتیمای هاوبەش و کولتووری هاوبەش دادەنێت. دەوڵەت و نەتەوە دوو دیاردەی لێکدانەبڕاون، بەلام ئەوان سەلمێنەر و تەواوکەری یەکتری بوون. بە رای وێبەر توانای بەردەوامبوونی دەوڵەت لە رێگای هاریکاریی نەتەوەییەوە بەهێز کرا، لە کاتێکدا نەتەوە توانی پێناسی کولتووریی خۆی لە سایەی دەسەلاتی دەوڵەتدا بپارێزێت. بۆ ئەوەی ئەم خۆ تەئکیدکردنە سەبجێکتیڤییە نا سەقامگیریی سیاسیی لێ نەکەوێتەوە پێویستی بە چوارچێوەیەکی دام و دەزگایی چەسپاوتر هەبوو. دەوڵەت ئەم جۆرە چوارچێوەیە بوو[5].

ناسیۆنالیزم بەرهەمی فەلسەفەی رۆشنگەری(ئەلتەنویر)و ئەنجامێکی راستەوخۆی مۆدێرنیزم و شۆڕشی فڕەنسایە. فەلسەفەی رۆشنگەری لە سەرەتای سەدەی هەژدەیەمدا وەك تەوژمێکی بەهێزی فەلسەفی، سەرەتا لە بریتانیاو فڕەنسا، دواتریش لە ئەوروپادا، بلاوبۆوە. ئەم فەلسەفەیە دژی هەر فۆرمێکی دەسەلات بوو کە عەقڵی مرۆڤ لە چوارچێوەی باوەڕی ئاینی و مێتافیزیکیدا سنووربەند بکات، بە تایبەتی دەسەلاتی کلێسا و چینی ئەریستۆکرات، سروشت بەلای رۆشنگەرانەوە، شتێك نەبوو لە سەرووی یان لە دەرەوەی مرۆڤ بێت، بەڵکو مرۆڤ خۆی بەشێکە لە سروشت. بۆیە ئەگەر مرۆڤ زانیاریی تەواوی لەبارەی سروشت هەبێت و بتوانێت خۆی لە بیر و حوکمی پێشوەخت دەرباز بکات و عەقڵی خۆی بەکار بێنێت ئەوا دەتوانێت لە سروشت تێ بگات. بە لای ئەوانەوە ئاین و فۆرمی دیکەی باوەڕ، رێگرن لە بەردەم مرۆڤدا تا لە رێگەی عەقڵ و زانیاریی ئەزموونکارییەوە لە سروشت و مرۆڤ و کۆمەڵ بگات. ئامانجی ئەوان پێشکەوتن بوو. هۆکاری گەیشتنیش بە پێشکەوتن رۆشنگەری بوو، کە مەبەست لەوە بوو مرۆڤ توانایەکی سروشتیی هەیە کە خۆی بیر بکاتەوە و خۆی لەو بیر و حوکمە پێشوەختانە دەرباز بکات کە لە لایەن دەسەلاتە نەریتییەکانەوە، کلێسا و

چینی دەسەڵاتداران، بڵاودەکرێنەوە. لە هەمان کاتدا فەلسەفەی ڕۆشنگەری، لە رووی سیاسییەوە، داوای کۆمەڵێکی دیموکراتی دەکرد کە پشت بە دەستوور ببەستێت، ئەم دەستوورەش لە لایەن گەلەوە، نەك لە لایەن مەلیکەوە دابندرێت، چونکە دەوڵەت و دەستوور دەبێت تەنیا دەربڕی ئیرادەی تاکە کەسێك نەبن، بەڵکو دەبێت دەربڕی ئیرادەی بە کۆمەڵ، یان ئیرادەی گشتیی بن[6].

فەلسەفەی ڕۆشنگەری زەمینەی بۆ شۆڕشی 1789ی فڕەنسا خۆش کرد. سەرئەنجام ئەو بیرانەی سەبارەت بە مافی سیاسیی گەل یان خەڵك و سەروەریی گەل دەرکەوتن گەلیان گۆڕی بە نەتەوە. چەمکی نەتەوە یەکێك بوو لە چەمکە شۆڕشگێڕەکانی شۆڕشی فڕەنسا کە لە بەرامبەر ئیمتیازاتی ئەریستۆکراتەکاندا بەرزکرایەوە. دەوڵەت دەبوو لەسەر بنچینەیەکی نوێ و لە ڕێگەی پێکەوەهەڵکردنی نەتەوەییەوە دابمەزرێندرێت. چینی خاوەن ئیمتیاز دەبوو دەستەبەرداری ئیمتیازەکانی خۆی بێت و هەموو هاوولاتیان، یان ئەندامانی نەتەوە، بەبێ لەبەرچاوگرتنی پلەو پایە و ڕەچەڵەکی ئێتنیکی و چینایەتییان، هەمان مافی هاوولاتیبوونیان هەبێت. ئەم مافەش بە پێی دەستوورێك، کە گەل نەك پادشا بڕیاری لەسەر دەدات، پارێزگاری لێ بکرێت. بەم جۆرە مافی هاوولاتیبوون کرا بە بنەمای نوێی کۆمەڵ و گەل گۆڕدرا بە نەتەوە، واتا کەسایەتییەکی سەربەخۆ، یان گەلێکی خاوەن سەروەری. لەسەر ئەم بنچینەیەش یەکەمین سوپای فڕەنسایی، وەك ئەرکێکی نەتەوەیی، دامەزرێندرا و سەربازیکردن کرایە ئیجباری.

بەڵام ئەم مۆدێلەی دروستکردنی نەتەوە، لەسەر بنچینەی دەسەڵاتی گەل و ئیرادەی گشتی و مافی هاوولاتیبوون ئەزموونێکی تایبەتی فڕەنسایە. لە بەرامبەر ئەمەدا شەپۆلی بیری ڕۆشنگەری و ناسیۆنالیزم لە ئەڵمانیا و ئیتاڵیادا ئەنجامی دیکەیان لێ کەوتەوە. لە هەردوو وڵاتدا پێش هەر شتێك زمان، مەسەلەی کولتووری و ئێتنیکی، بە بنەمای پێکهاتنی نەتەوە — دەوڵەت داندران. تیۆریستانی ناسیۆنالیزمی ئەڵمانی، لەوانە ج.گ. هێردێر، فیختێ، شێلینگ و هێگل، هەروا مازینی لە ئیتاڵیا، لە سەرەتاوە مەسەلەی دەوڵەتیان بە مەسەلەی کولتووری — ئێتنیکییەوە بەستەوە. بەو

پێیەی هەر گرووپێکی خەڵك خاوەنی کەسایەتی و زمانی خۆیەتی، پێویستە لە هەمان کاتدا خاوەنی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیشی بێت. هێردێر پێی وابوو کە دەوڵەتی باش پێویستە سنووری سروشتی هەبێت، واتا پێویستە سنووری دەوڵەت لەگەڵ ئەو ناوچانەدا هاوجووت بێت کە(نەتەوە)کەی تیادا دەژیت. ئەو لە ساڵی 1785 دا لە کتێبی(چەند بیرێك لەبارەی مێژووی فەلسەفەی مرۆڤایەتی) دەنووسێت: سروشتیترین دەوڵەت ئەو دەوڵەتەیە کە تەنیا لە تاکە گەلێکی خاوەن یەکە کاراکتێری نەتەوەیی پێکهاتبێت... گەل وەك رووەك و خێزان وایە بەڵام پرش و بڵاوترە..... رێکخستنی سروشتی لە هەموو کۆمۆنانەی ئاوەدانن... هەروا بۆ دەوڵەتیش باشترین رێکخستنە، رێکخستنێك کە هەر کەسێك ئەو کارە دەکات بۆی دیاری کراوە[7].

فیختێ کە یەکێك لە ناودارترین تیۆریستانی ناسیۆنالیزمی ئەڵمانی بوو پێی وابوو سنووری سروشتیی دەوڵەت دەبێت لەسەر بنچینەی زمان بێت. ئەو بە سوود وەرگرتن لە تێزی ناسراوی کانت، لەبارەی خۆبڕیاردانی مرۆڤ، واتا ئازادیی مرۆڤ تا خۆی بە پشتبەستن بە عەقڵ چارەنووسی خۆی بڕیاربدات، مەسەلەی خۆبڕیاردانی نەتەوەیی هێنایە گۆڕێ. بەڵام لە تێزی فیختێدا باسێك لە مەسەلەی ئازادی یان سەربەخۆیی تاکەکەس ناکرێت، بەڵکو تاکەکەس لەناو نەتەوەدا دەتوێتەوە و نەتەوە خۆی، وەك کەسایەتییەك، دەبێتە دەربڕی ویست و ئیرادەی تاکەکەسەکان، فیختێ تێزی هێردێری سەبارەت بە ناسیۆنالیزم بە دوو ئاقاردا بەرەو پێش برد:

**یەکەم:** ناوەرۆکێکی ئایدیالیستی بە زمانی ئەڵمانی بەخشی، چونکە لە زمانانی تری بە رەسەنتر و گرنگتر دانا.

**دووەم:** بە لای ئەوەوە دەسەڵاتی دەوڵەت و دەزگا سیاسیە سەربەخۆکان پێداویستییەکی گرنگ بوون بۆ پاراستنی ناوچەکانی کولتووری ئەڵمانی(یان ناوچەی ئەڵمانزمانان). بەم جۆرە ناسیۆنالیزمی ئەڵمانی دوو مانای بە خۆ گرت: بەڵگەیەکی پایەبڵندیی نەتەوەیی و مەرجێکی قەوارەی سیاسی[8].

ناسیۆنالیزم لە ئەڵمانیا و ئیتالیادا وەك ئایدۆلۆجیایەکی شۆڕشگێر و دیموکرات دەرکەوت، تیۆریستانی ناسیۆنالیزمی ئەڵمان و ئیتالیا، بۆ نموونە فیختێ و هێردێر و

ماززینی، کە پایەیەکی بەرزیان بۆ نەتەوەکانی خۆیان دادەنا، بەڵام لەو باوەڕەشدا بوون کە هەر کۆمەڵە خەڵکێك دەبێت ڕێگەی بدرێت تایبەتمەندی نەتەوەیی وکولتووری خۆی پێش بخات و مافی خۆیەتی دەوڵەتی نەتەوەیی دابمەزرێنیت. ئەوان لە ژێر کارتێکردنی بیری ڕۆسۆ و فەیلەسوفانی ڕۆشنگەری، پێیان وابوو کە دەوڵەتی نەتەوەیی دەبێت دیموکرات بێت و گەل سەرچاوەی دەسەڵات بێت. ناسیۆنالیستانی ئەڵمانیا و ئیتالیا لە بەرامبەر دوو دەسەڵاتی ناوخۆیی و دەرەکیدا کەوتنە خەبات، دەسەڵاتی پاشایەتی و ئەریستۆکراتەکان و دەسەڵاتی داگیرکەری بێگانە. فیختێ بە وشەی ئاگرین داوای لە نەتەوەی ئەڵمان کرد کە دژی پەلاماری ناپلیۆن بۆ سەر ئەڵمانیا یەکبگرن. ماززینی شەڕی گەلی ئیتالیا دژی دەوڵەتی نەمسا، کە باکووری ئیتالیای داگیرکردبوو بە باشترین چەکی خەباتی نەتەوەیی دەزانی. هەردووکیان لەو باوەڕەدا بوون کە شەڕی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی، گەل لە بۆتەی یەکێتیی نەتەوەییدا قاڵ دەکات[9].

ناسیۆنالیزمی ئەڵمانی بە خێرایی شێوەی بزاڤێکی بەهێزی سیاسی و کولتووری بە خۆگرت، یان وەك کارل پۆپەر دەڵێت، وەك ئاینێکی نوێی لێ هات، هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ بوو لە دەسەڵاتی پاشایەتی. سەرەتا ناسیۆنالیستانی ئەڵمانی داوای ریفۆڕمی دیموکراتانە و ئازادی و یەکسانی و دەستووریکیان دەکرد کە هەموو هاوولاتیان لە بەردەمیدا یەکسان بن. بەڵام ئەم داخوازییانە زوو پشتگوێ خران. هێگل، کە لایەنگیری دەسەڵاتی بێ سنووری پاشایەتی بوو، ڕەخنەی لە زۆر تێزی فیکری و ئایدیۆلۆژیی ناسیۆنالیستانی ئەڵمانی گرت، بەو مەبەستەی ناسیۆنالیزمی ئەڵمانی هەمان ڕەوشی ناسیۆنالیزمی فڕەنسایی نەگرێت.

هێگل لەبارەی یەکسانبوون دەنووسێت:( ڕاستییەکی قووڵ لەوەدا هەیە کە هاوولاتییان لەبەردەم یاسادا یەکسانن) بەڵام، وەك هەڵگێڕانەوەی ئەم ڕاستییە، دەڵێت:( هاوولاتییان تەنیا لەو خاڵانەدا لەبەردەم یاسادا یەکسانن کە لە دەرەوەی یاساشدا تیایدا یەکسان بن، لەوانە مەسەلەی موڵکومالْ، تەمەن و....تاد). هێگل چەمکی ئازادی بە یاسا و دەستووری دەوڵەتی پاشایەتییەوە دەبەستێتەوە، یان یاسا خۆی دەربڕی ئازادییە. لەم دەوڵەتەشدا پاشا دوا بڕیاردەر و دەسەڵاتی موتڵەقە، یان

توخمی بڕیاردەری موتڵەق لە کوللدا تاکە کەسێکە، ئەویش پاشایە. بەم جۆرە هێگڵ مەسەلەی دەستوور، کە ناسیۆنالیستەکان داوایان دەکرد، چارەسەر دەکات. پۆپەر، لەبارەی ئەم بۆچوونەی هێگل دەنووسێت : چۆن کەسێك دەتوانێت هێندە بێ ئەقڵ بێت لە وڵاتێکدا داوای(دەستوور) بکات کە ئەو پادشایەتییە موتڵەقە لێهاتووەی هەبێت، کە بەرزترین فۆرمی لە تواناداbووی دەستوورە![10].

هێگل لە کاتێکدا دژی بیر و ڕێبازی لیبرالانەی ناسیۆنالیزم بوو بەڵام دەوڵەت لای ئەو بایەخێکی گەورەی هەبوو چونکە بە بەرجەستەبوونی پرینسیپی ڕۆحی دادەنا، یان وەك دەنووسێت:(دەوڵەتی نەتەوەیی ڕۆحە لە دیاربوونی راسیۆنالانەی خۆی و واقیعیبوونی راستەوخۆیدا... بۆیە ئەو دەسەڵاتی موتڵەقە لەسەر زەوی... دەوڵەت ڕۆحی گەل خۆیەتی... هۆشیاری خۆی لای هەندێك نەتەوە ئامرازی پێشکەوتنی ڕۆحی بەکۆمەڵ(کۆلێکتیڤی)یە.. ڕۆحی زمان ئیرادەی خۆی لەودا دەچێنێت infuse.. هەستە ناسیۆنالییەکانی دیکە مافیان نییە بەرامبەر ئەم ئیرادەیە بوەستن: نەتەوەکە دەسەڵاتی بەسەر دنیادا بڕوات). ئەم جۆرە نەتەوانە و ڕۆح و ئیرادەی ئەوانن کە لەسەر شانۆی مێژوو خۆ دەنوێنن. مێژوو خەباتی نێوان ڕۆحی نەتەوە جۆربەجۆرەکانە لە پێناو حکومڕانیکردنی سەردارانەی جیهان. بەڵام ئەو دەوڵەتەی هێگل مەبەستی بوو دەوڵەتی پروسی بوو نەك دەوڵەتێکی بچووکی ئەڵمانی، بۆیە ئەو ویستی سوود لە هەستی ناسیۆنالیزم وەربگرێت و ناسیۆنالیزمی ئەڵمانی بگۆڕێت بە ناسیۆنالیزمی پروسی. بە بۆچوونی هێگل ئەو ریفۆرمانەی نوێنەرانی ناسیۆنالیستەکان داوایان دەکرد پێویست نەبوون، چونکە نەتەوە و ڕۆحی نەتەوە خۆیان ڕێگا پێشانی ئەکتەرەکان دەدەن(ڕێنشاندەری ئەکتەرەکانن) لەوەش زیاتر هەر نەتەوەیەك ئەو دەستوورەی هەیە کە لەگەڵی دەگونجێت. پۆپەر لای وایە کە هێگل، بە تێزەکانی لەبارەی نەتەوە، تەنیا بەشێکی نوێی لە مێژووی ناسیۆنالیزمدا دەست پێ نەکرد، بەڵکو ناسیۆنالیزمی بە تیۆرییەکی نوێ چەکدار کرد. ئەو لە جیاتی زمان، کە فیختێ بە بنچینەی ناسیۆنالیزمی دەزانی، تیۆریی مێژووخوازی(مێژوویزم)ی لەبارەی ناسیۆنالیزم داڕشت. نەتەوەی وەك ڕۆحێکی یەکگرتوو کە لە مێژوودا کاردەکات، پێناسە کرد.... دەوڵەتی

ناسیۆنال، بە لای هێگلەوە، وەك ئۆرگانیزمێك بە ئیرادەی گشتی و ئیرادەی کۆمەڵی(کۆلێکتیڤانە) پڕچەك کراوە. بەم شێوەیە خاڵی بنچینەیی مێتۆدی مێژووخوازی(مێژوویزم) دەردەکەوێت، چونکە ڕێگای زانیاریی لەبارەی دەوڵەت بە ناو ئەم مێژووەدا، یان بەناو ئەم ڕۆحی مێژووەدا ڕەت دەبێت. ڕۆحی نەتەوە چارەنووسی مێژوویی شاردراوەی دەوڵەت بڕیار دەدات. هەر نەتەوەیەك کە حەز بکات بژی پێویستە، لە ڕێگای هاتنە سەر شانۆی مێژوو واتا لە ڕێگای دژایەتیکردنی نەتەوەی دیکە، تاکمەندی(ئیندیڤیدوالیێتە)ی خۆی، یان ڕۆحی خۆی دەربخات، یان ببێتە حوکمڕان و سەرداری جیهان. شەڕیش تاکە ڕێگایە بۆ گەیشتنە ئەم سەرداربوونە، بۆیە مێژووی نەتەوەکان، وەك هێگل دەڵێت،(خەباتە لە نێوان ڕۆحی نەتەوە جۆربەجۆرەکاندا لە پێناو دەسەڵات، لە پێناو بوونە گەورە دەسەڵاتداری جیهان، کە تاکە ئامانج و دوا ئامانجە و تاکە بنچینەی حوکمدانە)[11].

سەرئەنجام ناسیۆنالیزمی ئەڵمانی سروشتێکی تۆتالیتاریی وەرگرت. دەسەڵاتی گەل و ئیرادەی گشتی و یەکسانبوونی هاووڵاتییان لەبەردەم یاسادا، بەو شێوەی لە فڕەنسادا ڕووی دا، تێکەڵ بە پرۆسەی ناسیۆنالیزم و دروستکردنی نەتەوە نەبوون. لە جیاتییان مەسەلەی کولتووری و ئێتنیکی، بە تایبەتی مەسەلەی زمان و مێژووی هاوبەش کرانە بنەمای ناسیۆنالیزم و دروستکردنی نەتەوە. دەسەڵاتی دەوڵەتی پاشایەتی، لە سەروویەوە پاشا خۆی، وەك بنچینەی هەق و سەرچاوە و بڕیاردەری دەستوور مایەوە. بۆیە ناسیۆنالیزمی ئەڵمانی وەك هەراسانبوون و یاخیبوونێك بوو لە عەقڵانییەت و لیبرالیزم، یان وەك کارل پۆپەر دەڵێت، ناسیۆنالیزمێکی تۆتالیتاری بوو.... کە تەنیا وەك کاردانەوە(ڕەد الفعل)ی خۆپاراستن دژی داگیرکردنی بەرلین لە لایەن لەشکری ناپۆلیۆنەوە، دەرنەکەوت.... بەڵکو لە هەمان کاتدا تەعبیرێك بوو لە هەستی خۆبەکمزانینی ئەڵمان بەرامبەر بە ئینگلتەرا[12].

ئەگەرچی ئەڵمانیا، لە دوای شەڕی دووەمی جیهانەوە، خۆی وەك دەوڵەتێك دەناسێنێ کە لەسەر بنەمای دیموکراتیی هاووڵاتیبوون دامەزراوە. کەچی قانوونی هاووڵاتیبوون پشت بە ڕەگەز دەبەستێت. کەسێکی بە ڕەگەز ئەڵمان، لە هەر شوێنێکی

دنیادا بژی و هاوولاتی هەر دەوڵەتێك بێت دەتوانێت، ئەگەر خۆی بیەوێت، بە جۆرێکی ئۆتۆماتیکی ببێتە هاوولاتی ئەڵمانی تەنانەت ئەگەر زمانی ئەڵمانیشی بیرچووبێتەوە، کەچی کەسێکی بە رەگەز نائەڵمان، ئەگەر لە ئەڵمانیاش گەورە بووبێت و جگە لە زمانی ئەڵمانی هیچ زمانێکی دیش نەزانێت، مەرج نییە بە جۆرێکی ئۆتۆماتیکی ببێتە هاوولاتی ئەڵمانی.

مێژووی ناسیۆنالیزم و دەوڵەتی نەتەوەیی لە ئەوروپادا دوو مۆدێل یان دوو ئەزموونی سەرەکی لێ کەوتۆتەوە:

**یەکەم:** ناسیۆنالیزمی دەوڵەتی، کە بە پێی ئەم مۆدێلە ناسیۆنالیزم، وەك سیستمێکی فیکری و بزاڤێکی سیاسی، نەتەوە لە کۆمەڵە گرووپێکی ئێتنیکی و کولتووریی جیاواز و لەسەر بنەمای هاوولاتیبوون و یەکسانبوونیان لەبەردەم یاسادا دروست کرد، نموونەی فڕەنسا.

**دووەم:** ناسیۆنالیزمی ئێتنۆکولتووری، کە نەتەوە لەسەر بنەمای یەکبوونی ئێتنیکی – کولتووریی و پاشخانی مێژوویی

دروست کرا، بەبێ ئەوەی عەقلانییەت و بنەماکانی فەلسەفەی رۆشنگەری بکرێنە بنەمای دەوڵەت، نموونەی ئەڵمانیا.

دواتر لەم دوو ئەزموونەوە دوو چەمکی سەرەکی سەبارەت بە نەتەوە دەرکەوتن: چەمکی نەتەوەی سەبجێکتیڤی و چەمکی نەتەوەی ئۆبجێکتیڤی، یان نەتەوەی سیاسی و نەتەوەی کولتووری، کە یەکەمیان رەگەکانی بۆ شۆڕشی فڕەنسا و دووەمیشیان رەگەکانی بۆ ئەزموونی ئەڵمانیا دەگەڕێتەوە.

مێژوونووسی ناسراوی ئەڵمان فێردریش مێینێکێس، لە ساڵی 1908دا باس لە دوو جۆرە نەتەوە دەکات: نەتەوەی سیاسی(یان دەوڵەتی) و نەتەوەی کولتووری. بە بۆچوونی ئەو نەتەوە دەکرێت یان پێکەوەهەڵکردن و کۆبوونەوە لە دەورەی رێسای گەمە سیاسییەکان و دەزگاکان بێت، یان لەسەر بنچینەی شێوە لێکچوونی کولتووری بێت.(نەتەوەی دەوڵەتی) یان نەتەوەی سیاسی یەکەیەکی چالاك و خۆبەڕێوەبەرە نیشانەکەی لە هاوولاتیبوون و هۆشیاریی ئینتیمابووندا دەردەکەوێت.(نەتەوەی

کولتووری) پێکەوە هەڵکردنێکی کولتووریی پاسیڤە کە مەرج نییە لەگەڵ قەوارەی دەوڵەتی یان مەرجی سیاسیی سەربەخۆبوون هاوکات(هاوزەمان) بن. دەوڵەت تەنیا چوارچێوەیەکی پێویست نییە بە دەوری نەتەوەی سیاسیدا، بەڵکو نەتەوەی سیاسی دەوڵەتەکە دەکاتە دەوڵەتێکی شەرعی لەگەڵ کۆبوونەوە لە دەوری دەزگاکان(ئینستیتوسیۆن)، شێوەی بەڕێوەبردن و ڕێسای بڕیاردان. لە فۆرمێکی سادەدا: دەوڵەت پێش نەتەوە دەکەوێت.

لە حاڵەتی نەتەوەی کولتووریدا دەشێت حەزکردن بە دەوڵەتی هاوبەش هەبێت، بەڵام یەکبوونی سیاسی لەم چەمکەی نەتەوەدا مەرج نییە. یەکبوونەکە لە میراتی کولتووری و زمان، لە ئینتیما بۆ خاکێکی هاوبەش دایە، لە ئاین، ئەفسانە، فۆلکلۆر و داب ونەریتی مێژوویی دایە، ئەم شێوە یەکبوونە، لای ئەم نەتەوە کولتوورییانە، دەبێتە خاڵی دەستپێکی سەربەخۆیی و مەرجی خۆسەلماندنی سیاسی. لە فۆرمێکی سادەدا: نەتەوە پێش دەوڵەت دەکەوێت(13).

ناسیۆنالیزم یەکێکە لەو دیاردانەی کە زۆر را و تیۆریی جۆربەجۆری لەبارەوە هەیە، چونکە خۆی دیاردەیەکی جۆربەجۆر و فرە شێوە و ناوەرۆکە، فرە ئامانج و ئەنجامە، بەڵام ئەو کۆمەڵناس و مێژوونووسانەی لە ناسیۆنالیزمیان کۆڵیوەتەوە و ویستوویانە چوارچێوەیەکی تیۆری بۆ ناسیۆنالیزم دیاری بکەن، لەسەر ئەوە ڕێکن کە دەرکەوتنی دیاردەی ناسیۆنالیزم پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەو گۆڕان و پێشکەوتنە ئابووری و کولتووری و کۆمەڵایەتییانەوە هەیە کە لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەیەمدا لە ئەوروپا روویان دا. بە واتایەکی دی ناسیۆنالیزم ئەنجامێکی ڕاستەوخۆی ڕۆشنگەری و مۆدێرنیزمە. بەڵام سەبارەت بە گرنگیی فاکتەری مێژوویی، ئێتنیکی – کولتووری، ئابووری و سیاسی رای جیاواز و تیۆریی جیاواز هەیە. وەك زانراوە مارکسیزم دیاردەی ناسیۆنالیزم، بە ئەنجامێکی ڕاستەوخۆی پێشکەوتنی ئابووری و دەرکەوتن و گەشەکردنی پەیوەندیی بەرهەمهێنانی سەرمایەدارییەوە دەبەستێتەوە و بە دیاردەیەکی بۆرجوازی دادەنێت کە دەیەوێت هەرێمە فیۆداڵییە لێکدابڕاوەکان یەك بخات و بازاڕێکی یەکگرتووی ناوخۆیی دابمەزرێنێت. هەروا

ئایدۆلۆجیای ناسیۆنالیزم بە بەرهەمی هۆشیارییەکی ساختە و دیاردەیەکی کاتی دەزانێت، کە لەگەڵ کۆتاییهێنانی موڵکایەتیی تایبەتیی بەرهەمهێنانی سەرمایەدارییدا نامێنێت، چونکە دەسەڵات و کولتووری بۆرجوازی لەناو دەچن و دەسەڵات و کولتووری پرۆلیتاریا زاڵ دەبن. سەرئەنجام ئینتەرناسیۆنالیزمی پرۆلیتاری و برایەتیی نێوان گەلان جێگای ناسیۆنالیزم دەگرنەوە.

لەو خاڵەدا کە مارکس ناسیۆنالیزم وەك بەرهەمێکی پێشکەوتنی ئابووری دادەنێت، راستییەك هەیە، کە دواتر زۆربەی کۆمەڵناسان، بە شێوەی جۆربەجۆر دووپاتییان کردۆتەوە، کاتێك ناسیۆنالیزم بە مۆدێرنیزم و بە سنعەتکردنی کۆمەڵ و ئەنجامە ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی وەك سیستمی خوێندن، چاپەمەنی و مێدیاوە...تاد دەبەستنەوە. هەندێکیان کۆمەڵە فاکتەرێکی دیکەی وەك مەسەلەی دەوڵەت و مەترسیی دەسەڵاتی نەتەوەی دراوسێ و کۆلۆنیالیزم بە هاندەری دەرکەوتنی ناسیۆنالیزم دادەنێن، لێرەدا دەرفەتی ئەوە نییە باس لەو را و تیۆرییانە بکرێت، بۆیە تەنیا بە کورتی ئاماژە بۆ یەکێکیان دەکەم، کە بۆچوونی ئەنتۆنی سمیسە. چونکە، بە پێی ئاگاداری من، بۆچوونەکانی لەبارەی ناسیۆنالیزم پوختەیەکی بە نرخی زۆربەی ئەو را و تیۆرییانەن. هەروا لە زۆر رووەوە، لە تیۆرییەکانی دی زیاتر، لەگەڵ ئەزموونی ناسیۆنالیزم بە گشتی و ناسیۆنالیزمی جیهانی سێیەمدا بە تایبەتی دەگونجێت.

ئەنتۆنی سمیس لەو باوەڕەدایە کە ناسیۆنالیزم لە رێگای بە سیاسەتکردنی گرووپە ئێتنیکییەکانەوە دەردەکەوێت. ناسیۆنالیزم، یان پێکەوەهەڵکردنی نەتەوەیی، خەسڵەتێکی گرنگی سەبجێکتیڤی هەیە، ئەوان لەو رێگەیەوە دەردەکەون کە سیمبول و ئەفسانەی پێناسەبەخش دێننە گۆڕێ، ئێستا و داهاتوو لە رێگای سەر لەنوێ دارشتنەوەی توخمی رابردووڕا مانا وەردەگرن، بەڵام بە رای سمیس ناسیۆنالیستان ناتوانن بە ویست و ئارەزووی خۆیان ئەفسانەی نەتەوەیی دارێژن. یان مانا بە هەر دابونەریتێك بدەن.... پێویستە دابونەریتە نەتەوەییەکان، حیکایەتە میللییەکان، مێژوو و سیمبولەکان لە شتێکەوە بێن کە خەڵك بیان ناسنەوە و بڕوایان پێ بکەن. سمیس ئەمە بە رەچەڵەك، یان ئەسڵی ئێتنیکی نەتەوە دادەنێ[14].

ناسیۆنالیزم، لای سمیس، پرۆگرامێکە لەبارەی سەربەخۆیی سیاسی و یەکبوونی تێریتۆرالی، لە هەمان کاتدا نەتەوە لە ڕێگەی دوو پرۆسێسی سەرەکییەوە دروست دەکرێت: لە مۆدێلی یەکەمیاندا ئێلیتێك هەیە کە پەیامهەڵگری دەوڵەت و نوێنەرایەتیی خەڵکێکی سەردار دەکات. ئەم خەڵکە سەرداره شوێن و پێگەی خۆی لەو ڕێگەیەوە دادەمەزرێنێت کە بەهۆی ئامرازی عەسکەری، ئیداره، ئابووری و یاساییەوە نەتەوە دروست بکات، ئەم خەڵکە سەرداره، لەرێگەی تواندنەوە(ئەسیمیلەکردنی گرووپی تر) و کۆنترۆڵەوە مۆرکی کولتووری خۆی لە تەواوی ئەو دەوڵەتە نەتەوەییە دەدات. لایەنگریی کەمە نەتەوەیی و ناوچەکان لە ڕێگەی هاوولاتیبوون، سیستمی خوێندن و هاوئاهەنگی(ئینتێگرەسیۆن)ی ئابوورییەوە دابین دەکرێن.

لە مۆدێلی دووەمیاندا بزاڤێکی بەرهەڵستکاری لەو گرووپە کولتوورییە-ئێتنیکییانەوە دەست پێ دەکات کە بندەستن، یان ملکەچی دەسەڵاتی زۆرایەتیی حکومڕان کراون. لێرەدا ئامانج ئەوەیە کە ئەوان، بەهۆی جیاوازیی ناوچەیی و دامەزراندنی دەوڵەتی تایبەتیی خۆیانەوە، بە کۆمەڵ پارێزگاریی خۆیان بکەن. بەم جۆره نەتەوە ئێتنیکییەکان دەردەکەون.

لە مۆدێلی یەکەمیاندا پێناسی نەتەوەیی بە شوێنی جیۆگرافی، یاسا هاوبەشەکان و دەزگاکان و هاوولاتیبوون.... پەیوەند دەبێت. لە مۆدێلی دووەمیاندا پێناسی نەتەوەیی پەیوەندی بە بۆچوونێکی هاوبەشەوە دەبێت لەبارەی رەچەڵەك و کولتوور و زمانی هاوبەش. سمیس باوەڕی بەوە هەیە کە ناسیۆنالیزم دیاردەیەکە لە ڕێگای مۆدێرنیزم و پرۆسەی گۆڕانی کۆمەلایەتییەوە دەردەکەوێت. بەلام لە هەمان کاتدا پێ دادەگرێت کە جیاوازیی ریشە مێژوویی-ئێتنیکییەکان کاری خۆیان لە کاراکتێری ناسیۆنالیزم و شێوەی دەرکەوتنیان دەکەن[15].

وەك گوتمان ناسیۆنالیزم، دیاردەیەکی سیاسی-کولتوورییە کە لە ئەنجامی هۆکاری جۆربەجۆر، لە کات و شوێنی جۆربەجۆردا دەردەکەوێت و شێوە و ناوەرۆك و ئامانجی جیاواز بە خۆی دەگرێت. بۆیە هێشتا ناکرێت بگوترێت کە تەنیا تاکە تیۆرییەك، چەند زانستانە بێت، دەتوانێت دیاردەی ناسیۆنالیزم لێك بداتەوە، بە هەمان شێوە پرۆسەی

دروستکردنی نەتەوە، بە هەموو مەودا سیاسیی و کولتووری و کۆمەڵایەتییەکانی و ئەو ئەنجامانەی لێی کەوتوونەتەوە و لێی دەکەونەوە، پرۆسەیەکی ئاڵۆز و فرە شێوەیە، بۆیە زەحمەتە ئەویش لەناو چوارچێوەیەکی دیاریکراوی تیۆریدا بەند بکرێت، ئەزموونی ناسیۆنالیزم و دروستکردنی نەتەوە تەنانەت لە ئەورووپاشدا ئەو راستییە دەسەلمێنن کە کۆمەڵێك هۆکاری ئێتنیکی، کولتووری، ئاینی و مەزهەبی، مۆدێرنکردنی کۆمەڵ، مەترسیی دەسەڵاتی سیاسی و شاڵاوی کولتووری نەتەوەی دراوسێ.... تاد پێکەوە یان هەندێکیان، هاندەر و رێخۆشکەری ناسیۆنالیزمن. هەروا مێژووی ناسیۆنالیزم دەری دەخات کە هەردوو لایەنی سەبجێکتیڤی و ئۆبجێکتیڤی، نەتەوەی سیاسی و نەتەوەی کولتووری، لە خاڵێکی هاوبەشدا یەك دەگرنەوە کە خاڵی کولتوور، بە تایبەتی زمانە. واتا ناسیۆنالیزم پێش هەر شتێك پشت بە زمان و میراتێکی کولتووریی دیاریکراو دەبەستێت. دەشێت زمانەکە سەرەتا، لە کاتی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەییدا، زمانی ئێلیت(نوخبە)یەکی رووناکبیر بێت، یان دیالێکتیەکی زمانەکە بووبێت و تەنیا بەشێکی زۆر کەمی هاووڵاتیان توانیبێتیان قسەی پێ بکەن[16]. بەڵام دواتر بەهۆی دەسەڵاتی دەوڵەتەوە، لە رێگای مۆدێرنکردنی کۆمەڵ و دەزگاکانی خوێندن و راگەیاندن و چاپەمەنی و تاد.... ئەم زمانە، کە لە سنوورێکی تەنگەبەردا بەکارهاتووە، کراوەتە زمانی تەواوی نەتەوەکە، یان بەسەر تەواوی هاووڵاتیاندا، کە لەناو سنووری دەسەڵاتی دەوڵەتەکەدا ژیاون، سەپێندراوە، هەرچەندە بەشێك لەم هاووڵاتییانە سەر بە گرووپی ئێتنیکی جیاواز و زمان و کولتووری جیاوازیش بووبن، تەنانەت لەو وڵاتانەی کە نەتەوە لەسەر بنچینەی مەرجی هاووڵاتیبوون و یەکسانیبوون لە بەردەم دەستووردا دامەزرێندران(بۆ نموونە فەڕەنسا) ئەوا دواتر قبووڵکردنی زمان و کولتووری فەڕەنسایی کران بە یەکێك لە مەرجەکانی هاووڵاتیبوون، ئەم زمان و کولتوورە، لە تەواوی سنووری دەسەڵاتی دەوڵەتی فەڕەنسادا زاڵ کران و سەپێندران. لە رێگای ئەم زمانە ستانداردەوە کولتووری نوێی نەتەوە، بە هەموو رەگەزە نوێیەکانییەوە، کە دەوڵەتی نەتەوەیی بناغەکانی داڕشتبوون، کرایە کولتووری تەواوی نەتەوە. هەروا سەرەتای ناسیۆنالیزم لە وڵاتانی ناوەڕاستی ئەورووپادا پێش هەر شتێك

گەڕانەوە بوو بۆ زمانی خەڵك و کولتووری میللی، لە بەرامبەر زمانی لاتین کە زمانی دیوانی (ڕەسمی)ی چینی حکومڕان و ئەریستۆکراتەکان بوو و زۆربەی خەڵکی نەخوێندەوار لەو زمانە نەدەگەیشتن. بێنێدیکت ئەندێرسۆن پێی وایە کە لە ئەوروپادا بەهۆی گەڕانەوە بۆ زمانی خەڵك و گۆڕینی بۆ زمانی ئەدەبی(واتا زمانی نووسین و بڵاوکردنەوە) لە جیاتی زمانی لاتین، کە زمانی دەستە و چینی حکومڕان و ئەریستۆکرات بوو هۆشیاریی نەتەوەیی لەناو گەلانی ئەوروپادا دروست بوو[17].

بە کورتی نەتەوە، لە هەردوو چەمکەکەیدا، چەمکی سەبجێکتیڤی و ئۆبجێکتیڤی، یان نەتەوەی سیاسی و نەتەوەی کولتووری، پێش هەر شتێك یەکەیەکی کولتوورییە کە سەرئەنجام فۆرمێکی سیاسیی تایبەت بەخۆی هەڵدەبژێرێت تا لەودا، لە ڕێگای دەزگا جۆربەجۆرەکانی دەوڵەتەوە بوونی چالاکانەی خۆی دەربخات.

دوای شۆڕشی فڕەنسا ناسیۆنالیزم و بیری ڕۆشنگەری بە خێرایی بە ئەوروپادا بڵاوبوونەوە و زەمینەیان بۆ بزاڤی نوێی فیکری و ناسیۆنالیستی خۆش کرد. لە هەمان کاتدا کۆماری نوێی فڕەنسا و دەسەڵاتی ناپلیۆن هەڕەشەیەك بوون کە کاردانەوەی نوێیان دروست کرد. دەرکەوتنی ناسیۆنالیزمی ئەڵمانی ئەنجامێکی ڕاستەوخۆی ئەم کاردانەوەیە بوو. چونکە کاتێك ناسیۆنالیزم لە ئەڵمانیادا دەرکەوت، پرۆسەی بە سنعەتکردن و مۆدێرنیزم لەوێ بە تەواوی دەستیان پێ نەکردبوو یان لەوە لاوازتر بوون کە بتوانن ئەنجامی گەورەی کولتووری، کۆمەڵایەتی و سیاسییان لێ بکەوێتەوە. لەهەمان کاتدا ناسیۆنالیزمی ئەڵمانی، بە نۆرەی خۆی، کاردانەوە و تەئسیری ڕاستەوخۆی لە وڵاتانی ناوەڕاستی ئەوروپا، بە تایبەتی وڵاتانی سەر بە ڕەگەزی سلاڤی دانا.

بە پێی تیۆری فێختە و ناسیۆنالیستانی ئەڵمان، دەبوو سنووری دەوڵەتی ئەڵمان تا ئەو شوێنە بڕوات کە ئەڵمانیزمان هەن، لە کاتێکدا بەشێك لە ئەڵمانەکان لەو ناوچانە دەژیان کە، لە رووی مێژووییەوە، بە خاکی سلاڤیەکان دادەندران. کاتێك زمانی ئەڵمانی لە جێگەی زمانی لاتین کرایە زمانی ڕەسمیی دەوڵەتی پرۆسی مەترسیی سەرداربوونی زمان و کولتووری ئەڵمانی هەڕەشەیەك بوو لە هەنگاریا(مەجەرستان) و

وڵاتانی دی. شۆڕشی ناسیۆنالیستی ساڵی 1848ی هەنگاریا کاردانەوەیەك بوو بەرامبەر بە مەترسیی سەرداربوونی کولتوور و زمانی ئەڵمانی[18].

کاردانەوە بەرامبەر، یان ترسان لە دەسەڵاتی ناسیۆنالیزمی دراوسێ لە زۆر وڵاتی ئەوروپادا ناسیۆنالیزمیان هێنایە بەرهەم، بێ ئەوەی زەمینەی بابەتیی ئابووری و کۆمەڵایەتی لەو وڵاتانەدا هەبن. هەروا کاتێك ناسیۆنالیزم و بزاڤی رزگاریخوازی لە یۆنان و بەڵکان و وڵاتانی دیکەی ژێردەستی عوسمانی دەرکەوتن، ئەو وڵاتانە نە پرۆسەی بەسنعەتکردن و بەمۆدێرنکردنیان بە خۆیانەوە دیبوو. دیارە بیری رۆشنگەری و شۆڕشی فڕەنسا زەمینەیەکی فیکری، کولتووری و سیاسییان، لەو وڵاتانەدا، بۆ دەرکەوتنی ناسیۆنالیزم ئامادە کردبوو بەڵام دەشێت ناسیۆنالیزمی ئەو وڵاتانە وەك ئەنجامێکی راستەوخۆی داگیرکردن، یان وەك بەرهەمی ناکۆکیی نێوان دەسەڵاتی کولتوورێکی زاڵی بێگانە و نێوان کولتوورێکی ژێردەستی خۆماڵی، نەك وەك ئەنجامێکی راستەوخۆی مۆدێرنێتە و بە سنعەتکردن، سەیر بکرێن. ئەم مۆدێلەی ناسیۆنالیزم دواتر بە شێوەی جۆربەجۆر لە وڵاتە کۆلۆنیالکراو و داگیرکراوەکاندا دووبارە بۆوە.

پێش کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم بیری رۆشنگەری و بیری شۆڕشی فڕەنسا لەناو رووناکبیرانی ئیمپراتۆریای عوسمانی و ئێرانیدا بڵاو بووبوونەوە. هەروا نفووزی ئابووری و سیاسی و کولتووریی وڵاتانی سەرمایەداریی ئەوروپایی، لەم وڵاتانەدا، بەهێز بووبوون. هەردوو وڵات بە بازاڕی سەرمایەداریی جیهانییەوە بەسترابوونەوە و سەرەتاکانی پەیوەندیی ئابووریی سەرمایەداری-بازرگانی، بە تایبەتی لە ئیمپراتۆریای عوسمانیدا، روویان لە زیادبوون کردبوو. رووناکبیرانی تورك و گەلانی دیکەی ناو دەوڵەتی عوسمانی بزاڤێکی فراوانی سیاسی و کولتوورییان دژی دەسەڵاتی ئیستیبدادیی سوڵتان و لە پێناوی ژیانێکی نوێی دەستووریدا دەست پێکردبوو. بەشێك لەو رووناکبیرانە، لەبەر ستەمی دەوڵەتی سوڵتان، ئاوارەی وڵاتانی ئەوروپایی بوو بوون. لەوێ، لە گەرمەی چالاکیی سیاسییاندا، راستەوخۆ کەوتبوونە ژێر کارتێکردنی بیری رۆشنگەرییەوە، ئەم هۆکارانە سەرەتای بزاڤێکی سیاسیی نوێیان لە ناو ئیمپراتۆریادا

دروست کردبوو  که به ناوی ئیتیحاد و تەرەقی ناسرا. بەڵام ئەم بزاڤە سیاسییە، کە ڕووناکبیرانی تورك پێشەنگی بوون، هەر زوو بۆ بزاڤێکی ناسیۆنالیستیی توندڕەوانە گۆڕدرا. ناسیۆنالیزمی تورك، پڕۆژەی ڕێفۆرمیستانەی خۆی گۆڕی بە پڕۆژەیەکی پانتۆرانیستی، کە ئامانجەکەی ئەوەبوو گەلانی تورکزمان، بە تورکەکانی بوڵگارستان و قەفقاس و ئاسیای ناوەڕاست و چینیشەوە، لە ناو دەوڵەتێکدا یەك بخات. ئەم وەرچەرخانەی ناسیۆنالیزمی تورك شێوە کاردانەوە(ڕەدفیعل)ێك بوو بەرامبەر بە مەترسیی بزاڤی پانسلاڤیزم کە ڕووسەکان لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمدا بانگێشەیان بۆ دەکرد، هەر بەم بەهانەیەشەوە پشتگیری خەباتی گەلانی سلاڤییان کرد و ڕاستەوخۆ لە ڕزگاربوونی بوڵگارستان لە دەسەڵاتی عوسمانی بەشدار بوون، هەروا دەشێت ئەم گۆڕانە ئەنجامی هەستی خۆبەکەمزانینی تورکەکان بووبێت لە بەرامبەر ڕووسەکان و ئەوروپاییەکاندا، کە ڕۆژبەڕۆژ دەسەڵاتییان لە ناو ئیمپراتۆریای عوسمانیدا زیاتر دەبوو.

بەڵام ناسیۆنالیزمی تورك، بەم کارە نەتەوەکانی نێو ئیپراتۆریای عوسمانی بێدار کردەوە، ڕووناکبیرانی ئەو نەتەوانە، لەوانە عەرەب و کورد، تا ئەو کاتە تەنیا داوای گۆڕینی دەستووری و ڕێفۆرمی سیاسی و هەندێ مافی ئیداریی ناوچەییان دەکرد. هێشتا لە ناو ئەو نەتەوانەدا ناسیۆنالیزم، وەك بزاڤێك کە ئامانجی سەربەخۆبوون و جیابوونەوە لە دەوڵەتی عوسمانی و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی بێت، دەرنەکەوتبوو. بۆیە دەکرێت بە هەمان شێوە ناسیۆنالزمی عەرەب و کورد وەك کاردانەوە بەرامبەر دەسەڵاتی ناسیۆنالیزمی دراوسێ، واتا ناسیۆنالیزمی تورك، کە بە خێرایی بۆ ناسیۆنالیزمێکی عەسکەری-تۆتالیتاری گۆڕدرا، سەیر بکرێت.

بەڵام ناسیۆنالیزمی فارس، لە پاڵ هەموو ئەو هۆکارانەی بوونە هۆی دەرکەوتنی، بێزاربوونێك بوو بەرامبەر بە دەسەڵاتی ڕوسیا و بریتانیا لە ئێران، هەروا لە کاردانەوە بەرامبەر ناسیۆنالیزمی تورکی و هەستی خۆبەکەمزانین لە بەرامبەر ناسیۆنالیزمی تورك بە دوور نەبوو. ئێران لە دامەزراندنی دەوڵەتی شیعە مەزهەبیی سەفەوییەوە، لە سەرەتای سەدەی شازدەیەمدا، بەردەوام لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا کێشەی توندی

هەبوو. ڕەزا خان، کە بە کۆمەکی بریتانیا دەوڵەتی ناسیۆنالی ئێرانی دامەزراند، لە گەلێك ڕووەوە دەیەویست لاسایی ئەتاتورك و شێوە مۆدێلی دەوڵەتی ناسیۆنالی تورك بکاتەوە، بۆ نموونە هەوڵدان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی ناسیۆنالیستیی عەسکەری، بە مۆدێرنکردنی دەوڵەت و دەزگاکانی، سەپاندنی زمانی فارسی وەك تاکە زمانی ڕەسمیی و پەلاماردانی زمان و کولتووری گەلانی دیکەی ئێران....تاد. بەڵام ناسیۆنالیزمی فارس، لە ناوەڕۆکدا مەحکومی کولتووری ئاینی و دەسەڵاتی ئاین کرا. ئەمەش بەرهەمێکی ڕاستەوخۆی مێژووی ئێران و کولتووری سیاسی-ئاینیی ئێران بوو وەك وڵاتێك کە لە مێژووی کۆن و نوێیدا(سەردەمی ساسانی و سەردەمی سەفەوی و دواتریش) هەمیشە ئاین ئایدۆلۆجیای دەوڵەت بووە. لەبەر ئەم هۆکارانە و هی تر[19] ناسیۆنالیزمی فارس نەك هەر نەیتوانی سەرەتای پرینسیپی عەقلانیەت و لیبرالیزم لە کۆمەڵی ئێراندا بچەسپێنێت و سنوورێك بۆ دەسەڵاتی ئاین و فیکری ئاینی دابنێت، بەڵکو گۆڕدرا بە ناسیۆنالیزمێکی تۆتالیتاری و تەنانەت یاسای دەوڵەت، لە زۆر ڕووەوە، ملکەچی کۆمەڵە پرینسیپێکی دەستوور و شەریعەتی ئیسلام کرا و خرایە ژێر کۆنترۆڵی دەزگای ئاینی.

هەروا ناسیۆنالیزمی عەرەب، کە سەرەتا لە وڵاتانی عەرەبیی ژێر دەسەڵاتی عوسمانیدا دەرکەوت، کاردانەوەیەك بوو بەرامبەر بە دەسەڵاتی ناسیۆنالیزمی تورك و پرۆژەی پانتۆرانیزم. ناسیۆنالیستانی عەرەب، لە بەرامبەر دەسەڵاتی موتڵەقی سوڵتاندا، پەنایان بۆ بیری ڕۆشنگەری و شۆڕشی فەرەنسا برد، ئەوان لە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانیدا داوای ڕیفۆرم و دەستوورێکی نوێیان کرد، هێشتا مەسەلەی سەربەخۆیی عەرەب و دابینکردنیماڵێکی سیاسیی سەربەخۆ بۆ کولتووری عەرەب لە ئارادا نەبوون. ناسیۆنالیزمی عەرەب لەوە لاوازتر بوو بتوانێت بە کۆشش و خەباتی خۆی، لە ناوچەیەك یان چەند ناوچەیەکی وڵاتی عەرەبدا، دەوڵەتی نەتەوەیی دابمەزرێنێت و سنوورە جیۆگرافییەکەی دیاری بکات، یان هەنگاوێك بەرەو یەکخستنی نەتەوەی عەرەب بنێت.

پرۆژەی رۆشنگەری و ناسیۆنالیزمی عەرەب، کە سەرەتا لە میسر و لوبنان و سوریا دەرکەوت، هەوڵدانێك بوو بۆ جێکردنەوەی بیری رۆشنگەری و شۆڕشی فرەنسا لە کۆمەڵی عەرەبدا، یان گونجاندنی ئەو بیرانە لەگەڵ بیر و کولتووری زاڵی کۆمەڵی عەرەب، کە لە ناوەرۆکدا بیر و کولتوورێکی ئیسلامی بوو. بۆیە شانبەشانی خەباتی رۆشنگەری و داخوازیی ریفۆرم و دەستوور، مەسەلەی گەڕانەوە بۆ ئیسلام، وەك بنەمایەکی فیکری و کولتووری، وەك سەرچاوەیەکی گرنگی دەستووری، بوون بە خولیایەکی دیکەی رۆشنگەران و ناسیۆنالیستانی عەرەب. ئەوان ویستیان لە متوربەکردنی دوو بیر و کولتووری تەواو لێك جیاواز و بگرە تا رادەیەکی زۆر پێك ناکۆك ئایدۆلۆجیا و پرۆژەی ناسیۆنالیستی خۆیان دارێژن:

**یەکەم:** بیری رۆشنگەری کە، لە جیاتی ئاین و دەسەڵاتی ئاین، پشت بە عەقڵ و دەسەڵاتی عەقڵ دەبەستێت، دەسەڵاتی ئاین و هەر جۆرە بیر و وەهم و خورافاتێك، کە عەقڵ و توانای عەقڵیی مرۆڤ سنوور بەند بکات، رەت دەکاتەوە.

**دووەم:** بیر و کولتووری ئیسلامی کە پشت بە دەسەڵاتێکی غەیبی و بنچینەیێکی نەگۆڕی شەرعی و سیستمێکی داڕێژراوی فیکری-دەستووری بۆ گیروگرفتەکانی مرۆڤ و کۆمەڵ و تێگەیشتنی جیهان دەبەستێت.

رەنگە ئەم سازشکردنە فیکرییە، یان هەوڵدانە تەوفیقییە بۆ پێکەوە گونجاندنی دەسەڵاتی عەقڵ و دەسەڵاتی ئاین، یان ناسیۆنالیزم و ئاین، ناوەرۆکی دیلێما(تەنگژە)ی پرۆژەی رۆشنگەریی عەرەب و ناسیۆنالیزمی عەرەب بووبێت، چونکە هەوڵدان بۆ گونجاندنی فەلسەفەی رۆشنگەری و عەقلانیەت لەگەڵ ئاین و میراتی ئاینی ئیسلامدا، کارێکی مەحاڵ بوو. بۆیە ناسیۆنالیزمی عەرەب دەبوو لە سەرچاوەی دیکەی فەلسەفی و فیکری و لە ئەزموونی دیکەدا کۆمەڵە بنەمایەکی گوڵبژێرکراو بۆ پرۆژەکەی خۆی بدۆزێتەوە. ئەم سەرچاوە فیکری و ئایدۆلۆجییەش تەنیا فەلسەفەی مێژووخوازیی هێگل و فەلسەفەی ناسیۆنالیزمی ئەڵمانی بوو. بە واتایەکی تر ناسیۆنالیزمی عەرەب لە جیاتی عەقلانییەت غەیبییەت، لە جیاتی رزگاربوون لە دەسەڵاتی ئاینی تەسلیمبوون بەو دەسەڵاتە و لە جیاتی پرینسیپی لیبرالی و دیموکرات

و مافی هاوولاتیبوون تۆتالیتـاریزمی هەڵبـژارد. سـەرئەنجام ئـەم پرۆژەیـە ناوەرۆکـە فەلسەفییەکەی وەك پرۆژەیـەکی ناعـەقلانی و ئایدیالیسـتی-میتـافیزیکی مایـەوە، ناوەرۆکە سیاسییەکەشی لە پرۆژەیەکی ناسیۆنالی تۆتالیتێری و ڕێبـازێکی تونـدڕەو و شۆڤێنیسـتانە و کودێتیاچـییانە زیـاتری لێ نەهاتـە بەرهـەم. بـە رای مـن بـەعس درەوشاوەترین نموونەی ئەم پرۆژەیە بوو.

هەندێك لە ناسیۆنالیستانی عەرەب، بـۆ نموونـە ساطع الحصری و میشـێل عەفلەق، هەوڵیان دا، لە چوارچێوەی گونجاندنی ناسیۆنالیزم و ئایندا، ئایدۆلۆجیایەکی گوڵبژێرکراوی ئایدیالیستی بـۆ ناسـیۆنالیزمی عـەرەب دابێـنن، ئـەوان لـە ڕێگـەی گەڕانەوەیەکی عاتیفییانە بۆ ئیسلام، وەك رۆحـی مێـژوویی عـەرەب و گواسـتنەوەی هەندێك تیزی فێختە و هێگل، کە زمان و هۆکاری رۆحی بە بنچینەی نەتەوە دەزانن، ویستیان بنەماکانی ئایدۆلۆجیای بزاڤی ناسیۆنالیستی عـەرەب و زەمینـەی فیکریـی یەکێتیی عـەرەب دابڕێـژن. یـان ئـەو دیلێمایـە چارەسـەر بکـەن کـە لـە سـەرەتاوە رۆشنگەرانی عەرەب رووبەرووی بوو بوونەوە. لای ساطع الحصری هەر کەسێك بە عەرەبی بپەیڤێت عەرەبە، سنووری ولاتی عەرەبیش تـەواوی ولاتـانی عـەرەب و ئـەو شوێنانەش دەگرێتەوە کە بە عەرەبی دەدوێـن(کـۆپیکردنی تێـزی فیختـێ). عەفلـەق دەڵێت: ناسیۆنالیزم جەستەیە رۆحەکەی ئیسلامە. ئەو بە بڕوابەخۆبوونێکی دەگمەنەوە دەنووسێت:(لە ئیسلامدا لایەنێکی ناسیۆنالیستی هەیە کە جێگایەکی سـامناکی لـە دروستبوونی مێژووی عەرەب و ناسیۆنالیزمی عەرەبدا هەیە. بەعس یەکەمین بزاڤێـك بوو کە ئەم پەیوەندییەی روونکردەوە و فۆرمێکی تەواوی پـێ بەخشـی، بـەم کـارەش قەیرانێکی لە مێژینەی چارەسەر کرد)[20].

تێکهەڵکێشکردنی بـیری رۆشـنگەری و رۆژئـاوایی لەگـەڵ ئـاینی ئیسـلام، وەك بنەمای یەکبوونی رۆحی و مێژوویی عەرەب، هەروا هەستی هاوبەشی عەرەبایـەتی و زمانی هاوبەش و خاکی هاوبەش و مێژووی هاوبەش نەیانتوانی بنەمای دیمـوکراتی و عەقلانییەت لە ولاتانی عەرەب، یـان لـە چـەند ولاتێکـی عەرەبیـدا، بچەسـپێنن و زەمینەیەکی گونجاو بـۆ یـەکبوونی نەتـەوەیی، یـان لێکنزیکبوونـەوەی راسـتەقینەی

سیاسی، ئابووری و کولتووری لە نێوان ولاَتانی عەرەبدا(یان بە لای کەمەوە لە نێوان چەند ولاَتێکی عەرەبدا) دروست بکەن. یان تەنانەت دوو ولاَتی عەرەبی وەك سوریا و عێراق، کە یەك حیزبی ناسیۆنالیستی، بەعس، حوکمڕانیان بووە، یەك بخەن.

سروشت و رەوشی ناسیۆنالیزمی تورك، عەرەب و فارس لە لایەکەوە بە مێژووی سیاسی، کۆمەلاَیەتی و کولتووریی ئەو نەتەوانەوە بەستراونەتەوە، لە لایەکی دیکەوە ناسیۆنالیزم لەو ولاَتانەدا لە بنەڕەتدا بەرهەمی کاردانەوە و مەترسیی سەرداربوونی دەسەلاَتی ناسیۆنالیزمی هاوسێ بووە. ئەوان بە کۆمەکی ولاَتە سەرکەوتووەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی دەولَەتی ناسیۆنالیستیی خۆیان دامەزراند، هەر بە کۆمەکی ئەوانیش سنووری ئەو دەولَەتانەیان چەسپاند. بۆیە رەوشی ئابووری و سیاسیی ئەو ولاَتانە، بە پرۆژەی ناسیۆنالیزمیشەوە، تا رادەیەکی زۆر مەحکوومی قورسایی کولتووری مێژوویی و ئەو فاکتەرە دەرەکییانە کران کە لە پشت دروستبوون و بەردەوامبوونی ئەو دەولَەتانە بوو.

ناسیۆنالیزمی تورك، عەرەب و فارس، بە درێژایی نزیکەی سەدەیەك سەلماندیان کە ئەوان لە جیاتی ئەوەی پرۆژەیەکی رزگاریخوازی و رۆشنگەری و عەقلاَنی بن، بزاڤێکی شۆڤێنی و تۆتالیتاری و عەسکەرین، کە پێش هەر شتێك، لەسەر بنچینەی خولیای سەپاندنی کولتوور و زمان و ئیرادەی نەتەوەکەیان بەسەر ئەوی(دی) و رقبوونە لەویدی دروست بوون. ئەویدیش لای ئەوان، لە ئاستی ناوچەییدا، لە دوو وێنەدا خۆی دەنوێنێت:

**یەکەم:** نەتەوە و کەمایەتیی نەتەوەیی، ئاینی و مەزهەبیی نێو ولاَتەکانیان.

**دووەم:** دەولَەت و نەتەوە دراوسێکانیان، کە بەردەوام گرژی و زەمینەی شەڕ لەگەلَ یەکتریدا لە ئارادایە. بەکورتی(رێبازی بیری ئەوان بە گشتی رێبازێکی شۆڤێنیستانە و تا ئەندازەیەکیش رەگەزپەرستانەیە. چونکە ئەم رێبازە ئایدۆلۆجییانە، بۆ نموونە، دان بە بوون و مافی چارەنووسی کورد و کەمە نەتەوەکانی ئەو ولاَتانەدا نانێ.... بۆیە هەموویان هەلَوێستێکی دژانەی وەك یەکیان هەیە بەرامبەر بە کورد.... ناسیۆنالیستەکانی عەرەب و تورك و فارس هەولَ دەدەن بۆ یەك رەنگ کردنی دەولَەتە

ناسیۆناڵەكانیان، لە ڕێی نەهێشتنی ئەو نەتەوە و كەمایەتی یانەوە كە لە سنووری دەوڵەتە ناسیۆناڵەكانیاندا دەژین. جا لەبەرئەوەی گەلێك لەو كەمایەتییانەی كە لە پێش جەنگی جیهانیی یەكەمدا لە نێو سنووری دەوڵەتە تێریتۆریاڵەكانی عوسمانی و قاجاریدا، وەك ئەرمەنی و ئاسووری، پاش جەنگی جیهانیی یەكەم و لە ماوەی جەنگدا لە نێوبران و ئەوانی دی تا ئەندازەیەك بێ هێز و لاوەكی كراون و تەنێ نەتەوەی كورد ماوە كە توانیبێتی خۆی بپارێزێ. ئەوا مەسەلەی یەك ڕەنگكردن لە پلەی یەكەمدا بووە بە مەسەلەی لەنێوبردنی كورد، كە ئەمەش گەلێك شێوەی جیاوازی وەرگرتووە....)[21].

## ناسیۆنالیزمی كورد(*)

لە سەرەتای سەدەی بیستەم و لە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانیدا، وەك كاردانەوە بەرامبەر مەترسیی دەسەڵاتی ناسیۆنالیزمی تورك دەركەوت. بەم مانایە ئەمیش، وەك ناسیۆنالیزمی نەتەوەكانی دەوڵەتی عوسمانی، بەرهەمی بە سنعەتكردن و مۆدێرنێتە نەبوو. بەڵام ناسیۆنالیزمی كورد، بە پێچەوانەی ناسیۆنالیزمی تورك، فارس و عەرەب دەرفەتی ئەوەی بۆ نەڕەخساوە پرۆژەی ناسیۆنالیستیی خۆی لە بیر و ئایدیاوە بگۆڕێت بۆ واقیع، لە جیاتی ئەوە دەوڵەتە ئیمپریالییە سەركەوتووەكانی شەڕی یەكەمی جیهانی وڵاتەكەیان دابەش كرد. ناسیۆنالیزمی كورد بەر پەلامارێكی گەورەی دەوڵەتی

ناسیۆنالی نەتەوە سەردەستەکانی کوردستان کەوت. ئیدی وەك ناسیۆنالیزمێکی راونراو پەلاماردراو کە نوێنەری کولتوورێکی داپلۆسێندراو و یاساخکراوە، لە حاڵەتی داکۆکی لە خۆکردندا مایەوە. بە واتایەکی دی تا ئێستا شەڕی ناسیۆنالیزمی کورد، پێش هەر شتێك، شەڕی خۆپاراستن بووە.

ناسیۆنالیزمی کورد نوێنەری کولتوورێکی تایبەتە. کۆمەڵێك ئامانجی هاوبەش و رواڵەتی لێکچووی هەیە، لە هەمان کاتدا لە هەر بەشێکی کوردستاندا بە جۆرێك رەوش و تایبەتمەندیی خۆی وەرگرتووە کە ناتواندرێت بە بەشێك یان تەواوکەری بزاڤی بەشێکی دیکە دابندرێت.

بۆ ئەوەی باشتر لە ناسیۆنالیزمی کورد و تایبەتمەندییەکانی تێ بگەین، بە رای من، دەبێت بە لای کەمەوە لە بەردەم سێ مەسەلەدا بوەستین:

**یەکەم:** رەوشی کولتووری کورد، بەو پێیەی ناسیۆنالیزمی کورد بەرهەم و میراتگر و نوێنەری ئەم کولتوورەیە.

**دووەم:** سروشتی کۆمەڵایەتی-سیاسیی کوردستان و دەسەڵاتی میرنشینی، کە تاکە مۆدێلی دەسەڵاتی سیاسیی کورد بووە.

**سێیەم:** تایبەتمەندی و سروشتی ناوچەگەریی ناسیۆنالیزمی کورد.

## یەکەم: لێکدابڕانی کولتووریی کورد

لێرەدا مەبەستم لە کولتوور سەرجەمی ئەو بەرهەم و ئەنجامە مێژووییانەیە کە کۆمەڵێکی دیاریکراو لە مێژووی خۆیدا هێناویەتە بەرهەم، لەوانە زمان، بیر و ئەدەب و هونەر و ئەفسانە و میراتی فۆلکلۆری و بابەتە تیۆری و زانستییەکان و دابونەریت....تاد بۆیە کولتوور چوارچێوەیەکی فیکری و تێڕوانینە بۆ جیهان و ژیان و کۆمەڵ. یان سیستمی داب و نەریت و جیهانبینی و تێڕوانینی کۆمەڵە. بەم پێیە هەر کۆمەڵێك کولتوورێکی تایبەت بەخۆ و جیاواز، یان سیستمی کولتووریی خۆی دێنێتە

بەرهەم کە بە هۆیەوە کەسایەتیی تایبەتیی خۆی دەردەخات، سەرئەنجام کەسایەتیی مرۆڤەکان بەو کولتوورەوە دەبەسترێنەوە. هەر بەهۆی ئەم سیستمە کولتوورییە و بە بەراورد لەگەڵ ئەوەدا مرۆڤ هەوڵ دەدات لە دەوروبەر و هەقیقەتی ژیان تێ بگات. بۆیە هەر دیاردەیەك لە رێگەی سیستمێکی کولتوورییەوە دەرکی پێدەکرێت.

کولتوور بەشێکە لە کەسایەتی و پێناسیەك کە کۆمەڵ بە گشتی و مرۆڤەکانی بە تایبەتی خۆیانی لە ئەویدی پێ جیا دەکەنەوە. کەواتە کولتوور چەند هۆکاری خۆناسینە دەشێت هێندەش هۆکاری خۆجیاکردنەوە بێت ئەویدی یان ئەوانیدی. ئەوە سیستمی کولتووری و پێوانە کولتوورییەکانن کە جیاوازیی نێوان(من)و ئەویدی دیاری دەکەن و سەرئەنجام خەتێکییان بە نێواندا دەکێشن. بەم مانایە دەشێت کولتوور سەرچاوەی گومان و سڵکردنەوە و ناکۆکی بێت. لێرەدا ناوەرۆکی گومان و ناکۆکییەکەش، لە سیستمە کولتووری و پێوانە کولتوورییەکانەوە سەرچاوە دەگرن.(من) یان ئەویدی، پێش هەر شتێك مەسەلەیەکی کولتوورییە. واتا مەسەلەی بەراوردکردنە بە پێوانەیەکی کولتووری و لەسەر بنچینەی سیستمێکی کولتووری، مەسەلەی بە پیرۆزکردنی کولتوورێك و سەرئەنجام هەوڵدان بۆ سەپاندنی پێوانەکانی ئەو کولتوورە و بەکەمگرتن و هەوڵدان بۆ بەزاندنی پێوانەکانی کولتوورێکی دیکەیە. بۆیە کێشە و ناکۆکییەکان هەر ناوەرۆك و هۆکارێکی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییان هەبێت ئەوا لە ناکۆکیی کولتووری بەدوور نین. بگرە گەلێك لەو کێشە و ناکۆکییانە، بۆ نموونە کێشە نەتەوەیی و ئێتنیکی و ئاینی و مەزهەبییەکان، لە ناوەرۆکدا کێشەیەکی کولتوورین، یان زەمینەیەکی کولتوورییان هەیە.

کورد بەهۆی کولتوورەکەیەوە توانیویەتی بوونی خۆی، وەك گرووپێکی ئێتنیکی جیاواز لە تورك و عەرەب و فارس، بپارێزێت. بەم مانایە بوونی کورد پێش هەر شتێك بوونێکی کولتوورییە. بۆیە دابەشبوونی کوردستان و لێکدابڕانی کورد تەنیا دابەشبوون و لێکدابڕانێکی سیاسی و جیۆگرافیایی نییە، بەڵکو. کولتوورییشە.

زمانی کوردی، لەناو رەگەزەکانی کولتووری کوردیدا، لایەنی هەرە گرنگە، هەروا هۆکاری سەرەکیی مانەوەی کوردە، رەنگە لەبەرئەمە بێت کە دابەشبوونی کولتووری و

جیۆگرافیایی کوردستان پێش هەر شتێك بە زمانی کوردییەوە دیار بێت. زمانی کوردی نەبێت ئێمە جیاوازییەکی ئاینی، یان رەنگی پێست و جیاوازیی دیکەی فیزیکیمان لەگەڵ تورك و عەرەب و گەلانی ئێران نییە. تایبەتمەندییە کولتوورییەکانی کورد، بەهۆی زمانی کوردییەوە، یان دروستتر بڵێم بەهۆی دیالێکتکانی زمانی کوردییەوە، پارێزراون.

بەڵام ئێمە تا چ ئەندازەیەك دەتوانین قسە لە یەکبوونی کولتووری کوردی، یان لە کولتوورێکی نەتەوەیی- کوردی بکەین لە کاتێکدا کوردستان تا ئێستا کۆمەڵێکی دابەشکراو و لێکدابڕاوی فرە ئاین، فرە مەزهەب، فرە دیالێکت و فرە خێڵە. هێشتا کورد نە ناوەندێکی یەکگرتووی سیاسی و کولتووری و نە زمانێکی ئەدەبیی یەکگرتووی هەیە. هەروا کولتووری کوردی بەرهەمی کۆمەڵە دیالێکتیەکی کوردییە و لە چەند ناوچەیەکی جۆربەجۆر و لێکدابڕاوی کوردستاندا هاتۆتە بەرهەم، لە هەر بەشێکی کوردستاندا بە قوولی کەوتۆتە ژێر کارتێکردنی کولتووری نەتەوەی سەردەستی عەرەب، تورك و فارس، ئەمەش تایبەتمەندییەکی دیکەی داوە بە کولتووری هەر بەشێکی کوردستان. لەبەرئەوەی ئەم نەتەوە سەردەستانەی کوردستان لە رووی سیستمی سیاسی و ئایدۆلۆجی و زمان و کولتوورەوە لە یەکتری جیاوازن، ئەوا کولتووری کوردی لە هەر بەشێکدا چەند کەوتبێتە ژێر کاریگەریی کولتووری هەر یەکێك لەو نەتەوانە دەشێت بە هەمان ئەندازە لە کولتووری کورد، لە بەشەکانی دیکەی کوردستان، دوورکەوتبێتەوە. ئاخۆ ئەم دابەشبوونە سیاسی و جیۆگرافیایی و ئابووری و کولتوورییەی دەیان، یان سەدان ساڵە کۆمەڵی کوردستان تووشی هاتووە دەرفەتی ئەوەی هێشتۆتەوە کە کولتووری کورد، وەك سیستمێکی تایبەت و وەك کولتوورێکی یەکگرتوو هەبێت، تا بتوانێت کار لە کۆمەڵی کوردی و دروستبوونی کەسایەتیی مرۆڤی کورد بکات؟ لە هەمان کاتدا ئەم کولتوورە، وەك پێداویستی مانەوە و گەشەکردنی ئازادانەی خۆی، توانای ئەوەی هەبێت سایەیەکی سیاسی بخوازێت. پێشتر گوتم کە کولتووری کورد پێش هەر شتێك زمانە. زمانی کوردی(کە لە بەشێکی دیکەدا فراوانتر باسی دەکەین) بە هەموو تایبەتمەندی و تواناکانی دەربڕین و

خۆبەرجەستەکردنی لە بوارە جۆربەجۆرەکانی ئەدەب و زانیندا توانیویەتی ستروکتووری کولتووری کوردی دابڕێژێت و ئەم کولتوورە بکاتە سیستمێکی تایبەتی کە تێـڕوانین و ئەندێشەی مرۆڤی کورد بە خۆی بگرێت، ببێتە پێناس(ئایدێنتیتی) و هۆکاری خۆناسین و خۆجیاکردنەوە لەوی تر. واتا لەگەڵ ئەو جیاوازی و لێکدابڕانـەی کولتـووری کـورد تووشی هاتووە، بەڵام ئەم کولتوورە بنچینەیەکی هاوبەشـی خـۆی هەیـە کـە زمـانی کوردی و هەندێك تایبەتمەنـدیی دیکـەی کولتوورییـە و بنـەمای هەسـتی ئینتیمـای هاوبەشی دروست کردووە، مرۆڤی کورد لە هەر بەشێکی کوردستان بێـت و بـە هـەر دیالێکتێك بپەیڤێت خۆی بە کورد دەزانێت، ئەویدیش(عەرەب، تورك، فارس....تاد) ئەم بە کورد دادەنێن.

کولتووری کورد بەهۆی زمانی کوردییەوە توانیویەتی خۆی، وەك بوونێکی جیاواز لە کولتووری عەرەب و تورك و فارس، دەربڕێت. بوونی بەجیاهەڵکەوتووی خۆی، لـە بەرامبەر کولتووری ئەویدی، یان بـە جـۆرێکی تـەریبی(مـوازی) لەگـەڵ کولتـووری ئەویدیدا بسەلمێنێت. هەوڵ بدات لە شتێك لە خۆیدا، وەك کانت دەڵێت، ببێتە شـتێك بۆ خۆی. ئەم پرۆسەیەش لە سەرەتادا لە رێگەی شیعرەوە دەستی پێکردووە، شیعر بە درێژایی چەند سەدەیەك تاکە چاوگەی سەرەکی کولتوور و فیکری کورد بووە. زمـانی کوردی بەهۆی شیعرەوە لە زمانی پەیڤینەوە بۆتە زمانی نووسین و بیرکردنەوە و رامان و دەرخستنی هەستی مـرۆڤ و سـەلماندنی تایبەتمەنـدیی کولتـووری و خۆجیاکردنـەوە لەویدی. مرۆڤی کورد لە رێگەی شیعرەوە تەنیا جیهانی ناوەوەی خۆی، هەست و ترس و بیری خۆی بەرامبەر بە ژیان و بوون و خودا دەرنـەبڕیوە، بـەڵکو لـە هـەمان کاتـدا تایبەتمەندییەکانی خۆی، وەك بوونێکی کولتووریی جیاواز لەویدی، دەرخستووە.

شاعیران بەشێك بوون لە دەستەی خوێندەواری کورد، کە لـە مزگـەوت و ناوەنـدە ئاینییەکاندا پێگەیشتبوون. ئەم دەستە خوێندەوارە تـا ناوەڕاسـتی سـەدەی نۆزدەیـەم بابەتەکانی وەك فەلسەفە، مێژوو زانستی زمان و هی تریان بە عەرەبی یـان فارسـی نووسیوە، کەچی لە سەدەی شازدەیەمەوە، واتا لە سەردەمی مەلای جزیریدا 1570-1640(دیارە ئەگەر بەسەر باباتاهیری هەمەدانیـدا بـاز بـدەین) شـیعر بـە کـوردی

نووسراوه. مێژووی هزر و کولتووری عەرەب و فارس ناوی دەیان نووسەر و زانای کوردیان بەخۆ گرتووە کە بە زمانانی عەرەبی و فارسی نووسیویانە، کەچی شاعیرێکی گەورەی ئەو سەردەمانەی عەرەب یان فارس ناناسم کە کورد بوو بێت، هۆکارەکە دەشێت ئەوە بێت کە شیعر زمانی هەستە و وەك ئێلیۆت دەڵێت، بیرکردنەوە بە زمانێکی بیانی لە هەستکردن بەو زمانە ئاسانترە [22].

زۆر نەتەوەی دیکەش یەکەمین جار هەر لە رێگەی شیعرەوە خۆیان، وەك بوونێکی جیاوازی ئێتنیکی و کولتووری، دەرخستووە. بۆ نموونە: دوای ئەوەی عەرەبەکان، لە سەدەی حەوتەمدا، ئیمپراتۆریای ساسانییان روخاند زمانی کۆنی ئێرانی بە تەواوی جێگەی بۆ زمانی عەرەبی چۆڵ کرد. نزیکەی چوار سەدەیەك دواتر ئێرانییەکان بوونی بەجیاهەڵکەوتووی کولتووریی خۆیان لە رێگەی شیعرەوە دەرخستەوە. لە ئەوروپادا زمانی لاتین، تا چەند سەد ساڵ دوای سەدەکانی ناوەڕاست، زمانی نووسینی بابەتی فەلسەفی و ئاییناسی و فەلەکناسی و زانست بوو. سەرەتا گەلانی ئەوروپا لە رێگەی شیعرەوە زمانی تایبەتیی خۆیان بەکارهێنا و تایبەتمەندیی کولتووریی خۆیان دەرخست. ئەمەش دواتر زەمینەی بۆ خۆناسین و هۆشیاریی نەتەوەیی رەخساند.

جێگای سەرنجە کە کورد لە سەدەی شازدەیەمەوە تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم لە سێ بەشی کوردستاندا و بە سێ دیالێکت(لەهجە)ی جیاواز ئەم هەوڵەی داوە، بێ ئەوەی هیچ کام لەم هەوڵانە بتوانن هەموو کوردستان بتەنن‌ەوە. لە سەدەی شازدەیەمدا، لە سایەی میرنشینی بۆتاندا دیالێکتی کرمانجی وەك سەرەتای زمانی ئەدەبیات دەرکەوت، مەلای جزیری و دواتر عەلی هەریری و خانی بەم زمانە ئەدەبییە شیعریان نووسیوە. کاتێك عوسمانییەکان دەسەڵاتی خۆیان بەسەر ئەم بەشەی کوردستاندا سەپاندۆتەوە رێگەی گەشەکردنی ئەم زمانە ئەدەبییە گیراوە و نەیتوانیوە بە ناوچەکانی دیکەی کوردستاندا بڵاوببێتەوە، ئەم زمانە ئەدەبییە تا کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم دەرنەکەوتۆتەوە.

دوای ئەوە لە سەدەی حەڤدەیەم و سەرەتای سەدەی هەژدەیەمدا زمانی کوردی، دیالێکتی گۆران، لە ناوچەیەکی دیکەی کوردستان، رۆژهەڵاتی کوردستان، لە سایەی

دەسەڵاتی ئەردەڵانەکاندا لە ڕێگەی شیعرەوە دەرکەوت. شاعیران مەولەوی، بێسارانی و خانای قوبادی.... تاد بەم شێوە زمانە ئەدەبییە شیعرەکانیان نووسیووە. بەڵام لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمەوە ئەم شێوە زمانە ئەدەبییە لاواز بووە. لە باشووری کوردستاندا و لە سایەی دەسەڵاتی بابانەکان لە سلێمانیدا شێوە زمانێکی دیکەی ئەدەبی، دیسان بەهۆی شیعرەوە، دەرکەوتووە کە سەرەتا شاعیران نالی و کوردی و سالم و مەولانا خالید شیعریان پێ نووسیوە و ئەمڕۆ بۆتە ئەو شێوە زمانە ئەدەبییەی کە لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا زمانی نووسینە[23].

ئەم دیاردانە چەند بەشێکی لێکدابڕاو و تەواونەکراوی پرۆسەیەکن، پرۆسەی هەوڵدانی کورد بۆ خۆجیاکردنەوە لە عەرەب و فارس و تورك، پرۆسەی گۆڕانی کولتووری کورد لە شتێك لە خۆیدا بۆ شتێك بۆ خۆی، کە لە ماوەی چەند سەدەیەکدا چەندان جار و لە چەند ناوچەیەکی جیاوازی کوردستاندا سەری هەڵداوە. ئەم هەوڵانە لەو سەردەمانەدا بوون کە کورد، لە جیۆگرافیایەکی تەنگەبەردا، ئازادییەکی کاتیی بۆ ڕەخساوە و توانیویەتی وەك بوونێکی ئێتنیکی-کولتووریی جیاواز لە تورك و فارس و عەرەب، خۆی دەربخات. ئەم دیاردانە پەیوەندییان بە یەکترییەوە نەبووە، هەر یەکەیان، وەك دیاردەیەکی کولتووری، لە شوێن و کاتێکی تایبەتی، بە جیا و دابڕاو لە ئەوانی تر سەری هەڵداوە و تەنیا ناوچەیەکی کوردستانی گرتۆتەوە. هەر کامیان پێش ئەوەی بتوانێت شێوە زمانێکی ئەدەبیی یەکگرتوو وەك بەهێزترین بنەمای کولتووری، لە دەرەوەی سنوورە جیۆگرافیاکەیدا بچەسپێنێت، یان هۆشیاریی نەتەوەیی دروست بکات تێك شکێندراوە. بەم جۆرە لێکدابڕانی فیکری و کولتووریی کورد، وەك بەرهەمی لێکدابڕانی سیاسی و جیۆگرافیایی کوردستان بەردەوام بووە و خۆی بووە بە هۆکار یان ڕواڵەتێکی دیکەی بەردەوامبوونی لێکدابڕانی نەتەوەیی. بە واتایەکی دی ئەم کولتوورە، ئەگەرچی پێناسێکی ئێتنیکی بووە، کەچی نەیتوانیوە بناغەی لێکنزیکبوونەوەی نەتەوەیی و زەمینەی هەست و هۆشیاریی ئینتیمای هاوبەشی ئێتنیکی-نەتەوەیی لە ناو خەڵکی کورددا دروست بکات، بە جۆرێك کە ئەوان لە هەر ناوچەیەکی کوردستان بن و سەر بە هەر هۆزو تیرەو مەزهەبێك بن، لەسەر بنچینەی

کولتــوورێکی هاوبــەش هەســت بــە هاوچارەنووســی بکــەن، ســەرئەنجام هــەوڵ بــدەن زەمینەیەك بۆ هاریکاری و یەکبوونی سیاسیی پێك بێنن.

دوای سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم لە کوردستاندا ئەم دیاردەیە، وەك خـۆی مایــەوە، بگرە بارودۆخی سیاسی و کولتووریی کورد، بەهۆی دابەشکردنی کوردستانەوە سەختتر بوو  کورد پێشتر بەســەر دوو ناوەنــدی سیاســی و کولتووریــدا، ناوەنــدی عوسمــانی و ئێرانی، دابەش بوو بوو  کەچی دوای شەڕی یەکەمی جیهانی بەســەر چــوار دەوڵــەتی ناسیۆنالدا، کە سێ زمان و کولتــووری جیاوازیــان هەیــە، دابــەش کــرا. بــەم جــۆرە کوردستان کرایە کۆلۆنیایەکی ناوخۆی تورکیا، ئێــران، عێــراق و ســوریا و تــا ئێســتا ڕێگەی گەشەکردنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووریی لێ گیراوە.

دەوڵــەتی ناســیۆنالی تــورك و فــارس و عــەرەبی عێــراق و ســوریا بــە پێــی ئایدۆلۆجیایەکی ناسیۆنالیســتی و شــۆڤێنی کەوتنــە پــەلاماری کــورد و لــەناوبردنی کولتوورەکەی، تا لەم ڕێگایەوە پێناس و یەکبوونی نەتەوەیی وڵاتەکانیان بچەســپێنن. بە درێژایی ئەو ماوەیە زمان و کولتووری کــورد بــەر پــەلامارێکی فــراوان کــەوتووە. زمانی کوردی، وەك زمانی خوێندن و نووسین، جگە لــە چــەند ناوچــەیەکی باشــووری کوردستان(ناوچەی سلێمانی و هەولێر و هەندێك ناوچەی کەرکووك) هەمیشــە یاســاغ کراوە[24] بەڵام بەرای من گەورەترین زەبر لە باکووری کوردستاندا بەر زمان و کولتووری کوردی کەوتووە. چونکە دەوڵەتی کەمالیستی تورك، لە پاڵ کولتوورسایدا(لەناوبردنی کولتووری)، شێوە نووسینی تیپی لاتینی- تورکیشی بەسەر کورددا ســەپاندووە، بــەم کارەش توانیویەتی گەلی باکووری کوردستان لە تەواوی ئەو میراتە ئەدەبی و کولتووری و مێژووییە دابڕێت کە کورد بە درێژایی مێژووی خۆی تا ئەمڕۆ بەرهەمی هێناوە. یان گەلی باکووری کوردستان بە مێژووی ئەدەبی و فیکری و کولتووریی خۆی نامۆ بکات، ئەم پرۆسەیە لە زۆر ڕووەوە لە پرۆسەی سەپاندنی حەرفی کیریلی دەچێت بەسەر هەندێ گەلانی روسیای سۆڤیەتدا، لەوانە گەلانی تاجیك، کازاخ و تورکمان و...تاد. جێگــای سەرنجە زۆربەی ئەم گەلانە، هەرچەندە بە درێــژایی ســەردەمی دەســەڵاتی ســۆڤیەت، زمانەکەیان وەك زمانی خوێندن و نووسین ئــازاد بــوو  لــە هــەر بــوارێکی زانســتی و

فەلسـەفی و فیکـری و ئەدەبیـدا زۆر شـاکاریان هێناوەتـە بەرهـەم، کەچـی دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤیەت، بە دوای ریشـەی خۆیانـدا چـوون و دەسـتبەرداری ئەلفوبێی کیریلی بوون.

ئەم دۆخە نوێیەی دوای شەڕی یەکەمی جیهانی، دژواریی نوێی بۆ کولتووری کورد رەخساندووە و دیوارێکی گەورەی کولتووریی لـە نێـوان بەشـەکانی کوردسـتاندا، بـە تایبەتی لە نێوان باکوور و نێوان باشوور و رۆژهەڵاتی کوردستاندا، دروسـت کـردووە. هەروا کوردستان بە تەواوی لە جیهانی دەرەوە، ئەوروپا، دابڕێندراوە و دەرفەتی ئەوەی نەبووە و نییە کە راستەوخۆ پەیوەندی بە بیر و کولتووری ئەوروپا و جیهانەوە هەبێت، بۆیە بە پێچەوانەی بۆ نموونـە کولتـووری عـەرەب و فارسـەوە، مەترسـیی پـەلاماری کولتووری دەرەکی راسـتەوخۆ لـە کولتـووری وڵاتـانی کۆلۆنیـالیی ئەوروپاییـەوە بـۆ نەهاتووە، بەڵکو لە کولتووری دەوڵەتی ناسیۆنالی عەرەب، تورك و فارسەوە هـاتووە. ئەمە تایبەتمەندییەکی گرنگە کە ناکرێ باسکاران و نووسەرانی کورد فەرامۆشی بکەن.

کولتووری کوردی، لە بەرامبەر ئەو هێرشەی کراوەتە سەری، هەمیشە لە حاڵەتی داکۆکی لەخۆکردن و خۆپاراستن و نیمچە گۆشـەگیریدا بـووە. یـان ویسـتوویەتی، بـە شێوەیەکی پاسیڤ خۆی لەگەڵ کولتووری زاڵدا بگونجێنێت، لە پەراوێزی ئەودا پەنایەك بۆ خۆی دابین بکات، لە هەمان کاتدا بە گومانـەوە بـۆ ئـەو دیـاردە کولتوورییانـەی روانیوە کە لە دەرەوەی خۆیەوە هاتوون، چونکە ئەوان بە جۆرێکی سروشتی و ئاسـایی نـەهاتوون، بـەڵکو هاوشـانی پـەلامار و لـەناوبردنی فیزیکـی و کولتـووری بـوون. میکانیزمی داکۆکی لەخۆکردن و غەریزەی مانەوە ئەوەی خواستووە کـە خـەڵك نـەك هەر تەنیا داکۆکی لە زید و ژیـانی خۆیـان بکـەن، بـەڵکو داکـۆکی لـەو کولتـوور و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانەش بکەن کـە لـە سـایەی چارەنووسـێکی هاوبەشـدا کـۆی کردوونەتەوە. یان ئەوان تەنیا لەناو قەڵا و کێوی ناوچـەکەیاندا خۆیـان قـایم نەکـەن، بەڵکو لەناو قەڵای کولتووریی دێرین و کولتووری ناوچەیی و عەشیرەتیشدا پارێزگاریی خۆیان بکەن. بۆیە پاراستنی قەڵای رابردووی مێژوویی و کولتووریی دێرین و گەڕانەوە بۆیان، لە بەرامبەر هەڕەشـەی کولتـووریی ئەویـدی، بەشـێك بـووە لـە میکـانیزمی

خۆپاراستن و مانەوە و داکۆکی لەخۆکردن[25]. بەم جۆرە کورد پێش هەر شتێك بەهۆی کولتووری ناوچەیی و زمـان- دیـالێکتی ناوچـەییەوە، نـەك لـە ڕێگـەی دەوڵـەت و دەسەڵاتێکی ناوەندییـەوە، بـوونی خـۆی، وەك دیاردەیـەکی سـەربەخۆی ئێتنیکـی- کولتووری، پاراستووە. ئەمەیش هێزێکی دیکەی بە سیسـتم و کولتـووری خێڵایـەتی داوە، گیانی ناوچەگەری و دیالێکتپەروەری بـەهێز کـردووە. چـونکە پاراسـتنی ئـەم کولتوورە بەشێك بووە لە پێداویستیی بابەتیی مانەوە و خۆپاراستن لە بەرامبەر هێرشی بیانیدا. هەڵبەت پرۆسەیەکی لەم جۆرە زەمینەی چەقین لە نـاو کولتـووری رابـردوودا خۆش دەکات، لە هـەمان کاتـدا دەرفـەتی گۆڕانکـاری و کـارلێکردنی پۆزێتیڤانـەی کولتووری و وەرگرتنی شتی نوێ کەم دەکاتەوە. رابردوو وەك شتێك لە خۆیدا و دابڕاو لە ئێستا، یان وەك مۆزەخانەیەکی کولتووری و ئێتنۆگرافی، ناتوانێت ببێتە سەرەتا و بنەمای ئێستا و تیایدا بتوێتەوە. سەرئەنجام دەشێت ناکۆکییەك لـە نێـوان رابـردوو و ئێستادا دروست ببێـت، رابـردوو وەك میراتێکـی گرنگـی کەڵەکـەبوو کـە پێناسـی تایبەتیی کۆمەڵە خەڵکێکە و لە ناوچـەیەکی دیـاریکراودا، پرینسـیپ و دەسـتووری ژیانی کۆمەڵایەتیی ئەوانی ڕێکخستووە، ئێستا وەك حاڵەتێکی پڕ لە گۆڕان و هێنانی شت و دیاردەی نوێ، کە هەرچەندە بەردەوام پێشـکەوتنی کۆمـەڵ دەیخوازێـت، بـەڵام گومان و ترسی لە دەستچوونی میراتی دێرین و خۆسەپاندنی بیانی، دەنێتەوە.

لایەنێکی دیکەی لێکدابڕانی کولتووریی کورد ئەوەیە کە ئەم کولتوورە نەیتوانیوە بەردەوامبوونێك لە زەمانی ئیپستیمۆلۆجی(زانین- المعرفی) و فیکریی کورددا دروست بکات. یان زەمانێکی هاوبەش و پێکەوە گرێدراو بۆ فیکر و ئیپسـتیمۆلۆجیای کـورد دابنێت، کە بتوانن لە دەرەوەی شوێن و کاتی سەردەمی خۆیاندا، کات و شوێنی نـوێ بدۆزنەوە و لەوێ خۆیان بە جۆرێـك بێننـەوە بەرهـەم کـە ئێسـتا بـەردەوامبوونێکی ئۆرگانێکی دوێنێ بێت، هەردووکیشیان پێکەوە کار لـە رەوشـی ئاینـدەی فیکـری و ئیپستیمۆلۆجیی کورد بکەن، بۆیە ئێستای کورد هەمیشە ئێستایەکی بـێ رابـردووی فیکری و ئیپستیمۆلۆجییە، بێ مێژوو و ریشەیە. ئێستایەکە وەك ئەوەی کە بە ئیرادە و رەنجی کۆمەڵە کەسێك و بە دابڕان لە هەر جۆرە رابردوویەك دروست کرابێـت. هـەر

دیاردەیەکی نوێی سیاسی، فیکری و کولتووری خۆی بە سەرەتای سەرەتایان دەزانێت. ڕەوایی بوون و دەرکەوتنی خۆی بە شکست و پوکانەوەی دیاردەکانی پێش خۆی دەبەستێتەوە. هەمیشە حەز دەکات خۆی وەك سەرەتای سەرەتایان، وەك دیاردەیەکی نوێی جیاواز و تەواو دابڕاو لە مێژووی فیکری، کولتووری یان سیاسیی کورد پیشان بدات، نەك وەك بەردەوامبوونێکی سروشتیی دیاردەیەك یان دیاردەکانی دیکەی پێش خۆی. بۆیە هەمیشە ئەوان میراتە کولتووری و سیاسییەکان ڕەت دەکاتەوە، ناتوانێت لە تەنیشت خۆیەوە دیاردەی دیکەی هاوڕەنگی خۆی، وەك بەشێك لە سروشت و لۆجیکی ژیان و پێداویستیی کۆمەڵ و جیاوازیی نێوان مرۆڤەکان، قبووڵ بکات. پێی وایە مێژوو لە خۆیەوە دەست پێ دەکات. هەر پارتێکی نوێی سیاسیی دروست دەبێت، بەهانەی دەرکەوتنی خۆی بە تێشکانی پڕۆژە سیاسییەکانی دیکەوە دەبەستێتەوە. نایەوێت خۆی وەك پڕۆژەیەکی سیاسیی جیاواز، کە شانبەشانی پڕۆژەکانی دی بۆ پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی و کۆمەڵ کاردەکات، بخاتە ڕوو بەڵکو وەك تاکە ڕاستی و ئەلتەرناتیڤ(بەدیل)خۆی دەناسێنێ، بۆیە دەتوانێت بە ئاسانی خەتێکی ڕاست و چەپ بەسەر دیاردەکانی دیکەی وەك خۆیدا بنێت. ئیتر مێژوو لەمەوە، لە بیر و ڕێبازە سیاسییەکەیەوە، دەست پێ دەکات. دیارە لێرەدا قسە لەوە نییە کە ئەم دیاردە سیاسییە نوێییە بیر و پڕۆژەیەکی جیاواز و نوێی نییە، بەڵکو قسە لە عەقڵییەت و میکانیزمێکە کە ڕیشەکەی بۆ کولتوور و مێژوویەك دەگەڕێتەوە.

هەر بە هەمان عەقڵییەت و میکانیزم هەر بزاڤێکی نوێی ئەدەبی، کولتووریی و هونەری دەردەکەوێت، خۆی وەك بەردەوامبوون یان تەواوکەری هیچ دیاردەیەکی دیکەی پێش خۆی نازانێت. پشت بە هیچ میراتێکی ئێستاتیکی، فیکری یان ئیپستیمۆلۆجیی کۆمەڵگای کورد نابەستێت. خۆی بە نموونەیەکی تاقانە و بێ وێنە دادەنێت. سەرەتا بە نەفیکردنی هەموو شتێکی پێش خۆی دەست پێ دەکات. هەر بەم شێوەیە پێوانە و مۆدێلە فیکری، ئێستاتیکی و ئیپستیمۆلۆجییەکانی خۆی دەکاتە تاکە پێوانەی فیکر و هونەر و جوانی. ئەوانەی دەرەوەی ئەو مۆدێلە بە دیاردەی سروشتیی کۆمەڵگا و ئەنجامی فرەڕەنگی و فرەزەوقی دانانێت، بەڵکو وەك شتی کۆن،

ڕێگر، کۆنەپەرست، سەلەفی، مردوو و بێ نرخ باس دەکرێن. دیارە هەر بە هەمان شێوە نوێنەرانی دیاردەکانی پێشوو کە ڕۆژێك لە ڕۆژان پێیان وابووە مێژوو لە خۆیانەوە دەستی پێکردووە، بە گومان و سووکی تەماشای دیاردە نوێیەکان دەکەن. ناتوانن بە ئاسانی وەك دیاردەی سروشتی و بەرهەمی نەوەیەکی نوێی هەڵگری بیر و تێڕوانینی نوێ و خاوەن پێوانەی تایبەتیی هونەری بۆیان بڕوانن و دەسەڵاتی زانین و داهێنان بکەنە تاکە پێوەر. مێژوو کە ڕۆژێك لە ڕۆژان لەوانەوە دەستی پێکردبوو دەبێ لەوانیشدا دوایی بێت، بەم جۆرە و بە پێی ئەم لۆجیکە ئێمە میراتێکی فیکری، ئێستاتیکی و ئیپستیمۆلۆجیمان نییە کە لە دەرەوەی زەمانی خۆی درێژە بە ژیانی خۆی بدات، شایانی ئەوە بێت لە ئێستا و داهاتوودا ئیلهامبەخش بێت، ئەگەر لێکدابڕان و یەکتری سڕینەوەی دیاردە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگای کورد، ئەنجامی نەبوونی زەمانێکی پێکەوە بەستراوی فیکری، هونەری، ئیپستیمۆلۆجی و سیاسی بێت، ئەوا ئەم پرۆسێسە خۆی لێکدابڕانی زەمانەکە دێنێتەوە بەرهەم و زیاتر دەیچەسپێنێت. لە کاتێکدا هیچ دیاردەیەکی فیکری، کولتووری و سیاسی لە نەبوونەوە دەرناکەوێت، یان وەك کارل پۆپەر دەڵێت:(مرۆڤ ناتوانێت لە ژوورێکی بەتاڵەوە بێتە دەرێ و لە نەبوونەوە جیهانێکی فیکری بخولقێنێت، بەڵکو بیری ئێمە لە بنەڕەتدا بەرهەمی میراتێکی ئینتێلێکتوێلییە)[26].

ڕواڵەتێکی دیکەی لێکدابڕانی کولتووریی کورد ئەوەیە کە ئەم کولتوورە، لە هەر بەشێکی کوردستاندا، تا ڕادەیەکی زۆر دەستەمۆی کولتووری نەتەوەی سەردەست کراوە. وەك کولتوورێکی کۆیلە لە پەراوێزی کولتوورێکی نامۆی زاڵدا دەژیت و ملکەچی مەرجەکانی ئەوان کراوە، بە واتایەکی دی هەوڵی ئەم کولتوورە، هێشتا ئەوەیە کە لە سایەی کولتوورێکی هێرشهێنەری نامۆدا، کولتووری زاڵی تورك، عەرەب و فارس، پارێزگاریی بوونی خۆی بکات، وەك کولتووری نمرە دوو پەنایەکی هەبێت و بتوانێت بژیت، ئەگەرچی شێوەی ژیانەکەی، ئاستی گەشەکردنەکەی و سنووری خەونەکانی لە لایەن کولتووری زاڵ و نوێنەرە سیاسییەکەیەوە دیاری کرابن. ئەم کولتوورە، سەرەڕای ئەوەی کە بە درێژایی سەدەی بیستەم هەوڵی داوە کەسایەتیی خۆی

بسەلمێنێت، بـەلاّم هێشـتا نـەیتوانیوە لـە کولتـووریکی خۆپـارێزەوە بگۆڕدرێـت بـۆ کولتووریکی خۆرزگارکار کە، وەك کولتووری هەر نەتەوەیەکی دی، بیـەوێت مـالێکی سیاسی یان چوارچێوەیەکی سیاسی بۆ خۆی دابین بکات تا لە ناویدا درێژە بـە ژیـانی سروشتیی خۆی بدات و گەشە بکات.

بە کورتی ئێمە تەنیا لە حالەتی ژێردەستی و دابەشبوونی سیاسـی و جیۆگرافیـدا نـاژین، بـەلکو لـە حالـەتی لێکـدابڕان و دابەشـبوونی کولتووریشـدا دەژیـن، وەك ئەنجامێکی ئەمە مرۆڤی کورد پێش هەر شتێك بەرهـەمی ئـەو کولتوورەیـە کـە لـە ناوچـەکەیدا، یـان لـە بەشـە کوردسـتانەکەیدا، هێنراوەتـە بەرهـەم و بـە سیسـتمی کولتووریی ناوچەکەیەوە بەستراوەتەوە. بۆیە کولتووری کورد تەنیا هۆکاری مانەوەمان نییە، بەلکو زەمینەی فیکری و رۆحی و سایکۆلۆجییشی بۆ لێکدابڕانی نەتـەوەییمان خۆش کردووە. بە واتایەکی دی ئەگـەر دابەشـبوون و لێکـدابڕانی کولتـووریی کـورد ئەنجامی دابەشبوونی سیاسیی کوردستان بێـت(کـە مـەرج نییـە وابێـت) ئـەوا ئـەم دابەشـبوون و لێکدابڕانـە کولتوورییـە خەریکـە خـۆی دەبێتـە فاکتـەرێکی دیکـەی بەردەوامبوونی ئەم دابەشبوونە سیاسییە. پێموایە هەر پرۆژەیەك بۆ لێکنزیکبوونەوە و یەکبوونی نەتەوەیی پێویستە سەرەتا لە کولتوورەوە، یان بە سیاسەتێکی کولتـووریی، دەست پێ بکات، چونکە یەکبوونی کولتووریی دەشـێت بنـەمای یـەکبوونی سیاسـی دابڕێژێت. بۆیە هەر هەنگاوێك بۆ پێشەوە لە پێناو کولتووردا، وەك ئێـنگلس دەلـێ، هەنگاوێکە بەرەو ئازادی.

## دووەم: میرنشینی- دەسەڵاتێکی ناوچەیی بێ پێناسی کولتووری

سیستمی میرنشینی لە کوردستاندا تەنیا بەشێك نییە لە مێژوویەکی نزیکی کورد، بەڵکو لە هەمان کاتدا تاکە مۆدێلی حکومڕانیی کورد بووە کە لە ناوچەیەکی تەسکدا بۆ سەدەرمێکی دیاریکراو دەرکەوتووە. ئەم دەسەڵاتە میرنشینییە، لە قەڵەمڕەوی خۆیدا، بە پێی پرینسیپ و دەستوورێکی نەنووسراو کە بەرهەمی سیستمی عەشیرەتی بووە، کۆمەڵی ڕێکخستووە و شێوەی پەیوەندی نێوان(هاوولاتیان) هەروا پەیوەندی نێوان خۆی و ئەوانی دیاریکردووە. میرنشینی ئەنجامی گەورەبوونی دەسەڵاتی خێڵێك، یان کۆمەڵە خێڵێك بووە کە فیدراسیۆنێکی عەشیرەتی پێکەوەی گرێ داون. ئەم دەسەڵاتە خێڵی لە گرووپێکی پاسیڤەوە، کە سەرقاڵی ژیانی ئاسایی خۆی، کشتوکاڵ یان ماڵاتبەخێوکردن بووە، گۆڕیوە بە گرووپێکی چالاك کە چوارچێوەی ژیانی ڕۆتینیی خۆی شکاندووە، لەودیو ئەو چوارچێوەیەدا و بە شێواز و هۆکاری تر مانایەکی دیکەی بە بوونی خۆی داوە. یان ئەم خێڵەی لە یەکەیەکی کۆمەڵایەتی-

کولتوورییەوە، کە پشت بە خزمایەتی و نزیکی خوێن دەبەستێت، گۆڕیوە بە یەکەیەکی عەسکەری-سیاسی، کە لە سایەی خۆیدا خەڵکانی دەرەوەی عەشیرەتی خۆیشی کۆکردۆتەوە. لە بەرامبەر ئیتاعەتکردن و باجداندا، پارێزگاریی ژیانی کردوون. بەڵام گەورەبوونی قەڵەمڕەوی جیۆگرافیا و زۆربوونی(ئەندامان)ی ئەم خێڵانە نەبۆتە هۆی ئەوەی بنەمای خێڵ، بە تایبەتی گرنگی پەیوەندیی خوێن و خزمایەتی، لەناو بچێت. ئەم دەسەڵاتە لە پرۆسەی حکومڕانیدا کولتووری خۆی بەردەوام هێناوەتە بەرهەم. کولتوورەکە کە دەسەڵاتێکی لە پشتەوە بووە لە کۆمەڵدا جێگای خۆی کردۆتەوە. دوای خۆیشی کولتوورێکی سیاسیی جێ هێشتۆتەوە کە ئەمڕۆ لە ئاگایی مرۆڤی کورد و عەقڵی سیاسیی کورددا ماوەتەوە. ئەو شانازییە بێناوەرۆکەی تا ئەمڕۆ بە مێژووی میرنشینی کوردەوە دەکرێت نیشانەیەکی بەردەوامبوونی ئەم مێژوو و کولتوورەی میرنشینین. لە هەمان کاتدا راپەڕینەکانی کورد تا کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم، هەوڵدانێك بوون بۆ درێژەدان بە سیستمی میرنشینی و بەرهەمهێنانەوەی مێژووی میرنشینی. سەرکردەکانی ئەو راپەڕینانە خەبات و ئامانجیان ئەوە بووە کە لە سنوورێکی دیاریکراو و لە جیۆگرافیایەکی تەنگەبەردا دەسەڵاتێکی ناوچەیی، یان میرنشینێك دابمەزرێنن. ئەوان کە زۆربەیان سەرۆك خێڵ بوون، مۆدێلی میرنشینی ئەوپەڕی سنووری خەونەکانیان و تاکە مۆدێلی لەتوانادابووی دەسەڵات بووە. بە هەمان شێوەی میرەکانی پێش خۆیان ویستویانە دەسەڵاتێکی پەراوێزی، کە سەربەخۆییەکی نیسبیی لە دەسەڵاتی ناوەندیی عوسمانی یان ئێرانی هەبێت، دابمەزرێننەوە. ئەم راپەڕینانە، کە بە دڵنیاییەوە لە دژی ستەم وەحشیگەری لەشکری عوسمانی و ئێرانی بوون، دەکرێت جۆرێك لە نۆستالگیا یان خەونی هەندێك میر و سەرۆکهۆزی کورد بووبن کە ویستوویانە وەك میرێك سەربەخۆییەکی نیسبییان هەبێت. یان خۆیان، لە جیاتی کاربەدەستانی تورك و عەجەم، حکومڕانی ناوچەکانیان بکەن. بۆیە ناکرێت ئەم راپەڕینانە، وەك کۆششی ناسیۆنالیزمی کورد بۆ سەربەخۆیی کوردستان، یان بۆ دابینکردنی ماڵێکی سیاسیی بۆ کولتووری کورد دابندرێن. چونکە راستە ئەم راپەڕینانە و هەندێك لە راپەڕینەکانی سەدەی بیستەم، کە بە رابەری سەرۆکخێڵێك

بوون، بۆ نموونە ڕاپەڕینی سمکۆ، هەڵگەڕانەوە بووە لە ستەمی دەسەڵات و دەوڵەتێکی بیانی، بەڵام هیچ پرۆژە و ناوەڕۆکێکی ناسیۆنالیستییان نەبووە. دروست وێنەی میرنشینەکانی پێشوو نە ئایدۆلۆجیایەکی نەتەوەییان هەبووە، نە هیچ جۆرە تێڕوانینێکیان لەبارەی ئایندەی کۆمەڵی کوردی و شێوەی حکومڕانی و پێدانی ناوەڕۆکێکی سیاسی بە کولتووری کورد... تاد هەبووە.

میرنشینەکانی کوردستان، دەسەڵاتێکی ناوچەیی و خێڵەکی بوون هیچ کامیان بنەمایەکی ئایدۆلۆجییان نەبووە، کە بۆ بەردەوامبوونی دەسەڵات زۆر گرنگە، چونکە ئایدۆلۆجیا تەنیا ئامرازێکی دەسەڵات نییە، بەڵکو بەشێکی سەرەکیی ستروکتووری دەسەڵاتە کە بەردەوام لە ڕێگای دەزگای جۆربەجۆرەوە خۆی دێنێتەوە بەرهەم. ئەم میرنشینانە لەسەر بنەمای پەیوەندیی خوێن و خزمایەتی و وەلائی هاوبەش، یان وەك ئیبنخەلدوون دەڵێ، لەسەر بنەمای دەمارگیری(ئەلعەسەبییە) دروست بوون. ئەوان لە بنەڕەتدا پەرەگرتنی دەسەڵاتی خێلێك، یان بنەماڵەیەك بوون، کە لە ئەنجامی بۆشایی دەسەڵات لە کوردستاندا گەشەیان کردووە. هەریەکەیان سنووری جیۆگرافی خۆی، لەسەر حیسابی خێڵ و تیرەکانی تری دەوروپشتی، یان بە کۆمەکی ئەوان، بەرین کردووە و تا ئەو شوێنە ڕۆیشتووە کە دەسەڵاتێکی تری وەك خۆی ڕایگرتووە.

ئەم میرنشینانە، ئەنجامی ناکۆکیی ئایدۆلۆجی- ئاینی یان مەزهەبی نەبوون. پشتیان بە ئایدۆلۆجیایەکی لەم جۆرە نەبەستووە تا وەك ئەلتەرناتیڤی ئایدۆلۆجیای ڕەسمیی خەلافەتی سوننەمەزهەبی عوسمانی، یان خەلافەتی شیعەمەزهەبی ئێرانی بیکەنە بناغەیەکی ڕۆحی و فیکری، یان مۆدیلێکی تر تا لە دەرەوەی ناوچەکانیان فەزای شوێنی نوێی بۆ بدۆزنەوە. تەنانەت ئەم میرنشینانە، بە پێچەوانەی هەموو دەسەڵاتە گەورە و بچووکە ناوچەییەکانی ئەو سەردەمە، کە بەهانەی ڕۆحی و ئایدۆلۆجیی خۆیان لە ئیسلام، یان مەزهەبێکی ئیسلام وەرگرتووە، هیچ بنەما و ناوەڕۆکێکی ئاینییان نەبووە. بە واتایەکی دی ئەوان، وەك دەسەڵاتێکی سیاسی، نەك هەر هیچ ئامانجێکی ئاینییان نەبووە، بەڵکو خولیای ئەوەشیان نەبووە کە بە زەبری دەسەڵات پرینسیپ و دەستووری ئیسلام بەسەر کۆمەڵدا بسەپێنن. یان ئیسلام بۆ

ئەوان ناوەرۆکێکی سیاسیی نەبووە، کەم تا زۆر بەشێك نەبووە لە ئامانج و سەرقاڵییەکانی دەسەڵات، ئەمەش دیاردەیەکی گرنگە کە بە رای من دواتر لە ناسیۆنالیزمی کورددا، خۆی دەردەخاتەوە[27]. هەروا ئەم میرنشینانە ئەنجامی گەشەکردنی ئابووری و کولتووری کۆمەڵی کورد نەبوون تا بیانەوێتماڵێکی سیاسی بۆ کولتوورەکە دابین بکەن، یان مانایەکی سیاسی بە کولتوورەکە بدەن. زمانی کوردی، کە لەو سەردەمانەدا لە زمانی پەیڤینەوە گۆڕدراوە بۆ زمانی نووسین تەنیا لە سنووری شیعردا ماوەتەوە، ئەم میرنشینانە، لەبەرئەوەی لەسەر بنچینەیێکی کولتووری- سیاسی دروست نەبوون، هەوڵیان نەداوە تا پرۆسەی پێشکەوتنی زمانی کوردی درێژە پێ بدەن.

واتا زمانی کوردی لە زمانی شیعرەوە بگۆڕن بۆ زمانی فیکر و زانین و زانست. تا لەم رێگەیەوە پرۆسەی نووسین بە کوردی بکەنە پرینسیپێکی سیاسی، کولتووری و زانستی بە هۆیەوە، زانین و ئیپستیمۆلۆجیای تایبەتیی خۆیان بێننە بەرهەم و خۆیان لە دەسەڵاتەکانی دیکە جیابکەنەوە. رەنگە ئەمە بە جۆرێك بێتە بەرچاو کە لە بارودۆخی ئەو سەردەمەدا، کە ناسیۆنالیزم بە مانا مۆدێرنەکەی لە رۆژهەڵاتدا دەرنەکەوتبوو داوایەکی زۆر بێت لەو میرنشینانە بکرێت، بەڵام گۆڕینی زمانی نەتەوەیەك لە زمانی شیعرەوە بۆ زمانی فیکر و زانست تەنیا کاری ناسیۆنالیزم نەبووە، وەك پێشتر باسکرا. دەوڵەتی ئێرانی و عوسمانی سەرەڕای ناوەرۆکی ئایدۆلۆجی-ئاینییان و گرنگی زمانی عەرەبی وەك زمانی قورئان، کەچی لە هەموو بوارەکانی فیکر و زانستدا بە زمانی خۆیان هانی نووسینیان دەدا.

سیستمی میرنشینی پشتی بە ئابوورییەکی سروشتی و داخراو بەستووە. توانای ئەوەی نەبووە شار و ناوەندی شارستانیی دەوروپشت غەزو بکات، تا دەسەڵاتی خۆی بەسەریاندا بسەپێنێت، بە دەستکەوتی شەڕ(غەنیمەت) ئابووریی خۆی بەهێز بکات و سەر لە نوێ هێزو غەزوکردن بەرهەم بێنێتەوە و بیانکاتە سەرچاوەیەکی بەردەوامی ئابووری. لە پاڵ ئەمانەدا ئەم میرنشینانە، کە لە نێوان دوو ناوەندی بەهێزی دەسەڵاتدا، ئیمپراتۆریای عوسمانی و ئێرانی، دەرکەوتوون بە دەگمەن ئارامی و سەقامگیریی سیاسییان تێدا بووە، کە دەسەڵات بەبێ ئەم جۆرە سەقامگیرییانە

ناتوانێت پەرە بستێنێت، سەرئەنجام لەناو ئەڵقەیەکی داخراودا گیریان خواردووە، لە سنووری خۆیان و بە بەراورد لەگەڵ دەسەڵاتەکانی ناوچەکەدا، وەك بوونێکی پاسیڤ ماونەتەوە و لەناوچوون.

بە کورتی دەکرێت سروشتی میرنشینی کوردی لە چەند خاڵێکی سەرەکیدا کۆبکەینەوە:

**یەکەم:** میرنشینی دەسەڵاتێکی ناوچەیی تەنگەبەر بووە، کە ستروکتوورێکی کۆمەڵایەتی کولتووریی خێڵەکی هەبووە. پێش هەر شتێك لە ئەنجامی بۆشایی دەسەڵاتی ناوەندییەوە و لەسەر بنەمای سیستمی خێڵایەتی، یان پەیوەندیی خوێن و خزمایەتی و وەلائی عەشیرەتیی هاوبەش دروست بووە.

**دووەم:** ئەم دەسەڵاتە هیچ ئایدۆلۆجیایەکی سیاسیی نەبووە، خۆی بە نوێنەری هیچ سیستمێکی ئێپستیمی(ئاینی یان مەزهەبی یان هی تر) نەزانیوە. بۆیە هەوڵی نەداوە ئەو دەزگایانە دابین بکات کە ئایدۆلۆجیا دێننەوە بەرهەم و دەیکەنە بەشێك لە ستروکتووری دەسەڵات. یان بە بەهانە و موّتیڤی ئایدۆلۆجی(کە ئەو کاتە ئاین، یان مەزهەب بووە) ناوچەی تر داگیر بکات.

**سێیەم:** ئەم میرنشینانە بۆ ئەوە دروست نەبوون تا ماڵێکی سیاسیی بۆ کولتووری کورد پەیدا بکەن، بۆ ئەوەی ئەم کولتوورە بە دوور لە دەسەڵاتی سیاسیی هێزێکی نامۆ گەشە بکات، بۆیە هیچ کام لەم میرنشینانە چاوی لەوە نەبووە سنووری دەسەڵاتەکەی تا ئەو جێیە بچێت کە سنووری کولتوورەکەیە. هەمیشە عەقڵێکی تەسکی ناوچەگەری لە پشتییەوە بووە. لە هەمان کاتدا هەوڵی نەداوە کولتوور و زانیاریی تایبەت بە خۆی، واتا بە زمانی کوردی بێنێتە بەرهەم.

**چوارەم:** هیچ کام لەم میرنشینانە، وەك دەسەڵاتی خێڵێك، یان بنەماڵەیەك، نەك وەك نوێنەری کولتوورێك. نەیتوانیوە زەمینەیەکی هاوبەشی کولتووری و ئایدۆلۆجی و سیاسیی لەگەڵ دیاردەکانی وەك خۆیدا، میرنشینەکانی دیکەی کوردستان بدۆزێتەوە بۆیە ئەوان لە جیاتی ئەوەی تەواوکەری یەکتر بن، دژی یەکتر بوون. قەت پێکەوە کۆك

و تەبا نەبوون. هەمیشە لە پێناو دەسەڵاتدا لەگەڵ یەکتری، یان تەنانەت لە ناوخۆدا، لە شەڕدابوون. بوونی خۆیان لە نەبوونی یەکتریدا دیوە.

**پێنجەم :** هەڵکەوتی جیۆپۆلیتیکی کوردستان، لە نێوان دوو ئمپراتۆریای پێك ناکۆکدا، دەرفەتی نەداوە هیچ میرنشینێك، چەند بەهێز بووبێت، سنووری دەسەڵاتی خۆی فراوان بکات، یان میرنشینی دی بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی، هەر میرێکی راونراو پەنای بۆ یەکێك لەم ئیمپراتۆریایانە بردبێت لەو سەرەوە بە لشکری بێگانەوە گەڕاوەتەوە و بۆتەوە بە حکومڕانی ناوچەکەی. بەم جۆرە میرە کوردەکان بەهۆی پشتئەستوور بوونیان بە کۆمەك و لەشکری یەکێك لەو دەوڵەتانە، یان هەندێ جار بە هاندانی ئەوان، ملیان بۆ یەکتری نەداوە و شەڕی یەکترییان کردووە.

**شەشەم:** میرنشینیی کوردی تەنیا ئەنجامی لێکدابڕانی کوردستان و دابەشبوون و سروشتی خێڵایەتیی کۆمەڵی کورد نەبووە، بەڵکو خۆی بۆتەوە هۆکارێکی دیکەی ئەم لێکدابڕان و دابەشبوونە. رەوشی میرنشینی و ناوەڕۆکی دەسەڵات و کولتووری سیاسییەکەی، بە نۆرەی خۆیان، دابەشبوونی کۆمەڵی کوردییان قووڵتر کردۆتەوە، جیاوازی و ناکۆکیی خێڵایەتی و ناوچەگەرییان فراوانتر کردووە و کولتووری خێڵەکی و عەقڵی ناوچەگەری و خێڵپەروەرییان هێناوەتەوە بەرهەم.

ئەمە دیارترین سیمای مێژووی کولتووری و کۆمەڵایەتی-سیاسیی میرنشینیی کوردییە، کە راستییەکەی مێژووی کۆمەڵە ناوچە وجیۆگرافیایەکی سیاسی و کولتووری و کۆمەڵە زەمانێکی لێکدابڕاو و داخراوە.

کاتی خۆی لە کتێبی(بەرەو مێژوو-1991) باسی ئەم دیاردەیە کراوە، ئەم لێکدابڕانە شوێن و زەمان، لە مێژووی سیاسی و کولتووری و فیکری کورددا، بە یاریدەدەرێکی دیکەی دابەشکردنەوەی کوردستان داندراوە. لێرەدا، بۆ خۆبواردن لە دووبارەکردنەوە، چەند بڕگەیەك لەو نووسینە، وەك خۆی دەنووسمەوە:

(مێژووی ئێمە لە زۆر رووەوە وەك کۆمەڵە رووداوێکی لێکدابڕاو نەك پێکەوە گرێدراوە وەك کۆمەڵە ئامانج و ئایدیالێکی لێك جیاواز نەك هاوبەش دێتە پێش چاو. بە واتایەکی تر مێژووی سەرانسەریی نەتەوەکەمان لە زنجیرە رووداو و دیاردەیەکی

پێکەوە لکاوی کوردستانی ناچێت، کە هەریەکەیان ئەوی تریانی تەواو کردبێت. یان هەریەکەیان زەمینەی بابەتیی بۆ سەرهەڵدانی دیاردەی دوای خۆی خۆش کردبێت تا درێژەپێدەری هەمان پەیامی سیاسی، فیکری و رۆحی بێت. ئەگەر مێژووی گرنگترین سەردەمەکانی هەر بەش و هەرێمێکی کوردستان، بە مێژووی فیکری و کولتووریشەوە، بگرین دەبینین تا رادەیەکی زۆر لە مێژووی سەردەمەکەی پێش خۆی، یان لە مێژووی هەمان سەردەمی ناوچەیەکی دیکەی کوردستان جیاوازە. هەر سەردەمێکی مێژوویی کاتێك کۆتایی پێهێندراوە لەگەڵ خۆیدا دیاردە فیکری و سیاسی و کولتوورییەکانی خۆی پێچاوەتەوە. ئیتر سەردەمێکی دی، لە بەشێکی دیکەی کوردستان، دەستی پێکردووە بێ ئەوەی پەیوەندییەکی تەواوکارانەی بە ژیانی رۆحی و مادیی سەردەمەکەی پێش خۆیەوە هەبێت. ئەم دیاردە ناسروشتییە بۆتە هۆی ئەوەی هێزی هەر رووداو و دیاردەیەکی مادی و رۆحیی کۆمەڵگای کوردستان زیاتر تا سنوورێکی تەسك و تا کاتێکی دیاریکراو بڕ بکەن و کاری خۆیان لە بەشێکی کەمی نەتەوەکەمان بکەن.... لێرەوە لام وایە دەشێت سەربەخۆ لە زۆر قۆناغی مێژوویی و کولتووریی نەتەوەکەمان بکۆڵینەوە، بێ ئەوەی بە جۆرێکی حەتمی بە قۆناغێکی ترییەوە ببەستینەوە.....تاد)(لا. 12،16)

## سێیەم: ناسیۆنالیزمی ناوچەگەری

ناسیۆنالیزمی کورد بەرهەم و میراتگری کولتوور و مێژوو و واقعێکی بەش بەش و لێکدابڕاوە. لە هەر بەشێکی کوردستاندا و بە جیا و دابڕاو لە بەشێکی دیکەی

کوردستان دەرکەوتووە، رەوشی خۆی بڕیوە، رووبەڕووی گرفت و ئەرکەکانی خۆی بۆتەوە، لە لایەن نوێنەری سیاسیی کولتوورێکی جیاوازەوە، کە تایبەتمەندیی تەواو جیاوازی خۆی هەیە، پەلامار دراوە. هەریەکەیان دیسان بەجیا لە یەکتری هەوڵی خۆگونجاندنی لەگەڵ کولتووری زاڵدا داوە. لە هەمان کاتدا هیچ پەیوەندییەکی نەتەوەیی، کولتووری، جیۆگرافی و سیاسی لەگەڵ ناسیۆنالیزمی بەشەکانی دیکەی کوردستاندا نەبووە و نییە. تا ئێستاش هیچ پڕۆژەیەکی نەتەوەیی هاوبەش، هیچ سیاسەتێکی کولتووریی هاوبەش و سەرئەنجام هیچ ستراتیجێکی نەتەوەیی هاوبەش لە نێوان بەشەکانی ناسیۆنالیزمی کورددا دەرنەکەوتووە، بەڵکو بە پێچەوانەوە زۆربەی کات لەناو خۆیاندا ناتەبا و ناکۆکن. بۆیە قسەکردن لە یەك ناسیۆنالیزمی کوردی، قسەیەکی گشتییە و لە رووی زانستیشەوە پێویستی بە سەلماندن هەیە، مەگەر ئەم قسەکردنە لە سنوورێکی گشتی و باسکردنی کۆمەڵێك ناوەرۆك و سروشتی هاوبەشدا بێت.

ناسیۆنالیزمی کورد هێشتا خاوەنی پڕۆژەیەکی لێڵی بەش بەش و لێکدابڕاوی ناوچەگەرییە. هەر لە سەرەتاوە لاواز و پەرتێن خۆی لە ناو جیۆگرافیایەکی کۆمەڵایەتی و سیاسیی لێکدابڕاو و وێرانەیەکی کولتووریدا دیوەتەوە. ئەو بە پێچەوانەی ناسیۆنالیزمی عەرەب، فارس و تورك، سامانێکی گەورەی فیکری و کولتووریی سیاسیی نەبووە تا بنچینەیەکی ئیپستیمۆلۆجی و ئایدۆلۆجیی بۆ دروست بکات و یارمەتی بدات لە خۆی و ئەویدی و دیاردەکانی دەوروبەری تێ بگات، یان جۆرە قەڵغانێکی فیکری و کولتووریی لە بەرامبەر پەلاماری کولتووری و سیاسیی ناسیۆنالیزمی نەتەوە سەردەستەکاندا بۆ دابین بکات. بۆیە ناسیۆنالیزمی کورد، لەبەر ئەم هەلومەرجە مێژووییە و بێتوانایی و پێنەگەیشتنی خۆی، نەیتوانیوە سیستمێکی فیکری- ئایدۆلۆجی و ئیپستیمیی تایبەت بە خۆی دابمەزرێنێت، کە بە هۆیەوە و بە پەیوەندی لەگەڵ ئەودا بەرخود لەگەڵ دیاردە سیاسی و ئایدۆلۆجی و کولتوورییەکاندا بکات، هەوڵ بدات لەگەڵ خۆیدا بیان گونجێنێت. بە پێچەوانەوە لە هەموو بوارێکدا چاولەدەستی ناسیۆنالیزمی نەتەوەی سەردەست و رووناکبیرانی ئەوان بووە. لە

سیستمی فیکری- ئایدۆلۆجیی ئەوانەوە، کە بەرهەمی ئەزموونی کۆمەڵگایەکی دیکە بوون، هەندێك چەمك و توخمی ئێپستیمی و ئایدۆلۆجیی خواستووە تا واقیعی کۆمەڵگای خۆی پێ بخوێنێتەوە، یان لە چوارچێوەی سیستمی ئایدۆلۆجیی هێزەکانی نەتەوەی سەردەستدا بۆ چارەنووسیی سیاسیی کوردی روانیوە و ئایدۆلۆجیای پێکەوەژیانی نابەرابەری ئەو نەتەوانە و کوردی قبوولّ کردووە. سەرئەنجام لە هەر بەشێکی کوردستاندا، ئامانجەکانی خۆی لە سایەی دەسەڵاتێکی بیانیدا و لەناو چوارچێوەی سیاسیی دەوڵەتی شۆڤێنیستیی زۆرایەتیدا بینیوەتەوە. هێشتا پێی وایە کە لەم رێگەیەوە دەتوانێت مانایەك بە بوونی چالاکانەی خۆی بدات، جێگایەك یان پەنایەك بۆ خۆی دەستەبەر بکات تا هەندێك لە ئامانجە سیاسی و کولتوورییەکانی خۆی بەدەست بێنێت!

ناسیۆنالیزمی کورد، ناسیۆنالیزمێکی پاسیڤی کولتوورییە، پشت بە کۆمەڵە رەگەزێکی سەرەتایی کولتووریی کوردی دەبەستێت، بە تایبەتی رەگەزی زمان و کۆمەڵێك دابونەریت و بابەتی دیکەی کولتووریی، کە بەرهەمی کۆمەڵێکی نەریتی و کشتوکاڵین، یان کولتوورێکی میللین. ئەم لایەنە کولتوورییانە وەك سەرەتایەك، یان بنەمایەك بۆ خۆناسین و دروستکردنی هۆشیاریی نەتەوەیی گرنگن، بەڵام نەتەوەیەك ناوانێت، لە سەردەمی ئەمڕۆدا، تەنیا بەم کولتوورە سادەیە بنەمای ئایدۆلۆجیایەکی رزگاریخوازی، یان پرۆژەیەکی نەتەوەیی مۆدێرن، دابرێژێت. ناتوانێت بەم کولتوورە شوێنێکی سەربەخۆ لە ناو کولتووری ناوچەکەدا بۆ خۆی بکاتەوە، یان تەنانەت رەنگە نەتوانێت درێژە بە بوونی خۆی بدات. ناسیۆنالیزمی کورد هێشتا هەوڵی نەداوە پێناسێکی سیاسیی بەو کولتوورە بدات، کە خۆی بەرهەم و نوێنەرییەتی، یان کولتوورێکی نوێی تایبەت بە خۆی دابهێنێت، کە سەرەتای هۆشیارییەکی نوێ و بنەمای کەسایەتیی نەتەوەیی کورد دابرێژێت. لە هەمان کاتدا خەبات بکات تا سنوورێك وەك فەزای شوێن بۆ بیر و ئایدیاکانی خۆی دابین بکات و بە هۆیەوە پێداویستییەکانی بەردەوامبوون و پێشکەوتن و بڵاوبوونەوەی کولتوورەکە دەستەبەر بکات. لە جیاتی ئەوە دەیەوێت بەهۆی کولتوورێکی سادە و میللیەوە، کە وزەیەکی

بەهێزی سیاسی و ئێپستیمی نییە و زیاتر سیمبولێکە، درێژە بە ڕەوایی خۆی بدات، بەم مانایە ناسیۆنالیزمی کورد لە جیاتی ئەوەی مانایەکی نوێی سیاسی و چوارچێوەیەکی سیاسی بە کولتووری کوردی بدات، خۆی بە کولتوورەکەوە هەڵواسیوە. پڕۆژە و خەونەکانی لەو سنوورەدایە کە، وەك نوێنەری کولتوورێکی ژێردەستە و پابەند، لە سایەی نوێنەری کولتوورێکی بیانیی زاڵ و سەرداردا (نوێنەرانی کولتووری سەردەستی تورك، عەرەب و فارس) بوونێکی پەراوێزیی هەبێت. یان وەك چۆن کولتووری کورد، لە پرۆسەی سەدەیەك خۆپاراستندا، وەك کولتوورێکی نمرە دووی پاشکۆ، خۆی لەگەڵ کولتووری سەردەستدا گونجاندووە، ئەمیش، واتا ناسیۆنالیزمی کورد، وەك نوێنەری ئەم کولتوورە ژێردەستە لە جیاتی ئەوەی رزگارکەر بێت، پشتی کردۆتە دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی[28] و دەیەوێت خۆی لەگەڵ نوێنەری سیاسیی کولتووری زاڵدا بگونجێنێت. دیارە ئەم خۆگونجاندنە، لە هەلومەرجی ئەمڕۆی وڵاتە سەردەستەکانی کوردستاندا، کە کەمترین ئاستی دیموکراتی و مافی هاووڵاتیبوون و سەرەتاکانی کۆمەڵی مەدەنییان تێدا دەستەبەر نەکراون، جگە لە پاشکۆیی و مانەوە بە ژێردەستی شتێکی دی نییە. بەڵام ئەمە واقیعێکە ناسیۆنالیزمی کورد دەستەوەستان لە بەردەمیدا وەستاوە. بۆیە هەر هێزێکی ناسیۆنالیستی کورد، لە هەر بەشێکی کوردستاندا، چارەنووسی خۆی لە چوارچێوەی دەوڵەتی نەتەوەی سەردەستدا دەبینێتەوە. دەیەوێت خۆی لەگەڵ پڕۆژەی نوێنەری، یان نوێنەرانی سیاسیی کولتووری زاڵی وڵاتەکە، دەوڵەت یان ئۆپۆزیسیۆن، بگونجێنێت. خۆی لەوان بە نزیکتر دەزانێت تا لە نوێنەری سیاسیی کولتووری کورد لە بەشێکی دیکەی کوردستاندا. دەتوانێت بە کەمترین مەرج لەگەڵ ئەواندا پێك بێت، کەچی ناتوانێت لەگەڵ هێزەکانی دیکەی کورددا هەڵ بکات.

ناسیۆنالیزمی کورد، لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانیەوە تێکشکێندرا، دەستەی یەکەمی ناسیۆنالیستانی کورد لە باکووری کوردستاندا، کە بەشێکی گرنگی دەستەی ڕووناکبیر و ڕۆشنگەرانی ناو ئیمپراتۆریای عوسمانی بوون، یان لەناو بران، یان زیندانی و ئاوارەکران، لەو کاتەوە لەناوبردنی زمان و کولتووری کوردی و ڕێگرتن لە

دروستبوونی نەتەوەی کورد هەر بەردەوام بووە. کار و ئامانجی سەرەکی ناسیۆنالیزمی کورد زیاتر خۆپاراستن و داکۆکی و بەرهەمهێنانەوەی داکۆکی بووە. ئەم پرۆسەیە لە سەرەتای سالانی شەستەکانەوە، لە باشووری کوردستاندا، شێوەی خەباتی چەکداری وەرگرت، ئیدی ناسیۆنالیزمی کورد لە بزاڤێکی مەدەنی و شاری و رووناکبیریی سیاسییەوە، گۆڕدرا بۆ بزاڤێکی چەکداریی خێڵەکی و لادێیی. ناوەند لە شارەوە گوێزرایەوە بۆ شاخ و لادێ، یان شار بە هەموو توانا مەدەنی و کولتووری و رووناکبیرییەکانییەوە، کرایە پاشکۆی لادێ و شاخ. لادێ و شاخیش، کە(پایتەختی)سەرکردایەتیی ناسیۆنالیزم و بزاڤی چەکداریی کورد بوون، بە نۆرەی خۆیان کرانە پاشکۆ و ناوچەیەکی کۆنترۆڵکراوی دەوڵەتێکی داگیرکەر[29]. بەم جۆرە ناوەرۆکی شاری و مەدەنی و رووناکبیرانەی ناسیۆنالیزمی کورد لە بەردەم کولتوور و عەقڵی شاخدا پاشەکشەی کرد.

ناسیۆنالیزمی کورد دابڕاو لە شارستانی و بێ پرۆگرامێکی حکومڕانی و پرۆژەی دامەزراندنی کۆمەڵی مەدەنی مایەوە. ئەمەش لەبەرئەوە نییە کە ولاتی نەبووە تا پرۆگرامی لەم جۆرەی بۆ دابنێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە لەبەرئەوەیە کە قەت چاوی لەوە نەبووە ولاتی هەبێت، تا پرۆژەیەکی نەتەوەیی عەقلانی و دیموکراتی و مۆدێرن، یان پرۆگرامێکی سیاسی، ئابووری و کولتووری دابڕێژێت و بیکاتە بەشێك لە خەون و ئامانجی مرۆڤی کورد، خەبات بکات تا فەزای شوێنی بۆ دابین بکات. ناسیۆنالیزمی کورد هەموو ئەم مەسەلانەی بۆ دەوڵەتی ناوەندی، یان بۆ ئەو رۆژە جێهێشتووە، کە بە رێکەوتن لەگەڵ دەسەلاتی نەتەوەی سەردەست و رەزامەندی ئەو پلانیان بۆ دابندرێت[30].

ناسیۆنالیزم یەکێکە لەو مەسەلە گرنگانەی دوو سەدەیە دنیای بە خۆیەوە سەرقاڵ کردووە. ئەمەش دووپاتی دەکاتەوە کە ناسیۆنالیزم دیاردەیەکی ئۆبجێکتیڤیی مێژووییە، ئەنجامی پێداویستییەکی حەتمییە کە کۆمەڵگا، لە قۆناغێکی تایبەتیی بوون یان پێشکەوتنیدا دەیخوازێت. چونکە دەتوانێت ناوەرۆکێکی سیاسی بە کولتوورێك و مانایەکی نوێ بە بوونی گرووپێکی ئێتنیکی، یان کۆمەڵە خەڵکێك بدات

که چارەنووسێکی هاوبەشی مێژوویی پێکەوە کۆی کردوونەتەوە، هەر بەم مانایە دەتوانێت رۆڵێکی گرنگ لە پێشکەوتنی ژیانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتووریی ئەو کۆمەڵە خەڵکەدا ببینێت. مەسەلەکانی وەك دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی و دروستکردنی نەتەوەی مۆدێرن، یان خۆپاراستن لە دەسەڵات و سەرداربوونی خەڵکانی بیانی، یان یەکلاکردنەوەی کێشەی نێوان نەتەوەیەکی ژێردەست و سەردەست، نێوان کولتوورێکی شۆڤێنیی زاڵ و کولتوورێکی پەلاماردراو  بە قازانجی ئازادیی سیاسی و کولتووری نەتەوەی ژێردەست، سەرەتایەکی گرنگن کە حەتمەن، لە قۆناغێکی مێژوویدا، پێشکەوتنی کۆمەڵ دەیان خوازێت.

بیرکاران، مێژوونووس و کۆمەڵناسان لەسەر ئەوە رێکن کە ناسیۆنالیزم، لە سەرەتاوە، ئەنجام یان بەرهەمی مۆدێرنیزمە. بەڵام ئەم بۆچوونە بەو مانایە نییە کە ناسیۆنالیزم، لە هەر کۆمەڵگایەکدا، تەنیا ئەو کاتە دەردەکەوێت کە پرۆسەی مۆدێرنیزم دەستی پێ کردبێت. ئەزموونی ناسیۆنالیزم تەنانەت لە چەندان وڵاتی ئەوروپادا، چ جای وڵاتانی ئاسیا، ئەمریکای لاتین و ئەفریقادا، سەلماندوویانە کە دەشێت ناسیۆنالیزم، لەبەر چەندان هۆکاری دی، لە کۆمەڵێکدا سەر هەڵبدات بێ ئەوەی سەرەتاکانی مۆدێرنیزم لەوێ دەرکەوتبن، ئێمە لەم باسەدا ئەم جۆرە هۆکارانەی دەرکەوتنی ناسیۆنالیزمان بە مەسەلەی داگیرکردن، کۆلۆنیالیزم، یان مەسەلەی ترسان و کاردانەوە(رەدولفیعل) لە دەسەڵاتی نەتەوەی دراوسێ بەستەوە، بەڵام ئەمە تەنیا لایەنێکی پەیوەندیی نێوان ناسیۆنالیزم و مۆدێرنیزمە. لایەنی دیکەی ئەم پەیوەندییە ئەوەیە کە ناسیۆنالیزم، وەك بیر، ئایدۆلۆجیا و بزاڤی سیاسی، لەبەر هەر هۆکارێك دەربکەوێت، ئەوا حەتمەن رووبەڕووی مۆدێرنیزم و ئەرکەکانی مۆدێرنێتە دەبێتەوە، چونکە بەبێ مۆدێرنکردنی کۆمەڵگا و بڵاوکردنەوەی کولتوورێکی نوێ، ناشێت نەتەوە و کولتوورەکەی، لە ئاستێکی پێشکەوتنەوە بۆ ئاستێکی دی، لە کۆمەڵگا و کولتوورێکی سروشتییەوە بۆ کۆمەڵگا و کولتوورێکی رێکخراو و دیسپلینکراو بگۆڕدرێن. دامودەزگا دەوڵەتییە جۆربەجۆرەکان، وەك بەشێك لە ئۆرگانی دەسەڵاتی نوێ، دەستوور و پرینسیپ و کولتووری نوێی نەتەوە و سیستمی نوێی خوێندن و زمانی

یەکگرتووی نەتەوەیی لە ناو سنووری دەوڵەتدا دەچەسپێنن. گۆڕینی نەتەوەیەك لە نەتەوەیەکی، وەك هێگل دەڵێت، پێش مێژوو بۆ نەتەوەیەك کە شوێنێك لەسەر شانۆی مێژوو بگرێت دەخوازێت کە نەتەوەکە رووەو پرۆسێسی مۆدێرنیزم بڕوات. پێداویستییەکانی پێشکەوتن و گۆڕانی کۆمەڵایەتی، ئابووری و کولتووری دابین بکات. بە کورتی دەکرێت دیالێکتێکی نێوان ناسیۆنالیزم و مۆدێرنیزم بەم جۆرە کورت بکرێتەوە: لە هەر کۆمەڵگایەکدا ئەگەر ناسیۆنالیزم و نەتەوە بەرهەم و مۆدێرنیزم نەبن، ئەوا حەتمەن مۆدێرنیزم خۆی بەرهەم و ئەنجامی ناسیۆنالیزم و پرۆسەی بە نەتەوەبوونە.

بەڵام ناسیۆنالیزم، وەك هەر ئایدۆلۆجیایەکی دی، وەك هەر پرۆگرام ودیاردەیەکی سیاسیی تر، وەك هەر دەسەڵاتێکی دی، ناتوانێك بەهەشتێك بۆ مرۆڤ لەسەر زەوی دروست بکات. ئەزموونی مێژوویی نەتەوەکان سەلماندوویانە کە ناسیۆنالیزم دەشێت یان ناسیۆنالیزمێکی رۆشنگەرانە و عەقلانی بێت، کە بە پێی دەستوور سەرەتاکانی ئازادی و مافی یەکسانبوون بۆ هاوولاتییان دابین بکات، یان ناسیۆنالیزمێکی تۆتالیتاری و میلیتاری بێت کە زەمینەی دیکتاتۆریا و فاشیزم و شەڕ بڕەخسێنێت. بەڵام چەند ناسیۆنالیزم بتوانێت مەسەلەی دروستکردنی نەتەوەی مۆدێرن و دیموکراتی پێکەوە گرێ بدات، هێندە دەتوانێت سەرەتاکانی کۆمەڵی مەدەنی دابمەزرێنێت، ئاسۆی نوێ بە رووی پێشکەوتنی نەتەوە و شوێنی ئەو لە پەیوەندیی ناوچەیی و نێودەوڵەتیدا بکاتەوە. ئەم مەسەلەیەش بە رێکەوت دروست نابێت، یان تەنیا مەسەلەیەکی ئیرادەوی نییە کە حەز و ئیرادەی کۆمەڵە رووناکبیر و سیاسەتمەدارێك دیاری بکەن، بەڵکو پەیوەندییەکی راستەوخۆی بە کۆمەڵە فاکترێکی مێژوویی ناوخۆیی و فشاری دەرەکییەوە هەیە، کە سەرئەنجام شێوە و کاتی دەرکەوتنی ناسیۆنالیزم و چارەنووس و رەوشەکەی دیاری دەکەن.

ناسیۆنالیزمی کورد بە درێژایی سەدەیەك نەیتوانی لە هیچ بەشێکی کوردستاندا بە ئامانجی مێژوویی خۆی، دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی، یان دروستکردنی نەتەوەی کورد، بگات. یان هەر نەبێت، لە چوارچێوەی دەوڵەتی زۆرایەتیی حکومڕاندا،

یەکسانی و بەرابەری بۆ کورد دابین بکات. تێشکانی ناسیۆنالیزمی کورد لەم کارەیدا تووشی قەیرانێکی فیکری، سیاسی، کۆمەلآیەتی و کولتووریی کردووە. ئەم قەیرانەش تەنیا لە پرۆگرام و ڕێباز و ئامانجە سیاسییەکانییدا دەرناکەوێت، بەڵکو لەوەشدا دیارە کە هێزە ناسیۆنالیستەکانی کورد یان وەك هێزێکی پاسیڤ و پەیڕوکار ماونەتەوە، یان توانا و وزەی خۆیان، لە جیاتی دوژمن، ئاراستەی خۆیان کردۆتەوە. ئەگەر ناسیۆنالیزمی کورد بەرهەمی کولتوور و مێژووی کورد بێت، ئەوا ڕەوش و تێشکان و قەیرانەکانی، ڕەنگدانەوەی ئاستی پێگەیشتنی کورد خۆیەتی. کورد لە رووی مێژووییەوە هەمیشە بابەتێکی لاواز و پەرتێن بووە. توانای ئەوەی نەبووە کە وەك زاتێکی پێگەیشتوو لەگەڵ دیاردەکاندا رەفتار بکات و بتوانێت لە شتێك لە خۆیدا ببێتە شتێك بۆ خۆی. بۆیە کاتێك نەیتوانیوە ببێتە شتێك بۆ خۆی، واتا بۆ بوونی خۆی و بۆ ئامانج و بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆی بژی و کار بکات، ئەوا وەك بوونێك لە خۆیدا، یان وەك خودێکی پاسیڤ لە خۆیدا ماوەتەوە، یان کراوەتە بابەت و ئامراز بۆ ئەویدی، بیانی، نەتەوەی تر کە، بە پێچەوانەی کورد، توانیویەتی ببێتە شتێك بۆ خۆی. بە پرۆگرام و ئاین و ئایدۆلۆجیای خۆیەوە هاتۆتە کوردستان، توانیویەتی کورد، کە شتێك بووە لە خۆیدا و نەیتوانیوە ببێتە شتێك بۆ خۆی، بکاتە شتێك، بابەتێك یان ئامرازێك بۆ خۆی(واتا بۆ نەتەوەی دی).

ناسیۆنالیزم نەیتوانی کورد لەم حاڵەتە مێژووییە دەرباز بکات و بیگۆڕێ بە نەتەوەیەك بۆ خۆی. هێشتا کورد وەك شتێك لە خۆیدا بە پاسیڤی بۆ خۆی ماوەتەوە یان سوبێکتێکی لاوازە توانای ئەوەی نییە کە بە جۆرێکی زیندوو و چالاك، لەسەر بنەمای خۆناسین و بەرژەوەندییەکی تایبەت بە خۆی، هەڵسوکەوت لەگەڵ دیاردە سیاسی و کولتوورییەکاندا بکات. کورد هێشتا ناتوانێت ڕووداو و دیاردەکان، کە لە دەرەوە و دەوروپشتەوە دێن، بکاتە بەشێك لە خۆی، واتا بۆ بەرژەوەندیی خۆی بەکاریان بێنێت. سەرئەنجام کورد خۆی دەبێتە بەشێك لەوان، خۆی دەبێتە کێڵگە و ئەزموونگای ئەوان نەك بە پێچەوانەوە.

ناسیۆنالیزمی کورد و ڕەوشی سیاسی و پرۆژە و میّتۆدەکانی کارکردنی ئەو لە ماوەی سەدەیەکدا لێکۆڵینەوەی زۆری زانستییانە و ڕەنگە لەویش گرنگتر لێکۆڵینەوەی ڕەخنەگرانەی گەرەك بێت، چونکە بەستنەوەی هەموو شکست و تراجیدیاکان بە هۆکاری دەرەکی و ستەمی کۆلۆنیالیزم و فشار و پەلاماری ناسیۆنالیزمی نەتەوە سەردەستەکانەوە، کە حەتمەن فاکتەری گرنگن، شتێکی نوێ نییە، دەیان ساڵە عەقڵی تەمبەڵی ناسیۆنالیزمی کورد، کە ناتوانێت ڕووبەڕووی هەقیقەتی خۆی و هەڵە وتێکشکانەکانی خۆی ببێتەوە، ئەم بۆچوونە دووپات دەکاتەوە. هەمیشە، دوای هەر شکست و هەرەس و تراجیدیایەك، دەیەوێت خۆی لە خەتا و بەرپرسیاری دەرباز بکات و هۆکارە دەرەکییەکان بکاتە بنچینە. هەڵبەت مرۆڤ ناتوانێت نکوڵی لە ڕۆڵی فاکتەرە دەرەکییەکان بکات، بەڵام بەرای من بۆ تێگەیشتن لە ڕەوشی ناسیۆنالیزمی کورد و تێشکانەکانی پێویستە، پێش هەر شتێك، بە دوای هۆکار و فاکتەرە ناوخۆییەکاندا بگەڕێین. بە پێچەوانەوە دەشێت هەڵەکان و تێشکانەکان هیچ پەند و ئەزموونێکی نوێ نەبەخشن و بگرە بەردەوام خۆیان بەرهەم بهێننەوە.

## سەرچاوەو پەراوێزەکان


1. øyvind østerud، Vad är nationalism، Översättning: Mon C.Karlsson Universitetsförlag، Stokholm، 1997 s.30

2. هەمان سەرچاوە، لا.29

3. Ernest Gellner، Stat، nation، nationalism،Översättning: Hans Dalén، Nya Doxa، Nora 1997، s.64

4. øyvind østerud، s 17

5. هەمان سەرچاوە، لا18

6. Filosofi Lexikonet، FORUM، Stockholm، 1988 s.560-561

7. Karl R Popper، Det öppna samhället och dess fiender، Del 2، Översättning av Bo Ekström، Akademilitteratur، Stockholm، 1981، s.58

8. øyvind østerud، s.40

9. Reidar Larsson، Politiska ideologier vår tid، studentlitteratur، Lund 1994، s. 152

10. کارل پۆپەر، سەرچاوەی پێشوو لا52

11. کارل پۆپەر، سەرچاوەی پێشـوو لا 71(پۆپــەر پێــی وایــە کــە هــەم مــارکس و هــەم تیۆریستانی راسیزم سوودیان لەم بیرەی هێگل وەرگرتووە.. لە تیۆری راسیستەکاندا رۆح گـۆڕدرا بە رەگەز-یان خوێن، ئەوە خوێنە لەسەر شانۆی جیهان دەردەکەوێت، یان مێـژوو خـەباتی نێـوان رەگەزەکانە. بەڵام لای مارکس نەتەوە گۆڕدراوە بە چین، واتا مێژوو لـە جیـاتی ئـەوەی خـەباتی نێوان نەتەوەکان بێت، خەباتی نێوان چینەکانە)

12. سەرچاوەی پێشوو  لا61، 69

13. øyvind østerud، s. 19-20

14. بۆ زیاتر لەبارەی تیۆری ئەنتۆنی سمیس بڕوانە ئەم سەرچاوانە:
- Antony D.Smith، National Identity. PenguinHarmondesworth، 1991
- Antony D. Smith، The Ethnic Origins of Nations، Oxsford، 1986
- øyvind østerud، Vad är nationalism?

15. سەرچاوەی پێشوو  لا93-95

16. بە پێی ئامارێك، کە لە ساڵی 1790 لە فرەنسادا کراوە، تەنیا دەیەکی(یان لـە دەدا یەکی) هاووڵاتییان بە چاکی بە زمانی فەرەنسی قسەیان کردووە. دواتر لەسـاڵی 1863 هێشـتا زیاتر لە چواریەکی هاووڵاتییانی فرەنسا زمانی فرەنسییان نەزانیوە. بڕوانە
Vad ár nationalism :øyvid østerud

17. بێنێدیکت ئەندێرسۆن پێی وایە کە سەرمایەداریی چاپ بـوو بـەهۆی گـۆڕینی زمانـە لۆکاڵییەکانی ئەوروپا بە زمانی ئەدەبی. ئەمــەش بــە نــۆرەی خـۆی بـوو بـەهۆی دروسـتکردنی هۆشیاریی نەتەوەیی. ئەو دەنووسـێت: پێداویسـتی سـەرمایەی چـاپ و قـازانج وایـان کـرد کـە چاپخانەکان، لە ناوەراستی سەدەی حەڤدەیەمەوە، بە لێشاو کتێبی هەرزان بە زمانی خەڵك چاپ بکەن، کە لە زمانی لاتین نەدەگەیشتن، هەروا بە رای ئەندێرسۆن ئەو کاریگەرییە شۆرشـگێرییەی کەپیتالیزم لە پێشخستنی زمانی خەڵکدا هەیبوو لە سـێ فاکتـەری دەرەکـی دیکەشـەوە هێـزی وەرگرتبوو  کە دوو لـەو فاکتەرانـە راسـتەوخۆ بوونـە هـۆی دەرکـەوتنی هۆشـیاریی نەتـەوەیی: یەکەمیان، کە کەمبایەخترە، ئەو گۆڕانە بوو کە بەسەر خودی سروشتی لاتیندا هات. بە کۆششی

هومانیستەکان ئەدەبیاتی بەربلاوی لاتین، کە پێش سەردەمی مەسیح نووسرابوو سەر لە نوێ زیندوو کرایەوە و لە ڕێگای چاپکردنیانەوە، بەناو رووناکبیرانی ئەوروپادا بلاوکرایەوە، کە بۆچوونێکی نوێیان سەبارەت بەو ئەدەبیاتە لەلا دروست بوو. دووەمیان، کاریگەری ریفۆرم، کە لە هەمان کاتدا، بەهۆی سەرمایەداریی چاپەوە توانی سەرکەوتن بە دەست بێنێت. کاتێك مارتین لۆسەر لە ساڵی 1517دا لە ویتێنبێرگ بزماری تێزەکانی خۆی لە دەرگای کڵێسا چەقاند، تێزەکانی ئەو وەرگێڕدرانە سەر زمانی ئەڵمانی و چاپکران و لە ماوەی پانزە رۆژدا بە هەموو ولاتدا بلاوکرانەوە. لە ماوەی بیست ساڵی دوای ئەوە، وەك ئەنجامی کاریگەری تێکستەکانی لۆسەر، ژمارەی چاپکردنی کتێب بە زمانی ئەڵمانی سێ بەرامبەر زیادی کرد. سێیەمیان، بلاوبوونەوەی بەکاوەخۆی هەندێك زمانی میللی بە ناوچەی جۆربەجۆردا وەك ئامرازێك بۆ سێنترالیزەکردنی دەزگاکانی بەڕێوەبردن، کە دەیانەویست هەیبەتی دەسەلاتی بێ سنووری پاشایەتی پیشان بدەن. بۆ زیاتر بڕوانە :

، Den föreställda gemenskapen (1991) ،Benedict Anderson
1993 s 48-50 ، Göteborg، Daidelos،Översättning: Sven-Erik Torlhell

18. تا سەرەتای ساڵانی چلەکانی سەدەی نۆزدەیەم زمانی لاتین زمانی دەوڵەتی پروسی(نەمسا-هەنگاریی) بوو. شۆڕشی ناسیۆنالیستی، زمانی هەنگاری کردە زمانی رەسمی و خوێندن و نووسین. هەرچەندە چەندان کەمەنەتەوەیی لە هەنگاریا هەبوون، بەلام بڕیاردرا هەر کەسێك لە سنووری دەوڵەتی هەنگاریدا بژی دەبێت بە هەنگاری قسە بکات. شاعیری ناسراوی هەنگاری ساندرۆ پێتۆفی(1823-1849) کە یەکێك بوو لە رابەرانی شۆڕشەکە، کەمەنەتەوەییەکانی هەنگاریا بە(برینێك لە جەستەی نیشتمان) دادەنێت. بڕوانە: بێنێدیکت ئەندێرسۆن، سەرچاوەی پێشوو لا104-105.

19. لە باسێکی دیکەدا ئەم هۆکارانە و هەندێ لایەنی دیکەی ناسیۆنالیزمی فارسی هەروا تورکی و عەرەبی باس کراون. بڕوانە: رەفیق سابیر، ئیمپراتۆریای لم، سوێد 1998.

20. میشیل عفلق، البعث و التراث، دار الحریة، بغداد 1976، ص 100.

21. جەمال نەبەز، بیری نەتەوەیی کوردی نە بیری(قەومیەت)ی رۆژهەلاتی و نە بیری(ناسیۆنالیزمی)ی رۆژئاوایی یە، سوێد 1984 لا 145-155 لەم باسە گرنگەدا دوکتۆر

جەمال نەبەز کۆمەڵێك بەراوردکاری نێوان ناسیۆنالیزمی عەرەب و تورك و فارس دەکات. ناوەرۆکی نادیموکراتی و ناعەلمانی و شۆڤێنیستیی ئەوان روون دەکاتەوە.

* لە شوێنێکی دیکەدا(ئیمپراتۆریای لم) هەندێك لایەنی ناسیۆنالیزمی کورد، لە هەر بەشێکی کوردستان باس کراوە. لێرەدا چەند توانیبێتم، هەولّم داوەخۆم لە دووبارەکردنەوەی ناوەرۆکی باسی پێشوو بپارێزم.

22. T. S. Eliot، Om poesi, Översättning av Per Erik Wah-Iund، Bonniers 1958، s10

23. لە بەشێکی دیکەی ئەم کتێبەدا زیاتر باس لەم مەسەلەیە کراوە. هەروا بۆ زانیاریی زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە : د. عیزەدین مستەفا رەسووڵ، چەند سەرنجێك لەبارەی زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی، بەغدا 1971 .

24. کاتێك باشووری کوردستان بە عێراقەوە لێکێندرا، یەکێك لە مەرجەکانی کۆمەڵەی نەتەوەکان ئەوە بوو کە زمان و کولتووری کوردی لە عێراقدا ئازاد بێت..تاد. بەڵام دەوڵەتی عێراق لە سەرەتاوە کۆسپی جۆربەجۆری لە بەردەم پێشکەوتنی کولتووری کوردی و زمانی کوردی و گۆڕانی بۆ زمانی خوێندن و زانست دروست کرد. ناسیۆنالیستان و رووناکبیرانی عەرەبی عێراقی و ناعێراقی، بەردەوام هانی دەوڵەتی عێراقیان داوە کە رێگە لە پێشکەوتنی زمانی کوردی بگرێت. بۆ نموونە کاتێك لە کۆتایی بیستەکانی رابردوودا رووناکبیران و زمانەوانانی کورد دەستکاری ئەلفوبێی کۆنی کوردییان کرد و هەندێك تیپی بزوێن و تیپی دیکەیان هێنایە ناو نووسینی کوردییەوە، ناسیۆنالیستانی عەرەبی عێراق، لە پێشەوەیان ساطع الحصری، کە بەرپرسی دەزگای خوێندن و پەروەردەی دەوڵەتی عێراق بوو بە توندی دژی ئەمە وەستان. بەهانەکەیان ئەوە بوو کە ئەم کارە مەسی قورئان دەکات. هەروا بیرکارێکی وەك محەمەد عابد ئەلجابری، کە خۆی بە هەڵگری دیسکۆریسکی نوێی عەقلانی و دیموکرات دەزانێت لە دنیای عەرەبدا، لە ساڵانی هەشتاکان و لە مەغریبەوە داوا دەکات کە نابێت رێگەی خوێندن بە زمانی کەمە نەتەوەییەکانی وڵاتانی عەرەب، دیارە لەوانەکوردی، بدرێت. جابری دەنووسێت:(..گرفتی پلۆرالیزمی کولتووری(التعددية الثقافية) بۆ بوونی کەمایەتیی نەتەوەیی لە وڵاتانی عەرەبدا دەگەڕێتەوە... فراوانکردنی ئەڵقەی کولتووری نەتەوەیی عەرەبی، بە جۆرێك کە کولتووری ئەو نەتەوانەشی(الاقوام) لە پاڵدا بێت، چارەسەرێکی نەتەوەیی راستەقینە نییە.. ئێمە لەو باوەڕەداین کە چارەسەرکردنی سروشتیی مێژوویی ئەم گرفتە دەبێت بە ناو بڵاوکردنەوەی

خوێندەواری و بە عەرەبکردنیدا رەت ببێت. زمانی زانست لە ولاّتی عەرەبیدا، لە کەنداوەوە تا ئۆکیانوس، نابێت لە زمانی عەرەبی بەو لاوە هیچ زمانێکی دیکە بێت. چونکە هیچ زمان و دیالێکتێکی دی ناتوانێت ببێتە زمانی زانست و هاوشانی زمانی عەرەبی بێت... پلۆرالیزم لەم بوارەدا خۆی خۆی نەفی دەکاتەوە، زمانی عەرەبی بە تەنیا خۆی دەتوانێت پلۆرالیزم بپارێزێت و لێیشی تێبپەڕێت. لە چوارچێوەی ئەم پاراستنی پلورالیزمە و لە پێناوی تێپەڕاند لێی، دەبێت بەرهەمی کولتووریی نەتەوە خۆجێییەکانی ولاّتی عەرەب(الاقوام ألمحلية) بلاّوبکرێنەوە، بۆ بلاّوکردنەوەیشیان دەبێت بە عەرەببکرێن، لە بەعەرەبکردنیاندا تێپەڕاند هەیە، واتا خاسیەتی(قەومی)یان لەناو دەبرێت، ئەو خاسییەتەی کە بە زۆری لە بوونی کەمایەتییەکاندا، بە شتە نێگتیڤەکانەوە بەستراوەتەوە، واتا گیانی چوونەوە ناوخۆ و خۆقایمکردن لە شوێنی تەنگەبەردا(بڕوانە: الدكتور محمد عابد الجابرى، إشكاليات الفكر العربي المعاصر، مركز دراسات الوحدة العربية، ص3 بيروت 1994 ص41،43.

25. میکانیزمی داکۆکی لەخۆکردن لە بەرامبەر مەترسیی دەرەکیدا، شتێکی ناسراو و زانراوە لەو کولتوورانەدا کە بەر پەلامار کەوتوون یان ژێردەست کراون. محەمەد عابد جابری پێی وایە کە(رابوون(النهضة)ی نوێی عەرەبی لە سەرەتا و بنەڕەتدا لە دایکبووی لێکدانە لەگەڵ هێزێکی بیانی هەڕەشەکەر، کە هێزی رۆژئاوا و مەزنخوازیی سەرمایەداریی کۆلۆنیالییە... رۆژئاوا ئەوسا و تا ئێستا، وەك جابری دەڵێت، دوو رواڵەتی پێکناکۆکی بۆ پرۆژەی رابوونی عەرەب هەڵگرتووە: رواڵەتێك نوێنەری پەلامار و داگیرکردنی کۆلۆنیالی و مۆنۆپۆلی و سەرداربوونە، رواڵەتێکی تر کە نوێنەری مۆدێرنیزم و پێشکەوتنە.. ئەم سروشتە دوو فاقییەی هۆکاری دەرەکی(رۆژئاوا) وای کرد کە هەڵوێستی رابوونی عەرەب لە رابردوو و لە داهاتوو دووفاقانە بێت.. ئەمەش، بە رای جابری، پرۆبلێماتیکێکی لە نێوان رەسانەیەتی و هاوچەرخی(الأصالة والمعاصرة)دا بۆ رابوونی عەرەب و ناسیۆنالیزمی عەرەب دروست کرد. میکانیزمی داکۆکی لەخۆکردن لە بەرامبەر پەلامار یان(غەزو)ی کولتووریی ئەوروپاییدا پاڵی پێوەنان کە بگەڕێنەوە بۆ کولتووریی رەسەنی عەرەب(الرجوع الى الاصول)و خۆیان بە کەلەپوورەوە ببەستنەوە، یان کەلەپووری عەرەب لە بەرامبەر بیر و کولتووری هاوچەرخدا رابگرن.... بڕوانە:
الدكتور محمد عابد الجابري، إشكاليات الفكر العربي المعاصر، مركز دراسات الوحدة العربية، ص3 بيروت 1994 ص26-29، هەروا: الدكتور محمد عابد الجابري، المسألة الثقافية، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، ص 1، تشرين الثاني 1994، ص 72-76 .

26. کارل پۆپەر، سەرچاوەی پێشوو. لا65 .

27. ئیسلام لە ئایدۆلۆجیای ناسیۆنالیزمی کورددا، وەك رەگەزێکی گرنگ شوێنێکی تایبەتی و گەورەی نییە. بە رای من ئەم مەسەلەیە یەکێکە لە جیاوازییە گەورەکانی نێوان ناسیۆنالیزمی کورد و عەرەب، کە گرنگە باسکار و رووناکبیرانی کورد سەرنجی بدەن. هێزە ئیسلامییەکانی کوردستان، کە دوای راپەڕین دەرکەوتن، دیاردەیەکی نوێ و جیاوازن و ناکرێت وەك بەشێك لە ناسیۆنالیزمی کورد سەیر بکرێن، بەڵام ئەوەیش راستە کە ناسیۆنالیزمی کورد قەت دژی ئاینی ئیسلام نەبووە، نەك لەبەرئەوەی دیموکرات بووە، بەڵکو لەبەرئەوەی ئیسلام، وەك ئایدۆلۆجیا و بزاڤی سیاسی نە ئەلتەرناتیڤی ناسیۆنالیزمی کورد و نە رێگری بەردەم پرۆژەکەی بووە. هەروا ئاینی ئیسلام، وەك باوەڕ و کولتوور، ئاینی زۆربەی خەڵکی کورد و بنەمای کولتوور و دابونەریتی کۆمەڵی کوردەوارییە، هەر پرۆژەیەکی ناسیۆنالیستی، یان دیموکرات چەند سێکۆلار(عەلمانی) بێت، پێویستە رێز لەم باوەڕەی خەڵك بگرێت، بێ ئەوەی ئەم رێزگرتنە مانای جێکردنەوەی بیری ئیسلامی سیاسی بێت لە ناو ئەو پرۆژەیەدا.

28. د. جەمال نەبەز باسی کۆمەڵێك لەو هۆکارانە دەکات کە بوونە هۆی ئەوەی رووناکبیران و بزاڤی کورد واز لە دروشمی دەوڵەتی کوردیی ناسیۆنال بهێنن و دروشمەکە بگۆڕن بە(ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان) لەوانە لاوازی هوردە بۆرجوازی کورد و بێ دەسەڵاتیی خۆی بەرامبەر بە داگیرکەرەکانی کوردستان و لاسایی کردنەوەی مارکسیستە عەرەب و تورك و فارسەکان...تاد. بۆ زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە : دوکتۆر جەمال نەبەز، سەرچاوەی پێشوو لا166-167.

29. هەڵسەنگاندنی خەباتی چەکداری، کە نزیکەی چل ساڵە شێوە خەباتی سەرەکیی ناسیۆنالیزمی کوردی بووە، پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زۆر هەیە، چونکە تەواوی رەوشی سیاسی، ئابووری، کولتووری و کۆمەڵایەتیی ئەم چل ساڵەی باشوور بەم بزاڤە چەکدارییەوە بەستراوەتەوە. ئەم بزاڤە چەکدارییە، کە سەرەتا یاخیبوونی کۆمەڵە سەرۆکخێڵێك بوو لە یاسای چارەسەرکردنی کشتوکاڵیی دەوڵەتی عێراق، بە درۆیەکی گەورە(کوردستان یان نەمان) دەستی پێ کرد، بەڵام بە پێچەوانەی تەواوی بزاڤی ناسیۆنالیستی دنیا قەت و تا ئێستا چاوی لە ئازادی کورد و سەربەخۆیی کوردستان نەبووە، دوای چل ساڵ سەپاندنی ئەم شێوە خەباتە، وەك نزیکەی تاکە

شێوەی خەبات هێشتا ئەم مەسەلەیە نەکراوەتە بابەتیی لێکۆڵینەوەی جیدی و زانستی. لێرەدا دەبێ ئاماژە بۆ دوو دەستپێشخەریی گرنگ بکەم:

- بورهان یاسین، چەند سەرنجێ لەبارەی خەباتی چەکداریی جولانەوەی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی باشوور، گۆڤاری یەکگرتن، ژمارە 15 دانمارك 1992 .

- کەمال میراودەلی، لەبارەی خەباتی چەکداری، رۆژنامەی هەنگاو هاوینی 1996 .

30. بۆ نموونە پرۆگرامی هەر کام لە پارتە کوردستانییەکان کۆمەڵێك داخوازیی(نەتەوەیی) لەبارەی خوێندن بە کوردی و زمانی کوردی و چۆنییەتی بەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستان.. تێدا هاتوون. بەڵام ئەم مەسەلانە وەك بەشێك لە پرۆگرامی ئۆتۆنۆمی و داخوازی لە دەسەڵاتی ناوەندی، باسکراون. دیارە جێبەجێکردنیشیان لە بنەڕەتدا بۆ دەوڵەتی ناوەندی، یان بۆ رازیبوونی ئەو جێ هێڵراوە.

# بەشی دووەم

# جیهانگیری
# داهاتووی دەوڵەتی نەتەوەیی و
# پرسی کورد

# جیهانگیری و
# داهاتووی دەوڵەتی نەتەوەیی و پرسی کورد

## سەرەتا

دەوڵەتی نەتەوەیی(یان دەوڵەتی مۆدێرن) دیاردەیەکی نوێیـە و بـە یـەکێك لـە گرنگترین ئەنجامەکانی رۆشنگەری و مۆدێرنێتەی ئەوروپایی دادەنرێت. لـە هـەمان کاتدا بەرهەمێکی راستەوخۆی ناسیۆنالیزمە، کە لە کۆتایی سەدەی هەژدەیەمـدا، وەك سیستمێکی فیکری، کولتووری و دواجار ئایدۆلۆجیای- سیاسی لـە ئـەوروپادا دەرکەوت و بە خێرایی بڵاوبۆوە. بە پێی ناسیۆنالیزم جیهان لە نەتەوەی جۆربـەجۆر پێك هاتووە، هەر نەتەوەیەك بۆ ئەوەی بتوانێـت خـۆی وەك یەکەیـەکی سیاسـی و کولتووری دەربڕێت و شـوێنێك لـە پەیوەندییـە جیهانییەکانـدا بگرێـت پێویسـتە پێناس(ئایدێنتیتی)ی خۆی هەبێت. پێویستە خۆی چارەنووسی سیاسیی خۆی بڕیـار بدات، بەرژەوەندیی خۆی، لە رێگـەی سیاسـەتێکی نەتـەوەیی سـەربەخۆوە، دابـین بکات. دابینکردنی ئەم سیاسەتەیش بە بێ کۆنترۆڵکردنی ئەو خاکـەی نەتەوەکـەی تێدا دەژیت، واتا بە بێ بـوونی دەوڵـەتی نەتـەوەیی ناکرێـت. بۆیـە دامەزرانـدنی دەوڵەتی نەتەوەیی بوو بە ئامانجی هەر بزاڤێکی ناسیۆنالیستی.

دەوڵەتی نەتەوەیی(دەوڵەتی مۆدێرن) شێوەیەکی نوێی حکومڕانی بوو کە لەسەر بنچینەی پێکەوەهەڵکردنی نەتەوەیی و مافی هاوولاتیبوون دامەزرێندرا و بـوو بـە دەربڕی ئیرادەی گەل یان نەتەوە، ئەم ئیرادە نەتەوەییەیش لـە کۆمەڵـە دەزگایـەکی سیاسی، حقووقی و کولتووریدا بەرجەستە بـوو. ئەمـەیش کۆتـایی بـە دەسـەڵاتی پاشاکان و چینی ئەریستۆکراتی کۆمەڵ و کڵێسا، کە تا ئـەو کاتـە تاکـە بڕیـاردەر بوون، هێنا. لە لایـەکی دیکـەوە دەوڵـەتی نەتـەوەیی، وەك پێکەوەهـەڵکردنێکی نەتەوەیی، رەوایی و پێناسی خۆی پـێش هـەر شـتێك لـە کولتـووری نەتەوەییـەوە

وەرگـرت، بـەو پێیـەی ئـەم کولتـووره لـە رەوشـی مێـژوویی خۆیـدا زەمینـەی پێکەوەهەڵکردن و پێکەوە ژیانی هاوبەشی ئامادەکردووە، لای خـەڵکانی سـەر بـە کولتوورەکە تەسەورێکی هاوبەشی لەبارەی ژیان و دەوروبـەر و دیاردەکـان دروسـت کردووە. ناسیۆنالیزم لە هەر وڵاتێکدا مانا و ناوەرۆکێکی سیاسـی بـە کولتوورێـك بەخشی کە خۆی بەرهەم و نوێنەری بوو. کولتوور، بـە تایبـەتی زمـان کـران. بـەو فاکتەرە گرنگەی کە بە هۆیەوە گەلانی ئەوروپا، بە وانەیشەوە کە سەدان سـاڵ بـوو لەناو دەوڵەتێکی فرە نەتەوەییدا دەژیان، هەوڵ بدەن پێناسینێکی نوێی خۆیان بکەن و خۆیان لە ئەویدی جیابکەنەوە. هەر کۆمەڵە خەڵکێك بە پشتبەستن بە کولتـوور و زمـانی هاوبەشـیان، تەسـەورێکی هاوبـەش لـەبارەی خۆیـان دروسـت بکـەن و خەتێك(سنوورێك) بە نێوان خۆیان و خەڵکانی دیکەی سەر بـە زمـان و کولتـووری دیکەدا بکێشن، تەنانەت بە زەبری هێز و شەڕ ئەم خەتە(سنوورە) تـا ئـەو شـوێنە درێژ و فراوان بکەن کە هاوکولتوور و هاوزمانانی خۆیـانی لێ دەژیـن. بـەم جـۆرە شەڕی کولتوور و نەتەوەکان بوونە دیارترین شەڕی ئەوروپا. ئەم پرۆسیسـە چـەندان جار نەخشەی سیاسیی ئەوروپای گۆڕی. راستییەکەی مێژووی سیاسیی ئەوروپا، لە کۆتایی سەدەی هەژدەیەمەوە تا سەرەتای سەدەی بیستەم، پێش هەر شتێك مێژووی شەڕی ناسیۆنالیزم و دەوڵەتە نەتەوەییەکانە، ئەم شەڕانە لە کاتی شـەڕی یەکـەمی جیهانییدا، گەیشتنە لوتکە و هەموو دنیای گرتەوە.

ناسیۆنالیزم و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی لە دەرەوەی ئـەوروپایش، لەگـەڵ تایبەتمەندییەکانیدا، مێژوویەکی خوێناوی و پڕ لە شەڕی هەیە. بەشێك لەم شـەڕانە شەڕی رزگاریخوازی و دژی کۆلۆنیالیزم و داگیرکەری ئەوروپایی یان ناوچـەیی بـووە، بەشـەکەی دیکـەیان، کـە سـەختتر و خوێنـاویتر بـوون، شـەڕی نێـوان دەوڵەتـە ناسـیۆنالەکان بـووە. نزیکـەی هـەموو ئـەم شـەڕە دەوڵەتییانـەیش، هۆکـار و مۆتیڤەکانیان هەر چییەك بووبێت، بە ناوی داکۆکی لە سەرداریی نەتەوەیی(السیادە الوگنیە) و پارێزگاریی ئاسایشی نەتەوەییەوە کراون، ئەم ئەرکانەیش، تەنانـەت لـە دیدی پەیوەندیی سیاسیی ناوچەیی و نێونەتەوەییشەوە، بە گرنگترین ئەرکی دەوڵەتی

نەتەوەیی زانراون. هەر دەوڵەتێك نەیتوانیبێت، ئاسایش و سەرداریی نەتەوەیی خۆی بپارێزێت و سنوورەکانی، لە بەرامبەر هەر دزەکردنێکدا، کۆنترۆڵ بکات رەوایی بوونی خۆی خستۆتە ژێر پرسیارەوە. بۆیە بە پێی رێسا و دەستووری نەتەوە یەکگرتووەکانیش، هەر کارێکی دەوڵەتی نەتەوەیی کە بەناوی پارێزگاریی سەرداریی نەتەوەیی و ئاسایشی خۆی بوویێت، لە کوشتاری بە کۆمەڵی هاوولاتییانەوە تا هەڵگیرساندنی شەڕ لەگەڵ ولاتێکی دراوسێدا، چاوپۆشی لێکراوە، یان بەبێ سزا تێپەڕیوە.

بەڵام لە سەردەمی جیهانگیری(یان بە جیهانیبوون)دا، کە هەموو سنوورەکان و جیۆگرافیاکان کراوەن یان دەبێت بکرێنەوە، ولاتان و کۆمەڵەکان لە رێگای تۆڕێکی پەیوەندیی بەربڵاوی ئابووری، ئاگاداری(ئینفۆرماسیۆن)و تەکنەلۆجییەوە پێکەوە بەستراون، دەوڵەتان دەتوانن چ سنوورێکی پۆڵایین بۆ ولات و کام سەرداریی نەتەوەیی(لەناو ئەم سنوورانەدا) بۆ نەتەوە دابین بکەن؟ چۆن دەتوانن رەوشی ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووریی کۆمەڵەکانیان کۆنترۆڵ بکەن لە سەردەمێکدا کە تەواوی جیهان بە رووی لافاوی سەرمایە و ئاگاداری و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا ئاوەڵا بووە؟

ئەم دیاردانە، بە دڵنیاییەوە کۆمەڵێك عاقیبەتی سیاسی و کۆمەڵایەتیی گەورەیان لێ دەکەوێتەوە، یەکێك لەوانە ئەوەیە کە سنووری پۆڵایینی ولاتە داخراوەکان درزی بەرینیان تێ دەکەوێت و بەرەو نەمان دەچن. کۆمەڵە داخراوەکان ناچاری کرانەوە دەکرێن و ئەوەی لەو کۆمەڵانەدا روودەدەن هەموو دنیا دەیان بینێت. ئەوەی لەو ولاتانەدا بە ئەنجام دەگەیەندرێن چیدی وەك مەسەلەی ناوخۆیی و تایبەت بەو ولاتانە دانادرێن، چونکە عاقیبەتەکانیان کار لە ولاتانی دیکە و نەزمی سیاسی و ئابووریی جیهان دەکەن. لەمەودوا ئاسان نابێت و رەنگە نەتواندرێت پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، ستەمی نەتەوەیی و ئاینی- مەزهەبی و لەناوبردنی فیزیکی و کولتووریی کەمایەتی چاوپۆشییان لێ بکرێن، یان بەناوی گوایا پاراستنی ئاسایش و سەرداریی نەتەوەییەوە پاسا و بدرێن. بە جیهانیکردنی

هەموو وڵاتان و کۆمەڵەکان، لە هەمان کاتدا بە جیهانیکردنی پرس و مەسەلە ناوخۆییەکانی هەر وڵات و کۆمەڵێکیش دەبێت.

## 1

پرۆسێسی جیهانگیری وەك دیاردەیەکی نوێی ئابووری، تەکنەلۆجی، سیاسی و کولتووری، هەموو جیهان لە بەردەم دەروازەی سەردەمێکی نوێی مێژووی مرۆڤایەتیدا راگرتووە. ئەمە پرۆسێسێکی بەربلاو و فرەلایەنە، سەرەڕای مەسەلە تەکنەلۆجی و ئابوورییەکان، تێکڕای پەیوەندییە کۆمەڵایەتی، سیاسی و کولتوورییەکانیش دەگرێتەوە و کاریگەری خۆی، بە رادەی جۆراوجۆر، لەسەر نەتەوەکان و هەموو دنیا دادەنێت. جیهان بە پێی میکانیزمێکی نوێ، کە لە سەرووی دەسەڵاتی دەوڵەتی نەتەوەیی و دەزگا و ئۆرگانەکانیەوەیە، دەکاتە مەیدانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری و بڵاوکردنەوەی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری. ئەم دیاردەیە تەواوی وڵاتان و ئابووری جیهان، لە رێگای تۆڕی پەیوەندییەکانەوە، یان بەهۆی سیستمێکی پەیوەندیی بەربڵاوی ئابووری، تەکنەلۆجی و ئاگاداری و زانیارییەوە پێکەوە دەبەستێتەوە، بزاوت و رەوشەکەیان ملکەچی ناوەندێك دەکات و رووەو ئاستێك ئاراستەیان دەکات. بۆیە جیهانگیری مەسەلەیەك نییە کە وڵاتان دەرفەتی لەگەڵ نەبوون یان بەرگری کردنیان هەبێت، رەنگە تاکە دەرفەتێك بۆ هەر وڵاتێك ئەوە بێت کە چۆن بتوانێت لەگەڵیدا بگونجێیت و سودی لێ وەربگرێت، یان بە کەمترین زیان و هەندێك دەستکەوتەوە تێکەڵی ببێت. جیهانگیری بۆ هەمووان، وەك زیگمونت وایزمان دەڵێت،(چارەنووسی کۆنترۆڵ نەکراوی جیهان و پرۆسێسێکی حەتمیی دەگەیەنێت، پرۆسێسێك کە هەمومان بە هەمان شێوە و ئەندازە دەگرێتەوە. ئێمە هەموومان بەرەو(جیهانگیری) بەرێوەین[1]

جیهانگیری لە کاتێکدا جیهان بەهۆی تۆڕێکی بەربڵاوی پەیوەندییەوە پێکەوە دەبەستێتەوە، لە هەمان کاتدا رەوتێکی جیهانی بە مەسەلە ناوخۆییەکان و سروشتێکی باننەتەوەیی بە دیاردە نەتەوەییەکان دەدات. بۆیە دەرفەتی زۆر بۆ گۆشەگیری و خۆدابڕانی دەوڵەتان ناهێڵێتەوە. لە جیاتییان مەسەلەی هاریکاری و هاوپەیوەستیی وڵاتان و دەوڵەتان، دەکاتە پێداویستییەکی گرنگ. لە رەوشی بەردەوامبوونیدا کۆمەڵێك رێسا و دەستوور و یاسای جیهانی، یان پرۆتۆکۆلێکی جیهانیی ئەوتۆ دەسەپێنێت کە رێگا بۆ بڵاوبوونەوەی تۆڕی پەیوەندییەکان و بزاوتی کۆنترۆڵنەکراوی سەرمایە و ئازادیی بڵاوبوونەوەی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری خۆش بکەن. لە هەمان کاتدا چەپەرە ناوخۆیی و ناوچەییەکانی بەردەم ئەم دیاردانە لاواز و تەخت دەکەن، ئەم دۆخە نوێیە لە رووی سیاسییەوە مەسەلەی کۆمەڵی کراوە، واتا کۆمەڵی ئازاد و دیموکرات دەکاتە یەکێك لە پێداویستییە گرنگەکانی جیهانگیری. بە واتایەکی دی پرۆسێسی جیهانگیری لە کاتێکدا دەخوازێت لە بواری ئابووری، تەکنەلۆجی و ئاگاداریدا تەواوی دنیا پێکەوە گرێ بدات و بەرەو ئاقارێکیان بەرێت، ئەوا لە بواری سیاسیشدا گۆڕانکاری دروست دەکات. لە هەر وڵاتێکدا شێوە سیستمێکی گونجاوی حکومڕانی دەسەپێنێت، کە رێگا بۆ ئەم پرۆسێسە خۆش بکات و لەگەڵ رەوشی سیاسیی جیهان(یان سیاسەتی جیهانی) ناکۆك نەبێت.

لە جیهانێکدا کە سەرمایە بە شوێن و ناوچەیەکی دیاریکراوەوە نەبەستراوەتەوە و هەموو شوێن و جیۆگرافیاکان لە بەردەم بزاوتی سەرمایە و شەپۆلی ئاگاداری(ئینفۆرماسیۆن) و تۆڕی پەیوەندییەکاندا کراوەن، دەوڵەتی نەتەوەیی چی دی ناتوانێت شەپۆلی بەربڵاوی دراو و سەرمایە، سەرچاوەکانی ئاگاداری و زانیاری، کە لە شوێن و کەناڵی جۆراوجۆر و بەرەو ناوچە و کەناڵی جۆراوجۆر بەڕێوەن، کۆنترۆڵ بکات. لەسەر شانۆی ناوخۆی سیاسی و ئابووریی هەر وڵاتێك دەسەڵاتێکی باننەتەوەیی نەبینراو کۆمەڵە ئەکتەرێکی دەرەکی دەردەکەون، کە پێناسی نەتەوەیی و شوێنێکی جیۆگرافیایی دیاریکراویان نییە کەچی لە هەر شوێنێکدا هەن. ئەوان

چاودێری دەسەڵات و میکانیزمەکانی دەکەن، بێ ئەوەی چاویان لەوە بێت کە ببنە ئەلتەرناتیڤ(بەدیل)ی دەسەڵاتە ناوخۆییەکە، ئەم ئەکتەرە نوێیانە(بۆ نموونە کۆمەڵە کۆمپانیایەکی گەورەی جیهانی کە سەرمایەکەیان لە سەرمایەی چەندان دەوڵەت زیاترە، سندوقی بانکی جیهانی، رێکخراوە نادەوڵەتییەکان، رێکخراوە ناوچەییە/جیهانییەکانی کۆمەڵی مەدەنی، رێکخراوە جیهانییەکانی مافی مرۆڤ و ژینگە و ژنان و منداڵان.... تاد) راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ تەئسیر لەسەر رەوشی ناوخۆیی سیاسی، ئابووری و کولتووریی هەر وڵاتێك دادەنێن و بەرەو ئاقارێکی جیهانی ئاراستەیان دەکەن.

پرۆسێسی جیهانگیری سەرەتای کۆمەڵێکی نوێی دروستکردووە، کە مانۆئیل کاستێلس بە کۆمەڵی تۆڕی پەیوەندییەکان

(Network Society) ناوی دەبات[2]. لەم کۆمەڵە نوێیەدا جۆرێکی نوێی رێکخستن و هاوپەیوەستیی دەوڵەتان و دامودەزگا باننەتەوەیی و نێونەتەوەییەکان، لە رێگای تۆڕی پەیوەندییەکانەوە دروست بووە، دەوڵەتە نەتەوەییەکان بە نۆرەی خۆیان تێکەڵ بە تۆڕی پەیوەندییەکان دەبن و پەیوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ یەکتری و جیهاندا، بە جۆرێکی دی، دادەرێژنەوە. دەشێت هەرچەند دەوڵەتێك پێکەوە لەسەر بنچینەی بوار(کایە)ی کولتووری، یان شوێنی جیۆگرافیایی و هاوبەرژەوەندی..تاد یەکێتییەك یان کۆمەڵەیەکی هاوبەشی ناوچەیی دابمەزرێنن و پێکەوە بە پرۆژەی تایبەت بە خۆیانەوە بەشداریی جیهانگیری و رووداوەکانی جیهان بکەن. لێرەدا سنووری وڵاتان بە رووی یەکتریدا دەکرێنەوە، ناوەرۆکی سەرداریی نەتەوەیی دەگۆڕدرێت، تەنانەت ئینتیمای نەتەوەیی مانایەکی فراوانتر بەخۆی دەگرێت، ئینتیما بۆ جیهانێك کە نەتەوە وڵاتان پێویستییان بە یەکتری هەیە، ئینتیما بۆ کایەیەکی کولتووری(کە کۆمەڵە کولتوورێکی لێکچوو کۆدەکاتەوە) دەبنە تەواوکەری ئینتیمای نەتەوەیی. بە واتایەکی دی پێکەوەهەڵکردنی خەڵکەکان تەنیا لەسەر بنەمای هاوکولتووری و هاوزمانی نابێت، بەڵکو لە هەمان کاتدا لەسەر بنەمای نزیکی جیۆگرافیایی و لێکچوونی کولتووری و فاکتەری دیکەیش دەبێت.

یەکێتیی وڵاتانی ئەوروپا، وەك شێوە مۆدێلێکی هاریکاری و هاوپەیوەستیی کۆمەڵە وڵاتێـك، کـە گەیشـتۆتە ئاسـتی نـەمانی کـۆنترۆڵی سـنوور و یەکخسـتنی دراو ئەزموونێکی گرنگە بۆ وڵاتانی دی. دەشێت لە داهاتوودا شێوە مۆدێلی لەم جۆرە، لە هەندێك ناوچەی دیکەی جیهان دەربکەون. یەکێتیی ئەوروپا مانایەکی نوێی بـە ئینتیمای نەتەوەیی هەر یەکێك لە وڵاتە ئەندامـەکانی داوە. سـنوور و سـەرداریی نەتـەوەیی هـەر وڵاتێـك، بـە مانـا باوەکـەی نـەماوە و گـۆڕدراوە بـە سـنوور و سەرداریيەکی بەکۆمەڵ، کە پەیوەندیی بە کیشوەرێکەوە هەیە. دەسەڵاتی دەزگـا و ئۆرگانە دیموکراتە ناوخۆییەکانی هەر وڵاتێکیان بەرە بەرە دەگوازرێنەوە بۆ دەزگـا و ئۆرگانەکانی یەکێتیی ئەوروپا، واتا بۆ هەنـدێك ئەکتـەری نـوێی باننەتـەوەیی کـە دەسەڵاتی خۆیان لەو کۆمەڵانەدا پەیداکردووە. گـەلێك بڕیـاری سیاسـیی گـرنگ و یاسای نوێ، لە دەرەوەی پەرلەمانی ناوخۆیی یان هەندێك جار بە دوور لـە ویسـتی دەسەڵاتی ناوخۆیی ئەم یان ئەو وڵاتی ئەندام وەردەگیرێن.

پرۆسێسی جیهانگیری لە کاتێکدا شوێن، هەر شوێنێك و هەموو شوێنێك، لـە رووی تۆڕی پەیوەندییەکان و تەوژمەکانی خۆیدا دەکاتەوە، ئەوا دەسەڵاتی دەوڵەتی نەتەوەیی بەسەر شوێندا، کە گرنگترین جیۆگرافیای بەرجەستەبوونی دەوڵەتە، لاواز دەکات. شوێن ملکەچی دەسەڵاتێکی باننەتـەوەیی دەکـات. ئەمـەیش گـۆڕانێکی گەورە لە ستروکتووری دەسـەڵات و وەزیفـەکانی دەوڵـەت و نـاوەڕۆکی سـەرداریی نەتەوەیی پێك دێنێت. چونکە دەوڵەت پێش هەر شتێك دیاردەیەکی تێریتۆریالییە، واتـا دەسـەڵاتێکە لـە شـوێندا و لـە نـاو جیۆگرافیـا و سـنوورێکی دیـاریکراودا کاردەکات، بە پشتئەستووربوون بە زەوتکردنی فەزای شوێن و دامەزرانـدنی دەزگـا جۆربەجۆرەکانی دەسەڵات و کۆنترۆڵکردنی سیستمی یاسایی، ئابووری-کۆمەڵایەتی و کولتووریی تیایدا، بەهانەی بوون و رەوایی بەردەوامبوونی خۆی، وەك یەکەیـەکی سیاسیی سەربەخۆ، دەسەلمێنێت. بەپێی یاساکانی خـۆی بـەکارهێنانی زەبـروزەنگ لەگەڵ هاووڵاتییانیدا بـە رەوا دەزانێـت، یـان بـە بەهانـەی پاراسـتنی ئاسـایش و

سەرداریی نەتەوەییەوە شەڕ لەگەڵ دراوسێکانیدا هەڵدەگیرسێنێت و ئاشتی رادەگەیەنێت.

دیارە ئەم گۆڕانکارییە بەو مانایە نییە کە دەوڵەتی نەتەوەیی ناتوانێت بەردەوام بێت، یان لەناو دەچێت. راستە دەوڵەتی نەتەوەیی وەك جاران تاکە ناوەندی هەموو جۆرە دەسەڵاتێك نابێت، بەڵکو دەسەڵاتەکان بە جۆرێکی دیکە لە نێوان دەوڵەت و کۆمەڵە ئەکتەرێکی نوێی جیهانی و ناوخۆییدا دابەش دەکرێنەوە. دەوڵەت توانای کۆنترۆڵی نامێنێت و بەشێك لە دەسەڵات و ئەرکە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی خۆی لەدەست دەدات، بەڵام لەناو ناچێت. ئەوەی لێرەدا لەناو دەچێت سەرداریی نەتەوەییە، بەو مانایەی تا ئێستا لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا ناسراو و دانپێدانراو بووە.

لەگەڵ نەمان یان لاوازبوونی سەرداریی نەتەوەییدا، دەسەڵاتی دەوڵەتی نەتەوەیی، لە هەموو وڵاتانی دنیادا، بەرەو لاوازی و ناناوەندیبوون(دی سێنترالیزەسیۆن) دەچێت و سیستمی فرەناوەندیی دەسەڵات جێگایان دەگرێتەوە. رۆڵاند ئاکستمان دەنووسێت: بە سێنترالکردن و پێکهێنانی هەرەمییانەی دەسەڵات لە سیستێمی جیهانیدا، کە لە رێگای دەوڵەتان و کۆمەکی ئەوانەوە بووە، بە ئاشکرا دەگۆڕدرێن بۆ پلورالیزمی دەسەڵات لە نێوان ئەکتەرە سیاسی، ئابووری، کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان، گرووپەکان و پێکەوەهەڵکردنی دەوڵەتان، لە نێوان دەوڵەت و ئەو لایەنانەی بە سنووری دەوڵەتێکەوە بەند نین. ئێمە بەرەو جیهانێکی پلورال دەچین کە تیایدا دەسەڵات ناڕوون و ناناوەندی دەبێت، جیهانێك کە بە ژمارەی زۆری ناوەندی دەسەڵات و تۆڕی چڕی پەیوەندییەکانی دەسەڵات تایبەتمەند دەبێت[3].

شانۆی سیاسەتی نێونەتەوەیی تا ئێستا لە لایەن دەوڵەتانی نەتەوەیی جۆراوجۆرەوە بەڕێوە چووە، یان بە تەواوی لە ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتە نەتەوەییەکاندا بووە، بەڵام لەمەودوا دەوڵەتان بە تەنیا ناتوانن شانۆی سیاسەتیی نێودەوڵەتی مۆنۆپۆل و کۆنترۆل بکەن. ئێستا قۆناغی سیاسەتی دوای نێونەتەوەیی Post International دەستی پێکردووە.

دەبێ دەوڵەتە نەتەوەییەکان، وەك جەیمس رۆسێناو دەڵێت: شانۆکە و دەسەڵات لەگەڵ رێکخراوە نادەوڵەتی و نێونەتەوەییەکان و دامودەزگا و بزاڤە کۆمەڵایەتی و سیاسییە باننەتەوەییەکان دابەش بکەن.[4].

سەردەمی نەتەوەیی، بە پێی رۆسێناو بە سەردەمی دوای نەتەوەیی(پۆست ناسیۆنالیزم) دەگۆڕدرێت. ئەمەیش بەشێکی بەهۆی گۆڕانی دۆخی ئەم سیستەمە نێونەتەوەییەوە دەبێت. بەشێکی دیکەی لەوەوە دێت کە ستروکتووری دەسەڵاتی مۆنۆپۆلکراوی دەوڵەتی نەتەوەیی گۆڕدراوە و زیاتریش دەگۆڕدرێت بۆ فرە ناوەندیی دەسەڵات، کە تیایدا کۆمەڵە لایەنێکی باننەتەوەیی لەگەڵ دەوڵەتی نەتەوەیی مونافەسە دەکەن یان هاریکار دەبن. هیچ کام لەم لایەن و ئەکتەرانەیش بە تەنیا ناتوانێت تاکە بڕیاردەر بێت.

ئەم گۆڕانکارییە گەورانە، کە لە سەرووی دەسەڵات و کۆنترۆڵی هەر دەوڵەتێکەوەن، چاوەڕوان دەکرێت درەنگ یان زوو هەموو وڵاتان و کۆمەڵەکان بگرنەوە. ئەمەیش بە رادەی جۆراوجۆر ترس و نیگەرانی لە هەموو جیهاندا دروست کردووە، ترس لە داهاتوو نیگەرانی بەرامبەر لاوازبوونی دەسەڵات و لەدەستدانی سەرداریی نەتەوەیی، ترس لە چارەنووس و داهاتووی دەوڵەتی نەتەوەیی، کە هێشتا لای زۆربەی خەڵکی دنیا وەك پارێزەری ئارامیی کۆمەڵایەتی و ئاسایش و سەرداریی نەتەوەیی و گەرەنتیی پاراستنی کولتوور و بەرژەوەندیی کۆمەڵ و تاکەکەس دادەندرێت. ترس لە دەسەڵاتی کۆنترۆڵ نەکراوی کۆمەڵە کۆمپانیایەکی جیهانی کە دەخوازن بە پێی مەرج و بەرژەوەندییەکانی خۆیان، جیهان بکەنە مەیدانی چالاکی خۆیان، ترس لە سەرمایەداری کە وەك سیستمێکی ئابووری بە پێی لۆجیکی قازانج و بازاڕ کاردەکات و ئەگەر کۆنترۆڵ نەکرێت دەشێت هەموو شتێك بخاتە ژێر دەسەڵاتی بازاڕ یان ئایدۆلۆجیای ئوسولییەتی بازاڕ، وەك جۆرج سۆرۆن ناوی دەبات، کە دەخوازێت خۆی بخزێنێتە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵەوە و خۆی رابەرایەتییان بکات و یەك شێوە ژیان لە جیهاندا بسەپێنێت. دیارە ئەمەیش(ئەگەر سەربگرێت) ستەمی کۆمەڵایەتی و ناعەدالەتی لە جیهاندا و رووتاندنەوەی وڵاتانی دەرەوەی

ڕۆژئاوا زیاتر دەكات، كیشوەر و ناوچە و وڵاتە هەژارەكان، كە لەژێر باری قەرزاری و هەژاریدا دەناڵێنن، هەژارتر و وڵاتە دەوڵەمەندەكان دەوڵەمەندتر دەبن. سەرئەنجام جیهانێك دروست دەبێت كە تەنیا بەهێزەكان بتوانن تیایدا بژین.

ئەگەرچی بەشێكی زۆری ئەم ترس و نیگەرانییە بەرامبەر جیهانگیری لە وڵاتانی ڕۆژهەڵات و باشوورەوە دێت، بەڵام لە ڕۆژئاوای ئەوروپایش، كە ئەكتەرێكی چالاكی پرۆسێسی جیهانگیرییە، ترس و نیگەرانییەكی زۆر سەبارەت بە چارەنووسی جیهان بە گشتی و چارەنووسی كۆمەڵی ڕۆژئاوا بە تایبەتی هەیە. بەشێك لە ڕووناكبیرانی ئەوروپا پێیان وایە كەبە جیهانیبوون. بەم ڕەوش و ناوەرۆكەی تا ئێستا دیارن، وڵاتە هەژارەكانی دنیا هەژارتر دەكات. ئەگەر بەم جۆرەی ئێستای بەردەوام بێت، دەشێت هەڕەشە لە سیستمی دیموكراتی ڕۆژئاوا و ئۆرگان و دەزگاكانی بكات، چونكە هێشتا ڕوون نییە، كە لە ئەنجامی ئەو گۆڕانكارییە گەورانەدا، چارەنووسی دیموكراتیی ئەو وڵاتانە بە كوێ دەگات و لە داهاتوودا چ جۆرە ناوەڕۆك و فۆرمێك بە خۆی دەگرێت. دەسەڵاتی دەزگا و ئۆرگانە هەڵبژێردراوەكانی ئەو وڵاتانە، كە دەگوازرێنەوە بۆ دەزگا و ئۆرگانە باننەتەوەییەكان، چییان بەسەر دێت. هەروا ترسی ئەوە هەیە كە جیهانگیری ئەو سیستەمە سیاسییە-كۆمەڵایەتییەی بەناوی كۆمەڵی خۆشگوزەرانی(ڕەفاه) دامەزرێندراوە بخاتە بەر هەڕەشە، چونكە لە كاتێكدا دەسەڵاتی ئابووری و كۆنترۆڵی ڕەوش و پێشكەوتنی ئابووری لە دەستی دەوڵەتی نەتەوەیی دەردەهێندرێت كەچی مەسەلە كۆمەڵایەتییە ناوخۆییەكانی وەك بێكاری، هەژاری، گرفتی ژینگە و ڕەوی پەنابەران...تاد بۆ دەوڵەتی نەتەوەیی بەجێ دەهێڵدرێن كە دەشێت نەتوانێت، بەو دەسەڵات و دەرەتانەی بۆی دەمێنێتەوە، دەرەقەتیان بێت. ئەمەیش، بە نۆرەی خۆی، پەیوەندیی نێوان جیهانگیری و مەسەلەی دیموكراتی و عەدالەتی كۆمەڵایەتی، یان پێدانی ناوەرۆكێكی عەدالەتخوازانە و ئینسانییانە بە پرۆسێسی جیهانگیری، دێنێتەگۆڕێ.

ئاشكرایە تا ئێستا جیهانگیری زیاتر لە بواری تەكنەلۆجی، ئابووری، زانیاری و ئاگادارییەوە جیهانی پێكەوە گرێ داوە، كەچی كۆمەڵی جیهان لە ڕووی پێشكەوتنی

ئابووری و سیاسییەوە هێشتا جیاواز و لێکدابڕاوە. دەزگا و ئۆرگانە جیهانییەکان ئەو توانایەیان پەیدا نەکردووە کە پێش لە شەڕ و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ بگرن، بازاڕی دراوی جیهانی و سەرمایەی جیهانی هێشتا، تا رادەیەکی زۆر، لە دەرەوەی کۆنترۆڵی دەزگا دەوڵەتی و نێودەوڵەتییەکانن. جیهان لە رووی سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەوە هێشتا لێك دابڕاوە، پڕە لە ستەم و ناعەدالەتی، پڕە لە شەڕ و ناکۆکی. هێشتا ترسان لە ئەویدی، یان هەوڵدانی کۆنترۆڵکردن و رووتاندنەوەی ئەویدی، کە سەر بە کولتوور و ئاینی جیاوازە، سیمایەکی زەقی دنیای ئێمەیە، بۆیە خەبات دژی هەژاری و نایەکسانیی نێوان وڵاتانی باکووری دەوڵەمەند و باشووری هەژار، مەسەلەکانی مافی مرۆڤ، ئازادیی کولتوور و نەتەوەکان مەودایەکی جیهانییان وەرگرتووە.

## 2

یەکێك لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی دنیای سەردەمی جیهانگیری ئەوەیە کە جیهانی ئیمڕۆ، بە پێچەوانەی پانزە ساڵێك لەمەوبەر، جیهانێکی دوو قوتبی نییە کە بە پێی ئایدۆلۆجیایەکی بانەتەوەیی بۆ دوو بلۆکی دەسەڵات، دوو سیستمی سیاسی و عەسکەری دابەش کرابێت، بەڵکو جیهانێکە کە دەوڵەتان، لەناو سیستمێکی نوێی جیهانیدا، ناچاری هاوپەیوەستی و هاریکاریی یەکترین. نەمانی ئەو بلۆکبەندییە، بلۆکی رۆژئاوا و رۆژهەڵات، کە دنیای بە شەڕێکەوە(شەڕی سارد) سەرقاڵ کردبوو بەهانەی بەردەوامبوونی ئەو ناکۆکی و شەڕە ناوچەییانەی نەهێشت کە بەرهەم و رەنگدانەوەی کێشەی نێوان هەردوو بلۆك بوون، یاخود، راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ، شەڕی نێوان بەرژەوەندیی ئەوان بوون و لە جیاتی ئەوان دەکران. ناکۆکی و کێشەی نێوان ئەو دوو بلۆکە بە ئەندازەیەك توند بوون کە هەردوولا، بێ ئەوەی هیچ حیسابێك بۆ پرینسیپ و باوەڕ و بەها ئەخلاقییەکانی خۆیان بکەن، پشتگیریی دیکتاتۆرترین رێژێمیان دەکرد، ئەو رێژێمانە هێز و توانای بەردەوامبوونی خۆیان یان لە(جیهانی ئازادە)وە، یان لە(جیهانی سۆسیالیستی)یەوە وەردەگرت. بە

لای نوێنەرانی هەردوو بلۆکەوە ئەوە گرنگ نەبوو کە لە کوێ مـافی مـرۆڤ پێشـێل دەکرێت، لە کوێ ستەم و جینۆساید بەڕێوە دەچێت، بەڵکو ئەوە گرنگ بوو کە کـێ ئەم تاوانانە ئەنجام دەدا؟ دۆست، یان دوژمن؟ تاوانی دەوڵەتان تەنیا ئەو کاتـە، لای ئەم یان ئەو بلۆك، بە تاوان دادەندرا ئەگەر تاوانبار دەوڵەتێکی نەیار بووایە.

لە جیهانی ئیمڕۆدا، کە جیهانێکی یەك قوتبییـە و سـەرمایەداری بۆتـە تاکـە سیستمی زاڵ، هیچ بەهانەیەك بۆ پاساودانی ئەم جۆرە سیاسەت و رێبـازە نـەماوە، سەرداربوونی تاکە هێزێك(ئەمریکا) پێویستە ئەو دەرفەتە بڕەخسێنێت کە کێشە و ناکۆکییەکان بە رێگای ئاشتی، نەك شەڕ، چارەسـەر بکـرێن. ئاسـایش و ئـارامیی وڵاتان بە کۆمەڵ بپارێزرێن، ئەمەیش بەبێ هاریکاریی نێوان وڵاتان ناکرێت.

ئەم دۆخە جیهانییە نوێیە دەرفەتی رەخساندووە کە سەرمایەداری هـەوڵ بـدات هەموو جیهان بکاتە مەیدانی چالاکیی خۆی و شوێنی بڵاوکردنەوەی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری. ئیمڕۆ جیهان بە جۆرێـك لـە بـەردەم سـەرمایەداریی جیهانی و تەوژمی پەیوەندییەکانی بەرهـەمهێنانی سـەرمایەداریدا کراوەتـەوە کـە پێشـتر وێنـەی نـەبووە. بـەردەوامبوونی ئـەم دیاردەیـە ئـارامی و هاریکـاری و هاوپەیوەستیی نێوان دەوڵەتان و وڵاتانی گەرەکە. ئەو دەوڵەت و کۆمەڵە داخراوانەی دەبنە رێگری بەردەم ئەم پرۆسێسە داهاتوویان نییە، چونکە ناتوانن لەوە زیاتر، لەناو قەڵایەکی داخراودا، درێژە بە گۆشەگیریی خۆیان بدەن. پرۆسێسـی بـەجیهانیبوون و نەزمی سیاسیی نوێی جیهان ئەو وڵاتە داخراوانە ناچـار بـە کرانـەوە دەکـەن، ئـەو دوورگە گۆشەگیر و دابڕاوانە بە یەکتری و جیهانەوە دەبەستنەوە. ئەو وڵاتە داخراو و گۆشەگیرانەی کـە دەسـەڵاتێکی دیکتـاتۆری بـەڕێوەیان دەبـات نـاتوانن تـا سـەر گۆشەگیرانە لە دەرەوەی کەشوهەوا و نەزمی جیهاندا بـژین، گۆڕانـەکانیش هێنـدە خێران کە زەحمەتە لە تواناندا بێت چاوەڕێ بکرێت تا ئەو کاتەی خەڵکی ئەو دوورگە لە جیهان دابڕاو و داخراوانە، لە رێگای توانای ناوخۆیانەوە، گۆڕانکاریی ریشـەییان تێدا روو دەدات و تێکەڵ بە جیهان دەبـن. چـونکە ئەمـەیان پرۆسێسـێکی خـاو و درێژخایەنـە، پێویسـتی بـە ئاسـتێکی بـەمۆدێرنکردن و پێشـکەوتنی ئـابووری،

کۆمەڵایەتی، سیاسی و کولتووری هەیە. بۆیە لە هەر وڵاتێکدا(کە بەرژەوەندیی پرۆسێسی جیهانگیری و عاقیبەتەکانی بخوازێت) ئەگەر نەتواندرێت لە رێگای هێزی ناوخۆییەوە گۆڕانکاریی سیاسی بکرێت ئەوا، بە رای من، دەشێت ئەم جۆرە گۆڕانکارییە لە دەرەوەڕا بە زەبری هێزی دەرەکی بە ئەنجام بهێندرێت.

مانەوەی ئەم جۆرە دەوڵەتانە بە داخراوی و گۆشەگیری، تواناکانیان هەرچەندێك بێت، سەرئەنجام کۆسپن لە بەردەم پرۆسێسێکدا کە جیهانێکی تەخت و ساف دەخوازێت. لە جیهانێکی پێکەوە بەستراودا، کار و رەفتارەکانی ئەو دەوڵەتانە تەنیا پەیوەندی بە خۆیان و کۆمەڵە داخراوەکانیانەوە نابێت، بەڵکو دەبنە مەسەلەی وڵاتانی دیکە و جیهان. راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ کار لە وڵاتانی دیکە و لەو سیستمی رێکخستن و بەلانس و بەرێوەبردنە دەکەن کە جیهانگیری دەیخوازێت. دەستدرێژییەکەی سێپتەمبەری ساڵی 2001 بۆ سەر ئەمریکا دەری خست کە ئەم جۆرە وڵاتانە، چەند لە رووی ئابووری و عەسکەری و تەکنەلۆجیای شەڕەوە کەمتوانا بن، بەڵام دەتوانن ببنە سەرچاوەی تیرۆر، یان لە بازاڕی جیهاندا هەندێ چەکی کۆمەڵکوژ پەیدا بکەن و هەڕەشە لە ئارامی و ئاسایشی وڵاتانی دیکە و جیهان بکەن.

پرۆسێسی جیهانگیری و نەمانی سەرداریی نەتەوەیی ئەگەر ئەم دورگە دابڕاوانە بە جیهانەوە نەبەستێتەوە، ئەگەر خۆی لەم جۆرە هەڕەشانە دەرباز نەکات، ئەگەر ئەم کۆمەڵە داخراوانە نەکاتەوە و تیایاندا سەرەتاکانی ئازادیی سیاسی و کولتووری و مافی مرۆڤ نەسەپێنێت ئەوا ئەم پرۆسێسە، بۆ ئەو کۆمەڵانە و تەنانەت بۆ جیهان، مانایەکی ناتەواوی دەبێت.

تا ئێستا وڵاتان و کۆمەڵەکان لە ئەنجامی کۆمەڵە فاکتەرێکی ناوخۆی وەك، پێشکەوتنی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی بەرەو دیموکراتی چوون و کۆمەڵی مەدەنییان دامەزراندووە. بەڵام لەمەودوا دەشێت پرۆسێسی دیموکراتی لە زۆر وڵاتاندا بە کۆمەکی فاکتەری دەرەکی دەست پێ بکات. ئەو کۆمەڵانەی ناتوانن بە جۆرێکی سروشتی و بە پشتبەستن بە توانای خۆیان لە دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری و ئیستیبدادی

دەربازبن و سیستمێکی دیموکرات دامەزرێنن، دەشێت بە کۆمەکی هێـزی دەرەکـی بتـوانن بـەرەو دیمـوکراتی بـڕۆن. بـە واتایـەکی دی پرۆسێسـی دیمـوکراتی و بـە دیموکراتیبـوون لـە جیـاتی ئـەوەی بەرهـەمی گۆڕانکارییـە ناوخۆییـە ئـابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان بێت، ئەوا دەشێت ئەنجامی گۆڕانکارییە دەرەکییەکان و پێداویستیی و عاقیبەتەکانی بـەجیهانیبوون بێـت و بـە کۆمـەکی هێـزی دەرەکـی بسەپێندرێت. ئەم پرۆسێسە سەرەتا بە گۆڕانی شێوەی حکومڕانی دەست پێدەکات، دوای ئەوە لە سەرەوەڕا( بەهۆی دەسەڵاتی سیاسییەوە) بەرەو خوارەوە(ناو کۆمـەڵ) دەڕوات. بە پێی ئەم بۆچوونەیش، دیارە ئەگەر وابێت، شێوە مـۆدێلێکی نـوێی بـە دیموکراتیکردنی کۆمەڵ و وڵاتان دەردەکەوێت، لە جیاتی ئەوەی ئاستی پێشکەوتنی ناوخۆی ئابووری، کۆمەڵایـەتی، سیاسـی و کولتـووری حکومڕانییـەکی دیمـوکرات بهێنێتە بەرهەم، ئەوا بە پێچەوانەوە سەرەتا حکومڕانییەکی دیموکرات بە کۆمەك و رەنگە کۆنترۆڵی هێزی دەرەکی دروست دەکرێـت، دوای ئـەوە بـەهۆی دەسـەڵات و توانای دەزگا جۆراوجۆرەکانی دەوڵەتەوە، گۆڕانکاریی گرنگی ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووریی ئەوتۆ دەکرێن کە گەرەنتی پاراستنی دیموکراتی بکەن و ئەم کۆمەڵانـە لە کۆمەڵی نەریتییەوە بۆ کۆمەڵی مۆدێرن، لە کۆمـەڵی داخـراوەوە بـۆ کۆمـەڵی کراوەو دیموکرات بگۆڕن دیارە ئەم شـێوە مۆدێلـەی حـوکمڕانی و بـەدیموکراتیکردن ناکرێت کۆپیکردنـەوەی مـۆدێلی دیمـوکراتی و لیبرالیزمـی رۆژئـاوایی بێـت، کـە بەرهەمی کات و شوێنێکی دیکە و کۆمەڵ و کولتوورێکی دیکەیـە، بـەڵام بـەلای زۆرەوە شێوە مۆدێلێکی حوکمڕانی دەبێت کە، بە تایبەتمەندیی کولتووریی خۆیەوە، پرینسیپەکانی دیموکراتی رەچاو بکات و کۆمەڵێکی کراوە لەسەر بنچـینەی مـافی هاووڵاتیبوون پێك بهێنێت. دیارە ئەمە ئەزموونێکی نوێیە و لە وڵاتانێکدا دەسـت پێدەکات کە بە ئەزموون و کولتووری دیموکراتی نامۆن، بۆیە بە ئاسانی رێگا نابڕێت و پێویستی بە وزە و کاتی زۆر و کۆمەك و چاودێریی دەرەکی دەبێت.

ئاشکرایە ئەم جۆرە گۆڕانکارییانە پێش هەر شتێك پرۆسێسی بـەجیهانیبوون و بڵاوکردنەوەی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری لە جیهاندا دەیان خوازن،

بۆیه حەتمەن گرفتی تایبەت بە خۆیان دێنن و قوربانییانی خۆیان دەبێت، بەڵام لە دوا ئەنجامدا بە قازانجی پێشکەوتنی سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتووریی ئەو وڵات و کۆمەڵانە دەبن کە تا ئێستا لە قۆناغی پێش مۆدێرنێتەدا دەژین، گرفتاری دەسەڵاتی دیکتاتۆری و ئیستیبدادی بوون و کەمترین ئاستی رۆشنگەری و بە مۆدێرنبوون و سەرەتاکانی کۆمەڵی مەدەنییان بەخۆیانەوە نەدیوە. چونکە ئەم گۆڕانکارییانە، ئەگەر رووبدەن، ئەو وڵاتانە لە دۆخی گۆشەگیری و پاسیڤبوونەوە بەرە و تێکەڵبوونی چالاکانەی جیهان دەبەن، ستروکتووری چەقبەستووی ئابووری و کۆمەڵایەتیی ئەو وڵاتانە کە، لەناو بازنەیەکی داخراودا و لە دەرەوەی زەماندا، پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی پێش سەرمایەداری دێننەوە بەرهەم، هەڵدەتەکێنن و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری، وەك سەرجەمی پەیوەندییە ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان، لەو کۆمەڵانەدا بڵاودەکەنەوە. ئەمەیش بە نۆرەی خۆی مەسەلەی بە مۆدێرنکردنی کۆمەڵ و ئازادی و مافی مرۆڤ و پێکهێنانی کۆمەڵی مەدەنی، واتا بەمەدەنیبوون، دەسەپێنێت. هەروا ئەم گۆڕانکارییانە بە قازانجی ئەو نەتەوە و کەمایەتییە نەتەوەیی و ئایینییانەیش دەبن کە لەو وڵاتانەدا وەك هاووڵاتی پلە دوو سەیر دەکرێن و لەناوبردنی فیزیکی و کولتووری و ئایینییان، لەوانە جینۆساید و لەناوبردنی کولتووری کورد، بە مەسەلەی ناوخۆی ئەو وڵاتانە دادەندرێن.

گۆڕینی دەسەڵات و ستروکتووری ئەو جۆرە دەوڵەتانە، کە بەشێکی زۆریان لە رۆژهەڵاتی نێوینن، دەشێت بۆ یەکەمین جار ئەو کۆمەڵانە، کە هێشتا کۆمەڵی نەریتی(سوننەتی)ن و لە قۆناغی پێش رۆشنگەری و مۆدێرنێتەدا دەژین، بخاتە بەردەم پرۆسەی بە مۆدێرنبوون و عاقیبەتەکانی. من ئەمە بە مۆدێرنێتەی دووەم ناودەبەم. ئەو کۆمەڵانەی تا ئێستا لەبەر هۆکاری ناوخۆیی، واتا ئاستی پێشکەوتنی ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووری، یان بەهۆی فاکتەری دەرەکی، واتا کۆلۆنیالیزم و داگیرکردن، نەیانتوانیووە بگۆڕدرێن بە کۆمەڵێکی مۆدێرن، ئەوا لە سەردەمی بەجیهانیبووندا، دەشێت بەهۆی کۆمەڵە فاکتەرێکی دەرەکییەوە بخرێنە بەردەم

پرۆسەی بە مۆدێنبوون. ئێمە تەنیا بەرەو بە جیهـانیبوون بـەڕێوە نـین بـەڵکو وەك ئەنجامێکی حەتمیی بە جیهانیبوون، بەرەو بەمۆدێرنبوونیش بەڕێوەین.

مۆدێرنێتـە کـە چـەند سـەدەیەکە لـە ئـەوروپادا دەرکـەوتووە، تـەنیا هێنـدە دیاردەیـەکی ئەوروپاییـە کـە سـەرەتا لـە جیۆگرافیایـەکی دیـاریکراودا دەسـتی پێکردووە، لەوە بترازێت مۆدێرنێتە سەیرورەیەکە لـە زەمانـدا و هـەموو شـوێنێك دەگرێتەوە، لە هەر کۆمـەڵ و وڵاتێکدا چوارچێوەیەکی کولتووری و کۆمەڵایەتی بـۆ خۆی هەڵدەبژێرێت. دەرەتانی بەکارهێنانی تەکنیکی نوێ و عەقلانییەتی زانستی بۆ هەر کۆمەڵێك دەڕەخسێنێت. بەم مانایە مۆدێرنێـتە بەردەوامییەکـە لـە زەمـان و شوێندا کە هەموو وڵاتان و کۆمەڵەکان لە ڕەوشی پێشکەوتنیاندا درەنـگ یـان زوو دەبێت، دیارە بە هەندێك تایبەتمەندیی خۆیانەوە، تێکەڵی بن. هەر کۆمەڵ و وڵاتێك بـەو ئەندازەیـەی بـە مـۆدێرن دەکرێـت، واتـا بـەو رادەیـەی تەکنـەلۆجیای نـوێ بەکاردەهێنێت و عەقلانییەت بواری ئابووری، کۆمەڵایـەتی، سیاسـی و کولتـووری دەگرێتەوە، دەشێت بە هەمان ئەندازەیش ئازادی و مافی مرۆڤی تێـدا بپارێزێـت و دەسەڵاتی دەزگا ئاینی و سیمبوولەکانی بەسەر کۆمەڵ و کولتوورەکەیدا و دەسەڵاتی ئاین بەسەر ژیانی تایبەتیی تاکەکەسدا لاواز بن.

ئەگەر مرۆڤ بتوانێت بە کورتترین شێوە باسی مۆدێرنێتە، یان بـە مـۆدێرنکردن بکات، دیارە بە پشتبەستن بە تێز و تیۆرییـەکانی، ئـەوا دەتوانێـت بڵێـت کـە بـە مۆدێرنکردنن لە ڕووی مێژووییەوە لە دوو پرۆسێس پێك دێت: بە سنعەتکردن و بە دیموکراتیکردن. بەم مانایە کۆمەڵی مۆدێرن ئەو کۆمەڵەیە کە لە ڕووی ئابوورییەوە چالاك و بەکار بێت و پشت بە تەکنەلۆجیای نوێ ببەستێت، تیایـدا کـار بـە پێـی پێداویستییەکانی بەرهەمهێنان دابەش کرابێت و ئاستێکی بـەرزی بەرهـەمهێنانی تێدا بەرقەرار بووبێت، تا ڕادەی مومکین ئابوورییەکی پشتبەخۆبەستووی هـەبێت و ئیدارەیەکی بەکار بەڕێوەی ببات. لـە ڕووی حقـووقی و سیاسییشـەوە کۆمـەڵێکی کراوە و دیموکرات بێت، لەسەر بنچینەی هاووڵاتیبوون دامەزرابێت، واتا هاووڵاتییان

لەبەردەم یاسادا یەکسان بن. ئینتیما بۆ کۆمەڵ و دەزگاکانی لە سەرووی ئینتیما و هاوپەیوەستی ئاینی، مەزهەبی، ئێتنیکی و عەشیرەتییەوە بێت.

مـۆدێرنیزم و فەلسـەفەکەی، رۆشـنگەری، بـەم مانایـە هێشـتا لـە وڵاتـانی رۆژهەڵاتی نێوین، لەوانە وڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستان، دەرنەکەوتوون. ئەم وڵاتانە ئەگەر شێوەیەکی رۆشنگەری و مۆدێرنیزمیان بەخۆیانەوە دیبێت، ئەوا بە نیوەچڵی و تەنانەت شێواوی بووە. بیر و کولتووری رۆشنگەری و دیموکراتی نەبوونەتە بەشێك لە کولتوور و نەریتی سیاسیی ئەو وڵاتانە. دیارە هۆکارە دەرەکییـەکان، بـە تایبـەتی کۆلۆنیالیزم و ئیمپریالیزم، رێگرێکی بەردەم پێشـکەوتنی سروشـتیی ئـەو وڵاتانـە بوون، بەڵام بە دڵنیاییەوە هۆکاری سەرەکیی دواکەوتوویی و بە مۆدێرننەبوونی ئـەو وڵاتانە بۆ کۆمەڵە فاکتەرێکی ناوخۆیی دەگەڕێنەوە، لەوانە شێوەی دروستبوونی ئەم دەوڵەتانە و نـاوەرۆك و ئامانجـەکانیان، کاریگـەریی میراتـی کولتـووری سیاسـی، پەیوەندیی نێوان کۆمەڵ و ئـاین و تێکـەڵاوبوونی ئـەرك و وەزیفـەکانی دەوڵـەت و ئاین.. تاد.

مۆدێرنێتی لە ئەوروپادا بـەهۆی دوو دەزگـای گرنگـەوە رەوشـی خـۆی بـڕی، دەوڵەتی نەتەوەیی و بەرهەمهێنانی سیستماتیکی سەرمایەداری. دەوڵەتی مۆدێرن، دەوڵەتی نەتەوەیی، وەك بەرهەمی ناسیۆنالیزم لە رەوشـێکی مێژوویـیدا و لەسـەر بنەمای پێکەوەهەڵکردنی نەتەوەیی و مافی هاووڵاتیبوون دامەزرێنـدرا و بـوو بـە دەربڕی ئیرادەی گەل، یان نەتەوە. ئەم ئیرادەیەش لە کۆمەڵە دەزگایـەکی هاوبەشـی سیاسی، حقووقی و کولتووریدا بەرجەستە بوو. لە ئەنجامدا گرفتـی نێـوان ئـاین و کۆمەڵ چارەسەرکرا و دەسەڵاتی دەوڵەت و ئـاین لێـك جیاکرانـەوە، دەوڵـەت وەك دەسەڵاتێکی سیاسیی دنیـایی، ئـاینیش وەك دەسـەڵاتێکی رۆحیـی ئاسمـانی یـان پەیوەندییەکی تایبەتیی نێوان خودا و مرۆڤ.

لە هەمان کاتـدا گـرنگترین کـاری دەوڵـەتی نەتـەوەیی دروسـتکردنی بـازاڕی نەتەوەیی(ناوخۆ) بوو. ئەم بـازاڕە و پێداویسـتییەکانی، دەرەتـانی بـەردەوامبوونی بەسنعەتکردنیان رەخساند، کە بەرەوپێشچوونی سەرمایەداری بەبێ بـەردەوامبوونی

بەسنعەتکرن مومکین نەبوو. دەوڵەتە نەتەوەییەکانی ئەوروپا، لە سەدەی نۆزدەیەمدا، لە ڕێگای بەسنعەتکردنەوە توانییان خۆیان لە بازاڕی جیهانی، کە ئەو کاتە لە لایەن بریتانیاوە بەڕێوە دەچوو جیا بکەنەوە.

بەڵام دەوڵەتی نەتەوەیی(مۆدێرن) لە ڕۆژهەڵاتی نێوین و وڵاتانی ئیسلامیدا(لەوانە دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان) لە دۆخێکی مێژوویی جیاوازدا دروست بوو. ئەم دەوڵەتانە بە گشتی بەرهەمی ناسیۆنالیزم و ئەنجامی پێشکەوتنی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و کولتووریی ئەو وڵاتانە نەبوون، بەڵکو زۆربەیان بەهۆی ئەنجامەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی(یان فاکتەری دیکەی دەرەکی)یەوە دروست کران.

تێشکانی ئیمپراتۆریای عوسمانی لەو شەڕەدا ناوچەکانی ژێردەستی دەوڵەتی عوسمانی خستە بەردەستی دەوڵەتە سەرکەوتووەکانی شەڕ(بریتانیا، فڕەنسا و ئیتالیا). میراتی دەوڵەتی عوسمانی، هەر بەو جۆرەی میراتی مردوویەك بەسەر میراتگرانیدا دابەش دەکرێت، لە نێوان ئەو وڵاتانەدا دابەش کرا. دەوڵەتانی ناوچەکە بە پێی بڕیار و بەرژەوەندیی ئەو دەوڵەتانە دامەزرێندران، سیاسەتمەدار و بیرۆکراتانی ئەو دەوڵەتە کۆلۆنیالییانە، لەسەر کاغەز کۆمەڵە خەتێکی خواروخێچیان کێشاو ناوی سنووری ئەو وڵاتانەیان لێ نان، بێ ئەوەی حیسابێك بۆ جیاوازیی ئێتنیکی-نەتەوەیی، کولتووری و مەزهەبیی خەڵکانی نێو هەر کام لەم وڵاتانە بکەن، یان گۆڕانکارییەکی گرنگ لە ستروکتووری ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووری ئەو کۆمەڵانەدا پێك بێنن، یاخود بیر لە توانای پێکەوەهەڵکردنی نەتەوەیی خەڵکانی ئەو وڵاتانە، کە مەرجی دەوڵەتی مۆدێرنە، بکەنەوە. بەم جۆرە قەوارە و سنوور و ئاڵا و دەستوور و هەموو دەزگاکانی ئەو وڵاتانە، لە سیستمی خوێندن و قانوون و بانك و خەتی ئاسمانی و شەمەندەفەر و دەریاییەوە تا سوپا و پۆلیس لە لایەن دەوڵەتە کۆلۆنیالییەکانەوە دروست کران. تەنانەت، لە حاڵەتی عێراقدا، وێڕای ئەوانەی باسکران، مەلیك(پاشا)کەیشی لە دەرەوەی عێراق بۆ ئیستیراد(ئیمپۆرت) کرا.

دەوڵەتانێکی ناسیۆنال کە بەم جۆرە دروست دەکرێن، حەتمەن دەوڵەتانێکی ناسروشتی و شێواو دەبن. چونکە بەرهەمی گەشەکردنی کۆمەڵ و پێکەوەهەڵکردنی نەتەوەیی هاووڵاتییان نین، ناشتوانن بە جۆرێکی سروشتی کار و ئەرکی دەوڵەت، لە پاراستنی ئارامیی کۆمەڵایەتی و مافی یەکسانیی هاووڵاتیانەوە تا بەسنعەتکردن و بەمۆدێرنکردنی کۆمەڵ، بەڕێوەبەرن. بەڵکو دەوڵەتانێك دەبن، کە پێش هەر شتێك، سەرقاڵی چاودێری و کۆنترۆڵی کۆمەڵ(بە گرووپە کۆمەڵایەتی و ئێتنیکی و مەزهەبییە جیاوازەکانییەوە) دەبن. بەتەنگ پارێزگاریی خۆیان و سنووری وڵاتەکانیانەوە دەبن. لە جیاتی ئەوەی سەرقاڵی پرۆژەی رۆشنگەری و بەمۆدێرنکردنی کۆمەڵ بن پارێزگاری ئەو ستروکتووره ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوورییانە دەکەن کە گەرەنتی مانەوەیانن. ئەم کارانەیش تەنیا لە رێگای دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری و عەسکەری و بە زەبری ستەم و ئیستیبداد دەکرێن.

مێژووی هەشتا ساڵەی دەوڵەتی ناسیۆنالی ناوچەکە مێژووی ستەم و ئیستیبداد و پێشێلکردنی مافی مرۆڤە، مێژووی جینۆسایدی خەڵکانی جیاواز بە خۆیانن، ئەم دەوڵەتانە بە رواڵەت دەوڵەتی مۆدێرنن، بەڵام راستییەکەی تەنیا لە بواری تەکنیکی کۆنترۆڵ و ئیدارە و دەزگای بیرۆکراتی و پۆلیسی و عەسکەریدا سودیان لە بەرهەمەکانی مۆدێرنێتە وەرگرتووە، لە ناوەرۆکدا وەك دەوڵەتی ناسیۆنال خێڵەکی و مەزهەبی ماونەتەوە و پشت بە ئایدۆلۆجیایەکی خۆبەموتڵەقکراوی ناسیۆنالیستی یان مەزهەبی دەبەستن و ئەو کولتووره سیاسییە دەهێننەوە بەرهەم کە ئیمپراتۆریا ئیستیبدادییەکانی رۆژهەڵات، بە درێژایی چەند سەدەیەك، دروستیان کردووە.

لەبەر ئەم هۆکارانە و هی دی مۆدێرنیزم لەم وڵاتانەدا، لە باشترین حاڵەتدا، تەنیا لە ئاستی سەرەوەی کۆمەڵ، ئێلیت(نوخبە)ی سیاسی-حوکمڕان و ئەڵقەیەکی تەسکی رۆشنبیراندا، ماوەتەوە و نەبۆتە پرۆسێسێك کە ژیانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و کولتووریی ئەو کۆمەڵانە بگرێتەوە. بۆیە ئەوەی تا ئێستا لەم وڵاتانەدا رووی داوە شکستی مۆدێرنێتە و رۆشنگەرییە، شکستی دیموکراتییە، لە هەمان کاتیشدا ئیفلاسی فیکری و ئایدۆلۆجی و سیاسیی ئەو دەوڵەتانەیە.

ئەمەیش مەسەلەی گۆڕینی ئەم دەوڵەتانە دەکاتە مەرجێکی بنچینەی پێشکەوتنی ئەو کۆمەڵانە و بوونیان بە بشێك لە جیهانێکی پێکەوە گرێدراو. چونکە ئەم دەوڵەتانە، بە رای من، گرنگترین ئەرکی خۆیان، واتا بە مۆدێرنکردنی کۆمەڵ و پاراستنی مافی هاووڵاتییان، بەجێ نەگەیاندووە. بە پێچەوانەوە خۆیان، بۆ پارێزگاریی ستروکتووری دەسەڵاتیان، بوونەتە رێگر لەبەردەم بەمۆدێرنکردن و بەدیموکراتیبوونی ئەو کۆمەڵانە و کرانەوەیان بە رووی جیهاندا.

3

هێشتا دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئیسلامی بە گشتی، راستەوخۆ تێکەڵی پرۆسێسی بەجیهانیبوون نەبوون و زۆربەیان، وەك باسکرا، بەرگرییەکی توندی ئەم پرۆسێسەیش دەکەن، بەڵام ئەوان ناتوانن تا سەر بەرگری بکەن، یان پێش بەم پرۆسێسە جیهانییە و عاقیبەتەکانی بگرن. ئەو دەوڵەتانە(بە دەوڵەتە سەردەستەکانی کوردستانیشەوە) لە بەردەم ساتێکی چارەنووسسازدا وەستاون، کە بە رای من مەسەلەی بوون یان نەبوون، مانەوە یان نەمانەوەیە، چونکە ئەم دەوڵەتانە ناتوانن بەم شێوەی داخراوەی ئێستایانەوە، خۆیان لە دنیایەك دابڕن کە بە تۆڕێکی بەربڵاوی پەیوەندیی ئابووری، تەکنەلۆجی، کولتووری و سیاسی پێکەوە گرێدراوە و زیاتریش گرێ دەدرێت. جیهانگیرییش مەسەلەیەك نییە کە دەرفەتی گوڵبژێرکردن بدات، واتا تەنیا ئەو بەش و لایەنانەی هەڵبژێردرێن کە بۆ ئەم یان ئەو دەوڵەت دەست دەدەن، یان لەگەڵ نەریتی سیاسی و کولتوور و ئاینی زۆرایەتیدا دەگونجێن. جیهانگیری، وەك پرۆسێسێکی فرەلایەن و پێکەوە بەستراو بەش بەش

ناکرێت. هەموو وڵاتان و کۆمەڵەکان، بیانەوێت یان نەیانەوێت، تێکەڵاوی ئەم پرۆسێسە دەبن یان دەکرێن. ئەم چارەنووسە حەتمییە دەسەڵاتی دەوڵەتی نەتەوەیی و توانای کۆنترۆلی ئابووریی وڵات لاواز و سەرداریی نەتەوەیی پەرپووت دەکات، لە وڵاتانی فرەنەتەوە و فرە ئاین و مەزهەبیشدا، کە بەهۆی ستەم و تیرۆری دەوڵەت راگیراون، مەسەلەی یەکسانبوون و ئازادیی نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبی دەسەپێنێت. لە لایەکی دیکەوە ئەم پرۆسێسە دەستکاریی کولتوور و پێوانە و بەها مۆراڵییەکان دەکات و کولتوورێکی نوێی جیهانی، بۆ ئەو وڵاتانە دەهێنێت، کە لە هەر وڵات و کۆمەڵێکدا تێکەڵ بە کولتووری نەتەوەیی دەبێت و رەنگ و تایبەتمەندیی خۆی وەردەگرێت، لە ئەنجامدا دەشێت کولتوورێکی نوێی متوربەکراو کولتووری سێیەم، دەربکەوێت.

ئاشکرایە هەر گۆڕانکارییەك بەهۆی جیهانگیری و عاقیبەتەکانییەوە، لە کۆمەڵ و دەوڵەتە سەردەستەکانی کوردستاندا رووبدات راستەوخۆ ئێمەیش دەگرێتەوە، چونکە تا ئێستا چارەنووسی ئێمە لەناو سنووری ئەو دەوڵەتانەدا دەستبەسەرە. بەڵام راستییەك هەیە. کە نابێت لە بیر بکرێت، ئەویش ئەوەیە کە هەرچەندە ئێمە و ئەوان(لە هەر وڵاتێکیاندا) وەك(هاووڵاتی)ی دەوڵەتێك(لەوەیش زیاتر وەك مرۆڤ بە گشتی و مرۆڤی رۆژهەلاتی بە تایبەتی) کۆمەڵێك خەم و خەونی هاوبەش و بەرژەوەندیی هاوبەش لە نێوانماندا هەیە، بەڵام ئەگەر راشکاوانە بدوێین، دەبێ بڵێین کە مەرج نییە لە زۆربەی مەسەلەکاندا هاوخەم و هاوچارەنووس و هاوبەرژەوند بین، چونکە ئێمە و ئەوان لە دوو دۆخ و حاڵەتی تەواو جیاوازدا دەژین، دۆخ و حاڵەتی ئێمەی ژێردەست و حوکمکراو و ئەوانی سەردەست و حوکمڕان، دۆخ و حاڵەتی ئێمەی بێوڵات و ئەوانی خاوەن وڵاتی خۆیان و وڵاتی ئێمەیش! بۆیە بە جیهانیبوون و عاقیبەتەکانی، ئەگەر لە هەندێك رووەوە بۆ ئێمە و ئەوان ئەنجامی هاوبەشیان هەبێت، ئەوا لە زۆر رووەوە، ئەنجامی جیاوازیان لێ دەکەوێتەوە. جیهانگیری و عاقیبەتەکانی بۆ ئێمە تایبەتمەندیی خۆیان دەبێت، بە رای من زۆر گرنگە کە ئێمە لە تایبەتمەندیی دۆخی کوردستانەوە، وەك وڵاتێکی ژێردەست و دابەشکراو بڕوانینە

پرۆسێسی بەجیهانیبوون نـەك لـە روانگـەی ئایدۆلۆجیایـەكی دۆگمـا و بـاوەڕێكی چەقبەستووەوە، كـە لـە ناوەرۆكـدا دەربـڕی بەرژەوەنـدیی نەتـەوە سەردەسـتەكانی كوردستانن. رەخنەكانی ئێمە لە بەجیهانیبوون و عاقیبەتەكانی پێش هەر شتێك بە پەیوەندی لەگەڵ تایبەتمەندیی دۆخی كورد و بەرژەوەندیی خەڵكی كوردستان مانـا و نرخیان دەبێت. كورد دەبێـت سـەربەخۆیانە، بـە دوور لـە كـارتێكردنی سیاسـی و ئایدۆلۆجیی دەوڵەتانی سەردەست و هێزە سیاسییەكانیان، ئازاد لە دەسەڵاتی فیكری و زانینی (ئێپستیمی)رووناكبیرانی ئەوان بۆ دنیا بڕوانێت. لە دۆخی سیاسیی خۆی و بەرژەوەندیی نەتەوەیی خۆیەوە دیاردەكان و جیهان بخوێنێتەوە، لەوەیش گرنگتر گەلی كوردستان(تەنانەت هیچ دەوڵەتێكی ناوچـەكەیش) ناتوانێـت پێشـی جیهـانگیری و عاقیبەتەكانی بگرێت، گەوجێتیشە ئەگەر هەوڵ بدرێت كورد راپێچـی بـەرەی دژی بەجیهانیبوون و رۆژئـاوا بكرێـت، ئەگـەر لـە سـەردەمی شـەڕی سـاردا بەهانـەی ئایدۆلۆجی و سیاسیی بۆ دژایەتیی رۆژئاوا هەبووبێت، ئەمڕۆ ئـەم جـۆرە بەهانانـە مانایان نییە.

وێنـاكردنی پرۆسێسـی بـەجیهانیبوون، بـە هـەموو نـاوەرۆك و مـەدلوول و ئەنجامەكانییەوە، وەك شێوەیەكی نوێی ئیمپریالیزم و گوایا "وەحشیگەریی رۆژئاوا" یـان حوكمـدان لەسـەر رۆژئـاوا وەك "دوژمنـی بـەها و نرخـەكانی مرۆڤایـەتی" بۆچـوونێكی هەڵـە و سـاویلكانەیە، كـە لـە دەمـارگیریی ئـاینی و ئایـدۆلۆجی و بەرچاوتەسكیی كولتوورییەوە سەر هەڵدەدات. لە هەمان كاتـدا بەرهەمهێنانـەوەی هەندێك تێزی هێزە ناسیۆنالیست و ئیسلامی و بەشـێك لـە چـەپەكانی عـەرەب و فارس و توركە، كە پێیانوایە تەنیا رۆژهەڵات(واتا خۆیانی سەردەست) تاكە نموونەی كۆمەڵی ئینسانی و تاكە پارێزەری بەها و نرخەكانی مرۆڤایەتییە. هەروا رۆژئاوا، بە هەموو داهێنانە زانستی و فیكری و فەلسـەفی و سیاسـییەكانییەوە، لـە هەنـدێك چەمكی ئایدۆلۆجیدا چڕ دەكەنەوە و سەرئەنجام تەنیا مێژووی كۆلۆنیـالی و لایـەنی ئیمپریالییانەی رۆژئاوا دەبینن. بۆیە بەجیهانیبوون و هەر دیاردەیەك لـە رۆژئـاواوە بێت، بە شاڵاوێكی نوێی ئیمپریالیزم و هەڕەشـە لـە كولتـوور، ئـاین و سـەرداریی

نەتەوەیی وڵاتانی ڕۆژهەڵات دادەنێن. ئەم تێزانە بەرهەمی باوەڕێکی خۆبەموتڵەقزان و عەقڵێکی فەندەمێنتالیی داخراو و ناسیۆنالیستین. ریشەی ئەم بیرانە بەشێکی بۆ کێشەی دێرینی نێوان ڕۆژئاوا و ئیمپراتۆریا ئیسلامییەکان(عەرەبی، عوسمانی و ئێرانی) دەگەڕێتەوە، بەشێکی دیکەیشی پەیوەندیی بە ئەنجامەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی و رەوشی کۆلۆنیالیزم لە ڕۆژهەڵات وگرفتی نێوان عەرەب و ئیسرائیلەوە هەیە. ئەم کێشەیە میراتێکی گەورەی کینە و لێکترسانی لای هەردوو لا جێهێشتووە و زەمینەی بۆ فەندەمێنتالیزمی ئاینی و شۆڤێنیزمی کولتووریی دروست کردووە. لە هەردوو بەرەدا، بەرەی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات، لەشکرێکی گەورەی فەندەمێنتالیستان لە سەنگەرەکانی ئیمان و کولتووردا، بەرامبەر بە یەکتری راوەستان. هەر بەرەیان خوا و ئاینەکەی خۆی بە راستتر، شارستانی و کولتوورەکەی خۆی بە باشتر دەزانێت، بوون و داهاتووی خۆی لە تێکشکان و زەبوونکردن و نەمانی ئەویدی دا دەبینێت.

وەك پێشتر گوتم دەبێت خوێندنەوەیەکی تایبەت بە خۆمان بۆ بەجیهانیبوون و دۆخی سیاسیی نوێی جیهان هەبێت. لەم خوێندنەوەیەشدا ئەو ئاڵوگۆڕانە لەبەر چاو بگرین کە لەم دە-دوانزە ساڵەی دوایی و بە تایبەتی لە دوای ڕووداوەکەی 11ی سێپتەمبەری ساڵی 2001دا هەم لە دنیا و هەم لە کوردستان دروست بوون و دروست دەبن، ئەم ئاڵوگۆڕانە پرسی کورد لە مەسەلەیەکی ناوخۆیی وڵاتە سەردەستەکانی کوردستانەوە بەرەو مەسەلەیەکی سیاسیی ناوچەیی و جیهانی دەبەن، بەم مانایە چارەسەری پرسی کورد هەر لە دەستی دەوڵەتە سەردەستەکانی کوردستاندا نامێنێت، بەڵکو وەك هەر مەسەلەیەکی دیکەی سیاسیی ناوچەیەی و جیهانی، دەبێت لەسەر ئاستێکی ناوچەیی و جیهانی چارەسەرێکی دروست و عادیلانەی بۆ بدۆزرێتەوە.

من ئەو وەهمەم لا نییە کە بەهۆی پرۆسێسی جیهانگیری و ئەو دۆخە سیاسییە نوێیەی لە جیهاندا دروست بووە، کورد بە ئازادیی خۆی دەگات، بەڵام کورد چی ماوە تا بەجیهانیبوون و ڕۆژئاوا لێی زەوت بکەن. ئازادیی تاکەکەسی و نەتەوەیی؟

خاك و ولآت و سامان؟ سەرداریی نەتەوەیی؟ باوەڕ ناكـەم دەوڵەتـە داگیركـەرەكانی كوردستان شتێكیان بـۆ كـورد هێشـتبێتەوە تـا لـە پرۆسێسـی بـە جیهانیبوونـدا بیدۆڕێنێت. بەلآم ئەگەر كورد خوێندنەوەیەكی ورد و تایبەت بەخۆی بۆ ئـەم دۆخـە نوێیە جیهانییە هەبێت و بۆ بەرژەوەندیی نەتەوەیی خۆی كاربكـات بـە لای زۆرەوە دەتوانێت بە زیانێكی كەمتر و هەندێك دەستكەوتەوە تێكـەڵ بـە دۆخـی سیاسـیی نوێی جیهـان ببێـت و جیگایـەك لـە هاریكـاری و هاوپەیوەسـتیی نێـو كۆمـەڵ و نەتەوەكاندا بگرێت.

كورد نەتەوەیەكی چل ملیۆنییە و لە ناوچەیەكی گرنگـی سـتراتیجی و پـڕ لـە نەوت و سامانی دیكەی سروشتی دەژی. هیچ گرفتی راستەوخۆ و كێشەی سیاسیی لەگەڵ دەوڵەتانی رۆژئاوادا نییـە و بەشـێكیش نییـە لـە بـەرەی دژ بـە رۆژئـاوا و ئـەمریكا. كێشـەی كـورد لەگـەڵ دەوڵـەتانی ناوچـەكەیە كـە، لـە مێـژووی دروستبوونیانەوە تا ئیمـڕۆ، سەرچـاوە و هۆكـاری هـەموو تراجیـدیاكانی خـەڵكی كوردستانن. بۆیە ئیمڕۆ كورد، لەناو نزیكەی هەموو ولآتان و كۆمەلآنی ئیسلامیدا، رەنگە تاكە نەتەوەیەك بێت كە گیانی دوژمنایەتیی رۆژئاوا و ئەمریكای لادروسـت نەبووبێت. لەوەیش زیاتر، لە دوای شەڕی دووەمی كەنداوەوە، فەزای هەستی گشتی و سایكۆلۆجیی خەڵكی كوردستان بەرامبـەر بـە رۆژئـاوا و ئـەمریكا دۆسـتانەیە، تەنانەت هێندە دۆستانەیە كە ئەگەر لەشكری ئەمریكا و رۆژئاوا بۆ شەڕی دەوڵەتی ناوەندی بۆ نموونە بێنە باشووری كوردسـتان(بـە لای زۆرەوە بەشـەكانی دیكـەیش) خەڵكی كوردستان وەك رزگاركەر(نەك داگیركەر) پێشوازییان دەكەن، چونكە پێیـان وایە لە ستەم و رەشەكوژیی دەوڵەتێكی داگیركەر رزگاریـان دەكـەن. دەشـێت ئـەم هەستی دۆستایەتییەی خەڵكی كورد حاڵەتێكی كاتی یان درێژخایەن بێت، ئەمەیان شتێكی دیكەیە، بەلآم بۆ ئێستا، كە ئەمریكا و رۆژئاوا لە ئاستی جیهانـدا شـەڕی تیرۆر دەكەن، مەسەلەیەكی گرنگە، چونكە لە دوای 11ی سێپتەمبەرەوە ئەمریكا و تەنانەت رۆژئاوایش هەست دەكەن كە لە سەردەمی ئیمڕۆدا هەر شـوێنێكی دنیـا، چەند دوور و دابڕاو بێـت، دەتوانێـت لـە رێگـای كۆمـەكی تـیرۆری جیهـانی یـان

دەستەبەرکردنی چەکی کۆمەڵکوژ بۆ تیرۆرستان، هەڕەشەی راستەوخۆ بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی ئەوان دروست بکات. بۆیە هەوڵدان بۆ گەرەنتیکردنی بوعدی ئاسایشی نەتەوەیی یەکێکە لە رواڵەتە نوێیەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا. کۆششی ئەمریکا بۆ گۆڕینی رێژیمی عێراق و خۆقایمکردن لە ناوچەکەدا ئەنجامێکی ئەم سیاسەتە نوێیەیە.

گەلی کوردستان، کە لە ناوچەیەکی گرنگی رۆژهەلاتدا دەژی و پێویستی بە پارێزگاریی ئەمریکا و رۆژئاوا هەیە، بە رای من دەتوانێت یەکێك بێت لەو لایەنانەی پارێزگاریی ئاسایشی نەتەوەیی و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و رۆژئاوا بکات. لە هەمان کاتدا پاراستنی کورد شەرعییەت دەدات بە هاتنی ئەمریکا و هاوپەیمانانی بۆ کوردستان و مانەوەیان لەوێدا، ئەمە بۆ کورد دەرفەتێکی دەگمەنە. لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانیەوە تا ئێستا رەنگە یەکەمین جار بێت کە بەرژەوەندیی ئەمریکا و رۆژئاوا لە ناوچەکەدا لەگەڵ بەرژەوەندیی کورد پێك دەگەن.

لەم دۆخە سیاسییە نوێیەدا دەشێت پرۆسێسی جیهانگیری و ئەنجامەکانی لە چەند لایەنێکەوە دەرفەتی گۆڕانکاریی گرنگ بۆ پرسی کورد و کۆمەڵی کوردستان(هەروا بۆ زۆر لەو کۆمەڵانەی هێشتا گیرۆدەی ستەمی نەتەوەیی، ئاینی و مەزهەبین) دروست بکەن :

**یەکەم:** ئەم پرۆسیسە سەرداریی نەتەوەیی دەوڵەتە سەردەستەکانی کوردستان سەرەتا لاواز و دواتریش ناهێڵێت. ئەو دەوڵەتانە چیدی ناتوانن، لەناو سنووری پۆلاییینی خۆیاندا و بە ناوی پارێزگاریی سەرداریی نەتەوەییەوە، سیاسەتی راگوێزان و جینۆساید و کولتوورساید بەرامبەر بە کورد بەڕێوە ببەن. کورد لە نەتەوەیەکی نەبینراو و فەرامۆشکراوەوە، کە رووت و تەنیا بۆ رەحمەتی هەندێك دەوڵەتی شۆڤینی و دیکتاتۆریی رۆژهەلاتی نێوین جێ هێڵدراوە، بۆتە نەتەوەیەکی بینراو و لە مەترسیی لە ناوچوونی فیزیکی و کولتووری دەرباز بووە. لەوەیش زیاتر(بەهۆی زۆنی باشووری کوردستان و فشاری ئەوروپا بۆ سەر تورکیا) چەند هەنگاوێك لە ئازادیی

نەتەوەیی و کولتووریی نزیك بۆتەوە. بۆیە بە رای من سەرەتای ئـازادیی سیاسـی و کولتووریی نەتەوەی کورد لەگەڵ لاوازبوونی سەرداریی نەتەوەیی ئەو وڵاتانە دەسـت پێ دەکات. نەمانی سەرداریی نەتەوەیی ئەو دەوڵەتانە کۆمەڵە ئەکتەرێکی دەرەکی دێنێتە سەر شانۆی سیاسیی ئەو وڵاتانە، کە لە نزیکەوە چاودێری دەسەڵات و ژیانی سیاسی و ئابووری دەکەن و لە زۆر بڕیاری گرنگدا قسەیان دەبێت.

**دووەم:** بە جیهانیبوون ئەم دەوڵەتە سەردەستانە و کۆمەڵەکانیان ناچاری کرانەوە دەکات، واتا دەیانخاتە بەردەم سەرەتاکانی پرۆسێسی بە دیموکراتیکردن و رێزگرتن لە ماف و ئازادیی خەڵکانی سەر بە نەتەوە و کولتووری جیاواز. هەر کام لەم کۆمەڵانە ئەگەر لەناوخۆدا توانا و هێزی گۆڕینی رێـژیم و دەوڵەتـەکانیان نـەبێت و مانـەوەی رێژیمەکانیشیان مایەی گرفت و هەڕەشەی ناوچەیی و جیهانی بن ئەوا، بەلای زۆرەوە، لە رێگای فشاری دەرەکی یان پەلاماری عەسکەریی راستەوخۆوە ئەم دەوڵەتانە دێنە گۆڕین. رەنگە شێوەی یەکلابوونەوەی کێشەی ئەمریکا وهاوپەیمانانی لەگەڵ عێراق، کە بە هەموو مەزەندەیەك بە روخاندنی دەسەڵاتی بـەعس و گـۆڕینی سـتروکتووری دەوڵەتی عێراق دوایی دێت، نموونەیەکی ئەم گریمانەیە بێت، ئەگـەر ئـەم گریمانەیـە راست دەرچێت ئەوا ئێمە لەبەردەم حاڵەتێکی کەموێنە و رووداوێکی هێندە گرنگدا دەبین کە دەشێت رەوشـی سیاسـی، ئـابووری و کۆمەڵایـەتیی ناوچـەکە(دیـارە بـە کوردستانیشەوە) بە تـەواوی بگـۆڕن. ئەمـە سـەرەتایەك دەبێـت کـە لـە وڵاتـانی دیکەیش، دیارە بە تایبەتمەندی خۆیانەوە، دووبارە دەبێتەوە.

**سێیەم:** کۆمەڵی کوردستان راستەوخۆ و ناراستەوخۆ تێکـەڵی پرۆسێسـی بـە جیهانیبوون دەبێت. لە کۆمەڵێکی داخراو و شەڕ بەسەردا سەپێندراو و نەریتییـەوە بەرەو کۆمەڵێکی کراوە و ئارام و مۆدێرن دەڕوات، دەیان ساڵە چارەنووسی سیاسی و رەوشی پێشکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووریی کۆمەڵی کوردستان تـەنیا لەناو دەستی دەوڵەتە سەردەستەکاندایە، ئەوان کوردستانیان کردۆتـە کۆلۆنیایـەکی

ناوخۆی خۆیان و گۆڕیویانە بە کۆمەڵی شەڕ و ستەم. لەمەودوا ئەوان بە تەنیا بڕیاردەری چارەنووسی کورد نابن، بەڵکو کۆمەڵە ئەکتەرێکی دەرەکی و کورد خۆیشی، لە مەسەلە گرنگەکانی کوردستان و رەنگە ئەو وڵاتانەیشدا، بڕیاردەر دەبن.

**چوارەم:** لەم دۆخەدا سیاسییە نوێیەدا دەکرێت سەرمایەگوزاریی سیاسیی لەسەر کورد بکرێت. کورد وەك نەتەوەیەکی گرنگی رۆژهەڵاتی نێوین، بەو سامانە بەشەری و ئابووری و شوێنە جیۆگرافیاییە گرنگەی هەیەتی دەتوانێت بەرژەوەندی و ئاسایشی نەتەوەیی دەوڵەتانی دیکە لە ناوچەکەدا بپارێزیت و کۆمەك بە ئارامی و ئاسایشی ناوچەکە و جیهان بکات. کوردستانیش دەکرێت ببێتە شوێنیکی گرنگی وەبەرهەمهێنان(ئیستیسمار)ی جیهانی و مەیدانێکی فراوانی چالاکی جۆراوجۆری ئابووری و کولتووری، کە لە رێگای هاریکاری و هاوپەیوەستییەکی ناوچەیی و جیهانییەوە، هەم شتێك بە جیهان بدات و هەم شتێك(یان زیاتر) لە جیهان وەربگرێت.

**پێنجەم:** هەر کام لە دەوڵەتە سەردەستەکانی کوردستان تەنیا دەوڵەتی فرەنەتەوە نییە، بەڵکو فرە وڵاتیشە، لە هەر کام لەو وڵاتانەدا بەشێك لە نیشتمانی کورد هەیە، واتا کورد خاك و جیۆگرافیای تایبەت بەخۆی هەیە و لەسەر خاکی کەس ناژیت. هەر بەشێکی کوردستان درێژبوونەوەیەکی سروشتی و نەتەوەیی هەیە. نەمانی دەسەڵاتی دیکتاتۆری و کۆنترۆڵی عەسکەری و پۆلیسی دەوڵەتی ناوەندیی لە کوردستاندا، دەرفەتی پەیوەندیی ئابووری، کولتووری، کۆمەڵایەتی و سیاسیی لە نێوان بەشەکانی کوردستان دروست دەکەن، کە بە نۆرەی خۆیان زەمینەی هاوئاهەنگیی نەتەوەیی و کاملبوونی کولتووریی بەهێز دەکەن. لەسەر زەوی هاریکاری و جۆرە تێکەڵبوونەوەیەکی نەتەوەیی، کە مەرج نییە فۆرمی قەوارەی سیاسیی وەربگرێت، لە نێوان بەشەکانی کوردستاندا دەردەکەون. هەر بەشێکی

کوردستان دەکرێت ببێتــە پەناوپشــتی نەتــەوەیی و ئــەمنی بـۆ بەشـێکی دیکـەی کوردستان. ئەمە یەکێکە لەو گریمانانەی کـە رەنگـە لـە داهـاتوودا لـە بـەردەم و چارەسەری پرسی کورددا دەربکەون.

بەدیموکراتیکردنی هەر کام لە وڵاتە سەردەستەکانی کوردستان دەرفەتێکی گرنگ بۆ شێوە چارەسەرێکی دیموکراتانە و عادیلانەی پرسی کورد لەو وڵاتەدا دەڕەخسێنێت. لە چوارچێوەی گشتیدا مافی هاووڵاتیبوون بۆ مرۆڤی کورد دابین دەکات، واتا مرۆڤی کورد لە هاووڵاتی پلەدووی ئەو وڵاتانەوە دەبێتە هاووڵاتییەکی یەکسـان لـە مـاف و ئەرکەکانیدا. گەلی کوردستان، لە باری سیاسییەوە، بە پاسیڤی نامێنێتەوە و دەگۆڕێت بە خەڵکێکی چالاك(ئەکتیڤ) کە لە رەوشی سیاسی و چارەنووسی ئەم وڵاتانەدا بەکار و کاریگەر دەبێت. بەڵام لە دوا ئەنجامدا چارەسـەرکردنی پرسـی کـورد، بـە قـازانجی ئـازادیی خـەڵکی کوردسـتان، تـا رادەیـەکی زۆر، پەیوەنـدی بـە رۆڵـی فاکتـەرە ناوخۆییەکانی کوردستانەوە هەیە، واتا رۆڵی هێزە سیاسییەکان، خەڵکی کوردسـتان و دەزگا و رێکخراوە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان. گۆڕانکارییە چـاوەڕوانکراوەکان بـە جۆرێکی ئۆتۆماتیکی پرسی کورد و گرفتەکانی کۆمەڵی کوردستان چارەسەر ناکـەن، بەڵکو شێوەی چارەسەرکردنەکان بە پەیوەندیی لەگەڵ فاکتـەرە ناوخۆییەکانـدا کامـڵ دەبن. مەسەلەی کورد گرفتێکی مێژوویی ئاڵۆزە و لەگەڵ دەوڵـەت و وڵاتانێکـە کـە مێژوویەکی درێژی پڕ لە ستەم و زەبر وزەنگیان هەیە و لە هیچ کات و سـەردەمێکدا رێزیان لە ماف و کولتوور و ئازادیی خەڵکی دیکەی ناو(وڵاتەکانیان) نەگرتووە. بۆیـە چارەسەرکردنی پرسی کورد کات و توانایەکی ناوخۆیی زۆر و کۆمەك و فشاری دەرەکی دەوێت. ئەو هێزە دەرەکییانەی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ گۆڕانکاریی لە هەر کام لەو وڵاتانەدا دروست دەکەن دەتوانن کۆمەکی زۆر بە چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد بکەن. دیارە ئەوان پێش هەر شتێك بیر لە پاراستنی بەرژەوەنـدیی خۆیـان دەکەنـەوە. ئەمەیش لە سیاسەتی جیهانیدا شتێکی نوێ نییە. بۆیە شێوەی چارەسەرکردنی پرسی کورد تا رادەیەکی زۆر دەوەستێتە سەر ئەوەی کورد، وەك هێـزو لایـەنێکی سیاسـی، چەند دەتوانێت لەسەر کۆمەڵێك داخوازی نەتەوەیی خۆی یەکگرتوو بێـت، تـا چـەند

حیسابی بۆ دەکرێت و متمانەی پێ دەکرێت. چونکە ئەو هێزانە بۆ ئەوەی بتوانن بەرژەوەندییەکانیان لەو وڵاتاندا بپارێزین، دەبێت شەریك و هاوپەیمانی ناوخۆییان هەبێت. جاران تەنیا دەوڵەتەکان بە پارێزەری بەرژەوەندیی دەوڵەتانی دی دادەنران، زلهێزان وەك شەریك و هاوپەیمان حیسابیان بۆ دەکردن. بەڵام لە جیهانی نوێدا، بەهۆی لاوازبوونی سەرداریی نەتەوەیی دەوڵەتان و تێکەڵبوون و لێکدانی بەرژەوەندییەکان و کۆمەڵێك هۆکاری دیکەوە، دەکرێت هەندێك لە نەتەوە بێ دەوڵەتەکانیش بتوانن فاکتەرێکی گرنگی ئارامیی ناوچەیی بن و پارێزەری ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتانی دووربن و حیسابیان بۆ بکرێت. بە رای ئەمە گۆڕانکارییەکی گرنگە لە سیاسەتیی جیهانیدا کە شایەنی باس و لێکۆڵینەوەیە.

4

دەوڵەتی مۆدێرن پێش هەر شتێك لەسەر بنچینەی زەمینەی هاوبەشی کولتووری و مێژووی هاوبەش دروست بووە. توانای خۆی، پێش هەر شتێك، لە هەستی هاوچارەنووسی و توانای پێکەوەهەڵکردن و هاریکاریی نەتەوەیی نێوان خەڵکەی وەردەگرێت. کەچی لە زۆربەی وڵاتانیی فرە نەتەوە و فرە ئاین و مەزهەبدا، کە زەمینەی کولتووریی هاوبەش نییە، هەستی هاوچارەنووسی و هاریکاریی نەتەوەیی و توانای پێکەوەهەڵکردنی خەڵکەکانی لاوازن، یان هەر نین.

دەوڵەتی فرەنەتەوەیی بە گشتی دیاردەیەکی سروشتی نییە، ئەم جۆرە دەوڵەتانە یان پاشماوەی ئیمپراتۆریاکانن، یان یەکگرتنی نێوان دەوڵەتێکی بەهێز و دەوڵەتێك یان چەند دەوڵەتێکی لاوازن، یاخود بەرهەمی ئەو سنوورانەن کە کۆلۆنیالیزم لە کاتی خۆیدا کێشاویانن و پاشتر وەك میراتێك بۆ دەوڵەتی نەتەوەیی ماونەتەوە. بۆیە ئەو جۆرە دەوڵەتانە بە گشتی لە ڕێگای دەسەڵاتێکی ناوەندیی بەهێزەوە، یان بەهۆی ئیستیبداد و حوکمی دیکتاتۆرییەوە راگیراون. هەر کاتێك دەسەڵاتی ناوەندی لاواز ببێت، ئەوا ئەم دەوڵەتانە یان هەڵدەوەشێن، یاخود ئاژاوە و کێشەی ناوخۆییان تێدا

دروست دەبێت. چونکە ئەو خەڵکانەی کە لە لایەن نەتەوەیەکی دیکەوە حوکمڕانی دەکرێن، هەست بە ستەم دەکەن و دەخوازن ئەوانیش پێناسی تایبەت بە خۆیان هەبێت. لە سەردەمی بەجیهانیبووندا ئەم جۆرە دەوڵەتانە ناتوانن، بە شێوەی خۆیان، وەك دەوڵەتی زۆرایەتی و بە میتۆدی حوکمڕانی خۆیان، ستەم و دیکتاتۆریا، بەردەوام بن. ئەم جۆرە دەوڵەتانە، لەوانە دەوڵەتە سەردەستەکانی کوردستان، یان دەبێت بگۆڕدرێن بە دەوڵەتی دیموکراتی و یەکسانبوونی نەتەوەیی و مەزهەبی، یان بەلای زۆرەوە وەك یەکێتیی سۆڤیەت و یۆگۆسلاڤیا هەڵدەوەشێنەوە.

عێراق یەکێکە لەو وڵاتە فرەنەتەوەیی و فرەمەزهەبییانەی کە هەر لە سەرەتای دروستبوونییەوە گرفت و قەیرانەکانی خۆی هەڵگرتووە، چونکە پێکهاتێکی ناسروشتی و شێواوە، جیۆگرافیایەکی بەزۆر لێکدراو و مۆزایکێکی نەتەوەیی، مەزهەبی و ئاینییە کە لە کاتی دروستکردنیدا زەمینەی پێکەوەهەڵکردن و هەستی هاوچارەنووسیی لە نێوان گەلەکانیدا نەبووە. دەوڵەتیش لە جیاتی ئەوەی هەوڵ بدات لە ڕێگای کۆمەڵە دەزگایەکی حقووقی، سیاسی، کولتووری و ئیدارییەوە هاریکاریی نەتەوەیی دروست و بەهێز بکات، ماف و یەکسانیی هاووڵاتیان، بە بێ لەبەرچاوگرتنی شوێنی کۆمەڵایەتی و ئینتیمای کولتوور-نەتەوەیی و مەزهەبییان بپارێزێت، خۆی بۆتە فاکتەرێکی دیکەی لێکدابڕانی گەلانی عێراق و تیژکردنی کێشە مەزهەبی و نەتەوەییەکانی نێوانیان.

گرفتی عێراق تەنیا ئەوە نییە کە زەمینەی پێکەوەهەڵکردن و هاریکاریی نەتەوەیی لە نێوان کورد و عەرەبدا نەبوون و نین، بەڵکو گرفتەکە لەوەیشدایە کە تەنانەت لە نێوان عەرەب و عەرەبیشدا زەمینەی پێکەوە هەڵکردن و هاریکاریی نەتەوەیی نەبوون و نین خەڵکی عەرەبی عێراق لە زۆرایەتییەکی شیعە و کەمایەتییەکی سوننی پێکهاتوون، کێشە و شەڕی خوێناویی نێوان خەڵکانی سەر بەم دوو مەزهەبەی ناوچەکانی باشوور و ناوەڕاستی ئیمڕۆی عێراق مێژوویەکی هەزار و چەند سەدساڵەیان هەیە و بۆ سەردەمی ئومەوییەکان(661-750) و کوشتاری لایەنگرانی ئیمام عەلی و کوڕەکانی لەم ناوچانەدا دەگەڕێنەوە. خەڵکی ئەم ناوچانە،

بە درێژایی مێژووی مەزهەبی و سیاسی و کولتووریی خۆیان تا دروستکردنی دەوڵەتی عێراق، نەك هاوچارەنووس و هاوکار نەبوون بەڵکو هەمیشە سەر بە دوو ناوەندی جیاواز و پێکناکۆکی دەسەڵات بوون، لە سەردەمی خەلافەتی عەرەبی ئیسلامیدا(خەلافەتی ئومەوی و عەباسی) عەرەبە سوننیەکانی ناوچەکانی عێراقی ئیمڕۆ سەر بە دەسەڵاتی دەوڵەت و عەرەبە شیعەکانیش دژی دەوڵەت و سەر بە دەسەڵاتی رۆحی و سیاسیی ئۆپۆزسیۆن بوون. دواتریش، کاتێك ئیمپراتۆریای سوننەمەزهەبی عوسمانی و ئیمپراتۆریای شیعەمەزهەبی ئێرانی دەرکەوتن، هەمیشە عەرەبە سوننیەکانی ئەو ناوچانە لایەنگری دەوڵەتی عوسمانی و عەرەبە شیعەکانیش لایەنگری دەوڵەتی ئێرانی بوون. مێژووی شەڕ و کێشەی چوارسەد ساڵەی ئەم دوو ئیمپراتۆریا ئیسلامییە، لە هەمان کاتدا مێژووی شەڕ و کێشە و پێکەوەهەڵنەکردنی ئەم دوو بەشە عەرەبییەی خەڵکی ئێستای عێراق بووە. ئەو کوشتارە گەورانەی لە نێوان لایەنگرانی ئەم دوو مەزهەبەدا بووە رەنگە لە کوشتاری غەیرەدینان کەمتر نەبووبێت، بۆیە بە رای من زەمینەی پێکەوەهەڵکردن و هەستی هاوچارەنووسی و هاریکاریی نەتەوەیی لە نێوان خەڵکی عەرەبی عێراقدا نییە و دەوڵەتی عێراقیش نەیتوانیوە دروستی بکات، عەرەبی عێراق تا ئیمڕۆش قەیرانی پێناسی نەتەوەیی هەبووە و هەیە، پێناسی خەڵکی عەرەبی عێراق، پێش هەر شتێك، لە ئینتیمای مەزهەبییەوە، نەك لە ئینتیمای نەتەوەییەوە، سەرچاوە دەگرێت. ئەگەر راشکاوانەتر بدوێم دەبێت بڵێم کە کێشە و رابردووی خوێناوی نێوان لایەنگرانی ئەم دوو مەزهەبە، عەرەبی عێراقی گۆڕیوە بە دوو گەلی جیاواز کە هەریەکەیان مێژوو و کولتووری تایبەت بەخۆی هەیە. هەریەکەیان سەرچاوەی رۆحی و وەلائی سیاسیی تایبەت بە خۆی هەیە، بۆیە شتێکی سەیر نییە کە هەریەکەیان بە جۆرێکی جیاواز بۆ ئایندەی خۆی و چارەنووسی سیاسی و ئاینیی خۆی بڕوانێت. دیارە لێرەدا قسە لە عەرەببوون یان عەرەبنەبوونی هیچ لایەنێکیان نییە، بەڵام لێرەدا لە مەسەلەی خۆناسین و هەستی هاوچارەنووسیدا فاکتەری مەزهەبیی پێش فاکتەری زمان دێت، ئەوەی کە ئاین و مەزهەب و شەڕە مێژووییەکانی نێوان لایەنگرانیان گەلێکی سەر

بە یەك زمان، یان تەنانەت سەر بە یەك ئاین و زمان دەگۆڕێت بە دوو گەل، یان دوو نەتەوەی جیاواز شتێکی سەیرنییە و لە مێژووی گەلانی سەر بە ئاینی مەسیحی و مەزهەبەکانیدا نموونە زۆرن، بۆ نموونە هەندێك لە گەلانی بەلکان و گەلی ئایرلەندی.

لەبەر ئەم هۆکارانە سەیر نییە کە ناسیۆنالیزمی عەرەبی لە عێراقدا، وەك بیر و ئایدۆلۆجیا و ڕێبازی سیاسی، تەنیا لە سەرەتای چلەکانی سەدەی بیستەمدا دەرکەوت، ئەویش لە ریگای لوبنان و سوریاوە هاتە عێراق و زیاتر لەناو عەرەبە سوننییەکاندا بلاو بۆوە. کەچی ناسیۆنالیزمی عەرەبی لە لوبنان، سوریا و میسردا، نزیکەی نیو سەدەیەك پێشتر، لە ئەنجامی ستەمی عوسمانی و وەك کاردانەوەیەك بەرامبەر ناسیۆنالیزمی تورك دەرکەوت. ئەوەی کە هەندێك ئاگاداری مێژووی سیاسیی نوێی عێراق بێت دەزانێت کە دەرکەوتنی ناسیۆنالیزمی عەرەبی لە عێراقدا(کە بەعس تا ئێستا بە لێهاتووییەوە نوێنەرێتی) وەك کاردانەوەیەك نەبوو لە بەرامبەر دەسەلاتی ئەو سەردەمەی کۆلۆنیالی بریتانیا لە عێراقدا، بەلکو پێش هەر شتێك کاردانەوەیەك بوو لە بەرامبەر تەوژمی حیزبی شیوعی عێراق و ناسیۆنالیزمی کورددا. حیزبی شیوعی عێراق، لە کۆتایی چلەکان و پەنجاکاندا، زۆرترین لایەنگرانی لەناو خەلکی ستەملێکراوی شیعەدا بوون. ناسیۆنالیزمی کوردیش لە سەردەمی شەڕی دووەمی جیهانی و دواتر، لە هەڕەتی چالاکیی خۆیدا بوو(دامەزراندنی حیزبی هیوا و چەند ڕێکخراوێکی وەك رزگاری و شۆڕش.. تاد دامەزراندنی کۆماری دیموکراتی کوردستان لە مهاباد و سەرئەنجام دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان). ناسیۆنالیزمی عەرەبی لە عێراقدا تەنیا ئەو کاتە دەرکەوت کە شیعەکانی عێراق، لە ڕێگای حیزبی شیوعی عێراقەوە، کورد لە ڕێگای حیزبی نەتەوەیی خۆیەوە(هەروا لەناو حیزبی شیوعیشدا) بوونە دوو کۆمەلە خەلکی چالاکی سیاسی کە چاوەڕوان دەکرا، بۆ یەکەمین جار، لە چارەنووسی سیاسیی عێراقدا بڕیاردەر بن. واتە دەکرا ئەوان عێراق لە دەولەتێکی عەرەبیی سوننە مەزهەبەوە بگۆڕن بە دەولەتی گەلانی عێراق، بێ جیاوازیی مەزهەبی و نەتەوەیی. کودێتای تەمووزی سالی 1958 سەرەتای ئەم دەرفەتەی رەخساند.(5)

کۆکردنەوەی خەڵکانی سەر بەم دوو مەزهەبە، بەم رابردووە مێژوویيە پڕ لە شەڕ و ناکۆکیانەیانەوە، بەم جیاوازییە توندە مەزهەبی و کولتوورییەیانەوە، لە ناو قەوارەیەکی سیاسییدا تەنیا بەرژەوەندیی بریتانیا و فانتازیای کۆلۆنیالیی بریتانیا، کە بە راستی سنووریان بۆ نەبوو دەیانتوانی تەسەوری بکەن و بە ئەنجامیشی بێنن. کاتێکیش لە ساڵی 1924دا بریتانیا بە زەبری هێز و لەشکری خۆی باشووری کوردستانی بە عێراقەوە لکاند، ئیتر دابینکردنی بەرژەوەندیی بریتانیا و فانتازیای کۆلۆنیالیی بریتانیا سەبارەت بە عێراق بە لوتکەی خۆیان گەیشتن. بەم جۆرە پێکهاتێکی ناتەبا و شێواو لە کۆمەڵە خەڵکێکی جۆراوجۆر دروست کرا و ناوی عێراقی لێ نرا. کۆلۆنیالیزمی بریتانیا لەم کارەیدا تەنیا شەرعییەتی لە عەرەبە سوننەکانەوە وەرگرت. راستە کۆلۆنیالیزمی بریتانی(هەروا کۆلۆنیالیزم بە گشتی) لە هیچ شوێنێکی دنیادا پێویستی بە شەرعییەت وەرگرتن نەبوو بەڵکو لە هەر وڵاتێکدا پێویستی بە شەریك و پۆلیس هەبوو کە بەرژەوەندییەکانی بپارێزێن. بەشێك لە عەرەبە سوننەکانی عێراق بوونە ئەو شەریك و پۆلیسەی بریتانیا دەیەویست، بۆیە هەموو دەزگا گرنگەکانی دەوڵەت و حوکمڕانی و سوپا و پۆلیس و ئەمن و تەنانەت چارەنووسی کورد و شیعەکان، بەوان سپێردران[6].

عێراق، بەو ستروکتوورەی دەوڵەتی و شێوە حوکمڕانییەوە لە سەرەتاوە هەیبووە و تا ئێستا پارێزراوە، مەرجەکانی دەوڵەتی مۆدێرنی تێدا نییە و توانای بەردەوامبوونیشی نییە، چونکە، بە درێژایی هەشتا ساڵەی مێژووەکەی، بنچینەی پێکەوەهەڵکردن و هەستی ئینتیمای نیشتمانیی هاوبەش و هاریکاریی نەتەوەیی لە نێوان خەڵکەکانیدا دروست نەبووە، دەوڵەت لە جیاتی ئەوەی جیاوازی و لێکدابڕانی نێوان گەلانی عێراق کەم بکاتەوە، زیاتری کردوون. لە باتی ئەوەی وەك دەوڵەتێکی(مۆدێرن) نوێنەری هەمووان بێت و لە رێگای دەستوورەوە مافی یەکسانبوونی نێوان هەموو لایەنەکان و هاووڵاتییان بپارێزێت، هەمیشە دەوڵەتی کەمایەتیی سوننەمەزهەبی عەرەب بووە، کە نزیکەی لە سەدا بیستی عەرەبی عێراق پێك دێنێت.

به رای من قەیرانی دەوڵەتی عێراق لەو ناکۆکییەوە هاتووە کە لە نێوان سروشتی فرەنەتەوەیی و فرەمەزهەبیی کۆمەڵی عێراق و نێوان پێکهاتی دەوڵەت و سیستمی دەسەلاتدا هەیە. دەسەلاتی سیاسی، کە هەمیشە بەدەست کەمایەتیی سوننەوە بووە، پێش هەر شتێك هەوڵی داوە بە زەبری هێز و ستەم ئەم ناکۆکییە چارەسەر بکات. خەڵکانی دیکەی لە خۆی جیاواز(کورد و شیعە) کۆنترۆڵ بکات و لە قاڵبیان بدات. بۆیە ئەم دەسەلاتە سیاسییە بەردەوام لە دوو ئاستدا کاری کردووە: ئاستی ناسیۆنالیستی دژ بە کورد و رێگرتن لە دروستبوونی کەسایەتیی سیاسی و پێناسی نەتەوەیی کورد، ئاستی مەزهەبیی دژ بە شیعە و رێگرتن لە بەشداربوونیان لە ژیانی سیاسیی عێراقدا. بۆیە دەسەلات تەنیا لە رێگای بەرهەمهێنانەوەی زەبروزەنگ و دیکتاتۆریاوە توانیویەتی کارەکانی خۆی بەجێ بهێنێت و بەردەوام بێت. لەبەرئەوەی عێراق، بەهۆی سامانی نەوتەوە، توانایەکی گەورەی ئابووریی هەیە دەوڵەت توانیویەتی دەسەلاتێکی سێنتralیی بەهێز و دیکتاتۆری و دەزگای بیرۆکراتیی بەکار و سوپایەکی بەهێزی خەسڵەت فاشییانە دابمەزرێنێت و زۆرترین تەکنەلۆجیای مۆدێرن بۆ کۆنترۆڵ و شەڕ و لەناوبردن بەدەست بخات. ئەم دەسەلاتە لە رەوشی چڕبوونەوەی خۆیدا و لە رووبەڕووبوونەوەی تەحەدا ناوخۆییەکاندا(تەحەدای کورد و شیعە) گۆڕدراوە بە دەسەلاتی گرووپێك(ئێلیتێك)ی عەسکەری یان سیاسی، لەوێشەوە بۆ دەسەلاتی خێڵ و بنەماڵەیەك و لەوێشەوە بۆ دەسەلاتی موتڵەقی تاکەکەسێك. قەیرانی دەوڵەتی عێراق و زاڵبوونی کولتووری خوێن و داپلۆسین لە عێراقدا لەو ناکۆکییەوە سەرچاوەی گرتووە کە لە نێوان پێکهاتنی فرە نەتەوەیی و فرە مەزهەبیی کۆمەڵی عێراق و نێوان سروشتی دەوڵەت و دەسەلاتی سیاسیدا هەیە. ئەگەر لە دوای نەمانی دەوڵەتی بەعس ئەم ناکۆکییە چارەسەر نەکرێت ئەوا بە دڵنیاییەوە قەیرانی عێراق لە فۆرمێکی دیکەدا بەردەوام دەبێت و هەمان کولتووری خوێن و ستەم و دیکتاتۆریا دێنێتەوە بەرهەم. بۆ چارەسەری ئەم ناکۆکییە، بە رای من پێویستە پێش هەر شتێك ستروکتووری دەوڵەتی عێراق و شێوەی حوکمڕانی و تەنانەت قەوارەکەی بێنە گۆڕین.

ئیمڕۆ کۆمەڵی عێراق و هێزە سیاسییەکانی ناتوانن ڕێژیمی عێراق بگۆڕن، ئەگەر بشتوانن بیگۆڕن ئەوا بە دڵنیاییەوە ناتوانن کێشەی عێراق و کوردستان بە جۆرێکی واقیعییانە و عادیلانە چارەسەر بکەن، گۆڕینی ڕێژیمی عێراق لە لایەن ئەمریکا و هاوپەیمانانییەوە لەم ڕووەشەوە گرنگییەکی زۆری بۆ کورد هەیە، چونکە چارەنووسی کورد و پرسی کورد ناخرێنە بەردەست هێزە سیاسییە عەرەبەکانی عێراق، کە زۆربەیان تەنانەت ئۆتۆنۆمیش بۆ کورد بە زۆر دەزانن. قبووڵکردنی فیدراڵیزم، وەك داخوازیی ئێستای کورد، لە لایەن ئەمریکا و سەپاندنی بەسەر ئۆپۆزسیۆنی عێراقیدا سەرەتای تێگەیشتنێکی سیاسیی نوێی ئەمریکا بۆ پرسی کورد دەردەخات، هەروا دەیسەلمێنێ کە فاکتەری دەرەکی دەتوانێت ڕۆڵی یەکلایکەرەوەی لە چارەسەری پرسی کورددا هەبێت.

ئەم تێگەیشتنە نوێیەی ئەمریکا بۆ مەسەلەی نەتەوەیی کورد و نامەکەی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، کۆلین پاول، بۆ پەرلەمانی هەرێمی کوردستان(ڕۆژی 4ی ئوکتۆبەری 2002) سەرەتای هەڵوێستێکی سیاسیی نوێی ئەمریکا بەرامبەر بە کورد و ڕۆڵی سیاسیی کورد لە ئێستا و داهاتووی عێراقدا پیشان دەدات. ئەمەیش بە لای زۆرەوە پەیوەندی بە سیاسەتی نوێی ئەمریکا، لە دوای دەستدرێژییەکەی یازدەی سێپتەمبەرەوە هەیە، ئەگەر ئەم خوێندنەوەیە ڕاست بێت ئەوا دەشێت کوردستان(لە کاتی ئێستادا قسە لە باشووری کوردستانە) یەکێك بێت لەو ناوچانەی کە بۆ پاراستنی دووریی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا و بەرژەوەندییەکانی لە ناوچەکەدا حیسابی بۆ کرابێت.

ئاشکرایە گەلی باشووری کوردستان بەدوور لە خواست و ئیرادەی خۆی خراوەتە پاڵ عێراق. مێژووی دەوڵەتی عێراقیش پێش هەر شتێك مێژووی ستەم و لەناوبردنی فیزیکی و کولتووریی کوردە. دەوڵەتی عێراق، بە تایبەتی لە سەردەمی دەسەڵاتی بەعسدا، ڕوباری خوێنی لە نێوانی خۆی و گەلی کوردستاندا دروست کردووە. ئەمەیش هیچ زەمینەیەکی بۆ پێکەوەهەڵکردنی کوردستان و عێراق(کە ئەسڵەن زۆر لاواز یان هەر نەبووە) نەهێشتۆتەوە. کورد مافی خۆیەتی کە بڕوا و متمانەی

سیاسیی به دەوڵەتی عێراق و خەڵکی عێراق نەبێت و نەیەوێت تێکەڵی عێراق ببێتەوە، بەڵکو داوای جیابوونەوە بکات. بۆیە رەوا نییە و هەڵەیەکی سیاسیی گەورەیشە ئەگەر سەرکردایەتیی سیاسیی کورد و پەرلەمانی کوردستان رێگە بدەن، لەگەڵ گۆڕینی رێژیمی عێراقدا، ئەو بەشە ئازادکراوەی کوردستان بە جۆرێکی ئۆتۆماتیکی تێکەڵی عێراق بکرێتەوە.

پێویستە لە جیاتیان کار بۆ ئەوە بکرێت کە خەڵکی ناوچە کوردنشینەکانی دیکە، کە ئێستا لە ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتی عێراقدان، بخرێنەوە سەر هەرێم. هەروا لە ماوەی دوو- سێ ساڵی دوای روخانی رێژیم، لە رێگای راگیریی گشتی(رێفراندۆم) ەوە گەلی باشووری کوردستان چارەنووسی خۆی بە مانەوە بە شێوەی کۆنفیدرالی یان جیابوونەوە لە عێراق، بڕیار بدات. ئەگەر کورد بکرێت ماوەیەکی زیاتر لەگەڵ عێراقدا بمێنێتەوە ئەوا پێویستە لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکان یان ئەمریکا و یەکێتیی ئەوروپاوە گەرەنتی پێ بدرێت کە چارەنووسی سیاسیی گەلی باشووری کوردستان، لە نزیکترین دەرفەتی لەباردا، لە رێگای راگیریی گشتییەوە بڕیار بدرێت.

بەڵام لەم حاڵەتەدا پێویستە ستروکتوور و پێکهاتی دەوڵەتی عێراق بگۆڕدرێت بە دەوڵەتێکی فیدرالی، پەیوەندیی نێوان هەرێمی کوردستان و هەرێمی عەرەبیی عێراق(ئەگەر یەك حکومەتی فیدرالیی نوێنەریی شیعە و سوننە بێت، یان دوو حکومەت) لەسەر بنچینەی فیدرالی بێت. لێرەدا دەوڵەتی ناوەندی(بەو مانایەی بەغدا ناوەند و کوردستان پەراوێز، بەغدا بڕیاردەرە و کورد گوێڕایەڵ) نامێنێتەوە. دەوڵەتی ناوەندی و دەزگا گرنگەکانی وەك پەرلەمان، حکومەت، سوپا و پۆلیس تاد...... دەبێت لە نوێنەرانی هەردووك هەرێم و لە کۆی حکومەتی دەسەڵاتە فیدرالییەکان و دەزگاکانییان پێك بهێندرێن. بڕیارە گرنگەکانیشی بە رەزامەندی نوێنەرانی هەردوو هەرێم بدرێن. ئەم شێوە حکومڕانییە هەم رێگا لە دەرکەوتنەوەی دیکتاتۆریا دەگرێت، هەم جۆرە یەکسانییەك لە نێوان گەلانی عێراقدا دروست دەکات، هیچ لایەنێکیش ناتوانێت بە تەنیا چارەنووسی عێراق بڕیاربدات و ستەمی

نەتەوەیی یان مەزهەبی بەرامبەر لایەنەکانی دی بکات، یان شەڕ لەگەڵ دراوسێکانی هەڵگیرسێنێت.

ئیمڕۆ گەلی باشووری کوردستان هێزێکی گرنگی ناوچەکەیە. لە کاتی گۆڕینی ڕێژیمی عێراق و دواتریش حیسابی بۆ دەکرێت. هەر دەوڵەت و لایەنێکی دەرەکی، ئەگەر بتوانێت کورد لە ستەمی نەتەوەیی دەرباز بکات و بەرژەوەندیی گەلی کوردستان لەبەرچاو بگرێت، ئەوا کورد دەتوانێت بەرژەوەندیی ئەو دەوڵەت و لایەنە لە ناوچەکەدا بپارێزێت و ڕەوایی بە هاتن و مانەوەیشی بدات. بە رای من ئەمە مەسەلەیەکی گرنگە و شایەنی ئەوەیە باس و لێدوانی لەسەر بکرێت و رای گشتی خەڵکی کوردستانی بۆ ئامادە بکرێت. هەروا هێزە سیاسییە سەرەکییەکانی کوردستان، لەم بارەیەوە، نەخشە و پرۆگرامێکی نەتەوەیی هاوبەشیان هەبێت و خۆیان بۆ گریمانەی جۆراوجۆر ئامادە بکەن، لە بەرامبەر دەرەوە و دەوڵەتی داهاتووی عێراقدا لەسەر کۆمەڵێك پرینسیپ و داخوازیی هاوبەشی نەتەوەیی ڕێك بکەون و پێکەوە کاری بۆ بکەن، لەسەر ئاستی ناوەوەیش دەزگاکانی حوکمڕانی دەوڵەت بە جۆرێك دروست بکرێنەوە کە ببنە دەزگای نەتەوەیی هاوبەش، نەك حیزبی. هەروا دەزگا و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و ئازادیی بیر و ڕێکخستن و چاپەمەنی فراوان و بەهێز بکرێن.

یەکخستنی ویستی نەتەوەیی و ئیرادەی سیاسی و تواناکانی کۆمەڵی کوردستان، گەلی کورد دەکاتە ئەو هێزەی کە لە ئێستا و داهاتووشدا سەرمایەگوزاریی سیاسیی لەسەر بکرێت، وەك شەریك و هاوپەیمان شوێنی پێ بدرێت. بە ئەندازەی ئەو ڕۆڵە سیاسییەی دەیبینێت بەرژەوەندییەکانی لەبەر چاو بگیرێن.

چارەنووسی کێشەی عێراق لەگەڵ ئەمریکا و ئەنجامە سیاسییەکانی، تەنیا ئیمتیحانێك نییە بۆ پرۆژە و نەخشەی داهاتووی ئەمریکا لە عێراق و ناوچەکەدا بەڵکو لە هەمان کاتدا، ئیمتیحانێکیشە بۆ توانای سیاسی و ئاستی پێگەیشتنی نەتەوەیی گەلی باشووری کوردستان.

## سەرچاوەو پەراوێزەکان

1- Bauman، Zygmunt، Clobalisering، över. Fredrik Miegel، s.5
2- Beck، Ulrich، Vad innebär globaliseringen، Över. Joachim -Retzlaff، Daidalos، sverige 1998 s، 16
3-Rojas، M. Den postnationella maktens gåta och det globala protokollet، Timro 2000 s. 14-15
4-Beck، Ulrich، s.55

5. دوژمنایەتی سەختی ناسیۆنالیستانی عەرەب لە عێراق و هەندێك وڵاتی عەرەب بەرامبەر بە کودێتای تەمووز، کە سەرئەنجام بە کودێتای بەدناوی شوباتی 1963ی بەعس گەیشت، تەنیا لەبەر ناوەرۆکی کۆمەڵایەتیی کودێتاکە نەبوو بەڵکو

به رای من هەوڵدانێکیش بوو بۆ کۆتاییهێنان به رۆڵی سیاسی ئەو دوو توخمە نەشازەی کۆمەڵی عێراق(شیعە و کورد). بەڵام لەبەرئەوەی کودێتای تەمووز هەڕەشەیەك بوو لە بەرژەوەندیی بریتانیا و رۆژئاوا، بەعس بوو بەو هێزەی کە وەك شەریك حیسابی بۆ بکرێت. سکرتێری ئەو کاتەی حیزبی بەعس، ساڵانێك دواتر، لە ساتێکی راستگۆییدا گوتی کە ئەوان لە ساڵی 1963دا(بە شەمەندەفەری ئەمریکا هاتنە سەر حوکم). ئەم کارەی بەعس لەو سەردەمەدا، کە کودێتای تەمووز نفوز و دەسەڵاتی کۆلۆنیالیزمی بریتانیای لە عێراقدا نەهێشتبوو هەروا شەپۆلی دژ بە کۆلۆنیالیزم ناوچەی عەرەبیی گرتبۆوە، بە ناپاکیی نەتەوەیی و لوتکەی ئیفلاسی سیاسی دادەنرا.

6- بریتانییەکان کە عێراقیان داگیرکرد رووبەڕووی بەرەنگارییەکی جەماوەری و چەکدارانەی عەرەبە شیعەکان بوونەوە، کە لە بەرەنگاربوونەوەی ساڵی 1920دا توندترین شێوەی وەرگرت. عەرەبە شیعەکان، بریتانییەکانیان بە کافر و دوژمنی ئیسلام دەزانی، رەنگە ئەزموونی پێشتری خەڵکی شیعەی ئێران لەگەڵ بریتانیا لەم رووەوە کاریگەر بووبێت، کەچی عەرەبە سوننەکان بوونە هاوپەیمان و دۆستی بریتانیا. لە کوردستانیشدا کێشەی نێوان شێخ مەحموود و بریتانییەکان شتێکی زانراوە. بۆیە تاکە هێز و لایەنێکی متمانەپێکراوی عێراقی، کە دەیتوانی هەم شەرعییەت بە بوونی بریتانیا لە عێراق بدات و هەم بەرژەوەندیی بریتانیا لە عێراقدا بپارێزێت، عەرەبە سوننەکان بوون.

# بەشی سێیەم

# زمان و نەتەوە
# گرفتەکانی زمانی کوردی

# زمان و نەتەوە: گرفتەکانی زمانی کوردی

## سەرەتا

لە سەردەمی ئیمڕۆدا سنوورە سروشتی و سیاسییەکان رۆژ بەرۆژ گرنگـی خۆیـان لەدەست دەدەن، مەودا شوێنە دوورەکان بە رادەیەکی سەیر نزیك و نزیکتر دەبنەوە، لە هەمان کاتدا چەپەرە کولتووری و زمانییەکان لاواز دەبن. کولتوور و زمانی نەتەوەیی ناتوانن گۆشەگیر و دابڕاو لەناو جیۆگرافیایەکی داخراودا بمێننـەوە. پـاوڵ ڤیریلـۆ ئـەم دیاردەیە بە(کۆتایی جیۆگرافیا) ناودەبات. ئەو دەنووسێت: قسەکردن لەبارەی کۆتـایی مێژوو پەلەکردنی تێدایە، مرۆڤ دەتوانێت قسە لە کۆتایی جیۆگرافیا بکات[1].

بەڵام جیۆگرافیا چییە بێجگە لە جیۆگرافیای کولتوور و زمان، بێجگە لە فـەزای شوێنی فیکر و ئاین؟ بە دەگمەن جیۆگرافیایەك هەیە کـە کولتـوور و زمانێـك، دوای زەوتکردنی، رەنگ و سیمای خۆیان پێ نەدابێت، لە هەر شوێنێك کولتوور و زمانێـك توانیبێتیـان نـاوەرۆکێکی سیاسـی بـە خۆیـان بـدەن جیۆگرافیایـەکیان بـۆ خۆیـان دابینکردووە، تا لەم رێگەیەوە سنوورێکی قایمتر بە نێوان(من)و (ئەویدی)دا بێنن، لـە هەمان کاتدا پێداویستییەکانی مانەوە و گەشەکردنی خۆیان دابین بکەن. ئەگـەر وزە و تواناشیان لەوە زیاتر بووبن ئەوا شێتانە یارییان بە جیۆگرافیا کردووە و تا ئەو شوێنەی توانیویانە جیۆگرافیای تریان زەوت کردووە و سیما و فۆرمی خۆیان پێ داوە. مێژووی دەرکەوتنی ناسیۆنالیزم و دروستکردنی دەوڵەتی ناسیۆنال لە ئەورووپا و کیشـوەرەکانی دیکەشدا مێژووی زەوتکردن و دابەشکردنێکی نوێی جیۆگرافیایە جیۆگرافیای ئەورووپا، لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمەوە، پێش هەر شتێك لەسەر بنچینەی زمان و کولتوور، بەڵام بە زەبری هێز، دابەش کرایەوە. کولتوور و زمانە بـەهێزەکان، بـە پێـی توانـا و هێزییان، جیۆگرافیایان دابەش و زەوت کرد.

وەك گوتمان لاوازبوونی گرنگی مـەودا و شـوێن، یـان کۆتاییهـاتنی جیۆگرافیـا، لاوازبوونی چەپەرەکانی زمان و کولتـووره.. بـەزینی کۆمەڵـە کولتـوور و زمانێـك و سەرداربوون و زاڵبوونی کۆمەڵە کولتوور و زمانێکی تره. ئیمڕۆ زمانە بچووکەکان بە خێراییەك لەناو دەچن کە پێشتر وێنەی نەبووه. بە پێـی هەنـدێك سەرچـاوه نزیکـەی شەش هەزار و پێنجسەد زمان، بە پێی هەندێك سەرچاوه دی نزیکەی هەشـت هـەزار زمان هەیە[2] کەچی تەنیا نزیکەی دووسەد دەوڵەت هەیە. بەم مانایە بە هەزاران زمان و کولتوور هەن کە دەسەڵاتێکی سیاسی نییە پارێزگارییان بکات. پێشبینی دەکرێـت کە لە ماوەی نیو سەدەی داهاتوودا نزیکەی نیوەی زمانەکانی دنیا لـەناو بچـن. لـەم دۆخە نوێیەدا زمان و کولتووری نەتەوەیی هەر وڵاتێك ناتوانێـت خـۆی لـە بەرامبـەر لێشاوی زمان و کولتووری بیانی، کە بە شێوەی جۆراوجۆر و لە کەناڵی جۆراوجـۆرەوە دێن، بەدوور بگرێت.

ئەو زمانانەی کە توانایەکی سیاسی و ئـابووری، یـان زانینـی ئیپسـتیمۆلۆجی و زانستییان لە پشت نییە، یان بەشدارییەکی جیدی بەرهەمهێنانی زانین و زانست ناکەن، یان ناتوانن ئەو داهێنانە نوێیانەی ڕۆژانە لە بواری زانست و فیکر و زانیندا دەردەکەون بە خۆیان بگرن، بە ناچاری لە بەردەم زمانێکی بەهێزتردا پاشەکشێ دەکـەن، چـونکە نابنە سەرچاوەیەکی گرنگی زانستیی نوێ و ئەو ڕۆشنبیری و زانینەی کـە سـیمایەکی جیهانی بەخۆی گرتووه.

سەرئەنجام ناتوانن وەك زمانی زانست و نووسین بەردەوام بـن، تـەنیا لـە سـنوری زمانێکی داخراو و دابڕاودا، یان وەك زمانی پەیڤین و ناوماڵ دەمێننـەوه. سـەرئەنجام بەرەو لەناوچوون دەچن. ئەمە تەنیا زمانی زۆربەی نەتەوە بێ دەوڵەتەکان ناگرێتـەوه، بەڵکو دەشێت هەندێك لەو زمانانەی کە دەسەڵاتێکی سیاسیشـیان لەپشـتە نـەتوانن خۆیان رابگرن.

ئەگەر زمان و کولتووری نەتەوەی خاوەن قەوارەی سیاسی، کە دەوڵەت و چـەندان دەزگای دەوڵەتی پارێزگارییان دەکەن، ئەم هەڕەشەیان لەسەر بێت ئاخۆ دەبێت دۆخـی کولتوور و زمانی نەتەوەیەکی بێ قەوارەی سیاسیی وەك کورد چەند ترسناك بێت، بـە

تایبەتی کە کولتوور و زمانی کوردی بەردەوام بەر پەلاماردان کەوتوون و ئەوەی بە کولتوورسایدی(لەناوبردنی کولتووری) ناودەبرێت، بە هەموو شێوەکانییەوە، لە کوردستاندا پەیڕەو کراوە. لەمەش زیاتر کولتووری کوردی، بە زمانی کوردیشەوە، لە بنەڕەتدا پەرتێن و لاواز بووە، هاوئاهەنگی(تەجانوس)ی بە خۆیەوە نەدیوە، هەمیشە لێکدابڕاو و ناتەبا بووە. هەرگیز نەگەیشتۆتە ئاستێکی ئەوتۆ کە، وەك زۆر کولتووری تر، جیۆگرافیایەك زەوت بکات، ماڵێکی سیاسیی، واتا دەسەڵاتێکی سیاسی و قەوارەیەکی سیاسی بخوازێت کە گەرەنتی پاراستن و پێشکەوتنی بکەن. بۆیە من لەو باوەڕەدام کە گرفتی ئێمەی کورد پێش هەر شتێك گرفتی زمان و کولتوورێکە کە بە جۆرێکی سەیر و دەگمەن بەش بەش و لێکدابڕاوە و هێشتا لە قۆناغی کولتوورێکی سادە و سەرەتایی و زمانێکی خاودا ماوەتەوە. زمان و کولتوورێکی لەم جۆرە ناتوانێت بنەمای یەکبوونی فیکری و رۆحی و کەسایەتییەکی بەهێز بخولقێنێت. ناتوانێت بە ئاسانی بەرگەی هەڕەشە و تەحەددا کولتوورییە ناوچەیی و جیهانییەکان بگرێت. ناتوانێت خەباتی خۆرزگارکردن بکات، یان بەشداریی دەوڵەمەندکردنی شارستانیی جیهان بکات، بەڵکو شەڕی ئەم کولتوورە، لە باشترین حاڵەتدا، دەبێتە شەڕی مانەوە و داکۆکی و خۆپاراستن، کە بەم جۆرە شەڕە گۆشەگیرتر و دابڕاوتر دەبێت.

دابەشبوون و لێکدابڕانی کولتووریی کورد و نەبوونی زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی هەمیشە بە مەسەلەی دابەشبوونی کوردستانەوە، زۆر جاریش بە نەبوونی دەسەڵاتی سیاسییەوە، دەبەسترێنەوە. دیارە راستییەك لەم بۆچوونەدا هەیە. بەڵام بە رای من تاکە راستی نییە. چونکە دەشێت دابەشبوونی زمان و کولتووری کورد خۆیان زەمینەی دابەشبوونی کوردستان و نەبوونی هیچ ئاستێکی یەکبوونی نەتەوەییان رەخساندبێت. ئەزموونی حوکمڕانیی باشووری کوردستان و نەبوونی سیاسەتێکی کولتووریی نەتەوەیی، نەبوونی پلانێك بۆ سەپاندنی زمانێکی ستاندارد لە بواری خوێندن و نووسین و دیوانی (رەسمی)دا دەیسەلمێنن کە دەسەڵاتی سیاسی بەبێ هۆشیارییەکی قووڵی نەتەوەیی، بەبێ سیاسەتێکی کولتووری Culture Policy کە

سـەرجەمی ژیـانی رۆشـنبیری و خوێنـدن و زانسـت بگرێتـەوە، ناتوانێـت زەمینـەی پێشخستنی کولتووری و یەکبوونی زمـان بڕەخسـێنێت، بـەڵکو دەشـێت جیـاوازی و دابەشبوونی زمان زیاتر بچەسپێنێت و ژیانی سیاسی و رۆحیی کورد ئـاڵۆزتر بکـات. گرفتی کولتوور و زمانی کوردی لە بنەڕەتدا گرفتی پێناس و کەسـایەتیی نەتـەوەیین. ئەم گرفتـە نـاوەرۆکێکی سیاسـیی هەیـە، بۆیـە بـەبێ ئیرادەیـەکی سیاسـی، بـەبێ دەسەڵاتێکی سیاسی و سیاسەتێکی کولتووریی چارەسەر ناکرێت. بەڵام گرفتەکـە بـە رادەیەك ئاڵۆز و قووڵ بۆتەوە کە خۆی کاری کردۆتە سەر دەسەڵاتە سیاسییەکە. بۆیـە ئێمە لەبەردەم گرفتێکداین کە دەشێت بنچینەی گرفتی فیکر و سیاسەتی کوردی بێت چونکە بەبێ هاوئاهەنگی و سەرەتاکانی یەکبوونی کولتووری زەحمەتە باسی یەکبوون و هاوئاهەنگی ژیانی سیاسی بکرێت.

1

زمان گرنگترین توخمی کولتوورە، ئەو ئامرازەیە کە بە هۆیەوە کولتـووری نەتـەوە خۆی دەردەبڕێت، یان ئەو قاڵبەیە کە کولتوورەکە لە ناویدا دەخـەملێت. بۆیـە زمـان ناوەرۆکی پێناسی هەر نەتەوەیەك پێك دێنێت، ئاستی پێگەیشتنی عەقڵی و شارستانی و کەسایەتییەکەی نیشان دەدات. لە هەمان کاتدا زمان پەیوەنـدیی راسـتەوخۆی بـە سیاسەتەوە هەیە. چارەنووس و ئایندەی، رەوشی پێشکەوتنی بە سیاسـەتەوە بەنـدە. هەروا خۆیشی، وەك هەڵگری ئەزموونی نەتەوە و دەربڕی سیستمی عەقڵی و کولتووری کار لە سیاسەت دەکاتەوە.

هـەر دەوڵـەتێك لەگـەڵ دامەزراندنیـدا زمـانێکی سـتاندارد، وەك ئـامرازی گەیاندن(کۆمیۆنیسکاسیۆن)، بەکاردێنێت. لـە رێگـەی خوێنـدن و راگەیاندنـەوە وەك زمانی رەسمی دەی سەپێنێت. ئەگەر کۆمەڵە خەڵکێك پێش بوونە نەتەوە، واتـا پـێش دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی، زمانێکی ئەدەبیی یەکگرتووی نەبووبێت ئەوا یەکێك لە گرنگترین ئەرك و کاری دەوڵەتی نەتەوەیی دروسـتکردنی زمـانی یـەکگرتوو یـان

زمانی ستاندارد دەبێت. بۆیە سیاسەتی زمانیی(سەبارەت بە زمانی نەتەوە یان زمانی کەمایەتیی ناو وڵات) بەشێکی گرنگی سیاسەتی دەوڵـەت، بـە تایبـەتی سیاسـەتی ناوخۆ، پێك دێنێت.

زمانی ستاندارد، لە رووی زمانەوە، لە زارێك (دیالێکتێـك، لەهجەیـەك) زیـاتر نییە، بەڵام ئەو دیالێکتە لە رێگەی پێنووسـین و دارشـتنی دەسـتووری گراماتیـك و گۆڕین بۆ زمانی ئەدەبی دەبێتە زمانی ستاندار. بۆیە جیـاوازیی نێـوانی دیالێکـت و زمان لە بنەڕەتدا مەسەلەیەکی سیاسـییە. هۆکـاری سیاسـی بـە ئاسـانی دەتوانێـت دیالێکتێك بگۆڕێت بە زمان ئەوەی ئەمڕۆ بە دیالێکت ناودەبرێت لە رووی دەستووری زمان و گراماتیکەوە هیچ جیاوازییەکی گرنگی لەگەڵ زمانی ستانداردا نییە دەشـێت سبەینێ، لە دۆخێکی دیکەی سیاسیدا، ببێتە زمانێکی سەربەخۆ. زۆر زمان هەن کە پێشتر نەك هەر دوو دیالێکت بـوون، بـەڵکو تـا ئێسـتا جیـاوازیی نێوانیـان زۆر لـە جیاوازیی نێوان شێوەزمانی، بۆ نموونە، کوردیی خوارووی بادینی کەمترە، یان جیاوازیی نێوان هەندێکیان رەنگە وەك جیاوازیی نێوان دیالێکتی سلێمانی و هەولێر، یان سنە و موکریان بێت، خەڵکەکانیشیان بەبێ هیچ گرفتێك بە تەواوی و سەد لەسەد لە یەکتری دەگەن، کەچی هەریەکەیان بە زمانێکی سەربوخۆ ناودەبرێن بۆ نموونە زمانانی سێربی و کەرواتی، سوێدی و نەرویجی، بولگاری و مەکەدۆنی، روسی و ئۆکراییني تاد.. بۆیە لە روانگەی سۆسیۆلۆجیای زمانەوە دیالێکت بەو زمانە ناودەبرێت کە خەباتی سیاسـیی دۆڕانـدووە، واتـا نـەیتوانیوە وەك زمـانی سـتاندارد خـۆی بسـەپێنێت. لـەم رووەوە دابەشبوونی زمانی سێربۆکەرواتی، کە تا ساڵی 1991 زمانی ستانداردی یۆگۆسلاڤیا بوو ئەزموونێکە شایەنی تێڕامانە.

زمانی سێربۆکەروات زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی چوار گرووپی خەڵك بوو: سێرب، کەروات، مۆنتینێگرینی و بۆسنی. بـەپێی ئێنسـیکلۆپێدیای یۆگۆسـلاڤی لـە سـاڵی 1988دا، زمانی حەڤدە ملیۆن کەس بوو[3]. تا ئەو کاتە نووسەرانی ئەو گەلانـە بـە زمانی سێربۆکەرواتی شاکارەکانی خۆیان دەنووسی. کەچی لە کـاتی شـەڕی نـاوخۆی یۆگۆسلاڤیادا بایەخدان بـە دیالێکـت ناوچـەییەکان بـوو بـە دیاردەیـەکی بـاو. دوای

سەربەخۆبوونی کەرواتیا و بۆسنیا ئەم زمانە بوو بە سێ زمانی سەربەخۆ. بۆسنییەکان، کە لە سەرەتادا لە رووی ریشەی ئێتنیکییەوە خۆیان بە نەتەوەیەکی مسوڵمان ناودەبرد، کەوتنە تیۆریزەکردنی ئەوەی کە زمانی بۆسنی زمانێکی سەربەخۆیە، زمانی سلاڤە باشوورییە مسوڵمانەکانی تەواوی یۆگۆسلاڤیایە[4].

ئەوان بە جۆرێکی سەرنجڕاکێش، لە تێکستە کۆنە ئاینییەکاندا کەوتنە زیندوکردنەوە و بەکارهێنانی سەدان وشەی تورکی، فارسی و عەرەبی تا لەم رێگەیەوە سەربەخۆیی زمانەکەیان بسەلمێنن و لە زمانی سێربی و کەرواتی دووری بخەنەوە. بەم جۆرە گەڕانەوە بۆ دیالێکتی ناوچەیی، یان دیالێکتپەروەری، رۆڵێکی گرنگی لە کێشەی سیاسیی مەزهەبی-ئێتنیکیدا گێڕا. لە هەمان کاتدا بڕیاری سیاسیی لە شەووڕۆژێکدا چەند دیالێکتیەکی یەك زمانی گۆڕی بە چەند زمانێکی سەربەخۆ، بێ ئەوەی لە رووی زانستی زمانەوە بنەمایەك یان جیاوازییەکی گرنگ لە نێوانیاندا هەبێت. یاسێنکا ترتاك دەنووسێت:(ئەگەر دیالێکت(لەهجە) لە لێکۆڵینەوەی سیاسییدا رۆڵێکی هەبووایە ئەوا مرۆڤ دەیتوانی بڵێت کە شەڕی کەرواتیا و بۆسنیا کێشەی نێو دیالێکتەکان بوو[5].

ئەم مەسەلەیە بۆ ئێمەی کورد گرنگییەکی لە رادەبەدەری هەیە. چونکە ئێمە هێشتا، تەنانەت لە تاکە بەشێکی کوردستاندا، زمانێکی ستاندارمان نییە کە لە هەموو دەزگاکانی خوێندن و مێدیادا بەکاربهێندرێت، هەروا جیاوازیی نێوان دیالێکتی کرمانجیی ژووروو و باشوور، لە رووی گراماتیك و سامانی وشەوە جیاوازییەکی گەورەیە، لەوەش زیاتر هەریەکەیان بە ئەلفوبێی جیاواز دەنووسرێت، هەریەکەیان بەرادەیەك کەوتۆتە ژێر کارتێکردنی زمانی نەتەوەی سەردەست(تورکی، عەرەبی و فارسی) کە جیاوازییەکانیان زیاتر بوون. بەڵام سەرباری ئەو جیاوازییە گەورانە، سەرەڕای ئەوەی کوردی باکووری کوردستان، بە نووسەر و رووناکبیرانیشەوە، ناتوانن چەند رستەیەك بە کرمانجی ژوورو بخوێننەوە، ئەگەر بشتوانن بیخوێننەوە رەنگە لە ماناکەی تێ نەگەن، کەچی هێشتا زمانی کوردی، بە هەردوو شێوە یان دیالێکتی سەرەکییەوە، بە یەك زمان دادەنرێت. ئەمەیش بەهۆی لێکنزیکی ئەم دوو شێوە زمانە

نییە بەڵکو لە ناوەرۆکدا مەسەلەیەکی سیاسییە. خەڵکی باکوور و باشووری کوردستان(هەروا خەڵکی بادینان و ناوچەکانی دیکەی باشووری کوردستان) بە هەر دیالێکتێك بدوێن و بێ لەبەرچاوگرتنی جیاوازیی شێوە زمانەکەیان، خۆیان بە کورد و زمانەکەشیان بە کوردی دەزانن، خەڵکی دیکەش هەر بەم شێوەیە ناویان دەبەن. ئەمە لە رووی سیاسییەوە گرنگییەکی زۆری هەیە، بەڵام وەك هەر مەسەلە و دیاردەیەکی دیکەی سیاسی مەرج نییە نەگۆڕ بێت. ئەمەش ئەرکی رووناکبیران و سیاسەتمەدارانی کورد زیاتر دەکات، هەردوو حکومەتی باشووری کوردستان، کە هەریەکەیان لە ئاستی سیاسەتی ناوخۆدا توانای دەوڵەتێکی سەربەخۆیان هەیە، لەم بوارەدا، بەرپرسیاریی گەورەیان کەوتۆتە ئەستۆ.

2

گرفتەکانی زمانی کوردی رەنگدانەوەی گرفتی گەلێکن کە بەناو ژانێکی قووڵدا بەرەو کامڵبوونی نەتەوەیی، یان بەرەو بوونە نەتەوە هەنگاو دەنێت. لێرەدا مەبەستم لە بوونەنەتەوە دەستەبەرکردنی ئەو چوارچێوە سیاسییەیە کە مانایەکی نوێ و ناوەرۆکێکی سیاسی بە کولتوور دەدات و ئازادیی کولتوور و زمان دابین دەکات. بەم مانایە زمانی کوردی بەم دابەشبوون و فرەدیالێکتییەوە، بەو پاشاگەردانییەی کە لە بواری گراماتیك، رستەبەندی، رێنووس و وشەداتاشینیدا تیایدا دروستبووە پەیوەندییان بە گرفتی سیاسی، کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریی کوردەوە هەیە. گرفت و قەیرانی زمانی کوردی، لە پێشەوەیان گرفتی زمانی ستاندارد، یان زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو لە ناوەرۆکدا بەشێکن لە گرفت و قەیرانی ناسیۆنالیزمی کورد کە لە ماوەی سەدەیەکی تەمەنیدا نەك هەر نەیتوانیوە چوارچێوەیەکی سیاسیی بۆ کولتووری کورد دابین بکات، بەڵکو بیری لە چارەسەرکردنی سادەترین گرفتەکانی زمانی کوردی نەکردۆتەوە، چ جای کارکردن بۆ دروستکردنی زمانی ستاندارد.

راستە زمانی ستاندارد تا رادەیەکی زۆر پەیوەندی بە بوونی دەوڵەتەوە هەیە، هەر دەوڵەتێك هەوڵ دەدات لە سنووری دەسەڵاتیدا زمانێك بکاتە ئامرازی کۆمیۆنیکاسیۆن و وەك زمانی دیوانی (رەسمی) بیسەپێنێت. بەڵام دروستبوونی زمانی ستاندارد، یان زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو مەرج نییە تەنیا لە رێگەی دەوڵەتەوە دروست بکرێت، بەڵکو دەشێت پێش دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی و تەنانەت لە ئاوارەیی(ئێکسیل)دا پێك بێت. زمانی نوێی عیبری ناسیۆنالیزمی جوولەکە لە ئاوارەییدا دروستی کرد، یان زیندووی کردەوە. کاتێك لە ساڵی 1948دا دەوڵەتی ئیسرائیل دامەزرێندرا ئەو زمانە لە ئێکسیلەوە بۆ جیۆگرافیایەکی ئامادەکراو گوێزرایەوە، بەهۆی دەسەڵاتی دەوڵەتەوە بەسەر خەڵکانێکدا سەپێندرا کە لە دەیان وڵاتی جۆربەجۆرەوە هاتبوون و زمانی عیبرییان بە تەواوی لە بیر چووبۆوە. ئاشکرایە زمان رەگەزی بنەڕەتی کولتوور و پێناسی نەتەوەیی جوولەکە نەبوو بەڵکو ئاین بنچینەی پێناسیان بوو. دروستتر بڵێین ئەوان بەهۆی ئاینەکەیانەوە، نەك بەهۆی زمانەکەیانەوە، پارێزگاریی خۆیان کرد بوو هەروا ئەو حاڵەتانەی کە زمان خۆی، لە رێگەی ئەو سامانە کولتوورییەی لە مێژووی خۆیدا هێناویەتە بەرهەم، بە دوای مانایەکی سیاسیدا گەڕاوە کەم نین. ئەزموونی ناسیۆنالیزم وەك سیستمێکی فیکری و بزاڤێکی سیاسی، کە دەخوازێت بەرژەوەندیی بەرزی نەتەوەیی دابین بکات و ناوەرۆکێکی سیاسی بە کولتووری نەتەوە بدات، دەیسەلمێنێت کە لە زۆر وڵاتدا زمان خۆی زەمینەی دروستبوونی هۆشیاریی نەتەوەیی و دەرکەوتنی ناسیۆنالیزمی ئامادە کردووە. لەم حاڵەتەدا زمانی ئەدەبی، وەك زمانی ئێلیتی خوێندەوار و رووناکبیر، پێش دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی دروست بووە. دواتر، لە رێگای دەسەڵاتی دەوڵەت و دەزگاکانی ئیدارە و خوێندن و راگەیاندنەکانەوە، کراوەتە زمانی ستاندارد و بە هەموو ناوچە جیۆگرافیاکانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی ناسیۆنالدا بڵاوکراوەتەوە و سەپێندراوە. لێرەدا زمان، کە حەتمەن دیالێکتیەك بووە و دەستووری بۆ داندراوە، لە سەرەوەڕا و بە زەبری هێزی دەوڵەت و لە رێگای سیاسەتی کولتووریی دەوڵەتەوە، لە زمانی کەمایەتی و ئێلیتی خوێندەوارەوە، کراوەتە زمانی هەموو خەڵکی وڵات، ئەم کارە، لە

هەندێك حاڵەتدا، نزیکەی سەدەیەکی خایاندووە. بۆ نموونە لە ساڵی 1790 دا تەنیا لە سەدا دەی خەڵکی فڕەنسا زمانی ستانداردی فڕەنسییان زانیوە، دواتر و لە ساڵی 1863دا زیاتر لە چواریەکی هاووڵاتییانی فڕەنسا هێشتا زمانی ستانداردی فڕەنسییان نەزانیوە[6].

لێرەدا زمان و کولتوور بە گشتی مۆتیڤی دامەزراندنی دەوڵەتی ناسیۆنال نەبوون. بەڵکو خەبات دژی دەسەڵات و ئیمتیازاتی چینی ئەریستۆکرات و دابینکردنی مافی هاووڵاتیبوون ناوەرۆکی دەوڵەتیان پێك هێناوە. بەڵام لە بەرامبەر ئەم ئیمتیازە گەورەیەدا هاووڵاتیان، سەر بە هەر کولتوور و زمان و دیالێکتیەك بووبن، ناچارکراون کە زمانی فڕەنسایی، وەك زمانی خۆیان قبووڵ بکەن.

کەچی لە زۆر حاڵەتی دیکەدا زمان خۆی هۆکاری سەرەکیی خۆناسینی نەتەوەیی و پێکهاتنی هۆشیاریی نەتەوەیی بووە. زمانی خەڵك، لە ڕێگەی ئەو سامانە کولتوورییە میللی و فۆلکلۆرییەی پێی هاتۆتە بەرهەم، بەهۆی ئەو ئەدەبیات و هونەر و زانینەی دواتر پێی نووسراوە، بۆتە هۆکارێکی سەرەکیی پێکهێنان و بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی نەتەوەیی و خۆجیاکردنەوە لەوی تر. ڕووناکبیران و دەستەی ناسیۆنالیستان گرنگترین بەهانە و ڕەوایی دامەزراندنی دەوڵەتیان لە زمانەوە وەرگرتووە، کە زمانی زۆربەی خەڵك بووە، نەك زمانی دەسەڵات و دەستەی ڕووناکبیران. لێرەدا زمانی خەڵك، لە بەرامبەر زمانی زاڵی بیانیدا، بۆتە پێناس(ئادێنتیتی). دوای دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەییش ئەم زمانە کراوەتە زمانی دیوانی(ڕەسمی)، وەك زمانی خوێندن و نووسین لە تەواوی سنووری دەوڵەتی نەتەوەییدا سەپێندراوە. هەر لە ڕێگای ئەم زمانەوە کولتووری نەتەوەکە لە کولتوورێکی سادە و سروشتییەوە، کە پشتی بە کۆمەڵە توخمێکی فۆلکلۆری و میللی و نەریتی هاوبەش بەستووە، گۆڕدراوە بە کولتوورێکی بەرز و مۆدێرن کە پێداویستییەکانی پیشکەوتنی ژیانی ڕۆشنبیری و فیکری و خوێندن و زانستیی نەتەوەکە دابین بکات. بێنێدیکت ئەندێرسۆن دیاردەی پشتکردنە زمانی لاتینی لە ئەوروپا و گەڕانەوەی گەلانی ئەوروپا بۆ زمانی خەڵك بنەمای دروستبوونی هۆشیاریی نەتەوەیی دەزانێت، کە دواتر زەمینەی بۆ دەرکەوتنی ناسیۆنالیزم و

دەوڵەتی نەتەوەیی خۆش کرد. بە پێی ئەندێرسۆن، بۆ نموونە لەساڵی 1804دا زمانی ئەدەبیی ئۆکراییینی سەرەتا لە ڕێگای شیعرەوە دەرکەوت، چل ساڵ دواتر یەکەمین ڕێکخراوی ناسیۆنالیستی ئۆکراییینی دروست کرا، کە کەوتە خەبات بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی. ناسیۆنالیزمی هەنگاری خەباتی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی بە گەڕانەوە بۆ زمانی خەڵك و پشتکردنە زمانی لاتین، کە تا چلەکانی سەدەی نۆزدەیەم زمانی دیوانی دەوڵەتی بروسی(نەمسا-هەنگاری) بوو دەست پێ کرد[7].

دەرکەوتنی زمانی ئەدەبیی فارسی نموونەیەکی دیکەی ڕۆڵی زمان لە دامەزراندنی دەوڵەت و دواتریش لە دروستکردنی نەتەوە پێشان دەدات. کاتێك لە سەدەی حەوتەمدا لەشکری عەرەبی ئیسلامی ئێرانی داگیرکرد زمانی کۆنی ئێرانی، وەك پێشتر باسکرا، لەناوچوو. چوار سەدەیەك زمان و کولتووری عەرەب لە ئێراندا زاڵ بوون. لە سەدەی دەیەمەوە، زمانی ئەدەبی فارسی، سەرەتا لە ڕێگای شیعرەوە، لە ناوچەیەکی بچووکدا کە ئیمڕۆ دەکەوێتە ئەفغانستان، دەرکەوت. ئەم زمانە لە ماوەی پێنج سەدەیەکدا سامانێکی گرنگی ئەدەبی و فیکری و فەلسەفی، بە تایبەتی لە بواری سۆفیگەری و شیعەگەریدا پێ نووسرا کە تایبەتمەندیی کولتووریی و ڕۆحیی گەلی فارسی بەهێزتر کرد، هەستی خۆناسین و خۆجیاکردنەوەی ئێرانییەکانی گەیاندە ئاستێك کە نەتوانن لە سایەی کولتوور و زمانێکی بێگانەدا بژین. کاتێك تورکە سەفەوییەکان، لە سەرەتای سەدەی شازدەیەمدا، دەسەڵاتی سیاسییان لە ئێراندا گرتەدەست و دەوڵەتێکی شیعەمەزهەبیان لە بەرامبەر دەوڵەتی سوننەمەزهەبی عوسمانیدا دروست کرد، ئەوان لە جیاتی زمانی تورکی زمانی فارسییان وەك زمانی دیوانی (ڕەسمیی) هەڵبژارد، چونکە ئەم زمانە ئەدەبییە، بەهۆی ئەو کولتوور و ئەدەبیاتەی پێی نووسرا بوو، گرنگترین هۆکاری کولتووریی خۆجیاکردنەوەی ئێرانییەکان بوو لە عەرەب. هەروا ئەم زمانە گۆڕدرا بوو بە زمانی دەستەی خوێندەوار و ئەریستۆکراتی ئێرانی و بە ناوچەیەکی جیۆگرافیایی فراواندا بلاو بوو بۆوە، بۆیە مەحاڵ بوو زمانی تورکی، کە تا ئەو کاتە زمانێکی نامۆ بوو و هیچ شاکارێکی ئەوتۆی ئەدەبی و فیکری پێ نەنووسرا

بوو  جێگای بگرێتەوە. ئێمە دەتوانین گەلێك نموونەی تر سەبارەت بە رۆڵی زمان لە دروستکردنی هەست و هۆشیاریی نەتەوەیی و دامەزراندنی دەوڵەتدا بهێنینەوە.

کەچی زمانی کوردی لە هیچ سەردەمێکدا نەیتوانیوە لە ناوچەیەکی جیۆگرافیایی تەسك تێبپەڕێت. ئەو سامانە کولتوورییەی بە کوردی نووسراوە تەنیا شیعر بووە. ئەویش بە سێ دیالێکتی جیاواز(کرمانجیی ژووروو  گۆران و کرمانجیی خواروو) هەروا لە سێ ناوچەی جیۆگرافیایی دابڕاو لە یەکتری. بۆیە هیچ کامیان درێژبوونەوەی زانین(ئیپستیمۆلۆجی) و کولتووریی ئەویتریان نییە. هیچ کامیان ئەو هێزە کولتووری و ئەدەبییەی نەبووە کە بەشێکی دیکەی کوردستان بگرێتەوە و بە زەبری هێزی ئەو تێکستانەی پێی نووسراوە خۆی بەسەر ناوچەیەکی دی یان چەند ناوچەیەکی دیدا بسەپێنێت. نەبوونی دەسەڵاتێکی کوردی دەشێت یەکێك لە رێگرەکان بووبێت، بەڵام زمانی فارسی پێش ئەوەی دەوڵەتێکی ئیمپراتۆریایی لە پشتەوە بێت، بە زەبری هێزی ستاتیکی و ئەدەبیی ئەو تێکستانەی پێی نوسرابوون، خۆی بەسەر گەلی فارس و هەندێك گەلی غەیرە فارسدا سەپاندبوو. زمانی کوردی، وەك کۆمەڵە دیالێکتێکی جیاواز، بە درێژایی سەدان ساڵ لە حاڵەتی خۆپاراستندا بووە. شوێنی جیۆکولتووریی کورد دەرفەتی ئەوەی نەداوە کە زمان و کولتووری کورد بە جۆرێکی سروشتی گەشە بکەن، ئەو کولتوورانەی وەك بازنە دەورەی کولتووری کوردییان داوە هێرشهێنەر و لەناوبەر بوون، یان لە باشترین حاڵەتدا ژیانی فرەکولتووری و فرەزمانییان قبووڵ نەکردووە. نوێنەری ئایدۆلۆجیا و دەسەڵاتێك بوون کە هیچ رێزێکی بۆ کەمایەتیی ئاینی و سیاسی و بۆ زمان و کولتووری کەمایەتیی دانەناوە. بۆیە زمانی کوردی بەردەوام لە چەند لاوە بەر هێرشی زمانی بیانی کەوتووە: زمانی عەرەبی کە هێزی خۆی لە قورئان و تێکستە ئاینییەکانەوە وەرگرتووە، زمانی فارسی کە هێزی خۆی لە تێکستە ئەدەبی و فیکری و فەلسەفییەکان و دواتریش لە دەسەڵاتی دەوڵەتەوە خواستووە. زمانی تورکی کە هەڵگری ئایدۆلۆجیا و سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانی بووە. لە بەرامبەر ئەمەدا زمانی کوردی گۆشەگیر و لاکەوتە ماوە، چونکە نە تێکستی پیرۆزی ئاینی لە پشت بووە، نە سامانێکی گەورەی ئەدەبی و فیکری پێ هێندراوەتە

بەرهەم و نە هەڵگری پەیامی دەوڵـەتێکی بـەهێز بـووە. بۆیـە لـە شـێوەی کۆمەڵـە دیالێکتێکی جیاوازدا ماوەتەوە و هـیچ کـام لـە دیالێکتـەکان نـەیتوانیوە، بـەهۆی دەسەڵاتێکی زانین و ئەدەبییەوە، بە زەبـری ئـەو سـامانە ئـەدەبی و فکرییـەی پێـی نووسراوە، خۆی بەسەر رووناکبیرانی کـورددا بسـەپێنێت، دواتـریش ببێتـە هۆکـاری دروسـتبوونی هۆشـیاریی نەتـەوەیی و کولتـووری کـورد بگەیەنێتـە ئاسـتێك کـە چوارچێوەیەکی سیاسیی بخوازێت. بۆیە دەتوانین بڵێین کە زمانی کـوردی، بـە هـەموو زارەکانییەوە تەنیا هۆکاری پاراستنی کورد و گرنگترین رەگەزی کولتوورەکـەی نییـە، بەڵکو لە هەمان کاتدا سەرچاوەی گرفتی کورد و لێکدابڕانی کولتوورەکەیەتی.

3

ئیمڕۆ لە نووسینی کوردیدا چوار شـێوە زمـان و دوو جـۆرە ئـەلفوبێی کـوردی و لاتینی-تورکی بەکاردەهێندرێن. کوردی باکووری کوردستان شێوە زمـانی کرمـانجیی ژوروو و زازا، لە باشوور و رۆژهەڵاتی کوردستاندا شێوە زمانی کوردیی خواروو(کە بە هەڵە بە سۆرانی ناودەبرێت) لەگەڵ دیالێکتی بادینـانی لـە ناوچـەی بادینـان. ئەمـە دیاردەیەکی ترسناکە بۆ نەتەوەیەك کە هێشـتا نـەك هـەر دەوڵـەتی نەتـەوەیی خـۆی دانەمەزراندووە، بەڵکو لە مەترسیی لەناوبردنی زمان و کولتوورەکەی دەربازی نەبووە. ئەم چوار شێوە زمانە، بە کردەوە وەك چوار زمانی سەربەخۆ رێگە دەبڕن، هەریەکەیان دەستوور و گراماتیکی خۆی بۆ نووسراوە، فەرهەنگی بۆ داندراوە و پێی دەنووسـرێت. بە کورتی هەریەکەیان هەموو پێداویستییە سەرەکییەکانی زمانی سەربەخۆی بۆ دابـین کراوە، بۆیە دەشێت هەریەکەیان، لە دۆخێکی سیاسیی لەباردا، بۆ زمانێکی سەربەخۆ بگۆڕدرێت، یان دروستتر بڵێم ناوی زمانێکی سەربەخۆی لێ بندرێت.

من باسی شێوە زمانی زازا ناکەم، چونکە خۆم شتێکی ئـەوتۆی لێ تـێ ناگـەم، بەڵام دەزانم کە جیاوازییەکی یەکجار گەورەی لەگەڵ هەر سێ شێوە زمانەکانی دیکەدا هەیە، ئیمڕۆ لە ئەوروپا بەشێکی رووناکبیرانی زازا خۆیان بە گەلێك، یان نەتەوەیەکی جیاواز لە کورد دەزانن. دیارە ئەمە مافی خۆیانە، ئەمـە مەسـەلەیەکی سیاسـییە و

خەڵكی زازا خۆیان بڕیار دەدەن. هیوادارم ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەوان هێندە ئازاد بن كە بتوانن ئەم مەسەلەیە، بە كوردبوون یان زازابوون یەكلا بكەنەوە.

بەڵام شێوە زمانی كرمانجیی ژووروو(كە بە كرمانجی ناسراوە) ئێستا لە سەرەتای پرۆسەی دروستبوون دایە. چارەنووسی ئەم شێوە زمانە، بە مانەوە و بوونە ستاندارد لە باكووری كوردستاندا یان لەناوچوون، پەیوەندی بە رەوشی سیاسیی كورد لە باكوور و چارەنووسی سیاسیی كوردی ناو سنووری توركیاوە هەیە. كرمانجیی ژووروو كە ئیمڕۆ نووسەرانی باكووری كوردستان، زیاتر لە ئەوروپا، وەك زمانی نووسین بەكاری دێنن، رەوشێكی تایبەت و جیاوازی گرتووە. هەروا جیاوازیی لەگەڵ شێوەزمانی بادینی و ئەو شێوەزمانەدا هەیە كە خانی و مەلای جزیری پێیان نووسیوە و دواتریش، لە سەردەمی پێش شەڕی یەكەمی جیهانی و هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆریای عوسمانیدا، زمانی رۆژنامەی كوردستان و رابەرانی بزاڤی ناسیۆنالیستانی باكووری كوردستان بوو. ئەم شێوە زمانە وەك بەردەوامبوونێكی سروشتیی ئەوان نییە. سیاسەتی كەمالیزم و دەوڵەتی ناسیۆنالی توركیا لە ڕێگەی یاساغكردنی زمانی كوردی و سەپاندنی ئەلفوبێی لاتینی-توركی گەلی باكووری كوردستانی لە بەكارهێنانی ئەو شێوە زمانە دێرینە و لە سەرجەمی ئەو میراتە كولتوورییە دابڕیوە كە بە كوردی نووسراون. ئیمڕۆ كوردی باكووری كوردستان، تاك تاكی نووسەرەكانیان نەبێت، ناتوانن لەو سامانە ئەدەبی و كولتوورییە بگەن كە لە مەلای جزیرییەوە تا شەڕی یەكەمی جیهانی بەم شێوە زمانە هێنراوەتە بەرهەم. ئەمەش تەنیا لەبەر گرفتی ئەلفوبێ نییە، بەڵكو پەیوەندی بە دابڕانی دەیان ساڵ لەو شێوەزمانە و هەوڵی لە ریشەهەڵكێشانی كولتوورییەوە هەیە. كرمانجی لە ساڵانی هەشتاكانی سەدەی بیستەم بەدواوە، لە ئەوروپادا ئازادیی دروستبوون و گەشەكردنی بۆ رەخساوە. هێشتا بە زەحمەتییەكی زۆر، كە رەنگدانەوەی رەوشی سیاسیی كوردە، ڕێگا دەبڕێت. رووناكبیرانی باكووری كوردستان لە ئەوروپا خەباتێكی پڕ گرنگیان بۆ سەقامگیركردنی ئەم شێوە زمانە و پێشخستن و دەوڵەمەندكردنی كردووە، بەڵام سەختی ئەم كارە و دژواری ژیانی مەنفا(ئێكسیل) بوونەتە هۆی ئەوەی كە زۆربەی ئەو بەرهەمە ئەدەبییانەی لەو

ماوەیەدا بەم شێوە زمانە نووسراون هێشتا زۆر کەمن و لە قۆناغی ئەزموونگەری دان، هەروا خەڵکی ناوچە جۆربەجۆرەکانی باکووری کوردستان، کە بە تورکی، یان بە دیالێکتی ناوچەکانیان دەپەیڤن، بەم شێوە زمانە ئاشنا نین. گۆڕینی ئەم شێوەزمانە بۆ زمانی ئەدەبیی گەلی باکووری کوردستان پێویستی بە دۆخێکی سیاسیی هەیە کە ڕێگای ئازادبوونی زمانی کورد بدرێت، لەوەش زیاتر ستاتوسی زمانی ڕەسمیی پێ بدرێت. بۆیە چارەنووسی ئەم شێوە زمانە بە تەواوی بە چارەنووسی سیاسیی گەلی باکووری کوردستانەوە بەندە، کە تا ئێستا زمان و کولتوورەکەی لە هەڕەشەی لەناوبردن دەرباز نەبوون.

لە لایەکی دیکەوە کرمانجی لە رووی گراماتیك و رستەبەندیی و ئێتیمۆلۆگی Etymology و فۆنەتیکی بە قووڵی کەوتۆتە ژێر کارتێکردنی زمانی تورکی. هەموو ئەمانە تایبەتمەندییەکیان پێ داوە و لە شێوە زمانی دێرینی کرمانجیی ژووروو و بادینی ئیمڕۆ(کە ئەمیش بە نۆرەی خۆی کەوتۆتە ژێر کارتێکردنی زمانی عەرەبی) دووریان خستۆتەوە.

لەم دۆخەی زمانی کوردی و گەلی کورد تێی کەوتووە قسەکردن لە پێکهاتنی زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی و دروستکردنی زمانێکی ستاندارد بۆ هەموو کورد، هێندەی قسەکردن لە یەکگرتنەوەی کورد و کوردستان سەختە، چونکە کارێکی لەم جۆرە، لەکاتی ئیستادا، لە توانادا نییە بۆیە لێرەدا بەلای ئەو باسەدا ناڕۆم. بەڵام بەڕای من زۆر گرنگە لە باشووری کوردستان مەسەلەی زمانی ستاندارد بە جیدی بخرێتە بەر باس و لێدوان و هەنگاوی راستەوخۆی بۆ بندرێت. بەکارهێنانی دوو شێوە زمان، وەك زمانی خوێندن و کاروباری ڕەسمی، بڕیارێکی ژیرانە نییە چونکە، لە دۆخی سیاسی کوردا کە هێشتا کێشەکەی لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا چارەسەر نەکردووە، دەشێت ئەم کارە عاقیبەتی سیاسیی سامناکی لێ بکەوێتەوە. یان لە باشترین حاڵەتدا دەشێت بکرێتە کۆسپێك لەبەردەم هاوئاهەنگی (تەجانوس) ی کولتووری و نەتەوەیی گەلی باشووری کوردستان.

بۆ ئەوەی مەبەستەکەم بەهەڵە وەرنەگیرێت دەمەوێت بە باوەڕە بڵێم کە من بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ تەنگەبەرکردن و تەنگەپێهەڵچنینی شێوەزمانی بادینی نیم. بە پێچەوانەوە ئەم شێوە زمانە دەتوانێت ژیانی کولتووری و رۆشنبیریی کورد بەپێزتر بکات و سیمایەکی فرە رەنگی پێ بدات. بۆیە دەکرێت لە پرۆگرامی خوێندنی زمانی کوردی لە ناوچەکانی سۆراندا جێگای بکرێتەوە تا خوێندکاری کورد پێی ئاشنا بن و فێری بن. بەڵام ئەم شێوە زمانە نابێت لە ناوچەکانی بادیناندا ببێتە بەدیلی کوردیی خوارووی که لە باشوور و رۆژهەڵاتی کوردستاندا وەك زمانی ئەدەبیی خۆی سەپاندووە. ئەمە تەنیا مەسەلەیەکی زمانی و کولتووریی نییە، بەڵکو لە ناوەرۆکدا مەسەلەیەکی سیاسییە. بۆیە پێویستە باس و لێدوان و لێکۆڵینەوەی زۆری لە بارەوە بکرێت. لەسەر ئەساسی سیاسەتێکی کولتووریی نەتەوەیی رێوشوێنی بۆ دابندرێت. حکومەتی کوردستان، وەك هەر دەسەڵاتێکی سیاسیی، دەبێت لە سنووری جیۆگرافیایی دەسەڵاتیدا، زمانێکی ستانداردی هەبێت کە هەموو دانیشتوان، سەر بە هەر رەگەز و کەمەنەتەوەیی و لەهجەیەك بن، پێی بخوێنن و فێری بن. بەڵام لە پاڵ ئەمەدا دەکرێت زمان و شێوەزمانی دیکەش ئازاد بن و کۆمەك بە گەشەکردنیان بکرێت، چونکە نەبوونی یەك زمانی ستانداردلە باشووری کوردستاندا، دەشێت رەوایی بوونی حکومڕانییەکی کوردی بخاتە ژێر پرسیارەوە.

## 4

گرفتەکانی زمانی کوردی، وەك بەشێکی سەرەکیی گرفتەکانی کولتووری کوردی، گەلێك زۆرن، بۆیە نە نووسینێکی لەم جۆرە و نە کەسێکی وەك من دەرەقەتیان دێت. هەروا لەوە ئاڵۆزترە و گەورەترن کە تەنانەت بە کۆششی کۆمەڵێك نووسەر و زمانزان چارەسەر بکرێت. چونکە ئەم مەسەلەیە تەنیا پرسێکی رۆشنبیری و زانستی نییە بەڵکو لە ناوەرۆکدا، وەك گوترا مەسەلەیەکی ساسییە بۆیە دەبێت پێش هەر شتێك ئیرادە و بڕیارێکی سیاسی و دەسەڵاتێکی سیاسیی لە دواوە بێت. بەڵام زۆر گرنگە

ڕووناکبیران و زانایانی زمانی کوردی باس و لێدوانێکی جیدی لە بارەوە بکەن. ئەم کارە دەشێت لە لایەکەوە بۆچوونی هاوبەش سەبارەت بە شێوە چارەسەری کۆمەڵە گرفتێك دروست بکات، لە لایەکی دیکەوە فشارێکی پۆزەتیف بۆ دەسەڵاتی سیاسی پێك بێنێت تا لەم ڕووەوە دەست بەکاری جیدی بکات.

دوای مەسەلەی نەبوونی زمانی ستاندارد بە رای من گەورەترین گرفتی زمانی کوردی شێواندنی دەستوور و پێشێلکردنی سەرەتاترین رێسا و بنەمای گراماتیکی زمانەکەیە لە نووسیندا. لە سەرەتای ساڵانی سییەکانی سەدەی رابردوودا تا ئەمڕۆ کۆمەڵێك زانای زمان و ڕووناکبیری باشووری کوردستان لە هەوڵێکی گەورەدابوون و هەن کە بنچینەی گراماتیکی(کوردی خواروو)دابنێن، لەم ڕووەشەوە کاری زۆر گرنگ کراوە. کەچی دوای ئەو هەموو رەنجە بە نرخە ئیمڕۆ دەستوور و گراماتیکی کوردی بە جۆرێکی سەیر نووسین و میدیای کوردیدا پێشێل و ئەتك دەکرێت زمانی کوردی وەك لە رۆژنامە و گۆڤار و کەناڵە ئاسمانییەکانی تەلەڤزیۆنەوە دەردەکەوێت. بە جۆرێکی سەیر شێوێندراوە. لە رووی دەستوور و گراماتیك و رستەبەندی و وشەسازییەوە ملکەچی دەستووری زمانی عەرەبی کراوە، کە وەك زانین گرماتیك و دەستوورێکی تەواو جیاوازی هەیە. لەوە دەچێت هیچ کۆنترۆڵێکی زمانی نەبێت. بە کورتی چارەنووسی زمانی کوردی بۆ قەدەر جێ هێڵراوە، یان راستتر بڵێم کراوەتە قوربانیی کێشەی ساسیی ناوخۆ، ملکەچی سیاسەتی رۆشنبیریی حیزبی، نەك نەتەوەیی کراوە. بۆیە گرفتەکە لەوەدا نییە کە کورد دەستوور و گراماتیکی زمانەکەی خۆی دانەڕشتوون، یان ناتوانێت باشتر و مۆدێرنتر دایان بڕێژێت، بەڵکو گرفتەکە لەوەدایە کە کام دەسەڵاتی زانستی ئەم کارانە یەك بخات و شەرعییەتیان پێ بدات؟ کام دەسەڵاتی سیاسیی لە رێگەی پرۆگرامی خوێندن و میدیاوە بیان چەسپێنێت؟ چۆن مرۆڤی کورد لە پۆلی یەکەمی قوتابخانەوە زمانەکەی خۆی بە رەوانی و بە جۆرێکی زانستی و لە رێگای یەك بەرنامەی خوێندن و یەك زمانی ستانداردەوە فێرببێت؟ (8) بێجگە لەم دوو گرفتە بنەڕەتییە هەندێك گرفتی گرنگی دیکەش هەن کە چارەسەرکردنیان بە مەسەلەی زمانی ستاندارد و چەسپاندنی دەستور و گراماتیکی کوردییەوە بەستراوە، لەوانە

گرفتی ڕێنووس، پاشاگەردانی لە داتاشینی وشە و دەستەواژە لە بواری زانستە کۆمەڵایەتی و سروشتییەکان و تەکنیکدا، بەشێکە لەو ئاژاوەیە لایەنی گراماتیك و دەستووری زمانی کوردیشی گرتۆتەوە.

مەسەلەکانی کولتوور و زمان لە ناوەڕۆکدا مەسەلەی سیاسیین، لە دۆخی کورددا کولتوور و سیاسەت، زمان و سیاسەت بە جۆرێکی هێندە ئۆگانیکی پێکەوە گرێ دراون کە نەك تەنیا ڕاستەوخۆ کار لە یەکتری دەکەن، بەڵکو چارەنووسی یەکتریش دیاری دەکەن، ئێمە دەزانین کە دەوڵەتی بەعس ستروکتووری ئابووری و کۆمەڵایەتیی لە بناغەوە هەڵتەکاندووە، بە جۆرێکی سیستێماتیك و بە پێی مێتۆد و سیاسەتێکی کولتووری و شۆڤێنی، کولتوور و ژیانی رۆحیی کورد و سیستمی خوێندن و پەروەردە و زمانی کوردی وێران کردووە، ئەمە ئەنجامێکی ڕاستەوخۆی داگیرکردن یان کۆلۆنیالیزمی کولتوورییە، بەڵام ڕەنگە سامناکترین ئەنجامەکانی داگیرکردنی کولتووری لە کوردستاندا ئەوەبێت کە هەست و هۆشیاریی خەڵك، بە نووسەر و ڕووناکبیر و سیاسەتمەدارانیشەوە، بەرامبەر بە زمانی کوردی و پاراستنی دەستوور و ڕێساکانی لاوازکراون.

چارەسەرکردنی گرفتەکانی کولتوور و زمانی کوردی، پێش هەر شتێك پێویستی بە ئیرادەیەکی سیاسیی نەتەوەیی و سیاسەتێکی کولتووری هەیە، لێرەدا مەبەستم لە سیاسەتی کولتووری کۆی ستروکتووری ئەو ڕێوشوێنانەیە کە کۆمەڵ لە بواری کولتووری و مەسەلەکانی زماندا پەیڕەویان دەکات، ئەمەیش بواری کولتووری، مەسەلەکانی زمان، رۆشنبیری( ئەدەب و هونەر) خوێندن بە هەموو قۆناغەکانییەوە، میدیا و چاپ و بڵاوکردنەوە دەگرێتەوە. هەر سیاسەتێکی کولتووری ئامانجی دیاری کراوی خۆی هەیە، لە ناوەڕۆکدا بە مەبەستی پێشخستن و گەشە پێدانی زمان و کولتووری نەتەوە و ئاستی خوێندەواری و رۆشنبیری هاووڵاتیانە. بە جێگەیاندنی ئەم سیاسەتە کولتوورییەش پێویستی بە دەرەتانی مادی، مێتۆد، دەزگا و دامەزراوەی کولتووری هەیە، کە لە ژێر سەرپەرشتی دەوڵەتدا، کۆمەڵێك شارەزا و پسپۆڕ و

تەکنۆکرات بەڕێوەیان دەبەن و لە ڕێگای پلان و نەخشەی درێژخایەنەوە ریفۆرم و گۆڕانکاری لە بواری جۆربەجۆری کولتووریدا دەکەن.

بە بۆچوونی من داڕشتنی سیاسەتێکی کولتووریی نەتەوەیی لە باشووری کوردستاندا یەکێکە لە گرنگترین ئەرکە نەتەوەییەکانی ئێستا، ئەم کارەش نابێت بە هیچ جۆرێك بە مەسەلەی چۆنیەتی پەیوەندی نێوان یەکێتی و پارتی، یاخود بە مەسەلەی مانەوە یان یەککگرتنەوەی هەردوو حکومەتی هەولێر و سلێمانییەوە ببەسترێتەوە، چونکە کورد پێویستی بە کۆمەڵە دەزگایەکی کولتووری و نەتەوەیی و زانستی هەیە کە بە پێی میتۆد و پرۆگرامێکی زانستی، کۆمەڵە پرینسیپێکی چەسپاو و یەککگرتوو بۆ زمان و سیستمی خوێندن و ژیانی رۆشنبیری دابنێن. دیارە دەبێت ئەم دەزگایانە دەسەڵاتێکی زانستی و کەسایەتییەکی رۆشنبیری و زانستی هێندە گرنگیان پێ بدرێت کە بڕیارەکانیان، لەبارەی مەسەلەکانی زمان و خوێندنەوە جێبەجێ بکرێن.

لە سەرەتای ئەم باسەدا وتم کە ئیمڕۆ بە هەزاران زمان و مەترسی لەناوچوونیان لەسەرە، من گومان دەکەم کە زمانی کوردی بەم دابەشبوون و شێواندن و وێرانییەی تێی کەوتووە، بەو بێ نازی و زانست و داهێنان، بەردەوام بێت، بۆیە پێویستە نوسەران، زمانەوانان پسپۆرانی بواری خوێندن و ڕووناکبیرانی کورد لە شێواندنی بەر بڵاوی کولتوور و تێکدانی زمانی کوردی و مەترسی لە ناوچونی بێنە دەنگ.

## سەرچاوەو پەراوێزەکان

1- Zygmunt Bauman. Glubalization ، Sverige،S 16
Hans ، Översättning، Nationalism، Nation، Stat،2- Ernest Gellner

2- Sverige 1997 S 64،Dalen Nya Doxa

3- Multiettnica ، Språk och Statsbilding،3- Jasenka Trtak
Nr. 24-25. Augusti 1999 S3

4- پەیوەندی دووفاقیی نێوان ئاین و نەتەوە – زمان و نەتەوە لە حاڵەتی مسوڵمانی بۆسنیادا دیاردەیەکی تایبەت و ڕەنگە دەگمەنیش بێت، ئەمەیش لە تایبەتمەندیی یۆگۆسلاڤیای هەڵوەشاوە جیاناکرێتەوە. سێرب و کەروات کە زمانی ئەدەبیی هاوبەشیان زمانی سێربۆکەرواتی بوو مەسەلەی مەزهەبی لێکی جیادەکردنەوە. سێربەکان ئەرسەدۆکس و کەرواتەکان کاتۆلیکن. ئەم جیاوازییە مەزهەبییە بە جۆرێك تێکەڵاوی کولتووری هەردوو نەتەوە بووە کە زۆر لە یەکبوونی زمانەکەیان بەهێزترە. ڕەنگە قەیرانی پێناسی بۆسنییە مسوڵمانەکان، کە لە نیوەی دانیشتوانی خودی بۆسنیای خاوەن دەوڵەت کەمترن، لێرەوە دەستی پێکردبێت. ئەوانە بە زمان هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ سێرب و کەرواتەکاندا نییە و لەگەڵ ئەواندا زمانێکی یەکگرتووی ئەدەبییان هەبووە، بەڵام کاتێك فاکتەری زمان، وەك ئەساسی پێکەوەژیان، لە بەرامبەری فاکتەری مەزهەبدا، بایەخی خۆی لەدەست دەدات و مەزهەب، بەو ناوەرۆکە کولتوورییەی بەرهەمی هێناوە، سێرب و کەرواتەکان بەزەبری شەڕ لێك جیا دەکاتەوە، ئیدی فاکتەری زمان بۆ مسوڵمانانی بۆسینا، وەك بنەمای

پێکەوە ژیان لەگـەڵ سـێربەکان یـان کەرواتـەکان، مانایـەکی نامێنێـت. لێـرەدا بـۆ خۆجیاکردنەوە فاکتەری ئاین، وەك باکگراوندی کولتووری لای مسـوڵمانانی بۆسـنیا، دەبێتە تاکە فاکتەر. (من) لە بەرامبەری ئـەوی-دی ( ئەسـەدۆکس یـان کاتۆلیـك ) دەبێتە (من) ی مسوڵمان، بۆیە بۆسـنییەکان سـەرەتا ئەسـڵی نەتـەوەیی خۆیـان بـە مسوڵمان ناودەبرد، کە ئەمە شتێکی سەرنجڕاکێش بوو چونکە وەك دەزانـین ئیسـلام، یان مسوڵمانبوون، مەسەلەیەکی ئێتنیکی نییە، لە هەمان کاتـدا بۆسـنییەکان هـیچ بنەمایەکی پێکەوەژیانیان لەگەڵ ئەلبانیـە مسـوڵمانەکانی کۆسـۆڤۆی یۆگۆسـلاڤیادا نییە، لێرەدا ئاین نابێتە بنەمای یەکبوونی ئەوان، بەڵکو زمان بـۆ بۆسـنییەکان، کـە زمانی سێربۆکەرواتییە، مانا و ناوەڕۆکێکی گرنگتری کولتووری بە خۆی دەگرێت و لە ئەلبانەکانی کۆسۆڤۆ جیایان دەکاتەوە، بە واتایەکی دی لێـرەدا ئـاین، کـە فاکتـەری خۆجیاکردنەوەی بۆسنییەکان بوو لە سێرب و کەرواتەکان، نابێتە فاکتەری یەکبوون یان نزیکبوونەوەی سیاسی و کولتووری لەگەڵ مسوڵمانە ئەلبانەکانی کۆسۆڤۆ و بگرە هیچ مانایەکی نەتەوەیی و سیاسی نابێت.

5- یاسێنکا ترتاك، سەرچاوەی پێشوو لا5

6- øyvind østerud، Vad är nationalism، Översättning: Mon C.Karlsson Universitetsförlag، Stokholm، 1997 s.34

7- Benedict Anderson , Den företällda gemenskapen, Översättning: Sven – Erik Torhell, Daidelos, Göteborg 1993, s.78

8- ئەمڕۆ لە باشووری کوردستاندا سێ جۆر کتێبی جیاوازیی خوێندن بۆ خوێندنکاران ( یان قوتابیان) ی پۆلی یەکەمی سەرەتایی بەکار دەهێندرێت، لە پارێزگای سلێمانی ژێر دەستەڵاتی یەکێتیدا جۆرە کتێبێك، لە دوو پارێزگای ژێر دەستی پارتیدا دوو جۆرە کتێب، بە دوو شێوە زمانی جیاواز بەکار دەهێندرێن، ئایا لە

مێژوودا دەسەڵاتێکی سیاسی نەتەوەیی بووە و هەیە کە منداڵانی نەتەوەکەی خۆی، هەر لە ساڵی یەکەمی خوێندنەوە، بەم شێوەیە فێری زمانی نەتەوەیی بکات؟

# بەشی چوارەم

# ئیسلامی
# سیاسی و پێناسی نەتەوەیی کورد

# ئیسلامی سیاسی و پێناسی نەتەوەیی کورد

ئاین وەك سیستمێکی فیکری و رۆحی ومیتۆلۆجی، وەك باوەرو تەسەورێك لەبارەی ژیان و بوون و جیهان رەگەزێکی گرنگی کولتوورو پێناسی نەتەوەییە. لەو کۆمەڵانەی کە سروشتێکی فرەئاینیان هەیەو کێشەی ئاینیان تێدایە ئاین قورساییەکی سیاسی پێدەدرێت ودەشێت هۆکاری خۆناسین و خۆجیاکردنەوەی نێوان(من)و(ئەویدی) بێت. واتا بە ئەندازەی زمان، یەکبوونی خاك و مێژووی هاوبەش گرنگ بێت، یان فۆرمی دەربرینی پێناس بێت. مرۆڤ لە یەك کاتدا کۆمەڵێك پێناس (ئایدێنتیتی) ی هەیە پێناسی نەتەوەیی، ئاینی، کۆمەڵایەتی، رەگەزی (ژن و پیاو) و حیزبی..... (من) بە پەیوەندی لەگەڵ (ئەویدی) دا شێوەی پێناسی خۆی نیشان دەدات. بۆ نموونە (من) ی کورد لە بەرامبەر دەوڵەتی عەرەبی عێراقدا کوردە، (من) ی عەرەب لە بەرامبەر (ئەویدی) تورك یان فارسدا عەرەبە کەچی لە بەرامبەر ئەویدی مەسیحی یان جوولەکەدا مسوڵمانە، هەروا بە پێچەوانەوە. بۆیە زۆرجار پێناسی(من)بە پەیوەندی لەگەڵ دۆخی سیاسی، یان بە بەراورد لەگەڵ (ئەویدی) خۆی پێناسە دەکات. (پێناسی نەتەوەیی بەرزترین شێوەی پێناسە چونکە لە ناوەرۆکدا مەسەلەی نرخ بۆخۆدانان و رێز لەخۆگرتنە، بەڵام خودی ئەم پێناسیە پێکهاتنێکی ئاڵۆزی هەیە و شتێکی نەگۆر نییە لە کاتێکدا شەڕی ناوخۆ هاوئاهەنگی (تەجانوس) ی نەتەوەیی تێك دەدات و پێناسی نەتەوەیی لاواز دەکات کەچی شەڕی دەرەکی و داگیرکردن و هەڕەشەی کولتووری و ئاینی ئەم پێناسیە بەهێز دەکات. لەو حاڵەتانەی کە نەتەوەیەك یان کەمایەتییەکی نەتەوەیی لە رووی ئاینییەوە هەڕەشەی لێ دەکرێت یان لە لایەن زۆرایەتیی سەر بە ئاینێکی دیکەوە پەلامار دەدرێت، ئاین و فاکتەری ئاینی لە بری لایەنی زمان و کولتوورو مێژووی هاوبەش قورساییەکی سیاسیان پێ دەدرێت و رۆلێکی سەرەکی لە خۆناسین و خەباتی رزگاریخوازیدا دەبینین بە واتایەکی دی ئاین وەك بەشێك لە کولتوور

و جیهانبینی و نیشانەی خۆجیاکردنەوە خەتێکی تۆخ بە نێوانی (من) و (ئەویدی) دا دەکێشێت، یان ئاین رواڵەتی زەقی پێناسی نەتەوەیی دەردەبرێت. بۆیە ئاین لە ئایدۆلۆجیای بزاڤی ناسیۆنالیستیی ئەو وڵاتانەدا توخمێکی گرنگ دەبێت، یان بزاڤەکە رەنگێکی تۆخی ئاینی دەگرێت. مرۆڤ دەتوانێت لە مێژوودا تەنانەت لە رۆژگاری ئەمڕۆشدا گەلێك نموونە بێنێتەوە کە فاکتەری ئاینی هۆکاری بنەڕەتی توندبوونی ناکۆکی و کێشەی نێوان نەتەوەی داگیرکەر و نەتەوەی ژێردەست بووە (بۆ نموونە کێشەی نێوان عوسمانییەکان و گەلانی بەڵکان، کۆلۆنیالیزمی فڕەنسایی و گەلانی میسرو ئەلجەزائیر، ئیسرائیل و فەلەستین، بۆسنیا و یۆگۆسلاڤیا، بریتانیا و ئایرلەندا..تاد) لەم کۆمەڵانەدا ئاین وەك فاکتەرێکی خەباتی رزگاریخوازی لە قۆناغێکی مێژوویدا ناوەرۆکێکی ئازادیخوازنەی بووە.

2

ئایا کولتوور و پێناسێکی نەتەوەیی هەیە کە زۆر تا کەم رەنگی ئاینێکی تایبەتی نەگرتبێت؟ یان بە واتایەکی دی ئایا مرۆڤ دەتوانێت باس لە کایەیەکی کولتووری و پێناسێکی نەتەوەیی بکات بێ ئەوەی ئاین.... وەك باوەڕ و ئیمان، وەك سیستمێکی فیکری و رۆحی و مێتۆلۆجی و تەسەورێك لەبارەی ژیان، لەبەرچاو بگرێت؟ مرۆڤ سەر بە هەر نەتەوە و کایەیەکی کولتووریی بێت کۆمەڵێك پرینسیپ و نەریت و بەهای لا دروست بوون کە لە بنەڕەتدا لە ئاینەوە سەرچاوەیان گرتووە و بە درێژایی سەدان ساڵ بوونەتە بەشێکی گرنگ لە کولتوور و جیهانبینی و کەسایەتیی کۆمەڵ. بۆیە خەڵك بەو ئاسانییەی دەتوانن دەستبەرداری ئایدۆلۆجیایەك، حیزبێکی سیاسی و شێوە سیستمێکی حکومڕانی بن ناتوانن بە هەمان شێوە پشت لە ئاین و سیستمی کولتووریی خۆیان بکەن. تێڕوانینی مرۆڤ بۆ چاکە و خراپە، هەق و ناهەقی، ماف و ئەرکی مرۆڤ لە کۆمەڵدا، گیانی مرۆڤ لە کۆمەڵدا، گیانی مرۆڤدۆستی و بەتەنگەوەهاتنی کەسانی لێقەوماو پێکهێنانی خێزان، پەروەردەکردنی منداڵ،

جەژنگرتن و مردوو ناشتن.... تاد ریشەکەیان بۆ ئەو سیستمە کولتوورییە دەگەڕێتەوە کە ئاین شوێنەواری قووڵی لەسەر داناوە. ئەم پرینسیپ و نەریت و دەستوورانە، کە ژیانی تاك و کۆمەڵیان ڕێك خستوون، لە ڕەوشێکی مێژووییدا دروست بوون. بۆیە ئاین چەند ئیمان و باوەڕە، چەند پەیوەندییەکی رۆحی نێوان مرۆڤ و خوداوەندە، هێندەیش کولتوور یان کایەیەکی کولتووری و شێوەی ژیانە. مرۆڤ ئیماندار بێت یان بێ ئیمان لەناو کولتووری کۆمەڵەکەیدا دەژیت و رۆژانە بەشێك لە پرینسیپ و نەریتەکان دێنێتەوە بەرهەم. لە بەرامبەر ئەوی دیکەی سەر بە ئاین و کولتووری دی هەست بە جیاوازی دەکات، یان ئەویدی، بەهۆی ئەم سیستمە کولتوورییەوە، بە جیاواز لە خۆی دادەنێت.

لەبەرئەوەی زۆربەی خەڵکی کوردستان مسوڵمانن کولتووری کورد، لە زۆر رووەوە، رەنگی ئاینی ئیسلامی گرتووە. ژیانی کۆمەڵایەتی، تێڕوانین و پرینسیپ و بەها کۆمەڵایەتی و ئەخلاقییەکانی زۆربەی خەڵکی کوردستان، کەم تا زۆر، کاریگەریی ئیسلامیان لەسەرە. هەروا لەبەرئەوەی ناوەندە ئاینییەکان بە درێژایی سەدان ساڵ تاکە سەرچاوەی زانیاری و بەرهەمهێنانی ئێپسیمۆلۆجیا (مەعریفە)بوون لە کوردستان ئەوا زۆربەی ئەدەبیات و سیستمی ئێپستیمۆلۆجیی کورد بەرهەمی ئەو ناوەندە ئاینییانە و ئەو زانیارییەن کە گەلانی مسوڵمان، بە کاریگەری بیر و فەلسەفەی ئیسلامی، هێناویاننە بەرهەم، لەبەر ئەم هۆکارانە و هی تر ئاینی ئیسلام، وەك باوەڕ و ئیمان، وەك کایەی کولتووری و داب و نەریت بە ویژدان و ژیانی تایبەتی و کۆمەڵایەتیی زۆرینەی خەڵکی کوردستاندا شۆڕبۆتەوە. ڕێزگرتن لە ئیسلام ڕێزگرتنە لە مافی ئازادیی ئیمان و باوەڕی خەڵك، ڕێزگرتنە لە کۆمەڵە بەهایەکی کولتووریی کە بە قووڵی بە ئاینی ئیسلامەوە بەستراونەتەوە.

بەڵام ئاین، وەك توخمێکی گرنگی سیاسی و فیکری، شوێنێکی گرنگی لەناو ئایدۆلۆجیای ناسیۆنالیزمی کورددا نەگرتووە، هەروا لەچاو لایەنەکانی دیکەی پێناسی نەتەوەیی قورساییەکی سیاسیی پێ نەدراوە. خەباتی سیاسیی ئاینی، یان خەبات بۆ پاراستنی پێناسی ئاینیی کورد نەبۆتە فاکتەری خۆجیاکردنەوە و بەرەنگاربوونەوەی

داگیرکەران و بنەمای ئایدۆلۆجیای سیاسیی بزاڤی رزگاریخوازیی کوردستان. ئەم تایبەتمەندییە پەیوەندی بە ناوەرۆکی پرسی کورد و سروشت و ئامانجی داگیرکەرانی کوردستانەوە هەیە ئەم دەوڵەتانە غەیرەدین نەبوون و نین تا مەترسی بۆ ئاین و ئیمانی کورد دروست بکەن، یان بیانەوێت پەلاماری ئاینەکەی بدەن، بەڵکو ویستوویانە و دەیانەوێت زمان و تایبەتمەندیی کولتووریی کورد نەهێڵن و زمان و کولتووری خۆیانی بەسەردا بسەپێنن.

کورد نە بەهۆی ئاینەکەیەوە ستەمی بەرامبەر کراوە، نە بەهۆی ئاینەکەیەوە کوردبوونی پارێزراوە. لەناو رەگەزەکانی کولتووری کوردیدا تەنیا ئاین، کە لێرەدا قسە لە ئاینی ئیسلامە، پەلامار نەدراوە. کورد ئەگەر تاکە ئازادییەکی بووبێت ئەوا ئازادیی ئاینی و مسوڵمانبوون بووە. بۆیە ئاینی ئیسلام، تا رادەیەکی زۆر هۆکاری تەبایی و لێکنزیکی لەگەڵ داگیرکەران بووە نەك هۆکاری لێکدابڕان و ناکۆکی کەچی زمان و تەواوی توخمە نەتەوەییەکانی دیکەی کولتووری کوردی بەردەوام بەر شاڵاوی جینۆکولتووری کەوتوون. پێناسی کورد، لە دیدی ئەویدیکەوە لە زمان و تایبەتمەندیی نەتەوەیی و کولتوورەکەیدا، نەك لە ئاینەکەیدا، کۆکراوەتەوە. هەوڵدان بۆ تێکشکاندنی پێناس و کەسایەتیی کورد بە هەوڵی تێکشکاندن و لەناوبردنی زمان و کولتووری نەتەوەیی دەستی پێکردووە و بە لەناوبردنی فیزیکی گەیشتووە. لەم کێشەیەدا ئاین، وەك فاکتەری سیاسی و بەشێك لە پێناسی نەتەوەیی، بە پێچەوانەی زۆر وڵاتی دی، رۆڵێکی گرنگی نەبووە. فاکتەری ئاین لە هەندێك سەردەمدا، بە تایبەتی لە سەردەمی ئیمپراتۆریای عوسمانیدا، هەستی نەتەوەیی و خۆناسینی نەتەوەیی لای کورد لاواز کردووە. (من)ی مسوڵمان لە بەرامبەر (ئەویدی)ی مسوڵماندا جیاوازی نێوان منی کورد و ئەویدی عەرەب، تورك و فارسی کەم کردۆتەوە، یان دای پۆشیوە. زۆرجار داگیرکەرانی کوردستان بە ناوی برایەتیی ئاینی و هاوئاینییەوە خەڵکی کوردیان گومڕاکردووە. شەڕی (کافران)ی گریك و گورجی و گەلانی بەڵکانیان پێ کردوون.

له راستیشدا ئەگەر کورد زمانەکەی لەناو بچوایە ئێستا دەمێك بوو لەناو نەتەوە سەردەستەکانی کوردستاندا توابۆوە و کرابوو بە بەشێك لەوان. کەچی لەبیرچوونەوەی زمانی عەرەبی و سەپاندنی زمانی فڕەنسایی بەسەر ملیۆنان خەڵکی ئەلجەزیردا نەبوون بەهۆی توانەوەیان لەناو نەتەوەی فڕەنساییدا، چونکە خەڵکی ئەلجەزایر سەر بە ئاینێکی دیکە بوون. ئەمەش بەشێك لە جیاوازی نێوان ئاین وەك سیمای پێناس و ئاین وەك ئیمان و شێوەی ژیان دەردەخات.

ئیسلام هەمیشە بەشێك بووە لە پێناس و ژیانی فیکری، سیاسی، رۆشنگەریی عەرەب و ئایدۆلۆجیای ناسیۆنالیزمی عەرەب، چونکە:

یەکەم: ئیسلام، وەك ئاین ئەساسی یەکبوونی ژیانی رۆحیی عەرەب و شارستانی و کولتوور و مێژوو و زمانی عەرەبی بووە. مێژووی یەکەمین دەوڵەتی ناوەندیی عەرەب و ئیمپراتۆریای عەرەبی و تێکڕای مێژووی عەرەب و زمانی یەکگرتووی عەرەبی (زمانی قورئان) بە ئیسلامەوە بەندن و لە ئیسلامەوە دەست پێ دەکەن. هەروا ئیسلام بەهۆی خەڵکی عەرەبەوە سنووری دوورگەی عەرەبی شکاند و لەوێوە (دیارە بە یارمەتی گەلانی دی) گەیشتە دوورترین شوێنی دونیا. ئەمە هێزێکی رۆحی و شانازییەکی نەتەوەیی گەورەیە بۆ عەرەب کە بە درێژایی ئەم مێژووە لەگەڵ تاك و گرووپی سیاسیی عەرەبیدا ژیاوە و دەژیت.

دووەم: ئیسلام بۆ عەرەب هەمیشە ئەلتەرناتیڤێك، یان قەڵغانێکی رۆحی و کولتووری و فیکری بووە، سەرەتا لە بەرامبەر شەپۆلی ئاینی مەسیحی و بیری رۆشنگەری و لاییتی و ئیلحادیی ئەوروپایی، دواتریش لە رووی تەوژمی (یان وەك عەرەبەکان دەڵێن غەزوی) کولتوور و شارستانیی کۆلۆنیالیزمی رۆژئاوادا، ئیسلام لە وڵاتانی رۆژئاوای عەرەب و میسردا، کە ژێردەستی وڵاتانی ئەوروپایی بوون، رەگەزێکی هەرە گرنگی پێناس و ئایدۆلۆجیای نەتەوەیی بوو. مرۆڤ ئەگەر بیەوێت درێژە بە باسەکە بدات دەتوانێت زۆر شتیش لەبارەی رۆڵی گرنگی ئاین لای گەلی تورك، هەروا لای گەلی فارس (مەزهەبی شیعەگەری) و لە ئایدۆلۆجیای ناسیۆنالیزمی فارس پێناسی هەندێك لە گەلانی ئێران باس بکات.

کەچی ئاینی ئیسلام لە کوردستاندا، بە بەراورد لەگەڵ ئەو نەتەوانەدا، نەیتوانیوە وەك سیستمێکی فیکری خۆی بەسەر ئایدۆلۆجیای ناسیۆنالیزمدا بسەپێنێت. چـونکە ئیسلام لای کورد، بەو وێنەیەی لای عەرەب، نەبۆتە بەشێکی ئەساسی لە زمان و بیری سیاسی و میراتـی حکـومڕانی و مێـژووە سیاسـییەکەی، راسـتەوخۆش رووبـەڕووی مەترسی شاڵاوی ئاینێکی دیکە نەبۆتـەوە. بۆیـە لـە سـنووری ئیمـان و کولتـووردا ماوەتەوە و قورسایی سیاسیی پێ نەدراوە. لە مێژووی نزیکەی سـەد سـاڵەی بزاڤـی رزگاریخوازیی کورد (تا سەردەمی راپەڕین) ئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا شوێنێکی نەگرتووە. بزاڤ و حیزبی ئاینی- ئیسلامیی سیاسی دروست نـەبوون. پێموایـە ئەگـەر هۆکاری دەرەکی نەبووایە لەوانە بوو تا ئێستاش حیزبی سیاسیی ئیسلامی بە جۆرێکی سروشتی لە کوردستان دەرنەکەون، یان ئەگەر لە دوای راپەڕینەوە زەمینەی ئەم جـۆرە حیزبانـەش رەخسـابێت، ئـەوا ئـەم حیزبانـە نـاوەرۆك و رێبـازێکی دیکـەیان دەبـوو بەرهەمی بەرژەوەندیی نیشتمانی و دەربڕی بەرژەوەندییەکەش دەبـوون، نـەك دەربـڕی خواست و بەرژەوەندیی پانئیسلامیزم و خولیای ئەم یان ئەو هێز و دەوڵەتی ئیسلامی.

3

ئیسلام وەك ئاین و ئیمان و بەشێکی گرنگ لە کولتوور و پێناس، نابێـت لەگـەڵ ئیسلامی سیاسی، وەك ئایـدۆلۆجیا و بزاڤـی سیاسـی، کـە دەخوازێـت لـە رێگـەی دەسەڵاتەوە پرینسیپ و دەستوورەکانی خۆی لە کۆمەڵدا بچەسپێنێت، تێکەڵ بکرێن. چونکە دوو دیاردەی جیـاوازن. ئیسـلامی سیاسـی پـێش هـەر شـتێك دیاردەیـەکی سیاسییە، ئەم دیاردەیە چەند رەوایی خۆی لە ئـاینی ئیسـلامەوە وەربگرێـت کەچـی ئیسلام لە ئایدۆلۆجیای سیاسیی بزاڤێك یان حیزبێك زیاتر نییە کە لەگـەڵ دۆخێکـی دیاریکراوی کۆمەڵایەتی و سیاسییدا هەڵسوکەوت دەکات، رۆژانە لەگەڵ گرفتـەکانی کۆمـەڵ و ئـەرکی چارەسـەرکردنیاندا رووبـەڕوو دەبێتـەوە. بەرژەوەنـدیی سیاسـیی،

کۆمەڵایەتی، نەتەوەیی، شەخسی و عەشیرەتی، پەیوەندییە ناوخۆیی و دەرەکییەکان و هۆکاری دی ڕەوشی بزاڤە سیاسییە – ئیسلامییەکە دیاری دەکەن.

ئەگەرچی ئیسلامی سیاسی لە هەر وڵاتێکدا بێت کۆمەڵێك ئامانجی هاوبەشی هەیە، کە پشت بە هەندێك پرینسیپی فۆندەمێنتالیی ئیسلام، قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر دەبەستێت و بە گشتی سروشتێکی کۆنخواز و فەنەتیکانەیان هەیە و دیموکرات نین، بەڵام لە زۆر ڕووە و جیاوازیشیان هەیە. دیارە بەشێکی ئەم جیاوازییانە پەیوەندییان بە ڕەسەنایەتی ئەم بزاڤانەوە هەیە کە ئایا دەرکەوتنیان ئەنجامی پێداویستیی خەباتی نیشتمانیین، یان چاولێکەرین یاخود دەستکردی لایەنی دەرەکین، بەڵام بەشێکی دیکەی ئەم جیاوازییانە لە چۆنییەتی خوێندنەوە و تێگەیشتنی تێکستە ئاینییەکانەوە هاتووە.

کاتێك ئیسلام لە ئاینێکەوە، کە پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و خوداوەند ڕێك دەخات، گۆڕدرا بە ئایدۆلۆجیای دەوڵەت ئیتر تێکەڵ بە گرفتەکانی کۆمەڵ و بەرژەوەندی دەسەڵات بوو. خوێندنەوە و تێگەیشتنی تێکستە ئاینییەکان لە سنووری خوێندنەوەی رووتی فیکری و ئاینی و تیۆرییدا نەمان بەڵکو ملکەچی ئیجتیهادی شەخسی و بەرژەوەندی عەشیرەتی و نەتەوەیی و کێشەی دەسەڵات کران. مێژووی ئیسلامی سیاسی پێش هەر شتێك مێژووی کێشە و شەڕی دەسەڵاتە کە هەر لە دوای مردنی پێغەمبەرەوە تا کۆتاییهاتنی خەلافەتی عەرەبیی ئیسلامی بەردەوام بوو. ئاڵوگۆڕی دەسەڵات زۆربەی جار ناکۆکی و شەڕی خوێناوی لە نێوان مسوڵمانانندا ناوەتەوە. بە درێژایی مێژووی ئیسلام، هەروا هەندێك ئاینی دی، ئەم گرفتە هەبوون و بە هۆیانەوە چەندان مەزهەبو ڕێبازی سیاسیی پێك ناکۆك دەرکەوتوون. بۆیە مێژوو تەنیا پڕ لە شەڕی خوێناویی نێوان ئاینەکان نییە، بەڵکو لە هەمان کاتدا پڕیشە لە کێشەو ناکۆکی و شەڕی خوێناویی نێوان مەزهەبەکانی هەر یەکێك لە ئاینەکان. چونکە وەك چۆن هەر کام لە ئاینە ئاسمانییەکان خۆی بە باشترینو ڕاسترین مەزهەبو ئەوانی تری بە لادەر لە ئەسڵی ئاینەکە دەزانێت. دیارە نوێنەرە سیاسییەکانیشیان هەمان عەقڵییەت دێننەوە بەرهەم.

سەرەڕای ئەمانە ئیسلامی سیاسی تەنیا دیاردەیەکی سیاسی نییە، بەڵکو لە هەمان کاتدا دیاردەیەکی مەزهەبییشە، چونکە چەند بیەوێت مۆرکی هەموو ئاینەکە لە خۆی بدات، کەچی تەنیا پەیڕەوی تاکە مەزهەبێکی ئیسلام (شیعە یان سوننە) دەکات و لەوەش زیاتر لەناو یەکێك لەم دوو مەزهەبە ئەساسییەدا ڕێبازێکی دیاریکراو پەیڕەو دەکات (بۆ نموونە لە دۆخی ئیسلامی سیاسیی سوننی مەزهەبدا شافیعی، حەنەفی، وەهابی، مالیکی....) بەم مانایە هەر بزاڤێکی ئیسلامیی سیاسیی چەند خۆی بە نوێنەری ئاینی ئیسلام بزانێت، یان تەنانەت بە ڕاستی پەیڕەوی ئاینەکە بکات ناتوانێت لە نوێنەریی سیاسیی تاکە ڕێبازێکی ناو مەزهەبی (سوننی یان شیعە) زیاتر بێت. بۆیە ناتوانێت و مافی ئەوەیشی نییە بە ناوی هەموو ئیسلامەوە، کە وەك ئاینێکی دی پڕە لە مەزهەب و تەریقەت و بزاڤی ئاینی لێك جیاواز و پێك ناکۆك، قسە بکاتو خۆی بە تاکە نوێنەری ئاین و تاکە ئامرازی گەیاندنی پەیامی ئیسلام بزانێت. لە ڕاستیدا هەر هێزێکی ئیسلامی سیاسی ئەگەر بیەوێت پرینسیپ و دەستووری مەزهەبەکەی خۆی لە کۆمەڵێکی فرەئاین و فرەمەزهەبی وەك کوردستاندا بسەپێنێت. ئەوا نەك هەر ئازادیی مرۆڤ بە گشتی، بەڵکو سنووری ئازادیی ئاین و مەزهەبەکانی دیکەی خەڵکی کوردستان تەنگەبەر دەکاتەوە و دەشێت تەنانەت مەترسی فشار و پەلاماری ڕۆحی و فیزیکییان بۆ دروست بکات، هەروەك لە ناوچەی هەڵەبجە ڕوویدا.

بۆیە ڕەخنەگرتن لە ئیسلامی سیاسی، وەك بزاڤ و ئایدۆلۆجیایەکی سیاسی، نابێت بە ڕەخنەگرتن لە ئاینی ئیسلام دابندرێت، چونکە ئەمانە دوو مەسەلەی تەواو جیاوازن. ڕەخنەگرتن لە ئیسلامی سیاسی پەیوەندی بە دیاردەیەکی سیاسی، ئایدۆلۆجی و کۆمەڵایەتییەوە هەیە کە لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا دەرکەوتووە وەك هەر دیاردەیەکی دیکەی سیاسی و کۆمەڵایەتی گۆڕانی بەسەردا دێت و دەشێت بەهانەی بەردەوامبوونی نەمێنێت.

کەچی ئیسلامی سیاسی بە گشتی و ئیسلامی سیاسیی لە کوردستاندا بە تایبەتی، ئەم دوو مەسەلەیە بە جۆرێکی سەیر تێکەڵ دەکەن، ئەمەیش لە نەزانینەوە

نییه، بەڵكو بە لای زۆرەوە بۆ مەبەستێكی سیاسییە، یان ئەم هێزانە دەیانەوێت تەسەورێكی ئەوتۆ لەبارەی خۆیان لە كۆمەڵدا دروست بكەن، كە ئەوان دەستەیەكی گوڵبژێركراون و تاكە داكۆكیكار و نوێنەری هەموو ئیسلامن، هەقیقەت و مەرجەعیەتی ئیسلام تەنیا لای خۆیانە.

لە كۆمەڵێكدا كە نزیكەی سەددا نەوەتی مسوڵمانن چۆن دەكرێت هێزێكی سیاسیی خۆی بە نوێنەر و تاكە مەرجەعی ئیسلام و تاكە پارێزەری ئیسلام دابنێت؟

## 4

هەر ئایدۆلۆجیا و بزاڤێكی سیاسی لەگەڵ دەركەوتنیدا دەخوازێت بەشێك لە رەوایی سەرهەڵدان و بەردەوامبوونی خۆی لە مێژووی كۆمەڵەكەیدا بدۆزێتەوە. پشكنینی مێژوو و سەرلەنوێ خوێندنەوەی لەبەر رۆشنایی ئایدۆلۆجیادا، دیاردەیەكی نوێ نییە و هەر بزاڤێكی سیاسیی، كە بە ئایدۆلۆجیایەك پشتئەستوور بووبێت، هەوڵی داوە تەنیا دەست بەسەر ئێستادا نەگرێت بەڵكو رابردووش زەوت بكات و بۆ قازانجی ئێستا و داهاتووی خۆی بەكاری بهێنێت، بۆیە مێژوو لە دیدی ئایدۆلۆجیاوە، ئەو دیاردە بابەتی و ئەو فاكتەر و هەقیقەتانە نین كە لە زمانێكی دیكەدا بەم شێوەیە بوون و روویان داوە، بەڵكو مێژوو ئەو بابەتەیە كە دەبێت بە زەبری ئایدیۆلیا بۆ پێداویستییەكانی ئەمڕۆ دابتاشرێت.

لەم دیدە ئایدۆلۆجی و سیاسییەوە هەندێك لە حیزبە ئیسلامییەكان و نووسەرانیان دەیانەوێت مێژووی نوێی كورد و بزاڤی نەتەوەیی كورد بخوێنێتەوە و بۆیاخێكی ئاینی

ئیسلامی له بزاڤی ناسیۆنالیستیی کورد بدەن. ڕاپەڕینەکانی کورد، له ڕاپەڕینی شێخ عوبەیدوللای نەهرییەوه تا ڕاپەڕینی کۆمەڵەی ناسیۆنالیستی خۆیبوونی باکووری کوردستان له ساڵی 1925 و ڕاپەڕینی ئەیلوولی 1961 به شۆڕشی ئیسلامی نەتەوەیی تێهەڵکێشراو ناو دەبەن.

ئەم جۆره خوێندنەوەی بزاڤی ناسیۆنالیستی کورد و ڕاپەڕینەکانی نەك هەر چەوته و لەگەڵ ناوەرۆکی سیاسی و ئایدۆلۆجیی بزاڤەکه و لەگەڵ هۆکاری دەرکەوتن و ئامانجی ئەو ڕاپەڕینانه نایەتەوه بەڵکو حکومدانێکی ئایدۆلۆجییه که دەیەوێت واقیع و مێژوو به جۆرێك وێنا بکات که بەرژەوەندیی سیاسی دەیخوازێت. هەروا هەوڵدانێکه بۆ پێدانی قورسایی سیاسیی به لایەنی ئاینی بزاڤی کورد لەسەر حیسابی لایەنی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی، ئەمەش بەشێکه له ئایدۆلۆجیا و ئامانجی ئیسلامیی سیاسی.

ئاشکرایه سەرکردەی ئەو ڕاپەڕینانەی کورد کەسایەتیی گرنگی ئاینی (شێخی تەریقەتی نەقشبەندی و قادری) بوون، به هەزاران مورید و دەروێش و خەلیفه و لایەنگریان بووه. بەڵام ئەوان سەرۆك هۆز و عەشیرەت و کەسایەتیی گرنگی کۆمەڵایەتیش بوون. ڕەنگه ئەساسی نفوز و کاریگەریی کۆمەڵایەتیی ئەو ڕابەرانه لەوەوه هاتبێت که له یەك کاتدا هەردوو دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی – عەشیرەتی و ئاینییان تێدا کۆبۆتەوه. نازانم ئاخۆ ئیسلامی سیاسیی کوردستان ئەم دوو ڕێبازه و میراته ئاینییەکانیان به موڵکی خۆی و ئیسلام دەزانێت یان نا، بەڵام ئەگەر له تەواوی هۆکاری دەرکەوتنی بزاڤێکی سیاسی و ئامانجەکانیدا تەنیا سەرکردەکەی پێناس و سروشتی بزاڤەکه دیاری بکات، کەواته به پێی ئەم لۆجیکه دەبێت کۆماری دیموکراتی کوردستانیش له مەهاباد (شۆڕشێکی ئیسلامی) یان (ئیسلامی نەتەوەیی تێهەڵکێشراو) بووبێت، چونکه قازی محەمەدیش کەسایەتییەکی ناسراوی ئاینی سوننی بوو. لەوەش زیاتر مەلا و زانایانی ئاینی له ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، له هەر بەشێکی دیکەی کوردستان زیاتر، بەشداری بزاڤی ناسیۆنالیستی کوردیان کردووه. ڕەنگه جێگای سەرنج بێت که بەشێکی گرنگی دامەزرێنەرانی ژێ کاف و حیزبی دیموکرات

مەلا و خوێندكاری مزگەوت و ناوەندە ئاینییەكانی كوردستان بووبن، نـەك دەرچـووی زانكۆكانی تاران و ئەوروپا . كەچی ئەوان سـەرەڕای ئیمـان و باوەڕیـان بـە ئیسـلام، سـەرەڕای پـەروەردەی ئـاینی و زانیـاریی ئیسـلامییان، یەكـەمین رێكخـراوی ناسیۆنالیستییان، نەك ئیسلامییان، لە رۆژهەڵاتی كوردستان دامەزراند. لە كاتێكـدا مەلا و دەرچووانی خوێندنگە ئاینییەكان، وەك مرۆڤ و مەلا، ناهەقی زۆریان بەرامبەر كراوە، چونكە ئەوان سوونني بوون لەناو سیستمی ئاینی — دەوڵـەتی ئێرانـدا جێیـان نەكراوەتەوە. بەڵام ئەمە لەچاو ستەمی نەتەوەییدا رەنگە وەك دڵۆپێك بـوو بێـت لـە ئاوی كانییەك.

لێرەدا بە پێویستی نازانم كە زیاتر باسی ئەم جۆرە حوكمدانە چەوتە بكەم، چونكە خوێنەری كورد دەزانێت كە هیچ كام لەو بزاڤ و راپەڕینانە بە نیاز نەبوون دەوڵـەتێكی ئیسلامی لە كوردستاندا دامەزرێنن، جیاوازی نێوان ئایـدۆلۆجیا و رێبـاز و ئامـانجی سیاسیی ئەوان و نێوان ئیسلامی سیاسیی ئەمڕۆی كوردسـتان هێنـدەی دووری نێـوان سوێد و كوردستانە. بـەڵام تـەنیا، وەك نموونـە، شـتێك، لـەبارەی یەكـەمین (شـۆڕی ئیسلامی نەتەوەیی) بیردەخەمەوە.

شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە گەرمەی شەڕی نێوان ئیمپراتۆریای عوسمانی و روسیا لە ساڵی 1878دا بە گەرمی و لە ئیمانەوە بە پیر فەتوای خەلیفـەی مسـوڵمانانەوە چوو كاتێك شەڕی جیهادی دژی رووسە كافرەكان راگەیاند. شێخی نەهری نە هـەر بـە پارە و شمەك بەڵكو بە لەشكرێكی چەكداریشەوە بەشداری و كۆمەكی ئەم (غەزە)یـەی كرد. ئایا رێی تێ دەچێت تەنیا دوو ساڵ دوای ئەوە شـێخ خەلیفـەی مسـوڵمانان بـە (لادان لە شەریعەت) و ئیسلام تاوانبار بكات و لەشكرێكی گەورە لە هەردوو بەشـی كوردستانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی و ئێرانی كۆبكاتەوە تا لە رێگەی زەبـر و هێـزەوە خەلیفەی مسوڵمانان ناچـار بكـات پـەیڕەوی ئـاینی ئیسـلام بكـات؟ ئەگـەر لێـرەدا مەسەلەكە تەنیا ئاین بێت، چۆن و بۆچی شێخی نەهری لە مـاوەی تـەنیا دوو سـاڵدا هێندە باوەڕ و ئیمانی بە خەلیفەی مسوڵمانان لاواز بوو؟ كامەیە ئەو گۆڕانە ئاینییەی بەسەر ناوەرۆكی ئاینی دەوڵەتی عوسمانی و باوەڕ و ئیمانی خەلیفەدا هات؟ ئایا شێخی

نەهری ویستوویەتی دەسەڵاتێکی ئیسلامیی بەدیلی دەسەڵاتی خەلیفەی عوسمانی و ئێرانی لە کوردستان دابمەزرێنێت؟ یان شێوەیەکی دیکەی شەریعەتی ئیسلامی، جیاواز لە شەریعەتی هەردوو دەسەڵات لە کوردستاندا بچەسپێنێت؟ ئەگەر وایە کامەیە ناوەرۆکی ئەم شەریعەتە، کە حەتمەن دەبێت پشت بە مەرجەعە ئەساسییەکانی ئیسلام (قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر) ببەستێت و شەرعییەتی خۆی لەوانە بێنێت؟ کەواتە دەبێت لەودیو فاکتەری ئاینییەوە بەدوای کۆمەڵە هۆکارێکی تردا بگەڕێین، کە بەشێکیان ریشەیەکی مێژوویان هەبووە و پەیوەندی بە ستەمێکی کەڵەکەبووی هەردوو ئیمپراتۆریای ئێرانی و عوسمانییەوە هەبوو بەشێکیشیان ئەنجامی ئەو فشارە توندە ئابووری و عەسکەرییە بوو کە دروست لەو کاتەدا ئیمپراتۆریای ئێرانی و دواتریش عوسمانی بۆ ناوچەکانی شێخانی نەهرییان هێنا بوو. لە ئەنجامدا تاڵانکردنی خەڵکی کورد و ستەمی کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی ئەو دوو دەوڵەتە لەو ناوچانەدا زیاتر بوو بوو.لە هەمان کاتدا هەڕەشەیەکی راستەوخۆشی بۆ دەسەڵات و نفوزی ئاینی، عەشیرەتی و ئابووریی شێخی نەهری دروست کردبوو. ئەم هۆکارانە نە لە رەوایی راپەڕینەکە، نە لە گیانفیدایی رابەر و بەشدارانی و نە لە گرنگی ناوەرۆکە نەتەوەییەکەی کەم دەکەنەوە. ئەم راپەڕینە و ئەوانی تریش پێش هەر شتێك بەرهەمی ستەمی دەسەڵاتێکی بێگانە و ئەنجامی ناکۆکی نێوان دەوڵەتێکی داگیرکەر و خەڵکێکی ژێردەست وڵات داگیرکراو بوون، کە بە هۆیەوە ستەمی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و نەتەوەیی زاڵ بووە.

5

ئەگەرچی ئیسلامی سیاسی لە هەر وڵاتێکدا بێت کۆمەڵێك ئامانجی هاوبەشی هەیە، بەڵام لە زۆر رووەوە و جیاوازن. جیاوازی نێوان ئەم هێزە ئیسلامییانە ستروکتووری هاوبەشی ئایدۆلۆجیای ئەوان و سروشتی زەبرپەروەرانە و فاناتیکانە و ئامانجی هاوبەشیان ناسڕێتەوە، بە واتایەکی دی ئەم هێزانە چەند لێك جیاواز و تەنانەت پێك ناکۆك بن، بەڵام لە دوا ئەنجامدا لایەنی هاوبەشی ئایدۆلۆجی و

سیاسییان گەلێك لە جیاوازییەکانیان زیاترە. ئەگەر هێزە ئیسلامییەکانی کوردستان لە ئایدۆلۆجیا و شێوەی کارکردنیاندا کۆپییەکی ئەم یان ئەو گرووپی ئیسلامی عەرەبی (لە پێش هەموویانەوە ئیخوان ئەلموسلمین) یان ئەفغانی بن بەڵام تایبەتمەندی خۆیان هەیە، کە لێرەدا بە کورتی باسیان دەکەم:

**یەکەم:** ئیسلامی سیاسیی کوردستان، بەم رێباز و ئایدۆلۆجیا و پراکتیکە سیاسییەی تا ئێستا پەیرەوی کردووە، هەڕەشەیەکە لە ئازادی و پێناسی نەتەوەیی کورد، چونکە حیزبە ئیسلامییەکان قورسایی سیاسی تەنیا بە لایەنی ئیسلامیی پێناسی کورد دەدەن. دەیانەوێت ناوەرۆکی ئێتنیکی — کولتوویی پێناسی کورد بگۆڕن و ناوەرۆکێکی ئیسلامیی سیاسیی پێ بدەن. بەم مانایە مسوڵمانبوون جیاوازیی زمانی و کولتووری و سایکۆلۆجی نێوان (من)ی کورد و(ئەویدی) عەرەب و فارس و تورکی مسوڵمان دەسڕێتەوە. لەبەرئەوەی کورد هێشتا قەوارەیەکی سیاسیی نییە کە لە کاتی هەڕەشەی لەم جۆرەدا پێناسەکەی بپارێزێت، سەرگرتنی ئەم کۆششەی ئیسلامییەکان دەشێت زەمینەی توانەوەی کورد لەناو نەتەوەی سەردەستی مسوڵماندا خۆش بکات.

پێناسی نەتەوەیی کورد لە پرۆسەی خەباتێکی درێژ و لەناو ژانی ئەنفال و کیمیاباراندا پێکهات. کورد لە رێگای راپەڕینێکی فراوانەوە تەنیا ستەمی بەعسی رەت نەکردەوە، بەڵکو خەتێکی تۆخی بە نێوان (من)ی کورد و(ئەویدی) دەوڵەتی عەرەبی عێراقدا کێشا. لەم رێگەیەوە کورد مانایەکی نوێ و قورساییەکی سیاسیی کەموێنەی بە پێناسی نەتەوەیی خۆی بەخشی. بەڵام پێناسی نەتەوەیی شتێکی نەگۆڕ نییە. لە دوای شەڕی ناوخۆوە ئەم پێناسەیە کەوتۆتە بەر هەڕەشە و زامدار و لەتکراوە، قورسایی سیاسیی سەردەمی راپەڕینی نەماوە، پێناسی کوردبوون لە بەرامبەر دەوڵەتی عێراقدا گۆڕدراوە بە (پێناس)ی پارتی بوون لە بەرامبەر یەکێتیبوون، یان بە پێچەوانەوە.

لەم دۆخەدا، دۆخی لەتبوون و زامداربوونی پێناسی نەتەوەیی، ئیسلامی سیاسیی تەنیا دەرفەتی گەشەکردنی بۆ نەڕەخساوە بەڵکو وەك هەڕەشەیەکیش لە پێناسی

نەتەوەیی دەرکەوتووە. ئەوان دەیانەوێت تەواوی قورسایی سیاسی بە ئاین و ناوەرۆکێکی ئیسلامیی سیاسی بە پێناسی کورد بدەن کە ئەمە لە ناوەرۆکدا دابەشکردنێکی نوێی کورد و سڕینەوەی ئەساسی پێناسی نەتەوەیی کورد، یان توانەوە لەناو نەتەوەی سەردەستدا، دەگەیەنێت.

**دووەم:** ئەم هێزانە تەنیا نوێنەری ئەم یان ئەو مەزهەبی نێو ئیسلام نین، بەڵکو پشت بە ئایدۆلۆجیایەکی فاناتیکیش دەبەستن و توانای قبووڵکردنی دیالۆگ و پێکەوە ژیانی ئاین و مەزهەب و ئایدۆلۆجیا سیاسییە جیاوازەکانیان نییە. مەبەستم لە لایەنی فاناتیکیی ئەم هێزانە ئەوەیە کە ئەوان لە کاری سیاسی و شێوەی ژیان و بەڕێوەبردنی کۆمەڵدا رەوایی خۆیان لە پەیامێکی ئاسمانییە وەردەگرن. بە واتایەکی دی ئەوان خۆیان بەو دەستە سیاسییە گوڵبژێرکراوە دەزانن کە لە جیاتی خودا و پێغەمبەر پەیامێکی ئاسمانی لەسەر زەوی جێبەجێ دەکەن. یان ئەوان نوێنەری خوداو ئامرازی پەیامەکەی ئەون، لەم پێناوەدا هەر ئامراز و مێتۆدێك بەکاربێنن رەوایە. ئەوان مافی خودایی خۆیانە کە چارەنووسی کۆمەڵ و مرۆڤەکان و شێوەی ژیانی تایبەتی و کۆمەڵایەتییان دیاری بکەن.

ئەم تێزە هێندەی ئاینە ئاسمانییەکان کۆنە. هەر یەکێك لەم ئاینانە سەرەتا پەیامێکی ئاسمانی بووە و بۆ نەتەوەیەك نێردراوە کە گوایا خودا (گوڵبژێر)ی کردووە تا رابەرایەتیی مرۆڤایەتی بکات و چارەنووسەکەی بگرێتە ئەستۆ. ئەم تێزە، کە ناوەرۆکی فاناتیزمی ئیسلامی سیاسی پێك دێنێت، تەنانەت لە فۆرمێکی تر و بە جۆرێکی کاڵ لەناو ئایدۆلۆجیای هەندێك حیزب و گرووپی ناسیۆنالیستی عەرەبی (بۆ نموونە بەعس) رەنگی داوەتەوە. دیارە ئەمە تێزێکی ترسناکە کاتێك نەتەوەیەك، گرووپێك و هێزێك ئەم تەسەورەی لەبارەی خۆی هەبێت. ئەم تێزە تۆوی فاشییەت و زەبر و زەنگ و خوێنرێژی دەچێنێت[1] .

**سێیەم:** ڕەنگە دیارترین تایبەتمەندیی زۆربەی هێزە ئیسلامییەکانی کوردستان تا ئێستا ئەوە بێت کە بەرهەمێکی سروشتیی کۆمەڵی کوردستان نین، بەڵکو یان بە تائسیری ئایدۆلۆجیای سیاسیی پانئیسلامیزم و تەوژمی سیاسیی ئیسلامی، یان بە کۆمەکی لایەنی دەرەکی دروست کراون. چونکە ئەم هێزانە، چەند لە ناوەڕۆك و پرۆگرامی سیاسییاندا و لە سروشتی فاناتیکی زەبرپەروەرانەیاندا لە حیزب و بزاڤە ئیسلامییەکانی وڵاتانی دیکەی ئیسلامی بچن، بەڵام لە هەڵوێست و بڕیاری سیاسییاندا سەربەخۆ نین. بۆیە خوێندنەوەیەکی کوردانەیان بۆ واقیعی کوردستان نییە. کێشەی سەرەکی نێوان گەلی باشووری کوردستان و دەوڵەتی عێراق شوێنێکی ئەساسی لە ئامانجی سیاسیی ئەواندا نەگرتووە. ئەگەر ئیسلامی سیاسیی کوردستان لەگەڵ هەندێك هێزی ئیسلامیی سیاسیی عەرەبی (بۆ نموونە حیزبوڵڵای لوبنانی و حەماسی فەلەستینی) بەراورد بکەین، ڕەنگە باشتر تایبەتمەندی و ماهییەتی سیاسیی هێزە ئیسلامییەکانی باشووری کوردستان بناسین.

ئەم دوو هێزە ئیسلامییە عەرەبییە ئەگەرچی ئایدۆلۆجیا و پرۆگرامێکی سیاسیی ئیسلامییان هەیە و هەریەکەیان سەر بە مەزهەبێکی ناو ئیسلامە، بەڵام پێش هەر شتێك هێزی نەتەوەیی — نیشتمانین، واتا ئەوان پێش هەر شتێك و تەنانەت پێش ئیسلام، بۆ ئازادیی نەتەوە و وڵاتی خۆیان کاردەکەن، پەیامی ئاینیی خۆیان و ئازادیی ئاینەکەیان لە ئازادیی وڵاتەکەیاندا دەبینن، بەرژەوەندیی نەتەوە و وڵاتەکانیان لەسەرووی هەر بەرژەوەندییەکی دیکەوە رادەگرن. ڕێز لە سروشتی فرە ئاینی و فرە مەزهەبی کۆمەڵەکانیان و یاسا و دەستووری حکومەتەکانیان دەگرن. لای ئەوان خەبات و شەهیدبوون لە پێناو ئاین و وڵاتدا، لە ناوەڕۆکدا یەکن. ڕابەری حیزبواڵڵای لوبنانی، حەسەن فەزلواڵڵا، لەم بارەیەوە دەنووسێت: پێکەوە گرێدانی مەسەلەی ئاینی و نیشتمانی لە کۆڵەکەکانی دیسکورس (خیتاب)ی بەرەنگاریی ئیسلامیی بووە لە لوبنان، لەم بەرەنگاربوونەوەیەدا شەهیدبوون بەناوی ئاینەوەیە لە کاتێکدا ئەم شەهیدبوونە لە پێناوی وڵاتدایە[2].

ڕێکخراوی حەماسی فەلەستینیش لە هەمان دیدەوە بۆ کێشەی نێوان فەلەستین و دەوڵەتی ئیسرائیل دەڕوانێت. بۆیە حەماس، لە پێناو دەسەڵات یان بەجێگەیاندنی شەریعەتدا شەڕی خۆی لەگەڵ دەوڵەتی ئیسرائیلدا نەگۆڕیوە بە شەڕی دژ بە حکومەتی عەرەفات. حەماس ئایدۆلۆجیا و ڕێبازە سیاسییەکەی هەرچۆنێك بێت، بەڵام لە کاتی ئێستادا پێش هەر شتێك بەرژەوەندی و ئازادیی گەلی فەلەستینی مەبەستە، نەك جێبەجێکردنی شەریعەت یان بەرژەوەندیی پانئیسلامیزم و دەوڵەتێکی بیانی.

## 6

هێزە ئیسلامییەکانی کوردستان، بەو ڕێبازە سیاسییەی لە دوای ڕاپەڕینەوە پەیڕەویان کردووە، شەرعییەتی کارکردن و بەردەوامبوونی خۆیان خستۆتە ژێر پرسیارەوە، ئەگەر لە دەستیان نەدابێت.

دیارە من مەبەستم لە شەرعییەتی کارکردن تەنیا ئەو بڕیارە یاساییە نییە کە دەسەڵاتێکی سیاسی بە حیزبێکی دەدات، هەرچەندە ئەمەیان هەیبەت و سیاسەتی ناوخۆی دەسەڵاتەکە دەردەخات، بەڵکو مەبەستی من شەرعییەت کۆمەڵێك ئامانجی سیاسی، کۆمەڵایەتی، نەتەوەییە کە لە پشت سەرهەڵدان و دروستبوونی هەر ڕێکخراوێکی سیاسییەوەیە، بە واتایەکی دی هەر بزاڤ و ڕێکخراوێکی سیاسی، ئیسلامی بێت یان ناسیۆنالیستی یان کۆمۆنیستی یان لیبرال...تاد شەرعییەتی خۆی، پێش هەر شتێك، لە ئامانج و پەیامی سیاسی و ڕێباز و کارەکانییەوە وەردەگرێت. ئایا ئەم هێزە سیاسییە تا چەند بۆ خێر و خۆشی خەڵك و پێشخستنی کۆمەڵ و ئازادی مرۆڤ کاردەکات؟ چەند ستەم و ناهەقی لەسەر شانی خەڵك سووك دەکات. لە دۆخی باشووری کوردستاندا زۆر گرنگە کە ئایا ئەو هێزە سیاسییە تا چەند بۆ چارەسەری کێشەی هەشتا ساڵەی نێوان عێراق و گەلی باشووری کوردستان، بە قازانجی خەڵکی کوردستان، کاردەکات و ئەم مەسەلەیە ئەساسییە پێش بەرژەوەندیی حیزبی، ئایدۆلۆجی، ئاینی و عەشیرەتیی دەخات. تا چەند هەوڵ دەدات خەڵکی کورد سەرەڕای

جیاوازی ئاینی و مەزهەبی، ئایدۆلۆجی، حیزبی و عەشیرەتی، لە رووی دەوڵەتی عێراقدا یەکگرتوو و یەك ئامانج بێت. ئەم مەرج و داخوازییەش هەر هێزێکی دیکەی باشووری کوردستان دەگرێتەوە.

گرفتی کورد لە کاتی ئێستادا ئەوە نییە کە شەریعەتی ئیسلام یان دەسەڵاتی کرێکاری یان سیستمێکی لیبراڵ هەڵببژێرێت، بەڵکو گرفت و سەرچاوەی نائارامی کوردستان پێش هەر شتێك لە مەترسی شەڕی ناوخۆ و گەڕانەوەی دەسەڵاتی دەوڵەتی ئەنفالەوە دێت. کوردستان پێش ئەوەی ببێتە مەیدانی شەڕ و پێکدادانی حیزب و ئایدۆلۆجیا و چین و مەزهەبەکان پێویستە کوردستان بێت، واتا ئەو جیۆگرافیا ئازاد و فەزای شوێنە بێت کە قەوارەیەکی دەستووریی دانپێدانراوی سەربەخۆ یان فیدرالیی هەبێت. یەکلاییکردنەوەی ئەم مەسەلەیە چەند بە قازانجی کورد و پێشکەوتنی کۆمەڵی کوردە هێندەش بە قازانجی خەباتی سیاسیی ئاینی، کۆمەڵایەتی و و چینایەتییە.

لەم بۆچوونەوە ئەگەر هێزە ئیسلامییەکانی کوردستان فاکتەرێکی گرنگی یەکلاکردنەوەی ئەم کێشەیە بە قازانجی خەڵکی کوردستان نەبن، نابێت رێگر یان هۆکاری کێشەی نوێ و دووبەرەکی بن.

من لەو باوەڕەدام کە ئاین و سیاسەت دوو مەسەلەی جیاوازن و هیچ کۆمەڵێك بەبێ جیاکردنەوەی دەسەڵاتی ئاین و دەسەڵاتی دەوڵەت نەیتوانیوە و ناتوانێت پرینسیپەکانی ئازادیی مرۆڤ و کۆمەڵی مەدەنی و پێشکەوتن دەستەبەر بکات، بەڵام ئەگەر کەسانێك بیانەوێت لە رێگای ئایدۆلۆجیا و رێکخراوی سیاسیی ئاینییەوە بەشداری پێشکەوتنی کۆمەڵ و چەسپاندنی ئازادی و دادپەروەری بکەن، دەبێت لەم کارەیاندا، وەك عیلمانییەکان، ئازاد بن. بەڵام رەوا نییە ئازادی لە دژی خۆی (ئازادی) بەکاربهێندرێت. ئازادی بۆ هەر کەسێك و بۆ هەمووان پێویستە لە پێناو ئازادیی هەر کەسێك و هەمووواندا بێت. نەك سەپاندنی یەك رەنگ و شێوەی ژیان، یان سەپاندنی دەسەڵاتی تاکە حیزبێك، تاکە مەزهەب و ئایدۆلۆجیایەکی سیاسی.

ئایا ئیسلامی سیاسی له کوردستان، که نوێنەری چەند مەزهەب و ڕێبازی ئاینی جیاوازە، دەتوانێت لە کۆمەڵێکی فرە ئاین، فرە مەزهەب، فرە ئایدۆلۆجیا و ڕێکخراوی سیاسیدا ڕێزی پرینسیپەکانی ئازادی بگرێت؟

ئایا دەتوانێت باوەڕ بەو تێزە ئاینییە – سیاسییە بێنێت کە پێی وایە خەباتی ئاینی، لە وڵاتێکی داگیرکراودا، بە خەبات لە پێناوی ڕزگاریی وڵات دەست پێ دەکات؟

## سەرچاوەو پەراوێزەکان

1. بۆ نموونە رەفتاری هێزەکانی ئیسلامی لە ناوچەی هەڵەبجەدا و کوشتنی دیل و سەربڕینی پێشمەرگەکانی یەکێتیی نیشتمانی ناوەڕۆکی فاناتیکانە و ڕێبازی فاشییانەی ئەم ئایدۆلۆجیایە دەردەخات.

2. حسن فظل الله، سقوط الوهم، دار الهادي، بیروت2001، ص209

حیزبوللا بەهۆی ئەم ڕێبازە سیاسییەوە توانی لە باشووری لوبنان کارێکی نیشتمانی ئەوتۆ بکات کە نە دەوڵەتی لوبنان و نەهێزە سیاسییەکانی لوبنان توانییان بیکەن، دەرکردنی لەشکری ئیسرائیل و هاوپەیمانە لوبنانییەکان لە باشووری لوبنان. بۆیە خەڵکی لوبنان، بە کۆمۆنیستەکانیشەوە، ڕێز لەم خەباتەی حیزبوللا دەگرن.

# بەشی پێنجەم

# سەرەتایەکی مێژوویی لەبارەی سەرهەڵدانی هۆشیاریی نەتەوەیی لە کوردستاندا

## سەرەتایەکی مێژوویی

## لەبارەی سەرهەڵدانی هۆشیاریی نەتەوەیی لەکوردستاندا

هۆشیاریی نەتەوەیی ئەو هەستو بیرو ئاگاییو فۆرمانەی خۆناسینە کە کۆمەڵە خەڵکێك، لەبارەی بوونی بابەتییانەی خۆی، وەك دیاردەیەکی تایبەتمەندو بەجیا هەڵکەوتوو، لای دروست دەبێت، ئەم هۆشیارییە تەنیا بەرهەمی پەیوەندی و ئەزموونی هاوبەشو کۆمەڵە نیشانەیەکی لێکچوو نییە کە فەزایەکی هاوبەشو هەستی هاودەردی و هاوچارەنووسی پێك دێنن، بەڵکو کۆی ئەو تەسەورو فانتازیا و بیروبۆچوونانەش دەردەبڕێت کە کۆمەڵە خەڵکێك، لە رەوشێکی مێژووییدا، لەبارەی خۆی دروستی کردوون. لە هەمان کاتدا وەك هۆشیارییەك لەبارەی خۆ، ئاگاداربوونە لە (ئەویدی)و ئاراستەی بابەتێك دەکرێت.هۆشیاریی نەتەوەیی لە قۆناغێکی دیاریکراوی پێشکەوتنی سیاسی، کولتووریو ئابووریدا سەرهەڵدەدات. کاتێك ئاڵوگۆڕو پەیوەندیی نوێی کۆمەڵایەتی لە نێوان ئەو کۆمەڵە خەڵکانەدا دەردەکەوێ کە لەسەر خاکێك دەژین، بە زمانێك دەدوێنو سروشتو خاسییەتی سایکۆلۆجیی نەتەوەیی هاوبەش لە کولتوورەکەیاندا کۆیان دەکاتەوە، سەرەتای هۆشیارییەك لە نێوانیاندا دەردەکەوێت کە بە هۆشیاریی نەتەوەیی ناو دەبرێت، هۆشیاریی نەتەوەیی نیشانەی ئەو پرۆسە قووڵانەیە کە رێگا بۆ دروستبوونی نەتەوە خۆش دەکەن. ئەو پەیوەندییە بابەتییە سیاسیو کولتووری و ئابوورییانە دەردەبڕێ کە شوێنی نەتەوە لە پەیوەندییە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکان، لەوانە لە پەیوەندیی نێودەوڵەتاندا، دیاری دەکەن. کاتێ هۆشیاریی نەتەوەیی لە کۆمەڵدا سەرهەڵدەدات دەبێتە یەکێك لە هۆکارەکانی دەرکەوتنی ناسیۆنالیزمو مەرجە گرنگەکانی دروستبوونی نەتەوە، کە وەك گردبوونەوەیەکی کۆمەڵایەتی و کولتووری لەسەر بنچینەی پەیوەندییە بابەتییەکانی وەك یەکێتیی

خاكو زمانو كولتوور و مێژووی هاوبەش...تاد، سەرەڕای ئەو پەیوەندییانەی کە لە هۆشیاریی نەتەوەییەوە سەرچاوە دەگرن، دروست دەبێت. هۆشیاریی نەتەوەیی بنچینەو ستروکتوورێکی ئاڵۆزی هەیەو بە ماوەیەکی زۆر پێش دروستبوونی نەتەوە دەردەکەوێت. چونکە بۆچوونو بیروڕای ئەتنیکی و رەگەزی هاوبەشی کولتووریی‌و زمان، بنچینەی هەستی نەتەوەیی‌و زەمینەی هۆشیاریی نەتەوەیی پێك دێنن. ئەم هۆشیارییە ئێتنیکیە – کولتوورییە دەبێتە سەرەتایەکی گرنگی هۆشیاریی نەتەوەیی، بەمانایەکی فراوان، کە رەگەزەکانی دیکەی بریتین لە پەیڕەوکردنو پاراستنی نەریتی نەتەوەیی، دروستبوونی زمانی ئەدەبی، خاك، کولتووری هاوبەش، دەرککردن بە بەرژەوەندیی هاوبەشی وڵات، هەستی نیشتمانپەروەری‌و دەرککردن بە یەکێتیی خەباتی رزگاریخوازیی نیشتمانی[1] هۆشیاریی نەتەوەیی، بەم مانایە، رەگەزە کۆمەڵایەتی‌و چینایەتییەکانیش بەخۆی دەگرێت، کە لە بواری چۆنییەتی دەرکپێکردنی تایبەتمەندی و بەرژەوەندییە نەتەوەییەکاندا سەر هەڵدەدەن، لەگەڵ بەرەوپێشچوونی نەتەوەو خەملینی چینەکان لەناو کۆمەڵدا جیاوازی لە نێوان هەڵوێستی دەستەو چینە جۆربەجۆرەکاندا سەبارەت بە مەسەلە نەتەوەییەکان زیاد دەکاتو قوولتر دەبێتەوە. پەیوەندی نێوان ئاین و هۆشیاریی نەتەوەیی پەیوەندییەکی ئاڵۆزە، چونکە ئاین تەنیا ئیمانو باوەڕ نییە، بەڵکو کولتووریشە. بۆیە ئاین، وەك رەگەزێکی گرنگی کولتووری دەشێت، لە هەندێك قۆناغی مێژوویی‌و بارودۆخی تایبەتییدا، رۆڵێکی دیارو پێشەنگ لە دروستکردنو پێشخستنی هۆشیاریی نەتەوەییدا بگێڕێتو وەك شێوەیەکی زاڵی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی، یان وەك توخمێکی سەرەکیی ئایدۆلۆجیای خەباتی رزگاریخوازیی خۆی دەربخات. ئەم دیاردەیە بە پلەی یەکەم لەو وڵاتە داگیرکراوو کۆلۆنیالکراوانەدا دەرکەوتووە کە ئاین بەشێك بووە لە پێناس یان کولتووری نەتەوەی داگیرکەر. بۆ نموونە گەلانی بەڵکان لە داگیرکەری عوسمانیدا تەنیا وێنەی دەسەلاتێکی ستەمکاری بێگانەو زمانو کولتوورێکی نامۆیان نەدەدیت بەڵکو لە هەمان کاتدا وێنەی ئاینێکی نامۆ (ئاینی ئیسلام) یشیان دەبینی. بۆیە ئاینی مەسیحی بوو بە رەگەزێکی گرنگی هۆشیاریی نەتەوەیی‌و ناسیۆنالیزم، دواتریش بە فاکتەرێکی سەرەکی

خەباتی رزگاریخوازیی ئەو نەتەوانە. بە هەمان شێوە جیاوازی یان ناکۆکیی ئاینیی نێوان گەلانی میسرو ئەلجەزایرو لیبیا لەگەڵ کۆلۆنیالیزمی فرەنسایی‌و ئیتالیایی فاکتەرێکی سەرەکیی خەباتی رزگاریخوازیی ئەو گەلانە بوو. بەڵام ناسیۆنالیزم، بە گشتی لەسەر بنەمای ئاینی‌و غەیبی دانامەزرێت، یان ناتوانێت ئاینی بێت، چونکە بزاڤێکی ناسیۆنالیستی‌و ئاینی دوو ئەرکی تەواو لێك جیاوازیان هەیە. ئایا راستە تەنیا ئەو کاتە باسی بوونی نەتەوە بکرێت کە مەرجەکانی پێکهاتنی، بە تایبەتی مەرجی یەکێتیی ئابووری یان دەوڵەت لە ئارادا بن؟ لە گەلێك حاڵەتدا پرۆسێسی دروستبوونی نەتەوەو پەیدابوونی مەرجەکانی شان بە شانی یەکتری دەڕۆن‌و یەکێکیان ئەویدیکەیان تەواو دەکات. وەك ئاشکرایە لە وڵاتانی کۆلۆنیالکراودا مەرجەکانی پێکهاتنی نەتەوە لە ئارادا نەبوون، هەروا ئەو نەتەوانە لە رووی ئابوورییەوە پەراگەندە و ناتەواو بوون، کەچی لینین لە بارەیانەوە دەنووسێ: ( ئازادکردنی وڵاتە کۆلۆنیالکراوەکان بێجگە لە مافی نەتەوەکان لە خۆبڕیاردانی چارەنووس شتێکی دیکە نییە. گەلانی کۆلۆنیالکراو ئەوانیش نەتەوەن. بەڵام سەبرگرتن لەم لەبیرخۆ بردنەوەیە مانای سەبرگرتنە لە شۆڤێنیزم [2] ئەم رایە گرنگییەکی مێتۆدۆلۆجیی هەیە، بە تایبەتی ئەگەر چارەنووسی گەلی کورد لەبەرچاو بگرین. وەك دەشزانین لە جیهاندا بە تەنیا نەتەوەی کورد دووچاری ئەم چارەنووسە مێژووییە نەبووەو چەندان نەتەوەی دی سەردەمێکی دوورو درێژ بە دەست داگیرکردن‌و دابەشبوونی نەتەوەییەوە گیریان خواردووە. دابەشبوونی نەتەوەیی و نەمانی یەکێتیی خاك دەبنە هۆی لە گرێژەنەچوونی نەتەوە، نەك هۆشیاریی نەتەوەیی. چونکە هۆشیاریی نەتەوەیی، وەك شێوەیەك لە شێوەکانی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی، کاتێك سەرهەڵدەدات سەربەخۆییەکی نیسبی بە خۆی دەگرێت. ئەم رۆڵەش لە بنەڕەتدا لە دەرکپێکردنی بەرژەوەندییەکانی بوونی نەتەوەدا بەرجەستە دەبێت، چونکە ئەو کەسانەی لەسەر بنچینەی کۆمەڵێك بەڵگەو نیشانەی وەك یەکبوونی زمان، خاك، کولتوورو مێژووی هاوبەش — تاد چارەنووسی خۆیان دیاری دەکەن، ئەوا بە لەدەستدانی یەکێك لەو بەڵگە و نیشانانە، یان زیاتر، بۆ نموونە لە دەستدانی یەکبوونی خاك، هۆشیاریی نەتەوەییان لە دەست نادەن. هۆشیاریی

نەتەوەیی کاتێك لای کۆمەڵە خەڵکێك دروست دەبێت، بە ئەندازەیەك ریشە دادەکوتێ کە تەنانەت ئەگەر ئەو کۆمەڵە خەڵکە، لە رووی هەرێمایەتیو ئابووریو کولتوورییەوە، دابەشو پارچە پارچەش بکرێنو تەنانەت ئەگەر بۆ ماوەیەك زمانی هاوبەشیشیان بیربچێتەوە، ئەوا ئەم هۆشیارییە لە دەست نادەنو لایان هەر بەردەوام دەبێت.

نەتەوە لە سایەی بارودۆخێکی تایبەتیی مێژوویی — کۆمەڵایەتیدا دروست دەبێت. پێداویستیی گەشەکردنی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری زەمینەی بابەتی دەرەخسێنن تا چینی بۆرجواو دەستەی رووناکبیران کاریگەریی کولتووریو کۆمەڵایەتییان لەناو کۆمەڵگادا زیاد بکەنو ببنە رێبەری بزاڤی کولتووریو ناسیۆنالیستی. رووناکبیرو ناسیۆنالیستان هەموو دەرەتانو کەرەستەیەك، لەوانە بەرهەمی کولتووری رۆحی، ئەدەبی فۆلکلۆر و داستانو ئەفسانەو سیمبوولی میللی، بەکاردێنن تا هۆشیاریی نەتەوەیی لەناو کۆمەڵانی خەڵکدا بڵاو بکەنەوە، زەمینەی فیکریو کولتووری بۆ نزیکبوونەوەی سیاسیو پێکەوە هەڵکردنی نەتەوەیی بڕەخسێنن. لە سەردەمی گەشەکردنی بزاڤی رزگاریخوازیی نەتەوەییدا زەمینەی نوێ بۆ بڵاوبوونەوەی هۆشیاریی نەتەوەیی لەناو کۆمەڵانی خەڵکدا دروست دەبێتو دەستە و توێژە کۆمەڵایەتییە جۆربەجۆرەکانی نەتەوە دەگرێتەوە. شانبەشانی ئەم پرۆسەیە هۆشیاریی نەتەوەیی بە رەگەزی نوێی سیاسی، کولتووریو کۆمەڵایەتی دەوڵەمەند دەبێت. دەرکەوتنی بیرو رێبازی دیموکراتی لەناو ئایدۆلۆجیای هۆشیاریی نەتەوەییدا، بە قۆناغێکی پێشکەوتووی گەشەکردنی هۆشیاریی نەتەوەیی دادەنرێت. رەگەزەکانی هۆشیاریی نەتەوەیی هەمیشە لەیەك ئاستی گەشەکردندا نابن. بۆ نموونە لە کاتێکدا هۆشیاریی ئەتنیکی لە قۆناغێکی مێژوویی زوودا، کەم یان زۆر، لای گرووپە کۆمەڵایەتییەکانی خەڵك دروست دەبن، کەچی دەرکردنی پێداویستییەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی نیشتمانی و بێداربوونەوەی ژیانی نەتەوەیی پەیوەندییان بە پێشکەوتنی ژیانی سیاسیو کولتووری، یان سەرەتای سەرهەڵدانی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی

سەرمایەدارییەوە هەیە. لە هەمان کاتدا ئەم دەرکپێکردنە لە سەردەمی جۆربەجۆر و بە رادەی جیاواز لەو ناوچانەدا دەردەکەوێت کە بوژانەوەیەکی کولتووریو سیاسییان تێدا هەیە. بۆ نموونە بێداربوونەوەی ژیانی نەتەوەیی بولگارستان لە بنارەکانی بەلکانەوە دەستی پێکرد، کە پێش بەشەکانی دیکەی بولگارستان ژیانی ئابووریو کولتووریو سیاسیی تیایدا بوژابووەوە زۆربەی رابەرانی ناسیۆنالیزمو تیۆریستانی بزاڤی رزگاریخوازیی نەتەوەیی بولگارستان لەو ناوچەیەوە دەرکەوتن کە مەلبەندی خەباتی کولتووریو سیاسیو ئاینی بوو. پێم وایە مەلبەندی بێداربوونەوەی ژیانی سیاسیو ئابووریو کولتووریی لە باشووری کوردستاندا ناوچەی سلێمانی بوو بێت، کە لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەمو لە سایەی میرنشینی باباندا، بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی کوردستاندا، ناوەندێکی گرنگی ئاڵوگۆڕی ئابووریو کولتووری بوو لە کوردستاندا، وەك دواتر باسی دەکەین. لە پاڵ ئەو هۆکارە ناوخۆییانەی باسکران، هەندێك هۆکاری دەرەکی هەن کە رێگا بۆ سەرهەڵدانی هەستی نەتەوەییو هۆشیاریی نەتەوەییو دەرککردن بە گرنگی خەباتی رزگاریخوازیی نەتەوەیی خۆش دەکەن، کە ئەویش بارودۆخی داگیرکردنو کۆلۆنیالیستییە. لە کاتێکدا لە زۆر وڵاتی ئەورووپای رۆژئاوادا ناسیۆنالیزمو دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی لە ئەنجامی پرۆسێسی پێشکەوتنی ئابووریی سەرمایەداریو مۆدێرنیزمو فەلسەفەی رۆشنگەریو کارتێکردنی شۆڕشی فەرەنساوە دەرکەوتن، کەچی گەلانی ئاسیا و ئەفریقاو ئەمریکای لاتین، بە رێگای تایبەتی خۆیاندا بەرەو دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی چوون. بۆ ئەوەی لەم وڵاتانەدا نەتەوەکان دروست بن، یان ئازاد بن پێویست بوو ئەو کێشە دەرەکییە چارەسەر بکرێت، کە بە هۆیەوە نەتەوە ژێردەستەکانی ئەو وڵاتانە لە لایەن نەتەوەی دەسەڵاتداری بێگانەوە دەچەوسێندرانەوەو رێگای پێشکەوتن و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەییان لێ گیرابوو. سەرهەڵدانی هۆشیاریی نەتەوەیی لە هەر کۆمەڵگایەکدا پەیوەندیی بە بێداربوونەوەی نەتەوەیی و سەرەتای ئاڵوگۆڕی ئابووریو کۆمەڵایەتیو کولتووریو پرۆسێسی دروستبوونی نەتەوەوە هەیە. دیارە دەوڵەتی نەتەوەیی رۆڵێکی گەورە لە دروستکردنی نەتەوەدا دەبینێت، بەڵام نابێت وەك مەرجێکی دروستبوونی

نەتەوە سەیر بکرێت. مێژوو چەندان نموونەی ئەو نەتەوانەمان پێشان دەدات کە پێش ئەوەی دەوڵەتی نەتەوەییان هەبێت دروست بوون، بە پێچەوانەشەوە لە چەندان وڵاتی تردا لە سەرەتاوە دەوڵەتی ناوەندی دامەزرێندراوە و دەوڵەتەکە بۆتە ئامرازێکی بەکاری دروستبوونی نەتەوە. نەتەوەکان بە گشتیو لە زۆربەی کاتدا لەسەر بنچینەی یەکێتیی زمانو خاك و مێژووی هاوبەش و کولتووری هاوبەش... تاد دروست دەبن. بەڵام ئەم بۆ چوونە ئەوە ناگەیەنێت کە تەنیا ئەو کاتە دەشێت باسی بوونی نەتەوە بکرێت کە تەواوی ئەو مەرجانە پێکەوە لەئارادابن. چونکە لەو بارودۆخە تایبەتییەی کە گەلان لە دژی ستەمو چەوسانەوەی کۆلۆنیالیو لە پێناوی رزگاریی نەتەوەییدا خەبات دەکەن، پرۆسێسی دروستبوونی نەتەوەکان رەوشێکی دیکەی گرتووە. لە سەرەتادا نەتەوەکان، وەك دیاردەیەکی کولتووری — سیاسی لە ئەنجامی دروستبوونی هۆشیاریی نەتەوەیی، بەهۆی جیاوازیی زمان، ئاین، مەزهەب، یان رەنگی پێستەوە، هەروا بەهۆی یەکگرتنی فیکری و سیاسیو دوای ئەوە بەهۆی دروستبوونی دەوڵەت لە ناوچەیەکی دیاریکراوداو لەسەر بنچینەی ئەم یەکگرتنە دروست بوون. شتێکی دەگمەنیش نییە کە یەکێتیی ژیانی ئابووریو یەکێتیی زمانو کولتووری نەتەوەیش دوای رێگابوون پێك بێن، بەڵام دەوڵەت و پارتە سیاسییەکانو سازمانە کۆمەڵایەتییەکانی دی ئەوا ئامرازێکن بۆ دروستبوونی نەتەوە[3].

## 2

دەرکەوتنی رەگەزەکانی هۆشیاریی نەتەوەیی لە باشووری کوردستاندا پەیوەندی بەو دۆخە سیاسیو ئاڵوگۆڕە ئابووریو کولتوورییانەوە هەبوو کە لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەم، لە سەردەمی بابانەکاندا روویاندا. ئەو کاتە دەوڵەتی عوسمانی لە تەنگوچەڵەمەیەکی سەختی ئابووری، سیاسیو کۆمەڵایەتییدا دەژیا. سەرمایەی ئەوروپایی بە ناو ئیمپراتۆریادا بڵاو بووبووەوە و ئابوورییەکەی بە بازاڕی جیهانیی

سەرمایەدارییەوە بەستبووەوە. لە لایەکی دیکەوە گەشەکردنی خەباتی رزگاریخوازیی نەتەوە غەیرەتورکەکانو شەڕ و کێشەی بەردەوامی عوسمانییەکان لەگەڵ ئیمپراتۆریای روسیا، فرەنساو بریتانیادا گرفتی ئابووری، سیاسیو کۆمەڵایەتیی ئیمپراتۆریای عوسمانییان قووڵتر کردبۆوە. باشووری کوردستان بەهۆی شوێنی جیۆگرافییەوە، بەهۆی ئەو سەربەخۆییە نیسبییەی بەشێکی لە سایەی میرنشینی باباندا هەیبوو سەرەتای ئاڵوگۆڕو بوژانەوەیەکی ئابووریو کولتووریی بەخۆیەوە دی. ژیانی بازرگانی بوژایەوەو پەرەی سەند. دروستکردنی شاری سلێمانی، وەك پایتەختی نوێی میرنشینی بابان، دیاردەیەکی نوێی شارستانی بوو لە کوردستاندا، چونکە لە لایەکەوە نیشانەی فراوانبوونی دەسەڵاتو توانای ئابووریی بابانەکان بووە، کە لە دەسەڵاتێکی خێڵەکیی گوندییەوە بەرەو ئەوە چووە رواڵەتو مۆرکی شاری بەخۆ بگرێت، ئابووریەکەیشی لە شێوەی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی و سروشتییەوە رووەو شێوەی ئابووریی بازرگانی و کاڵایی چووە. لە لایەکی دیکەوە دروستکردنی سلێمانی لەگەڵ خۆیدا کۆمەڵێك ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتیو کولتووریی هێنا. بە هەزاران کۆنە خەڵکی گوندەکان بوونە شارنشینو لە جیاتی کشتوکاڵ و ماڵات بەخێوکردن سەرقاڵی کاری بازرگانی، بیناسازی و کۆمەڵێك کاری پیشەیی بەرهەمهێنەرانە بوون، کە بەهۆی دروستکردنی شارو پێداویستیی خەڵکی شارو دەوروبەرییەوە دروست بوون، بۆ نموونە (پیشەسازی) ی وەك جۆلایی، سابوون دروستکردن، موتابخانە، دەباخخانە، چنینو رستن. شاری سلێمانی، کە بەهۆی کۆمەڵێك رێگاوبان بە شارەکانی دیکەی کوردستانو هەندەرانەوە بەسترابووەوە، بوو بە یەکێك لە مەڵبەندە بازرگانییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. کاروانی بازرگانی بەردەوام لە سلێمانییەوە روویان لە شارەکانی دیکەی کوردستانو هەندەران دەکرد، لەو شارانەوە بەرەو سلێمانی دەهاتن، کە ئەمە هاندەری ئاڵوگۆڕی ئابووری و دەرکەوتنی پەیوەندیی ئابووریی بازرگانی بوو لە نێوان ئەم ناوچەیەی کوردستانو بازاڕی دەرەوەدا. هەروا لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا سەرمایەی بیانی خۆی گەیاندبووە ناو کوردستانەوەو بووبوو بە هاندەرێك بۆ گەشەپێدانی ژیانی بازرگانی و بەستنەوەی کوردستان بە بازاڕی سەرمایەدارییەوە. م.س- لازارێف دەنووسێت: لە سەرەتای سەدەی

نۆزدەیەمدا، دوای ئەوەی ناوچەکانی ئەودیو قەفقاس خرانە پاڵ روسیا، ئابووریی روسیا خۆی خزاندە ناو کوردستانەوەو رێگا بازرگانییەکان لەم ناوچانەوە بەرەو رۆژهەڵاتی نزیك بە کوردستاندا رەت دەبوون. سەرباری ئەوەی بازرگانانی روس ئەو بەرژەوەندییەشیان لە کوردستاندا هەبوو کە بازاڕێك بوو بۆ فرۆشتنی کەلوپەل [4]. هەر لەو کاتەدا نفووزو دەسەڵاتی ئابووریی بریتانیاو ئەڵمانیا لە تورکیا و ئێراندا زیادی کردبوو کە بەهۆیەوە ئەم دوو وڵاتە، بە کوردستانیشەوە زیاتر بە بازاڕی جیهانیی سەرمایەدارییەوە بەسترابوونەوە. ئەم پرۆسەیەش بوو بوو بە هاندەرێك بۆ بوژاندنەوەی ئابووریی بازرگانیو گەشەپێدانی ئابووریی کاڵاییو لاوازکردنی ئابووریی سادە. دوکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد پێیوایە کە (لە سەدەی نۆزدەیەمەوە سەرەتای دروستبوونی یەك بازاڕی لە هەموو کوردستاندا دەستی پێکردبوو ئەم کارە گرنگە لە ئەنجامی بەستنی بازاڕی کوردستان بە بازاڕی جیهانیی سەرمایەدارییەوەو دەستپێکردنی رزگاربوون لە ئەنجامی ئەوەدا چوارچێوەی بەرهەمهێنانی تەبیعی رۆژبەرۆژ لە پەرەسەندندا بوو. دابەشکردنی کوردستان بەناو لە نێوان تورکیاو ئێراندا هێشتا نەبووبووە کۆسپ لە بەردەمیاندا. لەو ساڵانەدا ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە نێوان کوردستانی خواروو و ژووروودا تا رادەیەکی دیار لە گەشەکردندا بوو بەهۆی ئەو کاروانانەی کە لە نێوان هەردوو لایەندا لە هاتووچۆدا بوون بەو حەوت رێگایەو ئەو دۆڵە گەورەیەی کەوتۆتە ئاستی گەیشتنی خاپوور بە رووباری دیجلەوە کە پانایی (20) کیلۆمەترێك دەبێ، کە بە جارێك ئەمدیو و ئەودیوی کوردستانیان بەیەکەوە بەستۆتەوە) [5]. لە ئەنجامی ئەم ئاڵوگۆڕە بازرگانییەدا پەیوەندییەکانی دراو لە کوردستاندا دەرکەوتن، بەرهەمهێنانی کاڵایی بەرەو پێشەوەچوونو پێشەکاری (حرفە) ی پیشەسازیو مانیفاکتۆرە لە کوردستاندا پەیدابوون. هەروا پیشەسازیی دیکەی وەك چەخماخسازی دەرکەوت کە ( بە یارمەتیی پسپۆڕانی رووس و فڕەنسایی کارخانەی چەك دروستکردن دامەزرێندرانو زۆربەی تفەنگو تۆپەکانی ئەو کاتەی کوردستان لە لایەن کوردەکانەوە دروست دەکران[6]. ئەم هۆکارانە سەرەتای ئاڵوگۆڕی نوێیان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە ئابوورییەکاندا دروست کرد و سەرەتای پەیوەندیی ئابووری لە

نێوانی ناوچەکانی کوردستانو بازاڕەکانی ناوخۆدا هەروا لەگەڵ بازاڕەکانی گەلانی دراوسێدا دەرکەوتن. ئەم ئالوگۆڕ و پەیوەندییە نوێیانە لە بارودۆخێکدا لە کوردستاندا سەریان هەڵدا کە مەترسی پەلاماردانی لەشکری عوسمانیو ئێرانی وەك تارماییەك هەڕەشەیان لە کورد دەکرد. سەرەڕای ئەوەی ئەم پەیوەندییانە لە سایەی سەرمایەداریی بەهێزترو دەستڕۆیشتووتری بێگانەدا بوون. لەبەر ئەم هۆیانە، سەرەڕای نەبوونی دەسەڵاتێکی بەهێزی سیاسیو نەبوونی زامنی یاسایی، کە مەرجی گرنگی گەشەکردنی سەرمایەدارین، پەیوەندیی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری لە کوردستاندا، بە تایبەتی لەناو شارەکاندا، نەگەیشتە ئەو ئاستەی کە کاریگەری سیاسی و کولتووریی هەبێت. یان شانبەشانی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی فیۆدالی کولتووری خۆی لە کۆمەڵی کوردستاندا بچەسپێنێت. لەپاڵ ئەم هۆکارانەی باس کران دوو فاکتەری گرنگ لەو کاتەدا کۆمەکیان بە دەرکەوتنی سەرەتاکانی هۆشیاریی نەتەوەیی کردووە. یەکەمیان دەرکەوتنی زمانی ئەدەبیی کوردی، یان گۆرانی زمانی کوردی لە زمانی پەیڤینەوە بۆ زمانی نووسین، کە سەرەتای بزاڤێکی نوێی کولتووری بووە لەچاو سەردەمی خۆیدا. دووەمیان ستەمو پەلاماری دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانیو کێشەی نێوان خەڵکی کوردستان و ئەو دوو دەوڵەتە. لەو سەردەمەدا، کە ناوەندە ئاینییەکان تاکە جێگای خوێندنو زانین بوون، لە باشووری کوردستاندا چەند ناوەندێکی ئاینی – زانستی هەبوون کە برەویان بە زانینو خوێندەواری داوە. زانایانو ڕووناکبیرانی ئەو سەردەمە لە ناوچە جۆربەجۆرەکانی کوردستانەوە ڕوویان لە باشوور و پایتەختی میرنشینی بابان (سلێمانی) کردووە. ئەم شارە وەك گەڕیدەی ئیتالیایی ئەلیساندرۆ دی بیانگی، کە ئەو کاتە سەردانی کوردستانی کردووە، دەڵێت: ( لە سەدەی نۆزدەیەمەوە ناوەندی ناسیۆنالیستیو کولتووری کوردییە )[7]. لەو ناوەندە زانستیو کولتوورییانەوە شاعیرانو ڕووناکبیرانی وەك نالی، کوردی، سالم، مەولانا خالیدی نەقشبەندیو حاجی قادری کۆیی – تاد پێگەیشتن، کە دواتر ڕۆڵێکی گەورەیان لە چەسپاندنی زمانی ئەدەبیی کوردیو پێشخستنی ژیانی کولتووریو ڕۆحیو هەست و هۆشیاریی نەتەوەییدا گێڕا. لایەنێکی دیکەی ئەم بزاڤە کولتوورییەی باسمان کرد ئەو قوتابخانە ئەدەبییە نوێیەیە کە

له باشووری کوردستاندا دەرکەوتو بە ناوی (قوتابخانەی نالی) ناسراوە. شاعیران نالی 1797 – 1855، سالم 1800- 1866، کوردی 1809 – 1849 بناغەی ئەم قوتابخانە ئەدەبییەیان داڕشتو زۆری نەبرد باشوور و ڕۆژهەلاتی کوردستانی گرتەوە. ئەم قوتابخانە ئەدەبییە نوێیە لە زۆر ڕووەوە بایەخی بۆ دروستکردنی هۆشیاریی نەتەوەیی و پێشخستنی فیکریو ڕۆحیی کورد هەیە. ئەوەندەی پەیوەندی بەم باسەوە هەبێت دەکرێت پەنجە بۆ دوو لایەنی گرنگ رابکێشین.

**یەکەم:** لە ڕێگەی ئەم قوتابخانە ئەدەبییەوە زمانی ئەدەبیی کوردی لە چوار دیالێکتی (سلێمانی، سنە، سۆران، موکریانو گەرمیان) لە باشووری کوردستاندا دروست بوو و بەتەواوی چەسپا. زۆری نەبرد ئەم زمانە ئەدەبییە، بەهۆی دەرکەوتنی هۆشیاریی نەتەوەییەوە و لە ئەنجامی ئاستی بەرزی هونەریو ئیستاتیکی و فیکریی هۆنراوەکانی نالیو سالم و کوردی پەلوپۆی هاویشتو بە گەلێك ناوچەی باشوور و ڕۆژهەلاتی کوردستاندا بلاو بۆوە [8].

**دووەم:** لە ڕێگەی ئەم قوتابخانە ئەدەبییەوە نەریتەکانی ئەدەبی کلاسیکیی ڕۆژهەلاتو سەرەتای بیری فەلسەفیو سۆفیزم و گیانی نیشتمانپەروەریو خۆشەویستیی ولات لەناو ئەدەبی کوردی، لە باشوور و ڕۆژهەلاتی کوردستاندا، دەرکەوتن. بۆ یەکەمین جار مرۆڤی کورد بە شێوە زمانی ئەدەبیی کرمانجیی ژوورو هەستو بیرو تێڕوانینی خۆی بەرامبەر بە ژیانو بوون و خودا و سروشتو...تاد دەردەبڕی. لە ڕێگای تێکستی نووسراوی ئەدەبییەوە (ئەویدی)، کە بەهێزی عەسکەری پەلاماری ولاتەکەی داوە، وێنا دەکات. وێناکردنی ئەویدی، تورکی عوسمانی، لە هۆنراوەکانی سالمو دواتر حاجی قادرو هەندێك شاعیری دیکەدا، لە هەمان کاتدا خۆوێناکردنیشە. واتا بە بەراورد لەگەلّ خۆو لەگەلّ تایبەتمەندییەکی کولتووریو سیاسی و خۆناسیندا ئەویدی وێناکراوە. ئەویدی، خێلّ و تیرەی تر نییە کە بابانەکان کێشەو شەڕیان لەگەلّیدا هەبوو بەلّکو هێزی بیانییە، کە وەك پەلاماردەر و وێرانکەر و تالانکەری کوردستان هاتووە و ژیانی ئاوەدانی و ئەو ئازادیو ئارامییە نیسبییەی تێك

داوه كه له سایەی دەسەڵاتێكی خۆماڵیدا هەبووە. ئەمە یەكەمین جار بووە تێكستی نووسراو بە شێوە زمانی كرمانجیی خواروو بەم شێوە روونە، جیاوازی نێوانی (مـن) و نێوان (ئەویدی) وەك رەگەزێكی بیانی سەر بە نەتەوەو كولتوورێكی تر، باس كردبێت و خەتێكی بە نێوان (من) و (ئەویدی) دا كێشابێت. دروستبوونی زمانی ئەدەبی خۆی لە خۆیدا و بە تەنیا مەرج نییە بتوانێت هۆشیاریی نەتەوەیی دروست بكاتو بە ئاسانی خۆی بەناو خەڵكدا بڵاوبكاتەوە. ئەمە یەكەمین جاریش نەبووە كە لە كوردستاندا هەوڵی لەم جۆرە بدرێت، وەك لە بەشێكی دیكەدا، باسكرا. ئەم زمانە ئەدەبییە نوێیە نەیتوانی بە فراوانی لەناو خەڵكدا بڵاو ببێتەوە و لەگەڵ خۆیدا هۆشیاریی نەتەوەیی بڵاوبكاتەوە و گەشەی پێ بدات. چونكە نە زمانی ئەدەبیو نە هۆشیاریی نەتەوەیی دەتوانن بەبێ ئاستێكی دیاریكراوی پێشكەوتنی ئابووریی سەرمایەداریو بڵاوبوونەوەی خوێندەواری و چاپەمەنی گەشە بكەن. بڵاوبوونەوەی زمانی ئەدەبیو هۆشیاریی نەتەوەیی لە كۆمەڵێك وڵاتی ئەوروپادا، وەك بێنێدیت ئەندێرسۆن دووپاتی دەكاتەوە، ئەنجامی سەرمایەدایی چاپ بوو چونكە چاپو بڵاوكردنەوەی كتێب بە زمانی نەتەوەیی قازانجی تێدا بوو. دیارە پێش ئەوەی پێشكەوتنی كۆمەڵ بگاتە ئەو ئاستەی كە سەرمایەداریی چاپ بێنێتە بەرهەم ئەوا پێشتر لەشكرێكی فراوانی( كڕیار) خوێندەوارانی دروست كردووە. بڵاوبوونەی زمانی ئەدەبی، لە هەندێك وڵاتی دیكەدا، دەسەڵاتێكی سیاسی لە پشتەوە بووە، كە هەم وەك ئامرازێكی گەیاندنی دەستوور و بڕیارەكانی خۆیو هەم لە خوێندندا زمانە ئەدەبییەكەی بەكارهێناوە و سەپاندوویەتی، بەهۆیەوە كولتوورێكی نوێی بردۆتە ناو كۆمەڵەوە. دیارە ئەو كاتە كوردستان لەو ئاستەی پێشكەوتنی ئابووری و خوێندەواریدا نەبووە كە چاپو چاپخانە دەربكەن. دەسەڵاتی میرنشینی بابانیش، وەك میرنشینەكانی دیكەی كوردستان ئەو سروشتە ناسۆنالیستییەی نەبووە كە بایەخ بە داهێنانی كولتووری و فیكری، بە زمانی كوردی بداتو ئیپسیمۆلۆجیای تایبەت بە خۆی بەم زمانە بێنێتە بەرهەم و بەناو خەڵكدا بڵاوی بكاتەوە. هەروا لەو سەردەمەدا، لە هەموو وڵاتانی ئیسلامی، خوێندنگەو خوێندنی مۆدێرن، كە ناوەندی بڵاوكردنەوەی

زانیاریی نویٚ و پێگەیاندنی توێژی خوێندەوار و رووناکبیری نوێیـە، نـەبوون. ناوەنـدە ئاینییەکان ( مزگەوت، تەکیەو خاناقا) تاکە خوێندنگـە بـوون‌و لەوێـدا خوێنـدن بـە زمانانی عەرەبی‌و فارسی بووە. ئەم ناوەندانە پێش هەر شتێك سروشـتێکی ئـاینی و ئــەرکێکی تایبــەتیی ئــاینی – ئێپســتیمۆلۆجییان هــەبووەو کــادێری ئاینییــان پێگەیاندوون. هەروا لەو خوێندنگەیانەدا بەشێك لە کوڕانی دەستەو چـینی سـەرەوەی کۆمەڵ فێری خوێندەواریی کراون، کە دەستەیەکی هەڵبژێردراو بوون. بۆیە ئەم زمانـە ئەدەبییە، تا سەرەتای سەدەی بیستەم و دەرکەوتنی گۆڤارو رۆژنامەو قوتابخانەی نویٚ، لە سنووری ئەڵقەیەکی تەسکی رووناکبیران‌و خوێندەوارانی ئەو سەردەمەدا ماوەتەوە. شاعیرانی دواتر، لە ناوچەکانی دیکەی باشوور و رۆژهەڵاتی کوردستان، شیعریان پـێ نووسـیوە. لــە ناوەڕاسـتی سـەدەی نۆزدەیەمـدا باشـووری کوردسـتان لــە لایــەن عوسمانییەکانەوە داگیرکرایەوە، دەسەڵاتی بابانەکان لەناو براو ویٚرانەیـەکی سیاسـی‌و ئابووری‌و کولتووری جێگایان گرتەوە. هەروا ئەم قوتابخانە ئەدەبییە دوایی هات. زمانە ئەدەبییەکەیش لەو سەردەمەدا نەیتوانی لە سنووری شیعر تێپەڕێت، یان بەکوردستاندا بڵاوببێتەوە. کوردستان تا کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیسـتەم کـە، دەستەی خوێندەواری نوێی کورد، دەرچووی خوێندنگە نوێیەکانی دەوڵـەتی عوسمـانی دەرکەوتن، هیچ بزاڤ و چالاکییەکی ئەوتۆی کولتـووریی بـە خۆیـەوە نـەدیت. لەگـەڵ دەرکـەوتنی ئـەم دەسـتە روونـاکبیرە نوێیـەدا، کـە ئاگـاداری بـیری رۆشـنگەری و ناسیۆنالیستیی ئەورووپا بوون، قۆناغێکی نویٚ لە هۆشیاریی نەتەوەیی کورد و خەباتی کولتووری و سیاسیی دەست پیٚ دەکات. دەرچوونی رۆژنامەی کوردستان لـە نیسـانی 1898 دا و بڵاوکردنەوەی هەندێك گۆڤار و چاپەمەنی تر و دامەزراندنی رێکخـراوی کولتووری و سیاسی، نیشانەی ئەم قۆناغە نوێیـە و ئـەنجامی پێگەیشـتنی دەسـتەی خوێندەواری نوێیە کە بوونە پێشەنگی بـیری رۆشـنگەری و خـەباتی ناسیۆنالیسـتی. رواڵەتێکی دیکەی هۆشـیاریی نەتـەوەیی کـورد و شـێوە و رادەی خۆدەرخسـتنی تـا کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم لە راپەڕینی ساڵی 1880دا بە رابـەری شـێخ عوبێـدوڵڵای نەهری دەردەکەوێت. ئەم راپەڕینـە لـە سـەرێکەوە ناوچـەیەکی فراوانـی کوردسـتانی

بندەستی ئێرانیشی گرتەوە، لە سەرێکی دیکەوە یەکەمین کۆششێکی سیاسیی و چەکداری بوو کە ناوەرۆکێکی رزگاریخوازانەی هەبوو. هۆکارەکانی ئەم راپەڕینە و سروشتی سەرکردایەتییەکەی هەر جۆری بووبێت، بەڵام نامەکەی شێخ عوبێدوڵڵا بۆ نوێنەری بریتانی لە باشخاڵ، ئاستی پێگەیشتنی هۆشیاریی نەتەوەیی و بیری ناسیۆنالیستیی سەرکردایەتیی راپەڕینەکە پیشان دەدات. شێخ عوبێدوڵڵا دەنووسێت:

" نەتەوەی کورد نەتەوەیەکی سەربەخۆیە و سەرکردەکانی کوردستان، ئەوانەی لەژێر دەسەڵاتی تورك یان فارسدان و دانیشتوانی کوردستان بە فەلە و مسوڵمانەوە یەکیان گرتووە و لەسەر ئەوە رێککەوتوون کە قبووڵ نەکەن کاروبارەکان بە شێوەی ئێستایان لەگەڵ ئەم دوو دەوڵەتەدا بەردەوام بن. ئێمە دەمانەوێت خۆمان حکومڕانیی خۆمان بکەین " (9).

راپەڕینەکە دڵڕەقانە تێك شکێندرا و چەندان ناوچەی کوردستان، بەهۆی پەلاماری دەوڵەتی عوسمانییەوە وێران کران (10) بەڵام راپەڕینەکە، بە نۆرەی خۆی، رۆڵێکی گرنگی بۆ بێدارکردنەوەی نەتەوەیی و بڵاوکردنەوەی هۆشیاری نەتەوەیی لە کوردستاندا گێڕا. هەروا رێگا خۆشکەرێك بۆ دەرکەوتنی بزاڤی رزگاریخوازی و ناسیۆنالیزمی کورد.

سەرهەڵدانی سەرەتاکانی هۆشیاریی نەتەوەیی لای گەلی کورد، لەو قۆناغەدا پەیوەندییەکی راستەوخۆی بەو ئاڵوگۆڕە ئابووری و کولتوورییانەو دەرکەوتنی زمانی کوردی، وەك زمانی نووسین، هەبوو. بەڵام ئەو بارودۆخە سیاسی و مێژووییەی کورد تێی کەوتبوو بارودۆخی داگیرکردن و شەڕ و ستەمی دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی، بە نۆرەی خۆیان، زەمینەی دەرکەوتنی سەرەتاکانی هۆشیاریی نەتەوەییان ئامادە کرد.

3

پێش کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم قەیرانی ئیمپراتۆریای عوسمانی قـوولتر بـوو بـوو. دەوڵەتی عوسمانی بە جۆرێك ملکەچی وڵاتانی سەرمایەداریی ئەوروپا بووبوو کـە وەك کۆلۆنیایـەکی کلاسـیکیی ئـەوانی لێ هـاتبوو. ئـەو ویسـتی لـە رێگـای هەنـدێك ریفۆرمەوە[11] خۆی لەو قەیرانە دەرباز بکات کە تێی کەوتبوو. بەڵام قەیرانەکە، کـە پەیوەندی بە ستروکتووری سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایـەتیی دەوڵەتـەوە هـەبوو لـەوە قوولتر بوو کە بە هەندێك ریفۆرمی لەم جۆرە چارەسەر بکرێـت. دەسـتوور و شـێوەی حوکمڕانی عوسمانی خۆیان سەرچاوەیەکی قەیرانەکە و رێگری گەشـەکردنی پەیوەنـدیی نوێی ئابووری و کۆمەڵایەتی بوون. لە لایەکی دیکەوە خەباتی رزگـاریخوازیی گـەلانی ناو ئیمپراتۆریای عـوسمانی پەرەی گرتبـوو. بـیری رۆشـنگەری و دیمـوکراتیی شۆڕشـی فڕەنسا بە خێرایی بڵاودەبوونەوە و کاریان لە رۆشنبیران دەکرد. مەسەلەی دەستوورێکی نویێ و دیموکراتی و ریفۆرم، کە رووناکبیران و رۆشنگەرانی ناو ئیمپراتۆریای عوسمـانی خەباتیان بۆ دەکرد، پێداویستییەکی پێشکەوتنی کۆمەڵ بوون. لـەو سـەردەمەدا، بـۆ یەکەم جار لە مێژووی کورددا، دەسـتەیەکی نـوێی رووناکبیران، کـە لـە خوێندنگـە نوێیەکان و دەزگاکانی دەوڵەتی عوسمانیدا پێگەیشتبوون، لە بواری خەباتی سیاسـی و رووناکبیریـدا دەرکـەوتن. ئـەوان بەشـێکی چـالاکی بزاڤـی سیاسـی و کولتـووری و رۆشنگەریی ناو دەوڵەتی عوسمانی بوون [12] دەرکردنی رۆژنامەی کوردستان لە نیسانی 1898 دا لە لایەن میقداد مەدحـەت بەدرخانـەوە، گـرنگترین چـالاکییەکانی ئـەو رووناکبیرانە بوو.

رۆژنامەی کوردستان سەرەتایەکی نوێیە لە ژیانی رۆشنبیری و سیاسـیی کـورددا. نیشانەی پێگەیشتنی هۆشیاریی نەتەوەیی و رۆڵی دەستەی نوێی خوێندەواری کوردە لە خەباتی ناسیۆنالیستی و رزگاریخوازیدا. هەروا دەکرێت بـە سـەرەتایەکی دەرکـەوتنی ناسیۆنالیزمی کورد دابندرێت. لەو کاتەدا ( ئێلیتێکی نەتەوەیی ) ویستی بۆچوونێکی تایبەتی لەبارەی تایبەتمەنـدیی کولتـووری و نەتـەوەیی کـورد دابرێـژێت و نـاوەرۆکی سیاسی بە پێناسی ئێتنیکی- کولتووریی کورد بدات و ناسیۆنالیزم بکاتـە بزاڤێکـی جەماوەریی. بۆیە رۆژنامەی کوردستان، وەك بلەج شێرکۆ دەڵێت ( هەر لـە سـەرەتای

دەرچوونییەوە زمانحاڵی نیشتمانپەروەرانی کورد بوو [13] هەروا ( بوو بە دەربڕی ئایدۆلۆجیای بزاڤی کورد لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەم ).[14]

ئەو بابەتانەی لە رۆژنامەکەدا بڵاوکراونەتەوە، ئاستی جیاوازییان هەیە بەڵام بە تێکرا، بۆ سەردەمی خۆی گرنگ و پێویست بوون و سروشتێکی ناسیۆنالیستی و رۆشنگەرانەیان بووە. هەروا پەیوەندییەکی راستەوخۆیان بە ژیانی سیاسی و کولتووریی ئەو سەردەمەی کوردستانەوە هەبووە. بۆ نموونە گرنگیدان بە مەسەلەی خوێندەواری و بەربەرەکانیکردنی دواکەوتوویی کۆمەڵایەتی، باسکردنی ستەمی نەتەوەیی و مێژووی کورد و ئەدەب و زمانی کوردی بە مەبەستی دروستکردنی هەست و تەسەورێکی هاوبەشی نەتەوەیی لای خوێنەران. بایەخدان بە دۆستایەتیی نێوان کورد و ئەرمەن. لەهەمان کاتدا رۆژنامەکە زۆر بابەتی لەبارەی مەسەلەی ئازادی و زامنکردنی مافە دەستوورییەکان و نەهێشتنی ستەم و چەوساندنەوەی نەتەوەیی و پشتبەستن بە عەقڵ....تاد بڵاوکردوونەوە.

هەڵوێستی رۆژنامەکە بەرامبەر بە نەتەوەی ئەرمەن و داکۆکی لە مەسەلە نەتەوەییەکەیان گرنگییەکی زۆری هەیە، چونکە ئەم هەڵوێستە لە لایەکەوە ئاستی هۆشیاریی سیاسیی ئەو رووناکبیرانە و ناوەرۆکی ئازادیخوازانەی ناسیۆنالیزمی کورد دەردەخات، لە لایەکی دیکەوە، کێشەیەکی فیکری – سیاسیی ئەو سەردەمەی کۆمەڵگای کوردستان نیشان دەدات. رۆژنامەی کوردستان، لە چەندان ژمارەیدا، داوای پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان کورد و ئەرمەنی کردووە. سوڵتانی عوسمانی بە دوژمنی هەردوو گەل داناوە. لە هەمان کاتدا هۆشیارانە تاوانەکانی (سوارەی حەمیدییە) کە لە کۆمەڵە خێڵێکی کورد دروست کرا بوو بە رامبەر بە ئەرمەنەکان مەحکوم کردووە و بە کۆششێکی دەوڵەتی عوسمانی داناوە بۆ تێکدانی پەیوەندی نێوان کورد و ئەرمەن. ئەم بۆچوونەی رۆژنامەی کوردستان هەڵوێستی رووناکبیران و ناسیۆنالیزمی کورد لەبارەی کوشتاری ئەرمەنەکان روون دەکاتەوە، لە هەمان کاتدا ناوەرۆکی رێبازێکی سیاسیی کۆنەپەرستانەی کۆمەڵگای کوردستان دەردەخات، ئەو رێبازە سیاسییەی کە سەر بە

سوڵتانی عوسمانی بوو و نوێنەرەکانی کۆمەڵێك فیۆداڵ و سەرۆکهۆز بوون، کە داردەستی دەوڵەت بوون. ئەوان وەك چۆن لە دامرکاندنەوەی خەباتی گەلانی تر، بە تایبەتی ئەرمەنەکان و ئەو تاوانانەی بە پلانی دەوڵەت بەرامبەریان کرا بەشداربوون، بە هەمان شێوە، وەك مورتەزەقەی دەوڵەت، دژی خواست و ئامانجی کورد وەستان و شان بە شانی لەشکری عوسمانی بەشداری پەلامار وکوشتنی شۆڕشگێرانی کوردیان کرد.

ڕۆژنامەی کوردستان یەکەمین تەقەلایەکی نوێی کولتووری و سیاسی بوو کە دەیەویست لەسەر بنچینەیەکی فیکری و پرۆگرامێکی ناسیۆنالیستی و ڕۆشنگەری، ڕووناکبیرو ناسیۆنالیستانی کورد کۆبکاتەوە و لەناو ڕێکخراوێکی سیاسیدا ڕێکیان بخات. هەروا ڕۆژنامەکە دەیەویست خەڵك بێدار بکاتەوە و هۆشیاریی نەتەوەییو سیاسییان لەلا دروست بکات تا بە چاوێکی نوێ سەرنجی دەوروبەرو دیاردە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بدەن و بە هۆشیارییەکی نوێوە هەڵسوکەوت لەگەڵ واقیعی دواکەوتووانە و پڕ لە چەوساندنەوەی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی بکەن و بیر لە گۆڕینی بکەنەوە. دوای ڕۆژنامەی کوردستان ناسیۆنالیزمی کوردی وەك بزاڤێکی نوێی سیاسی و فیکری ڕوونتر خۆی دەرخست. لە ساڵی( 1908) کاتێك ناسیۆنالیستانی کورد لە کۆمەڵەی (ئیتیحاد و تەرەقی) بێ ئومێد بوون، خۆیان یەکەمین ڕێکخراوی سەربەخۆی سیاسییان بە ناوی (کورد تەعاونی و تەرەقی جەمعیەتی) دامەزراند. دوای ئەوە چەندان گۆڤار و ڕۆژنامە دەرچوون (کورد 1908، هەتاوی کورد1909، ڕۆژی کورد1913) هەروا کۆمەڵێك ڕێکخراوی کولتووری و کۆمەڵایەتی و خوێندنگەی کوردی و یانە (کلوب) لە ئەستەمبول و شارەکانی باکووری کوردستان دەرکەوتن. ناسیۆنالیستانی کورد لە ڕێگای چاپەمەنی و گۆڤارو ڕۆژنامەو ڕێکخراوی سیاسی و کولتووری و کۆمەڵایەتی و کلوب و قوتابخانەی کوردییەوە داوای گۆڕان و مافی دەستووری گەل و مافی نەتەوەی کوردیان دەکرد. دەیانەویست هۆشیاریی نەتەوەیی و هەستی ئینتیمای هاوبەش و چارەنووسی هاوبەش لەناو خەڵکی کوردستاندا بڵاوبکەنەوە(15).

دەرکەوتنی رۆژنامەو چالاکی چاپ و بڵاوکردنەوەو دامەزراندنی رێکخراوی سیاسی و کولتووری و کۆمەڵایەتی سەرەتای دیاردەیەکی نوێ بوو لە کوردستاندا: دیاردەی پێگەیشتنی هۆشیاریی نەتەوەیی و دەرکەوتنی ناسیۆنالیزم. ئەمەش ئەنجامێکی راستەوخۆی بڵاوبوونەوەی قوتابخانەو خوێندنگەی مۆدێرن لە ناوچەکانی دەوڵەتی عوسمانی و دروستبوونی دەستەی رووناکبیری نوێ بوو کە وەك گرووپێکی نوێ بەردەوام لە گەورەبوون دابوو. رووناکبیرانی نوێ و ناسیۆنالیستانی کورد لەم خوێندنگەیانەو دەزگاکانی دەوڵەتی عوسمانییەوە هاتنە دەرێ و بوونە پێشەنگی خەباتی کولتووری و رۆشنگەری و ناسیۆنالیستی.

دەوڵەتی عوسمانی لە ساڵی(1846) دا یاسایەکی دەرکرد کە بەپێی ئەو یاسایە خوێندن کرایە ئیلزامی و خۆرایی، هەرچەندە ئەم یاسایە، وەك زۆر یاسای دیکەی دەوڵەتی عوسمانی، بە تەواوی جێبەجێ نەکرا، بەڵام وەك (لۆتسکی) دەنووسێت یاساکە کۆمەڵە ئەنجامێکی باشی هەبوو. ئەوەبوو قوتابخانەو خوێندنگەکانی مزگەوت خرانە ژێر چاودێری دەوڵەت، هەروا کۆمەڵێك قوتابخانەی ئامادەیی عەلمانی دامەزرێندران کە تیایاندا مێژوو جیۆگرافیاو ماتماتیك دەخوێندران. لە ساڵی(1847)دا وەزارەتی مەعاریف (خوێندن و پەروەردە) پێك هات. [16]

ئەوەندەی من ئاگاداربم سەرژمێرێك لەبەر دەستدا نییە کە ژمارەی قوتابخانەو خوێندکارانی قوتابخانەکانی کوردستانی عوسمانی تێدا تۆمارکرا بێت. بەڵام گەلێك بەڵگە دەیسەلمێنێت کە تا سەرەتای ساڵانی سەدەی بیستەم بە دەیان قوتابخانەی نوێ لە ناوچەکانی کوردستانی ژێردەستی عوسمانیدا هەبوون، کە تیایاندا بە سەدان خوێندکار خوێندویانەو پێگەیشتوون. ئەلێکساندەر ژابا کە 33 ساڵ (1836- 1869) کۆنسولی روسیا بوو لە شاری ئەرزروم، ئاماژە بۆ گەشەکردنی خوێندن و خوێندەواری ئەو سەردەمەی کوردستان و بوونی گەلێك قوتابخانە لە ناوچەکانی جەزیرە، ئامێدی و سۆران دەکات [17]. ئەو زانیارییە کەمەی لەم رووەوە لەبارەی بەشێکی کەمی باشووری کوردستان، لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا، لەبەر دەستدایە تابلۆیەکی، هەرچەندە ناتەواوی، رادەی خوێندەواری و بوونی قوتابخانەی نوێ پیشان دەدات [18].

لە هەمان کاتدا گرووپێکی گوڵبژێرکراوی لاوانی کورد لە قوتابخانەیەکی تایبەتی بەناوی (عەشیرەت مەکتەبی) کە لە ساڵی (1892) لە ئەستەمبول کرایەوە دەیان خوێند. ئەمانە کوڕی سەرۆکهۆزەکانی کورد بوون کە لە ناوچە جۆربەجۆرەکانی کوردستانەوە دەستەبژێر دەکران تا لەوێ بخوێنن و دواتر لە زانکۆی بەرزی سوپایی و خوێندنگەی دی درێژە بە خوێندن بدەن. دیارە ئامانج لە کردنەوەی ئەم خوێندنگەیە ئەوە بووە دەستەیەك خوێندەواری نوێی کورد پێ بگەیەنن کە بیرو کلتوور و وەلائی سیاسیی سەر بە سوڵتان و دەوڵەت بن، هەر بەو شێوەیەی پێشتر کۆلۆنیالیزمی بریتانی لە موستەعمەرەکانی خۆیدا ئەم جۆرە کەسانەی پێ دەگەیاند، بەڵام دەشێت کردنەوەی ئەم قوتابخانە تایبەتە ئامانجێکی دیکەشی بووبێت. یەکێك لە میسیۆنێرەکانی ئەو سەردەمە دەنووسێت "لە راستیدا سوڵتان بەم هۆیەوە توانی منداڵی سەرۆك هۆزە کوردەکان وەك بارمتە لەلای خۆی گل بداتەوە"[19].

بەڵام ئەم قوتابخانەیە خۆی بوو بە سەرئێشەیەکی دی بۆ دەوڵەتی عوسمانی، چونکە خوێندکارەکان راستەوخۆ کەوتبوونە ژێر کارتێکردنی بزاڤی سیاسی و رۆشنگەری و کولتووری شاری ئەستەمبووڵ.کوردستانێکی ئازاد و سەربەخۆ" بوو بە بەرنامەی کۆمەڵەی ئەم لاوە کوردانە. هەر لەبەر ئەمەش سوڵتان لە ساڵی(1907)دا عەشیرەت مەکتەبی داخست [20].

دیاردەیەکی گرنگی بزاڤی ناسیۆنالیستی ئەو سەردەمە دەرکەوتنەوەی شێوە زمانی ئەدەبیی کرمانجیی ژووروەوە، کە کاتی خۆی یەکەم جار لە سەدەی شانزەیەمدا و لە رێگای شیعرەوە دەرکەوت. دوای رووخاندنی میرنشینەکانی باکوور ئەم شێوە زمانە تێکستی ئەوتۆی پێ نەهاتەوە بەرهەم. بەڵام لە رێگای شیعرەکانی مەلای جزیری و مەم و زینی خانیو هەندێك تێکستی دیکەی ئەدەبییەوە خۆی پاراستبوو. لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا ئەم شێوە زمانە لە رێگای رۆژنامەگەری و نووسینی بابەتی سیاسی، کۆمەڵایەتی، فیکری، مێژوویی، ئابووری و تاد، نەك بەهۆی شیعرەوە، خۆی دەرخستەوە. جێگای سەرنجە کە لەو سەردەمەدا کۆمەڵێك سیاسەتمەداری لێهاتوو، بیرکارو ئایدۆلۆجیست و رووناکبیری گەورەی وەك شەریف پاشا، میقداد بەدرخان،

عەبدوڵڵا جەودەت و کۆمەڵێك رووناکبیر لـە بـاکووری کوردسـتان دەرکـەوتوون، کـە دەربڕی بیری ناسیۆنالیستی بوون، کەچی ناسیۆنالیزمی کـورد نـەیتوانیوە شـاعیرێکی کاریگـەری خـۆی بخولقێنێـت کـە بـە کرمـانجی نووسـیبێتی یـان بـە شـیعر بـیری ناسیۆنالیسـتیی بلاوکردبێتـەوە. زایەڵـەی رۆشـنگەری و هەنـدێك بـیر و بۆچـوونی ناسیۆنالیزمی کورد لە شیعرەکانی حاجی قادری کۆییدا دەردەکەون کە بـە دیـالێکتی کرمانجیی باشوور نووسراون.

چاوگێڕانەوە بە بزاڤی سیاسی، کولتووری و رۆشنگەریی کورد لە کۆتایی سـەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەم، کە سەردەمی دەرکەوتنی ناسیۆنالیزمی کوردە، پیشانی دەدات کـە رووناکبیر و ناسیۆنالیسـتانی کـورد لـە دیـدێکی رۆشـنگەرانەو ناسیۆنالیستانەوە مەسەلە سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانیان چارەسەرکردوون. داوای گۆرانکاریی و سیاسی و ریفۆرمی دەسـتووری و ئـازادیی نەتـەوەییان کـردووە. خەباتی کولتووری و سیاسیی ئەوان کاردانەوەیەکی توندی ناسیۆنالیستی بوو بەرامبەر بە شۆڤێنیزمی تورك. ئەوان بوونە نوێنەرانی سیاسیی کورد و رابـەرانی ناسـیۆنالیزم، بیری رۆشنگەرانەو ئازادیخوازانەیان بوونە بەشێکی ئەساسیی ئایدۆلۆجیای ناسیۆنالیزم و بزاڤی رزگاریخوازی کورد.

رووناکبیرانی کورد، کە لە ئەستەمبول و قاهیرە و هەندێك شاری ئەورووپا دەژیـان کەوتبوونە ژێر کارتێکردنی ئەو بیرە نوێیانە کە بە خێرایی بلاودەبوونەوە و سروشتێکی جیهانییان بەخۆ گرتبوو. فەلسەفەی رۆشگەری خـەبات دژی ئیسـتیبداد و لـە پێنـاو ئازادی و سەربەخۆیی نەتەوەییدا ئەو ئامانجە هاوبەشە فیکـری و سیاسـییە بـوو کـە رووناکبیرانی ناو ئیمپراتۆریای عوسمانی پێکەوە کۆکردبووەوە. بەڵام ئەم بیرە نوێیانـە، ئەو چالاکییە فراوانە کولتووری و سیاسییانە دەبوو وەك ئەنجامێکی حەتمی ناسیۆنالیزم بهێننە بەرهەم. بە تایبەت کە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمەوە شەپۆلی ناسـیۆنالیزم بە فراوانی لە ئەورووپا بلاوبووەوە و لە نیوەی دووەمـی سـەدەی نۆزدەیەمـدا کۆمەڵـە دەوڵەتێکی نەتەوەیی لە ئەورووپا دروست بوو بوون، کە هەنـدێکیان لـە ئیمپراتۆریـای عوسمانی جیابووبوونەوە. هەرچەندە دەوڵەتی عوسـمـانی ئیمپراتۆریایـەکی فرەنەتـەوە و

وڵات، فرە ئاین و مەزهەب و کولتوور بوو، بەڵام نەتەوەی تورك، نەتەوەیی زاڵ و ناوکی ئیمپراتۆریاکە بوو. ناسیۆنالیزمی تورك پێش ناسیۆنالیزمی نەتەوەکانی دی دەرکەوت، بەو ئامانجەی دەوڵەتی پاشایەتیی عوسمانی بگۆرێت بە دەوڵەتێکی ناسیۆنالیستی مۆدێرن. ئەمەش هەڕەشەیەك بوو لە نەتەوە و کولتوورەکانی تر. بۆیە بزاڤی یەکگرتووی رۆشنگەری و ریفۆرمخوازانەی رووناکبیرانی عوسمانی بە خێراییەکی سەیر بەش بەش بوو و گۆڕدرا بە کۆمەڵە بزاڤێکی ناسیۆنالیستی، کە یەکێك لەوان بزاڤی ناسیۆنالیستی کورد بوو. ئیدی کێشەی ناسیۆنالیزمی تورك لەگەڵ سوڵتان و ئامانجی رۆشنگەرانە و ئازادیخوازانەی گۆڕدرا بە شەڕی ناسیۆنالیزمی نەتەوەکانی دیکەو و سەپاندنی دەسەڵاتی سیاسی و کولتوور و زمانی تورکی بەسەر نەتەوە غەیرە تورکەکاندا. ئەم سیاسەتەش بێزاری و بزاڤی ناسیۆنالیستی لەناو گەلانی پاشماوەی دەوڵەتی عوسمانیدا دروستکرد، کە پێش شەڕی یەکەمی جیهانی بەهێزترین زەمینەی ناوخۆیی بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆریای عوسمانی پێك هێنا بوو. دکتۆر کەمال مەزهەر سەبارەت بە دۆخی ئەوکاتەی کوردستان دەنووسێت: (ناڕەزایی و بێزاری بێ سنووری دانیشتوانی کوردستان و پەرەسەندنی هەستی نەتەوەیی لە ناویاندا چوارچێوەی باری گشتیی کوردستانی پێش شەڕیان پێك دەهێنا و هیچ دوور نییە (دوور نەبوو) ئەگەر ئاگری شەڕی یەکەمی جیهانی هەڵنەگیرسایە کوردستان ببوایە بە بەڵقانێکی نوێ)[21].

خاڵی لاوازی ئەوکاتەی ناسیۆنالیزمی کورد ئەوە بووە کە یەکگرتووە نەبوو. هەروا سەرکردەو رابەرانی لە ئەستەمبول و دوور و دابڕاو لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بوون. رووناکبیر عەبدوڵڵا جەودەت باسی ئەم مەترسییە دەکات و دەنووسێت: (ئێمە لە قۆناغی دروستبوونی نەتەوەدا دەژین، نەتەوەش ئەو گەلەیە کە کەسایەتیی تایبەت و سەربەخۆی جیاوازی هەبێ... ئەو نەتەوەی رابردووی خۆی نەزانێ و تێی نەگەیشتبێ، ناتوانێ داهاتووی خۆی دیاری بکات و نابێتە خانەخوێی خۆیشی. نەتەوەی پارچە پارچەش قەت ئازاد نابێ و خەڵکی تر هەمیشە دەیچەوسێننەوە... قسەو گفتوگۆو دەستڕاوەشاندنی بێ مانا لێرە لە قوستەنتینییە (ئەستەمبوڵ) هیچ سوودێك

ناگەیەنێت، بەرەو دێهاتەکان، بۆ شیرو کولێرە خواردن و وەرزێر وریاکردنەوە و هاندانی بەرەو شارستانییەت. ئا ئەمەیە ئـەرکی سەرشـانی لاوی کـورد. ئـاخر لـە لەشـێکی نەخۆشدا هۆش و گیانی ساخ دەست ناکەوێت(22).

ناسیۆنالیزمی کورد نەیتوانی سوود لەو دەرفەتە مێژووییە وەربگرێت کـە شـەڕی یەکەمی جیهانی و ئەنجامـەکانی بـۆ گـەلانی ژێردەسـتی ئیمپراتۆریـای عوسمانییـان رەخساند. هەروا دەوڵەتە ئیمپریالییە سەرکەوتووەکانی شەڕ هیچ کۆمەکێکیان بە کورد نەکرد تا ئەویش وەك عەرەب بتوانێت دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی، هەر نەبێت لە بەشێکی کوردستاندا، دابمەزرێنێت.

## 4

دوای کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی سەردەمێکی نوێ بـەڵام دژوار، لـە مێژووی کورد دەستی پێکـرد. کـورد وەك تاکـە نەتـەوەی دۆڕاوی دوای شـەڕ خـۆی بینیەوە. ناسیۆنالیزم و بزاڤی رزگاریخوازی کورد، شکستێکی گـەورەیان تـۆش هـات. هەوڵدانی ناسیۆنالیزمی کورد، لە باکووری کوردستان، بۆ بەرەنگاریی ناسـیۆنالیزمی شۆڤێنیستی تورك، لەوانە راپەڕینی شێخ سـەعید و خۆیبـوون، نـەیانتوانی کـەمترین مافی نەتەوەیی و دیموکراتی بۆ کورد دابین بکەن. لەو کاتەوە تا ئێستا نکۆڵیکردن لـە بوونی کورد و سیاسەتی پاکتاوکردنی کولتووری لە تورکیادا هەر بەردەوامە. پاشماوەی ناسیۆنالیزمی کورد، ئەوانەی لە کوژران و گیران دەربازبوون، بەشێکیان لـە ئاوارەیـدا درێژەیان بە خـەباتی سیاسـی و کولتـووری خۆیـان دا. بەشـێکی دیکـەیان، کـە لـە ناسیۆنالیستانی باشووری کوردستان پێك هاتبوون، گەڕانەوە ناوچەکانی خۆیان. ئیـدی

باشووری کوردستان بوو بە ناوەندی چالاکیی سیاسی و کولتووریی ناسیۆنالیزمی کورد، بێ ئەوەی زەمینەی لەباری کولتووری، سیاسی و کۆمەڵایەتیی تێدا رەخسابێت.

ناسیۆنالیزم، لە باشووری کوردستاندا، بەرهەمی پێشکەوتنی کۆمەڵگای باشوورو ئەنجامی پێشکەوتنی ئابووری و کولتووریی ئەوبەشەی کوردستان نەبوو بەڵکو وەك بیرو ئایدۆلۆجیایەکی سیاسی، کۆمەڵێك رووناکبیری خەڵکی ئەو هەرێمە لە دەرەوەی ناوچەکە و لە باکووری کوردستان و ئەستەمبوڵەوە، لەگەڵ خۆیان هێنابوویانە باشوور، ئەوان لەدوای هەڵوەشاندنەوەی ئیمپڕاتۆریای عوسمانی، وەك رووناکبیرانی ئەو سەردەمەی وڵاتانی عەرەب گەڕابوونەوە زێدو شارەکانی خۆیان. ئەم رووناکبیرو ناسیۆنالیستانەی کورد لەناو کۆمەڵ و ناوچەکانی خۆیان پێنەگەیشتبوون. هیچ پەیوەندییەکی راستەوخۆی سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتوورییان لەگەڵ خەڵکی باشووردا نەبوو. هیچ پێگەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتییان لەوێ دروست نەکردبوو. هیچ گۆڤارو رۆژنامەو رێکخراوی سیاسی، کولتووری وکۆمەڵایەتییان لەو ناوچەیەدا دانەمەزراندبوو. بە کورتی ئەوان وەك غەریبی وڵاتی خۆیان بوون. بە بیرو کولتوورێکی نوێ و نامۆ بە کۆمەڵی ئەو سەردەمەی باشووری کوردستان گەڕابوونەوە ناو کۆمەڵێکی عەشیرەتی و نەریتی کە رەنگە لەسەدا نەوەد و پێنجی خەڵکەکەی نەخوێندەوار بووبێت. ئینتیما بۆ خێڵ و ناوچەگەلێك بۆ ئینتیما لە نەتەوە بەهێزتر بوو. بیری ناسیۆنالیستی و رۆشنگەری تەنیا زایەڵەیەکی لاوازیان لەو ناوچەیەدا هەبوو، نەیانتوانیبوو سەرەتای هۆشیارییەکی نوێی سیاسی و هەستی هاوبەشی نەتەوەیی دروست بکەن. دوای رووخانی میرنشینی بابان و بەهۆی شەڕی یەکەمی جیهانییەوە سلێمانی، کە ناوەندی رووناکبیری و بیری ناسیۆنالیستی بوو وێران کرابوو [23] هێشتا زەمینەیەکی لەباری کۆمەڵایەتی، کولتووری و سیاسی بۆ ئەو بیرە نوێیانە دروست نەبوو بوو. بۆیە ئەوان بە پێچەوانەی ناسیۆنالیستانی باکووری کوردستان، نەیانتوانی بزاڤێکی نوێی سیاسی و کولتووری دەست پێ بکەن، یان رێکخراوی کولتووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی دابمەزرێنن. ئەوان دەبوو ببنە بەشێك لەو واقیعە سیاسی و کولتوورییەی کە هەبوو. لە چوارچێوەی ئەو دەرەتان و توانایەی کە لە ئارادابوو

کاربکەن و هەوڵ بدەن جێگای بیرەکانی خۆیان لە کۆمەڵدا بکەنەوە. خەون و پڕۆژەی ناسیۆنالیستییان بگۆڕن بۆ واقیع. بە کورتی ئەوان دەبوو یان لە سایەی کۆلۆنیالیزمی بریتانیدا، کە هیچ پڕۆگرامێکی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی نەبوو، جێگای خۆیان بگرن یان لە سێبەری نفوزو دەسەلاتی شێخ مەحموودا درێژە بە خەباتی سیاسی و کولتووری خۆیان بدەن . سەرئەنجام هەندێکیان بوونە لایەنگری بریتانیاو زۆربەشیان چوونە پاڵ بزاڤی شێخ مەحموود. جەمال نەبەز، لەو باوەڕەدایە کە ئەم دەستە رووناکبیرەی کورد( کە بە هوودە بۆرجوا ناویان دەبات) جەماوەریان لەگەڵ نەبوو و نەیانتوانیوە سەربەخۆ کار بکەن، پێویستیان بە پاڵ پشتێك بووە بۆ راگرتن و پەرەپێدانی بەرژەوەندیی خۆیان. بۆیە دەوری ئەوان لەسەر شانۆی سیاسیی کوردایەتی لەوە نەچۆتە دەرێ کە پاشکۆیەکی سەرکردەی کلاسیکیی کورد زیاتر بن[24].

لەم دۆخە ئابووری و سیاسیی و کولتوورییەدا ناسیۆنالیستانی کورد لە باکوور و باشوور دەستیان کردە چالاکی نواندن بەو ئامانجەی نەتەوەی کورد بە مافی خۆبڕیاردانی چارەنووس بگات و دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی دابمەزرێنێت. ئەم چالاکییانە، کە بەش بەش و لێکدابڕاو بوون، دوو شێوەی سەرەکییان بەخۆگرت:

**یەکەم:** لایەنی دیپلۆماسیی دەرەوە. کە هەندێك لە رابەرانی بزاڤی ناسیۆنالیستی کورد پەیوەندییان بە وڵاتە هاوپەیمانەکانەوە کرد تا مەسەلەی کوردییان بۆ روون بکەنەوە و قەناعەتیان پێ بێنن تا کوردیش، وەك گەلانی دیکەی ژێر دەستی عوسمانی، یارمەتی بدرێت تا قەوارەیەکی نەتەوەیی بۆی خۆی دابمەزرێنێت. هەوڵ و کۆششی شەریف پاشا، لە سەردەمی کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس و دواتریش، دیارترین لایەنی ئەم چالاکییە دیپلۆماسییە بوو.

ئەگەرچی ئەم چالاکییانە جۆرە ئەنجامێکی پۆزێتیڤیان هەبوو کە لە پەیماننامەی سیڤەردا دەرکەوت، بەڵام هیچ جۆرە چارەسەرێکی تەنانەت نیوەچڵی، مەسەلەی کوردی نەکرد، چونکە دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان لە پەیماننامەی سیڤەر و گفت و بەڵێنەکانیان ژێوان بوونەوە و مەسەلەی کوردیان کردە قوربانیی بەرژەوەندییەکانی خۆیان [25].

**دووەم:** لایەنی ناوخۆ، کە لەم رووەوە رووناکبیران و ناسیۆنالیستانی کورد چالاکی سیاسی و کولتووری جۆربەجۆریان لە کوردستاندا دەست پێکرد. بەو ئامانجەی خەڵکی کورد بێدار بکەنەوە و هۆشیاریی سیاسیی و نەتەوەییان لا بەهێز بکەن.

لەو سەردەمەدا کۆمەڵێك گۆڤار و بڵاوکراوەی کوردی لە باشووری کوردستاندا دەرکەوتن، کە رۆڵێکی گرنگیان لە پێشخستنی هۆشیاریی نەتەوەیی و بیری سیاسی و گەشەپێدانی رۆشنبیری و زمانی کوردیدا گێڕا. مەسەلەی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ و رەتکردنەوەی لکاندنی باشووری کوردستان بە عێراقەوە، شوێنێکی گرنگیان لەو رۆژنامە و بڵاوکراوانەدا گرتبوو. خەباتی گەلی باشووری کوردستان لە دژی کۆلۆنیالیزمی بریتانی رەوتێکی نوێی بە ئایدۆلۆجیای بزاڤی کورددا، کە لە ژیانی سیاسیی و لەناو کولتووری کورددا رەنگیان دایەوە. چونکە بریتانیا بە زەبری لەشکری خۆی باشووری کوردستانی داگیرکرد و حوکمڕانی کوردستانی رووخاند، دواتریش زۆر بە توندی تەواوی ئەو راپەڕینانەی دامرکاندنەوە کە تا جەنگی دووەمی جیهانی لە باشووری کوردستاندا بەرپا بوون.

ئەم هۆکارانە، سەرەڕای فاکتەری ئاینی، رێبازی دوژمنایەتیکردنی کۆلۆنیالیزمی بریتانییان لە باشووری کوردستاندا بەهێزکرد. بەشێکی فراوانی رووناکبیران و ناسیۆنالیستانی کورد بەو ئەنجامە گەیشتن کە کۆلۆنیالیزمی بریتانی، نەك هەر کەمترین کۆمەك بە ئازادبوونی کورد ناکات، بەڵکو دژی دامەزراندنی هەر قەوارەیەکی نەتەوەییە بۆ کورد. رەنگە لەبەر ئەم هۆکارە بوو‌بێت کە دواتر خەباتی گەلی کورد، لە پێناوی مافی نەتەوەییدا، بە خێرایی لەگەڵ خەباتی گەلی عەرەبی عێراق، لە پێناوی رزگاربوون لە دەسەڵاتی کۆلۆنیالیزمی بریتانی لە عێراقدا، تێکەڵ بووبێت، هەرچەندە سروشت و ئامانجی ئەم دوو خەباتە تەواو لێك جیاوازبوون. بەدەرنانی کۆلۆنیالیزمی بریتانی لە عێراق بۆ خەڵکی عەرەبی عێراق، رزگاربوون بوو لە دەسەڵاتی کۆلۆنیالیزمی بریتانی، کەچی هەمان مەسەلە بۆ کورد لە جەوهەردا تەنیا گۆڕانی دەسەڵاتی داگیرکەری بریتانی بوو بە دەسەڵاتی داگیرکەری دەوڵەتی عێراق. ئەم

راستییه و ئەنجامەکانی لە دوای کودێتای تەمووزی ساڵی 1958دا بە تەواوی دەرکەوتن [26].

بەڵام لاوازترین لایەنی بزاڤی ناسیۆنالیستی کورد لەو سەردەمەدا ئەوە بووە کە نە یەکگرتوو بوو نە ڕێبازێکی سیاسیی روونی هەبوو. ئەمەش لە بنەڕەتدا نیشانەی ئەوە بوو کە ناسیۆنالیزم بەو ئەندازەیە پێ نەگەیشتبوو کە ببێتە بزاڤێکی جەماوەریی فراوان، یان پرۆژەیەکی ناسیۆنالیستی و ڕێبازێکی دروست دیاری بکات. مامۆستا ڕەفیق حیلمی لە(یاداشت)دا باسی ناکۆکی و کێشەی ناو ڕووناکبیران و ناسیۆنالیستانی باشووری کوردستان دەکات کە بەسەر سێ جۆرە گرووپی سیاسیدا دابەش بوو بوون: نیشتمانپەروەران و لایەنگیرانی سەربەخۆیی، لایەنگیرانی تورك (کە خەڵکی کورد ناوی جلخوارەکانیان بەسەردا بڕیبوون) لایەنگیرانی بریتانیا[27].

ناسیۆنالیزم و بزاڤی ڕزگاریخوازیی کورد لە باشووری کوردستان بە ئامانجی خۆیان نەگەیشتن و گەلی باشووری کوردستان، بەدوور لە ویستی خۆی بە دەوڵەتی عێراقەوە لکێندرا. بەمەش تەنیا دەرفەتێکی مێژوویی گرنگ لە دەست کورد نەچوو بەڵکو ڕێگای گەشەکردنی سروشتیی سەرجەمی ژیانی سیاسی، ئابووری و کولتووریی کورد بەسترا. لە هەمان کاتدا بیری سەربەخۆیی و پرۆژەی ناسیۆنالیستانی کورد بێ ئەنجام بوون و شکستیان هێنا. قبووڵکردنی داگیرکردن و واقیعی لکاندنی کوردستان بە عێراقەوە وردە وردە وەك چارەنووسێکی حەتمی، خۆیان سەپاند. بەشێکی گەورەی ڕووناکبیران و ناسیۆنالیستانی کورد کەوتنە هاریکاریکردن لەگەڵ کۆلۆنیالیزمی بریتانی تا لەناو دەزگای دەوڵەتی تازەدروستکراوی عێراقدا جێگایەکی گرنگ بۆ خۆیان بەدەست بخەن.

هەڵبەت هۆکارە دەرەکییەکان، بە تایبەتی کۆلۆنیالیزمی بریتانی و تا ڕادەیەك زلهێزەکانی تر، بە پرسی سەرەکی ئەم تراجیدیایەی نەتەوەی کوردن. چونکە ئەوان لەکاتێکدا کۆمەڵە دەوڵەتێکی ناسیۆنالیان بۆ عەرەب دامەزراند، کەچی بە توندی دژی دامەزراندنی قەوارەیەکی نەتەوەیی کوردی وەستان. بەڵام لەپاڵ ئەم هۆکارە دەرەکییە گرنگەدا، کۆمەڵێك هۆکاری ناوخۆ، کە پەیوەندییان بە پێکهاتی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵی

کوردستان و لاوازی ناسیۆنالیزمی کورد و عەقڵییەتی سیاسیی سەرکردایەتییەکەیەوە هەبو بەرپرسی تێشکانی بزاڤەکەن.

بزاڤی کورد لە باشوور لە هەرەتی پەرەگرتن و گەشەکردنیدا (1919-1924) دووچاری کۆمەڵێك گیروگرفتی ناوخۆیی هاتبوو لە لایەکەوە، وەك باسکرا، یەکگرتوو نەبوو و لەژێر فشار و پەلاماری بریتانیادا بوو. سەرکردایەتیی بزاڤەکە، کە بەدەست شێخ مەحموودەوە بوو، نەیتوانی پرۆگرامێکی سیاسی و ناسیۆنالیستیی ئەوتۆ دابڕێژێت کە لەگەڵ پێداویستییە نوێیەکانی ئەو سەردەمەدا بگونجێت. لەنێوان فشاری دەرەکیی بریتانیا و تورکیا و فشاری ناوخۆی تورکخوازان و ئینگلیزخوازاندا هەڵوێستێکی یەکلاکەرەوەی نەبوو.

هەرچەندە کۆمەڵێك ناسیۆنالیست و رۆشنگەری کورد چالاکانە بەشداری بزاڤەکە بوون، بەڵام ئەوان لەوە لاوازتر بوون بتوانن ناسیۆنالیزم لەبیر و ئایدۆلۆجیاوە بگۆڕن بە بزاڤێکی فراوانی جەماوەری، بە تایبەتی کە ئاستی خوێندەواری و کولتووریی ئەو سەردەمەی باشووری کوردستان و بەهێزبوونی پەیوەندیی خێڵایەتی بە قازانجی ناسیۆنالیزم نەبوون. بۆیە لەو کاتەدا نە سەرکردایەتییەکی سیاسیی نوێ، نە رێکخراوێکی ناسیۆنالیستی، لە شێوەی رێکخراوەکانی باکووری کوردستان، دەرکەوتن تا رابەرایەتیی بزاڤەکە بکەن، هۆی سەرەکی دەرنەکەوتنی ئەم جۆرە رێکخراو و سەرکردایەتییە سیاسییە ئەوە بووە کە ئەو هێزە کۆمەڵایەتییانەی دەبوایە ئەم رۆڵە مێژووییە بگێڕن هێشتا ساوا و لاواز بوون. بۆرجوازیی کورد، کە لە بارودۆخێکی دژواری سیاسی و ئابووریدا و لە سایەی بۆرجوازیی بەهێزتری بێگانەدا سەری هەڵدا، لاواز بوو. پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریی لە کوردستاندا، بەهۆی هێرش و پەلاماردانی بەردەوامی داگیرکەرانی عوسمانی و ئێرانی و دواتریش بەهۆی کارەساتی شەڕی یەکەمی جیهانی و شاڵاوی عەسکەریی لەشکری بریتانییەوە، بە جۆرێکی سروشتی دەرنەکەوتن و گەشەیان نەکرد. لە باشووری کوردستاندا هیچ پرۆژەیەکی پیشەسازی نەبوو کە زەمینەی دروستبوونی چینی بۆرجوا و کرێکار لە کوردستاندا دروست بکات. بۆیە بۆرجوازیی کورد، کە لە بنەڕەتدا بۆرجوایی بازرگانی

و کشتوکاڵی بوو لەوە لاوازتر بوو کە بتوانێت، وەك هێزێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی، خۆی ڕێك بخات و لە سەرکردایەتیکردنی بزاڤەکەدا ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕێت.

دوای ئەم کارەسات و وێرانکارییەش کاتێك بریتانیا باشووری کوردستانی داگیرکرد هیچ جۆرە پرۆژەیەکی ئابووری، پیشەسازی، ئاوەدانکردنەوە و کولتووریی دانەمەزراند، بە پێچەوانەوە وەك هەر داگیرکەرێك کە رووبەڕووی گەلێکی راپەڕیو دەبێتەوە، کەوتە دامەزراندنی سەربازگە و قشلە و بنکەی عەسکەری بۆ ئەوەی خەڵکی پێ چاوترسێن و سەرکوت و کۆنترۆڵ بکات[28] .

تەواوی ئەم هۆکارانە و دادۆشینی ئابووریی کوردستان رێگای گەشەکردنی سروشتیی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوورییان بڕی و کۆمەکیان بە پاراستن و مانەوەی پەیوەندیی فیۆداڵی و خێڵەکی کرد. لەوەیش زیاتر کۆلۆنیالیزمی بریتانی هەر لە سەرەتاوە هەوڵی بەهێزکردنی سیستمی فیۆدالی دا. لە هەر ناوچەیەکدا زەوی و زارەکانی بەناوی سەرۆك خێڵەکانەوە تۆمارکرد و کردنی بە دەسەڵاتداری ناوچەکانیان تا لە رێگەی سەپاندنی دەسەڵاتی ئەوانەوە کۆنترۆڵی ئەندامانی خێڵەکان و ناوچەکانیان بکات. ئەم بارودۆخە مێژوویی و بابەتییانە دەرفەتی ئەوەیان نەدا پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری لە کوردستاندا گەشە بکەن و بۆرجوازیی کورد وەك چینێکی لێهاتووی خاوەن توانای ئابووری و ئایدۆلۆجیای سیاسی دەربکەوێ کە بتوانێت لە رێگەی رێکخراو یان پارتی سیاسییەوە بوونی کاریگەرانەی سیاسیی خۆی بسەپێنێت. لەهەمان کاتدا زەمینەی ئەوەیان نەڕەخساند کە چینی کرێکاری کورد وەك هێزێکی کۆمەڵایەتی، دروست ببێت و تائسیری سیاسی و کۆمەڵایەتیی خۆی هەبێت.

بەڵام زۆربەی رووناکبیران، کە لە قوتابخانە نوێیەکانی کوردستان، یان ئەستەمبوول و هەندێ شاری دیکەی عوسمانی خوێندبوویان و ئاگاداری بزاڤی ناسیۆنالیستیی نەتەوە دراوسێکان بوون، بەشداری کاری رووناکبیری و سیاسییان کرد. هەندێکیان توانیان شوێنی گرنگ لەناو حوکمڕانیی شێخ مەحموددا بە تایبەتی لە بواری خوێندن، راگەیاندن و رۆشنبیریدا بگرن. بەڵام لە بواری رێکخستن و سەرکردایەتی و بڕیاری سیاسیدا تەئسیریان نەبوو. ئەوان لە دەرەوەی سەرکردایەتیی بزاڤەکەدا مانەوە و

ملکەچی سەرکردایەتیی شێخ مەحموود و بڕیارەکانی ئەو بوون. بۆیە نەیان توانی بزاڤەکە لەو ئەڵقە فیکری و سیاسی و ڕێکخراوەییە دەرباز بکەن کە تیایدا گیری خواردبوو.

کاتێك حکومەتی شێخ مەحمود رووخێندرا و رۆڵی شێخ مەحموود، وەك سەرکردەیەکی نەریتیی بزاڤی کورد لاواز بوو، بۆشاییەکی سیاسی دروست بوو کە تەنیا ڕێکخراوێکی سیاسیی دەیتوانی پڕی بکاتەوە. کەچی ناسیۆنالیستانی کورد، تا کۆتایی سالآنی سییەکان، هەوڵیان نەدا خۆیان لەناو ڕێکخراوێکی سیاسیدا ڕێك بخەن، هەرچەندە لە سەرەتای سالآنی سییەکانەوە زەمینەی دامەزراندنی ئەم جۆرە ڕێکخراوە رەخسابوو چونکە بیری ناسیۆنالیستی و هۆشیاریی نەتەوەیی فراوانتر بلآوبووبوونەوە. دەستەی خوێندەواری نوێ و خەڵکی شارەکانی کوردستان زیادیان کردبوو. دەرنەکەوتنی ڕێکخراوێکی لەم جۆرە لاوازیی فیکری، سیاسیی و کۆمەلآیەتیی ناسیۆنالیستانی کورد نیشان دەدات. هەروا دەشێت ئەنجامی بێ ئومێدیی سیاسیی نەوەی یەکەمی ناسیۆنالیستانی کورد بوبێت کە زۆربەیان، دوای رووخاندنی حوکمداریی شێخ مەحموود، بە خێراییەکی سەیر ویستیان خۆیان لەگەڵ پرۆژەی بریتانیا سەبارەت بە عێراق و باشووری کوردستان بگونجێنن و شوێن و وەزیفەی گرنگ لە دەزگاکانی دەوڵەتی عێراقدا بەدەست بهێنن.

بەلآم لەناو ئەم بۆشاییە سیاسییەدا سەرەتای بزاڤێکی نوێی فیکری و کولتووری لە باشووری کوردستاندا، دەرکەوت کە ناوەرۆك و مەودایەکی سیاسیی هەبوو. یان کولتووری کورد، بۆ یەکەمین جار بەدوای مانایەکی سیاسیدا دەگەڕێت و وەك پێناسی نەتەوەیی کورد خۆی دەخاتەڕوو. بەم مانایە کوردبوون مانایەکی سیاسیی بەخۆی دەگرێت و پێش هەر شتێك، لە ناوەرۆکێکی کولتووریدا ئەم مانا سیاسییەی خۆی نیشان دەدات.

ناسیۆنالیزم لە دوای لکاندنی باشووری کوردستان بە عێراقەوە تووشی شکستی سیاسیی دەبێت و دەگۆڕدرێت بۆ پرۆژەیەکی کولتووری و رووناکبیری. ناسیۆنالیستانی کورد هەوڵ دەدەن کولتووری کورد، بە تایبەتمەندییە نەتەوەییەکەیەوە، بە رابردووە

مێژووییەکەیەوە، بە ناوەرۆکە سیاسییەکەیەوە، وەك پێناسی خەڵکێکی سەربەخۆ، بەبێ حیسابکردن بۆ ئەو سنوورانەی بەش بەشیان کردووە، نیشان بدەن و لە بەرامبەر پێناسی عەرەبیی عێراقدا رای بگرن. کۆمەڵێك رووناکبیر کە بە ئەزموون و رووناکبیرییەکی نوێوە گەرابوونەوە باشووری کوردستان، هەوڵ دەدەن لە رێگای نیشاندانی یەکبوونی کولتووری و گەڕانەوە بۆ مێژوو و میراتی ئەدەبی و ئەفسانە و داستانە فۆلکلۆرییەکان و خولقاندنی هەندێك سیمبوولی هاوبەشی نەتەوەییەوە (لە هەموویان گرنگتر جەژنی نەورۆز و چیرۆکە ئەفسانەییەکەی) هۆشیاریی نەتەوەیی و زەمینەی پێکەوەهەڵکردنی نەتەوەیی دروست بکەن. تەسەورێکی هاوبەش و هەستی هاوچارەنووسی و بنەمای هاوبەشی رۆحیی بۆ خەڵکی کورد پێك بهێنن. رێکەوت نییە کە لەو سەردەمەدا و بۆ یەکەمین جار، بە دەستپێشخەری پیرەمێرد، نەورۆز تەنیا نابێتە سیمبولێکی نەتەوەیی هاوبەشی خەڵکی کورد لە عێراقدا، بەڵکو ناوەرۆکێکی سیاسیی قورسیشی پێ دەدرێت و دەکرێتە سیمبوولی بەرەنگاری و خەبات بۆ ئازادی. شانبەشانی ئەمە هەوڵی نووسینی مێژووی کورد و مێژووی شیعر و ئەدەبی کوردی دەدرێت. دەستوور و گراماتیکی زمانی کوردی و شێوەی نوێی رێنووسی کوردی دادەڕێژرێت و زمانەکە لە وشەی بێگانە (بە تایبەتی عەرەبی) تەتەڵە دەکرێت. چاپەمەنی گەشە دەکات و کۆمەڵێك گۆڤار و رۆژنامە و کتێبی کوردی بڵاودەکرێنەوە. لە هەمان کاتدا لە شیعردا، کێشی عەروزی عەرەبی وەلا دەنرێت و کێشی بڕگەی فۆلکلۆریی کوردی جێگای دەگرێتەوە. لەم دۆخەدا ژیانی رۆشنبیریی کوردی گۆڕانێکی دیاری بەسەردا دێت. ئیتر شیعر وەك تاکە ژانری ئەدەبیی کوردی نامێنێتەوە و ژانری نوێی وەك چیرۆك و کورتەچیرۆك، شانۆنامە، رەخنەی ئەدەبی، لێکۆڵینەوەی مێژوویی و کۆمەڵایەتیی و وەرگێڕان...تاد دەردەکەن و بە تایبەتی لە رێگای رۆژنامەنووسییەوە بڵاودەبنەوە. ئەو تێکست و نووسینانەی لەو سەردەمەدا بڵاوکراونەتەوە کۆمەڵێك بیروبۆچوونی نوێیان دەربڕیوە کە زایەڵەی بیری رۆشنگەری و بیری سۆسیالیستی بوون. مەسەلەکانی وەك برایەتیی نێوان گەلان، گرنگی زانست و خوێندەواری، داکۆکی لە ئازادیی نەتەوەیی و ماف و ئازادیی ژن، هەروا خەبات دژی دواکەوتوویی و خورافاتو

ستەمی کۆمەڵایەتی و چینایەتی و دژی کۆلۆنیالیزم و فاشیزم. تاد بەشێکی گرنگی ئەو مەسەلانەن کە لە بەرهەمی نووسەران و رووناکبیرانی ئەو سەردەمەدا دەردەکەون. ئاشکرایە دۆخی سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتووریی ئەوکاتە بە قازانجی بڵاوبوونەوەی ئەم جۆرە بیرانە نەبوون، هەروا ئەم مەسەلە فیکری و کۆمەڵایەتییانە بەجۆرێکی سادەو سەرەتایی باسکراون، بەڵام بۆ کاتی خۆی سەرەتایەکی نوێ و گرنگ بوون. گرنگییەکەیان لەوەدایە کە، وەك بەشێك لە پڕۆژەیەکی کولتووری، لە لایەکەوە دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاستی ڕۆشنبیری ئەو کاتەی کۆمەڵەی کوردستان و کۆششی رووناکبیران بۆ گۆڕینی کۆمەڵ و داکۆکیکردن لە ئازادی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی پێشان دەدەن. لە لایەکی دیکەوە سەرەتای گۆڕانێکی نوێ لە بیری سیاسیی و هۆشیاریی نەتەوەیی لە باشووری کوردستاندا دەردەخەن و زەمینەی ئایدۆلۆجیای بزاڤی رزگاریخوازیی کوردستان پێك دێنن.

نەتەوەیەك بێ گەڕانەوەو پیشاندانی ریشە و مێژووی خۆی و ستایشی ئەو سیمبول و کەسایەتییانەی مێژووەکەیان پێکهێناوە چۆن دەتوانێت هەست و هۆشیاریی نەتەوەیی و گیانی هاریکاری لە نێوان ئەندامەکانیدا دروست بکات، یان لە بەرامبەری (ئەویدی)دا بوونی بە جیاهەڵکەوتووی خۆی بسەلمێنێت؟ زمانێك بەبێ نووسین و دارشتنی دەستوور و گراماتیکەکەی، بەبێ بەکارهێنانی لە نووسین و چاپەمەنیدا چۆن دەکرێت ببێتە پێناسی کولتوورێك کە سایەیەکی سیاسی بخوازێت. ئەدەب و کولتوورێك بەبێ پیشاندانی مێژوو و سیمبول و لایەنە جۆراوجۆرەکانی خۆی، کوا دەتوانێت چەپەرێکی کولتووری و بنەمای پێناسێك لە بەرامبەر پەلاماری کولتوورێکی بیانیدا دابمەزرێنێت. ناسیۆنالیزم لە هەر وڵاتێکدا ویستبێتی سایەیەکی سیاسی بۆ کولتوورەکەی دابین بکات، یان بە واتایەکی دی نەتەوە دروست بکات ئەوا، کەم تا زۆر دەستبەکاری پرۆژەیەکی کولتووریی لەم جۆرە بووە. بۆیە تێکڕای ئەم کارانەی ناسیۆنالیستان و رووناکبیرانی کورد دەشێت وەك بەشێکی گرنگی پرۆژەی کولتووری و رووناکبیریی ناسیۆنالیزمی کورد دابندرێت، کە ئامانجێکی سیاسیی ئاشکرای لە پشتەوە بووە. دیارە پێش هەر شتێك بۆ ئەوە بووە کە خەڵکی کوردستان، بە هۆیەوە

خۆیان بناسن و هۆشیاری و تەسەورێکی هاوبەشی نەتەوەییان لە لا دروست بێت، هەر لەسەر ئەم ئەساسەش (من) لە بەرامبەر (ئەویدی)دا خۆی بە جیاواز بزانێت. بەڵام ئەم کارانە دەشێت وەك هەوڵدان و خەونی ناسیۆنالیزمی کوردیش سەیر بکرێن کە ویستوویەتی، لە رێگای هەڵبڕینی تایبەتمەندیی کولتووری و ژیاندنەوەی مێژوو و خولقاندنی سیمبولە نەتەوەییەکانییەوە، پێناسی نەتەوەیی خۆی لە بەرامبەر پێناسی عەرەبیی دەوڵەتی عێراقدا هەڵبڕێت و سنوورێکی کولتووری و سیاسی لەنێوان خۆی و ئەم دەوڵەتەدا، کە سەپێنەری زمان و کولتوورێکی زاڵی بیانی بووە، بکێشێت. ئەم پرۆژە کولتوورییە لە ناوەرۆکدا دەلالەتێکی سیاسیی هەبووە. لە ئەنجامدا بۆتە فاکتەرێکی نوێی دەرکەوتنی چەند رێکخراوێکی سیاسیی، کە بە دەستپێشخەریی ناسیۆنالیستان و رووناکبیران دامەزرێندراون، لەوانە حیزبی هیوا، لە ساڵی 1939 دا، کۆمەڵەی ژێ کاف لە سەرەتای چلەکانی سەدەی رابردوودا، رێکخراوی رزگاری و هی دی. سەرئەنجام ئەم کۆششەی ناسیۆنالیستانی کورد، لە ساڵی 1946دا، بە دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورد گەیشت.

لەدوای شەڕی دووەمی جیهانی قۆناغێکی نوێ لە مێژووی ناسیۆنالیزمی کورد و بزاڤی رزگاریخوازیی کورددا دەست پێدەکات. رووداوەکانی شەڕی دووەمی جیهانی و دامەزراندن و روخاندنی کۆماری دیموکراتی کوردستان لە مهاباد و زۆربوونی دەستەی خوێندەواران و خەڵکی شارەکان، کۆمەکی زۆریان بە بڵاوبوونەوەی هۆشیاریی نەتەوەیی و بیری ناسیۆنالیستی کرد، بەڵام لە بەرامبەر ئەوەدا ناسیۆنالیزم لە باشوور و رۆژهەڵاتی کوردستاندا، تەسلیمی واقیعی داگیرکردن و دابەشکردنی کوردستان بوون و لە پرۆژەیەکی کوردستانییەوە گۆڕدران بە پرۆژەیەکی لۆکاڵی. بزاڤی ناسیۆنالیستی لەم دوو بەشەی کوردستاندا دەستبەرداری خەونی رزگاری و یەکبوونی نەتەوەیی بوو. سەرئەنجام پرۆژەی ناسیۆنالیزمی کورد، ئەوەندە بچووك کرایەوە کە لە هەندێك دەستکەوتی نەتەوەیی، لەوانە مافی کولتووری و ئیداری و ئۆتۆنۆمی، لەناو سنووری دەوڵەتە سەردەستەکانی کوردستاندا، تێپەڕ ناکات. ئەمەیش بە رای من، شکستێکی

دیکەی ناسیۆنالیزمی کورد نیشان دەدات، کە نیو سەدە زیاترە لە قەیران و تێشکانێکەوە بۆ قەیران و تێشکانێکی دی دەچێت.

## سەرچاوەو پەراوێزەکان


1-س.کالتاخچیان، تیۆری مارکسیزم لینینزم لەمەڕ نەتەوە و سەردەمی ئێستا، مۆسکۆ 1983 لا 193.

2-لینین، تەواوی بەرهەمەکان، بەرگی30 سۆفیا، بولگارستان 1981 لا 115
ئەم بۆچوونەی لینین جیاوازیی لەگەڵ رای ستالیندا هەیە کە یەکبوونی ژیانی ئابووری، شانبەشانی زمان، مێژووی هاوبەش...تاد بە مەرجی سەرەکی دروستبوونی نەتەوە دادەنێت.

3-م.کولیچینسکی، الأمم والتقدم الإجتماعی، مۆسکۆ، دارالتقدم 1984 ص75.

4-م.س لازاریَف، المسألة الكردية (1917-1923) ترجمة د.عبدي حاجي دار الرازي، بيروت 1991 ص101.

5-د.کەمال مەزهەر ئەحمەد، لەبارەی سروشتی راپەڕینەکەی 1925ی کوردستانی تورکیا، گۆڤاری رۆژی کوردستان، بەغدا 1971 لا 25.

6-جمال بابان، السليمانية من نواحيها المختلفة، مجلة المجمع العلمي الكردي، العدد 8، 1981ص403.

7-يوسف حبـى، التراث الكردي فـي مؤلفـات الإيطـاليين، مجلـة المجمـع العلمـي الكردي، العدد 8 بغداد 1981ص296.

8-دوكتۆر عیزەدین مستەفا رەسوول، سەبارەت بە بڵاوبوونەوەی خێرایـی ئـەم زمانـە ئەدەبییـە دەنووسێت: هەر لەو سەردەمەدا شیعری حاجی قادری کـۆیی 1815-1897و ئەختـەر 1832-1866 و کەیفی جـوانڕۆیی لـە خـاکی سـۆرانەوە و مەجـدی 1849-1925 لـە ئەردەڵانـەوە و کۆمەڵێك شاعیری تری ناوچەی سنە و موکریان هەر بەو چەشـنەیان نووسـیوە کـە نـالی و هاوڕێکـانی نووسیویانە. واتا بە پشتبەستن بە گەلێ بەڵگـەی ئـەدەبی دەتـوانین بڵـێین ئـەو زمانـە ئەدەبییـەی لـە سلێمانییەوە هەڵقوڵی هەر لە سەرەتای دروستبوونیا زمانی ئـەدەبی هـەر چـوار بەشـە دیالێکتەکـەی کرمانجی خواروو بوون. بڕوانە:

د.عیزەدین مستەفا رەسوول، چەند سەرنجێ لەبارەی زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کـوردی، بەغـداد 1971 لا 33.

9-سیامەند عثمان، ملاحظات تأريخيـة حـول نشـأة الحركـة القوميـة الكرديـة، مجلـة دراسات كردية، العدد الأول، پاريس 1984 ص 22.

10-بۆ زیاتر لەبارەی ئەم راپەڕینە بڕوانە: جليـل جليلـي، إنتفاضـة الأكراد سنة 1880، بيروت 1979.

11-دەوڵەتی عوسمانی بە پێی دوو مەرسوومی سوڵتان لە سـاڵانی 1828 و 1856 ویسـتی هەندێك ریفۆرم بکات، وەك رێکخستنەوەی شێوەی باج و خەراج، پاراسـتنی حورمـەتی تاکـە کـەس، جیاکردنەوەی دەسەڵاتی مەدەنی لە عەسکەری، بایەخدان بە خوێندن، رێگرتن لە دیپلۆماسیی بێگانـە تا دەست نەخەنە ناو کاروبـاری نـاوخۆی ئیمپراتۆریـا و....تـاد بڕوانـە: لۆتسـکی، تـأريخ الأقطـار العربية الحديث، مؤسكۆ، دار التقدم 1984 ص 48، 152.

12-بۆ نموونە یەکێك لە رۆژنامەکانی رێکخراوی (تورکیای لاو) بەناوی (الاجتهاد) لە قاهیرە لـە لایـەن رووناـکبیری کـورد دکتـۆر عەبـدوڵڵا جـەودەت دەردەچـووکە دواتـر بـوو بـە ئایدیۆلۆجیسـتی ناسیۆنالیزمی کوردی. ئەو کە بەهۆی چالاکی سیاسیی بۆ لیبیا دوور خرابۆوە، لەوێ رای کردو چوو بـۆ ئەوروپا. لە ئاوارەییدا، لەگەڵ ئیسحاق سکوتی رۆژنامەیەکی تریشی بەناوی (عوسمانلی) دەرکـرد. بـۆ زیاتر بڕوانە: دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد (تێگەیشتنی راستی) و شوێنی لە رۆژنامەگەریی کوردیدا، بەغدا1978 لا 57-58.

13-بلەج شێرکۆ، القضية الكردية، ماضي الكرد و حاضرهم 1930 ص 51.

14-جليلي جليل، نهضة الأكراد الثقافية و القومية (نهاية القرن التاسع عشر و بداية القرن العشرين، ط1984 ص 14.

15-ئەو رۆژنامە و چاپەمەنییانە لە پاڵ گرنگیدان بەو مەسەلانەی کە پێشتر رۆژنامەی کوردستان دەربارەیان دەینووسی، باس و لێکۆڵینەوەی زۆریان لەمەڕ مەسەلەکانی وەك گرنگی خوێندن بە زمانی کوردی، کردنەوەی زانکۆ لە کوردستان، مەسەلەی ئابووری، بازرگانی، گرنگی پیشەسازی و بەمۆدێرنکرنی کۆمەڵ، دامەزراندنی کارگە و کارخانەی نوێ لە کوردستاندا، گرنگی بەکارهێنانی ئامرازی نوێ لە کشتوکاڵدا، لێکۆڵینەوەی ئابووری...تاد بڵاوکردۆتەوە. بۆ زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە ئەم سەرچاوانە:

-مالميسانژ، بدرخانيو جزيرة بۆتان، ترجمة شكور مصطفى، أربيل 1988.

-جليلي جليل، سەرچاوەی پێشوو.

-جەمال خەزنەدار، (رۆژی کورد 1913)، بەغدا 1981.

16-لۆتسکی، تأريخ الأقطار العربية الحديث، سەرچاوەی پێشوو ص151.

17-بلەج شێرکۆ، القضية الكرديه، سەرچاوەی پێشوو، ص28.

18-بۆ نموونە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا لە شارەکانی لیوای موسڵ: ئامێدی، زاخۆ، دهۆك، ئاکرێ و شەنگار پێنج قوتابخانەی رشدیە و دوانزە قوتابخانەی سەرەتایی هەبوون. لە لیوای کەرکوك و سلێمانی نۆ قوتابخانەی رشیدیە و شانزە قوتابخانەی سەرەتایی هەبوون. هەروا لە ساڵی 1893 قوتابخانەیەکی رشدیەی عەسکەری لە سلێمانی کرایەوە. سەرەڕای قوتابخانە پیشەسازییەکانی موسڵ و کەرکوك. بۆ زیاتر بڕوانە: فيصل محمد الأرحيم، تطور العراق تحت حكم الإتحاديين، موصل 1975 ص147،47 هەرچەندە سەرژمێریێك لەبارەی ژمارەی خوێندکارانی ئەو قوتابخانانە، لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا، لەبەر دەستدا نییە، بەڵام لە ساڵانی سەرەتای سەدەی بیستەمدا لە شاری ئامێدی 45 خوێندکار، لە زاخۆ 40 خوێندکار، لە دهۆك 50 خوێندکار لە ئاکرێ 30 خوێندکار، لە رەواندز 45 خوێندکار، لە سلێمانی 145 خوێندکار لە کۆیە 125 خوێندکار لە صلاحیە 150 خوێندکار لە هەولێر 155 خوێندکار هەبوون( ئەم سێ شارەی دوایی ناویان لە کتێبەکەی فەیسەڵ محەمەددا نەهاتووە. بۆ زیاتر بڕوانە: عبدالرزاق الهلالي، تأريخ التعليم في العراق في العهد العثماني (1838-1917) بغداد 1959 ص 179-180.

19-عەبدوڵڵای مەردوخ، رەفیق حیلمی رووناکبیر، بیرکار و سەرۆکی سیاسیی، رابوون، ژمارە 26، 1999 لا 19 .

20-هەمان سەرچاوە، لا 39.

21-دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، کوردستان لە ساڵانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا لا 35-36.

22-عەبدوڵڵای مەردوخ، سەرچاوەی پێشوو لا 41.

23-لەکاتی شەڕی یەکەمی جیهانیدا کوردستان کرایە مەیدانێکی بەرینی جەنگ . بەمەیش گەلێك شار و شارۆچکەی کوردستان وێران کران، بۆ نموونە بەپێی سەرژمێری بریتانیا، لە شاری سلێمانیدا کە چاوگەی دەرکەوتنی ناسیۆنالیزمە لە باشووری کوردستاندا، لە ژمارەی 3205 خانوو کە لە ساڵی 1913دا لە شاردا هەبوون 1813 خانوویان کاول کران. لە ژمارەی 1159 دوکان 687 دوکان رووخێندران. بۆ زیاتر بڕوانە:
الدكتور كمال مظهر أحمد، دور الأكراد في ثورة العشرين العراقية، بغداد 1978 ص 35.

24-جەمال نەبەز، بیری نەتەوەیی کوردی نەبیری (قەومیەت)ی رۆژهەڵاتی و نەبیری (ناسیۆنالیزمی)ی رۆژئاواییە (سوێد) 1984 لا 162 و دواتر .

25-بۆ زیاتر لەبارەی پەیماننامەی سیڤەر بڕوانە:
-جلال الطالباني، كردستان والحركة القومية الكردية، بغداد 1970.
-دکتۆر عەبدولرحمان قاسملو کوردستان و کورد، وەرگێڕ عەبدوڵڵا حەسەن زادە.

26-پێشتر لە چەند نووسینێکدا باسی ئەم مەسەلەیە کراوە، بۆ نموونە بڕوانە: بەرە و مێژوو سوێد 1991.

27-بۆ زیاترلەم بارەیەوە بڕوانە: رفیق حیلمی، یاداشت بەشی دووەم، چاپی سێیەم، چاپەمەنی محەمەدی، سەقز، ئێران 1369 لا 562-564 بەڵام پێدەچێت تورکخوازان ئەئسیری زیاتریان لە شێخ مەحمود کردبێت. رفیق حیلمی لەم بارەیەوە دەنووسێت: ئێمە خەریکی رێکخستنی مەعاریفی سلێمانی و پێشخستنی قوتابخانەکان بووین و هەستی کوردایەتیمان زندوو ئەکردەوە، لەولای ترەوە تورکخوازەکان و شاترەکانی تورك( قاصد)لە هاتووچۆدا بوون و دەوری حوکمداریان دابوو. شێخ مەحمود واقی وڕمابوو نەی ئەزانی رووبکاتە کام لا. هەمان سەرچاوە لا 563-564.

28-بەپێی ئەو ئامارەی مامۆستا محەمەد ئەمین زەکـی لـە نامیلکـەی (محاسـەبەی نیابـەت)دا بلاوی کردۆتەوە، لە ساڵی 1925 تا 1928 هەمووی بەسەر یەکەوە 36 هەزار روپی بۆ کردنەوەی قوتابخانە لە سلێمانی و ناوچەکانیدا خەرج کراوە. کەچی بەرامبەر بەو پارە کەمە 845 هـەزار روپـی بـۆ دروسـتکردنی قشـڵە و سـەراکانی سـلێمانی و قـەرەداغ و پێنجـوێن و پۆلیسـخانەکانی بازیـان و دەربەندی تەیناڵ و داودیێ و وەلی ئاوا و قزڵجە و گڵەزەرد و پەیکولی و سەرگرمە خەرج کراوە. بڕوانـە: د.کەمال مەزهەر ئەحمەد. مێژوو-کورتە باسێکی زانستی مێژوو و کورد و مێـژوو بەغـدا 1983 لا 155.

# سەرچاوەکان

**سەرچاوە کوردی و عەرەبییەکان:**


1-بلەج شێرکۆ، القضية الكردية، ماضي الكرد و حاضرهم 1930

2-جەمال خەزنەدار، (ڕۆژی کورد 1913)، بەغدا 1981

3- جەمال نەبەز، بیری نەتەوەیی کوردی نە بیری(قەومیەت)ی ڕۆژهەڵاتی و نە بیری(ناسیۆنالیزمی)ی ڕۆژئاوایی یە، سوێد 1984

4-جمال بابان، السليمانية من نواحيها المختلفة، مجلة المجمع العلمي الكردي، العدد 8، 1981

5-جلال الطالباني، كردستان والحركة القومية الكردية، بغداد1970.

6.جليل جليلى، إنتفاضة الأكراد سنة 1880، بيروت 1979

7. حسن فظل الله، سقوط الوهم، دار الهادى، بيروت2001

8. ڕەفیق سابیر، ئیمپراتۆریای لم، سوێد 1998

9. ڕەفیق سابیر، بەرە و مێژوو سوێد 1991.

10.رفیق حیلمی، یاداشت بەشی دووەم، چاپی سێیەم، چاپەمەنی محەمەدی، سەقز، ئێران 1369

110 س.کالتاخچیان، تیۆری مارکسیزم لینینزم لەمەڕ نەتەوە و سەردەمی ئێستا، مۆسکۆ 1983

12. سیامەند عثمان، ملاحظات تأريخية حول نشأة الحركة القومية الكردية، مجلة دراسات كردية، العدد الأول، پاریس 1984

13. د. عەبدولڕحمان قاسملو کوردستان و کورد، وەرگێڕ عەبدوڵڵا حەسەن زادە.

14.عبدالرزاق الهلالي، تأريخ التعليم في العراق في العهد العثماني (1838-1917) بغداد 1959

15- عەبدوڵڵای مەردوخ، ڕەفیق حیلمی ڕووناکبیر، بیرکار و سەرۆکی سیاسیی، ڕابوون، ژمارە 26، 1999

16. د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، چەند سەرنجێك لەبارەی زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی، بەغدا1971

17- د.کەمال مەزهەر ئەحمەد، لەبارەی سروشتی ڕاپەڕینەکەی 1925ی کوردستانی تورکیا، گۆڤاری ڕۆژی کوردستان، بەغدا 1971

18. دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد (تێگەیشتنی ڕاستی) و شوێنی لە ڕۆژنامەگەریی کوردیدا، بەغدا1978

19. د.کەمال مەزهەر ئەحمەد. مێژوو-کورتە باسێکی زانستی مێژوو و کورد و مێژوو بەغدا 1983

20-دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، کوردستان لە ساڵانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا

21-الدكتور كمال مظهر أحمد، دور الأكراد في ثورة العشرين العراقية، بغداد 1978
22-لۆتسكى، تأريخ الأقطار العربية الحديث، مؤسكؤ، دار التقدم 1984
23-لينين، تەواوى بەرهەمەكان، بەرگى30 سۆفيا، بولگارستان 1981
24-م.س لازاريَف، المسألة الكردية (1917-1923) ترجمة د.عبدي حاجي دار الرازي، بيروت 1991
25-م.كوليچينسكى، الأمم والتقدم الإجتماعى، مۆسكۆ، دارالتقدم 1984
26-مالميسانذ، بدرخانيو جزيرة بۆتان، ترجمة شكور مصطفى، أربيل 1988
27. الدكتور محمد عابد الجابرى، إشكاليات الفكر العربي المعاصر، مركز دراسات الوحدة العربية، ص3 بيروت 1994 ص.43،41
28.الدكتور محمد عابد الجابري، المسألة الثقافية، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، ص 1، تشرين الثاني 1994.
29. ميشيل عفلق، البعث و التراث، دار الحرية، بغداد 1976،
30-يوسف حبي، التراث الكردي في مؤلفات الايطاليين، مجلة المجمع العلمي الكردي، العدد 8 بغداد 1981

**سەرچاوە ئینگلیزییەكان:**

1. Beck, Uirich, Vad innebä globaliseringen, Över. Joachim

2. Benedict Anderson Den föreställda gemenskapen (1991)

3. Ernest Gellner, Stat, nation, nationalism, Översättning: Hans Dalén, Nya Doxa, Nora 1997, s.64

4. Filosofi Lexikonet, FORUM, Stockholm , 1988 s.560-561

5. Jasenka Trak Nr. 24-25. Augusti 1999 S3

6.Karl R Popper, Det öppna samhället och dess fiender, Del 2, Översättning av Bo Ekström, Akademilitteratur, Stockholm, 1981, s.58

7. Multiettnica, Språk och Statsbilding.
8. Reidar Larsson, Politiska ideogier vår tid, studentlitteratur, Lund 1994, s.152
9. Retzlaff, Daidalos, sverige 1998 s,16
10.Rojas, M. Den postnationella maktens gåta och det globala protokollet, Timro 2000

11. 10 T.S Eliot, Om poesi, Översättning av Per Erik Wah-Iund, Bonniers 1958.
12. over. Fredrik Miegel, Clobalisering, Zygmunt, Bauman.
13. øyvind østerud, Vad är nationalism, Översättning : Mon C.Karlsson Universitetsförlag, Stokholm, 1997 s.30

## بەرهەمە چاپکراوەکانی نووسەر

### شیعر

- پشکۆکان دەگەشێنەوە، بەغدا 1976.
- ریژنە، مهاباد 1979.
- سوتان لەبەر باراندا، لەندەن 1985 .
- وەرزی سەهۆڵبەندان، لەندەن 1987.
- لاوکی هەڵەبجە، بەیروت 1989.
- کاروانسەرا، سوید1990 .
- وەرزەبەردینە، ئەڵمانیا 1992.
- دیوان/ بەرگی یەکەم/ سوید 1993.
- ئاوێنە و سێبەر، سوید 1996.
- ژووانی رووناکی، سوید 1997.
- روونبوونەوە، سوید 2001.
- بە تەنیا جێی مەهێڵن، کۆی بەرهەمە شیعرییەکان-1، سلێمانی 2006.
- راز و گومان، کۆی بەرهەمە شیعرییەکان-2، سلێمانی 2006.

### لێکۆڵینەوە

- بەرەو مێژوو، سوید 1991 .
- ئیمپراتۆریای لم- دەربارەی ئیسلام، خێڵ و ناسیۆنالیزم، سوید 1998.
- بەستانداردکردنی زمانی کوردی و ئەلفوبێی کوردی، سلێمانی 2008.
- عێراق: دیموکراتیکردن یان هەڵوەشاندنەوە، سلێمانی 2005.
- Modern Kurdish Poetry An Anthology & Introduction. Rafiq Sabir, Kamal Mirawdeli & Stephen Watts. Uppsala 2006.